نووسەری کورد

گۆڤاری
یەکێتی گشتی ئەدیبو نووسەرانی عیراق
نووسینگەی رۆشنبیریی کوردییە

ژمارە (٤) خولی سێهەم مایس ١٩٨٦

سەرنووسەر
محەمەد بەدری

جێگری سەرنووسەر
نافع ئاکرەیی

دەستەی نووسەران

صلاح شوان

محمود زامدار

حسین احمد جاف

عبدالکریم فندی
محمد امین پێنجوینی

سەرپەرشتی چاپ
محمد زەهاوی

دەرهێنانی هونەری
عبدالقادر علي مردان

سەروتار

خوێنەری ئازیز

● بەدەرکردنی سێ ژمارە لە گۆڤارەکەمان ساڵی ١٩٨٥ مان بەسەربرد ، ئەو ساڵەی کە ساڵی سەرکەوتنە مەزنەکانی وڵاتەکەمان بوو دژ بە رژێمی فارسی رەگەز پەرست ، لەم ساڵە تازەیەشدا رەنگە هەندێ کەس بپرسێ بۆچی « نووسەری کورد » تائێستاکە دواکەوت ، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەتوانین بڵێین راستە ئەم ژمارەیە دواکەوت بەڵام ئێمە توانیمان ژمارەیەکی تایبەتی لە گۆڤارەکەمان بە زمانی عەرەبی دەربکەین بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەڤدەیەمی یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عەرەب و ژمارەیەکی زۆری لێ بڵاوبکەینەوە بەسەر ئەو برا ئەدیبانەوە ..

● شتی دووەمیش کە ڕووی‌دا گرتنی دوەم کۆنگرەی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق بوو ، لەم کۆنگرەیەدا زیاتر لە نەوەد ئەدیب و نووسەری کوردی بەشداری کرد ، هەر لەم کۆنگرەیەشدا بریاری ئەوە درا کە سەرەکی یەکێتی و ئەدیبانی کورد ببێتە جێگری یەکەمی ئەمینداری گشتی ئەدیبانی عیراق و ئەدیبانی کورد خۆیان حەوت نوێنەرەکەیان هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنی مەرکەزی و دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی ئەدیبان و

نووسەرانی کورد لە ناوچەی کوردستاندا هەمان دەسەلاتی مەکتەبی تەنفیزیان هەبێ ... بەم جۆرە داواکانی کۆبونەوەکەی هەولێر بەگشتیو زیاتر جێبەجێ کران .

● ئەمە بەراستی شتێکی زۆر گەورەو مەزن بوو بەتایبەتی لەم کاتەدا ، کە وڵاتە خۆشەویستەکەمان تووشی هێرشێکی زۆر دڕندانە بووە لەلایەن ڕژێمی ڕەگەز پەرستی فارسەوە ، ئەدەبەکەمان وا پەرەبسێنێو ئەدیبان بتوانن بەو پەڕی سەربەستییەوە کۆنگرە بگرنو نوێنەرەی خۆیان هەڵبژێرن ... ئیتر هەر بژی وشەی ڕەسەنو بەشەرەف ... هەر شەکاوە بێ ئاڵای عیراقی سەرکەوتوو بە سەرۆکایەتی سەرۆکی سەرکەوتوو تێکۆشەر صدام حسین ...

نەمری بۆ شەهیدانی عیراق .

مردنو سەرشۆڕی بۆ ڕژێمی خومەینیو دوژمنانی عیراقی خۆشەویستمان ...

— نووسەری کورد —

کوردستان لە تورکیا

لە ئامادە کردنی
د. ئەحمەد عوسمان بەکر
١٩٨٥/٩/١

تێ بینیەکی گشتی[١] وولاتو هاونیشتمانان

کوردستانی تورکیا فرەوانترین بەشەکانی وولاتی کوردە، وەگەورەترین بەش لە گەلی کوردی لێ نیشتە جێبوە.

ئەم بەشە بریتیە لە ٢٣٠ر٠٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە کە (٣٠٪ تورکیا دەگرێتەوە)، وە (١٨) پارێزگا لە تورکیادا کوردیە، واتە: (ئەدیامان، ئاگری، بینگۆل، بدلیس، دیاربەکر، ئەلعەزیز، ئەرزنجان، ئەرزەروم، غازی عانتاب، حەکاری، قارس، مەلاتیا، موش، ماردین، سعرت، تونجێلی، ئورفە، فان).

بەپێی سەرژمێری دووایی لە ساڵی (١٩٧٠)دا، ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە تورکیا گەیشتوە بە ٧ر٥٥٦٠٠٠ کەس، لەمانە ٦ر٢٠٠ ٠٠٠ کوردن واتە ٨٢٪؛ بەشەکەی تر بریتیە لە تورك (بەتایبەتی فەرمانبەر، سەرباز..) وعەرەب (لەماردین، سعرت، غازی عانتاب)و نزیکەی نۆ هەزار ئەرمەنی لە دیاربەکرو قارسدا دەژین.

زیاتر لەمە، لەسەرژمێری لە ترکیادا پێویستە ئەم راستیەش لەبەرچاوبێت کەوا ژمارەیێکی زۆر لە کورد بەکۆمەڵ لە چەند ناوچەی ئەنەدۆڵدا نیشتەجێ بووینە وەکو ناوچەی (جیهان بیلی، هەیامانا، کورتۆغە، توقات، سانگیری، هتد)، هەمیشە سەدەها هەزار کرێکاری کۆچ کردوی کورد لە شارە گەورەکانی تورکیادا جێ گیربونە؛ تەنیا لە ئەستانبولدا نیو ملیون کورد هەن. ئەم کۆمەڵگایەی کورد لە دەرەوەی کوردستان بەژمارە دوو ملیون تا دوو ملیونو نیو دەگرنەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا..

بەکورتی لە تورکیادا ٥ر٨ ملیون کورد زمان لە ساڵی ناوبراودا هەبون کە ٢٣٪ سەرژمێری جەمهوریەتی تورکی دەگرنەوە.. بەڵکو ئەم ژماریەش تەواوو وورد نیە.. چەندەها سەرژمێر لە نێوان ٥ر٨ تا ١٢ ملیون کورد هەن. کاربەدەستانی تورك سورن لەسەر ئەوەی ژمارەی کورد کەم بکەنەوە؛ لە لایەکی تر بەشێك لە میللەت پەروەران ئەم ژمارەیە لە رادەی خۆی پتر لە قەڵەم دەدەن.

هەروەها پێویستە ئەوەش بوترێت کەوا سەبارەت بەو چەوساندنەوەو زۆر لێکردنە دروندانەی نیو سەدەیێك کە کورد دوچاری بوە لە تورکیای تازەدا بەشێك لە کورد بەدەگمەن خۆ بە کورد لەقەڵەم دەدەن، ئەمەش لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥دا روون بووەوە کە خۆم [واتە نوسەر] بەشداریم تێدا کردوە. وەختی پرسیار لە کوردێکی هەژارو بێ دەرامەت کرا، (ئایا زمانی زگماکت چیە ؟) ئەم کوردە کە ووشەیێك لەزمانی تورکی نازانێت، لەوەڵامدا دەڵێت «باشتر وایە زمانی تورکی بنوسێت، چونکە دەمەوێ لە گیروگرفت خۆم بپارێزم».

ژمارەی کورد بەردەوام بەرامبەر بە ژمارەی گشتێ لە پەرەسەندن دایە. لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٦٥ ئەندازەی زۆربوونی دانیشتوان لە کوردستان بە ٢٠٨٨٪ بەرامبەر بە ٢٠٦٥٪ لەگشت تورکیادا گەیشت...

لەگەڵ ئەوەش، کوردستان هیشتا زۆر دوورە لەوەی کە بە ناوچەی هەرە ئاوەدانی جیهاندا بژمێردرێت. لە ساڵی ١٩٧٠دا تەنیا ٣٢ کەس لە هەر کیلومەترێکی چوار گوشە، بەرامبەر بە ٤٣٠٩ کەس بۆ گشت ترکیا دەژیان.

ئەم نیشتمانیانە بە شێوەییکی درشت لەناوچەکەدا نیشتەجێن... لە لاییکی تردا پلەی ئەم ژمارەیە بەرزە لە ناوچە رۆژ ئاواییەکانی کوردو لە موعەددەلی تورکیا تێپەر دەکات.

کۆمەڵگای کوردی هێشتا دێهاتیەو لەسەرشێوەی کشتوکاڵدا ماوەتەوە. لەساڵی ١٩٦٥دا، تەنیا ٢٧٠٨٪ لە دانیشتوان لە ١٤٦ شاروچە (ئیلسە)ی

کوردیو ١٨ شار دەژیان. شەش لەم شارانە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ دانیشتـوی هەیە، وەك (غازی عانتاب، دیار بەکر، ئەرزەروم، مەلاتیا، ئەلعەزیزو ئـورفە)، بەشەکەی دیکە، واتە ٧٢٪ لە ١١٫١٢٠ گوندو ٩٧١٧ دێیی بچووك نیشتەجێ بوینە. لە ساڵی ١٩٦٥دا، هێشتا نزیکەی حەفتا تا هەشتا هەزار نیمچە کۆچەر هەبوون. ئیمڕۆ تەنیا ٣٠٫٠٠٠ کەس دەبن.

لەو ساڵانەی دواییەدا شار ئـاوەدان کردنــەوە بە خێـرایی بەرەو پێش ئەروات. ئەمەش لە بەردوو هۆی بەیێك بەستراوەن: زۆرتر بوونی ژمارەی لە دێ دەربەدەر کراوەکانو کۆچ کردنیان بۆ شارەکان لە ئەنجامی تراکتور و ماکینـە بەکارهێنان لە کشتوکاڵ چێکردنــدا. بەلاّم ئـەم شارنشینـە ڕێکوپێـك نیە، وە ســەرەنجـام کێشــەی زۆری لە دووایــە لە رووی ئیش دۆزینــەوەو خــانــوی گوزەرانیدا. شارە مەزنەکانی کورد ئیستایش بەخانوی تەنەکەو شڕو شــەق دەورە دراون.

پەروەردەو رۆشنبیری

نەخوێندەواری لە کوردستانی تورکیادا تائێستایش داخێکی گەورەیە، وەپاش پەنجا ساڵ لەژێر رژێمی (دیمکراتیو علمانی ـ لاییك) دا ٧٥٪ لەخەڵکی ناوچەکە لە تەمەنی سەروی شەش ساڵیدا هێشتا نـەخوێنـدەوارن. لە گشت تورکیادا نەخوێندەواری لە ڕادەی ٥١٪ دایە، وە لە نێو هاو وولاتیانی تورك تەنیا ٤١٪، واتە دووقات نەخۆندەواری لە ناوچە کوردیەکان لە ئەوانەی تورکیەکاندا زیاترە. تا وەکو ئیمرۆش زۆربەی گوندەکانی کورد قوتابخانەی سەرەتایی ی تێدا نیە. لە گوندی بە قوتابخانە تەنیا یەك مامۆستا بە تورکی ئەزمون بە پێنج پۆل دەڵێتەوە. هەمان نەبوونی مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندیەکانی کوردی کە بەژمارە پەنجا دەبن بەدی دەکرێت.

پـاش دەرچوون لەم قـوتابخـانانـە، قوتـابیانی کـورد بـۆ وەرگـرتن لە دانیشگاکانـدا پێویستـە بەربـەرەکانی لەگـەڵ قوتـابیانی بـەشکۆی تـورکی ئەستانبولو ئەزمیردا بکەن ! وە لەتاقی کردنەوەکاندا دەرباز بن. بۆیە مـاوەی

سەرسورمان نیە کەوا ژمارەی قوتابیانی کورد لە دەزگاکانی فێرکردنی بەرز بێ ئەندازە کەم بن. لە ساڵی ١٩٧٥ لە تورکیادا کە ١٨ دانیشگاو ١٥٧ دەزگای بەرزی فێرکردنی تێدابو، تەنیا یەك دانیشگا لە کوردستان (لە ئەرزەروم) دا هەبو، وە یەك کۆلێجی پزیشکی (لە دیار بەکر) و چوار ئاموژگای ئەندازیاریو ماموستایان هەبون. تەنانەت لەم ئاموژگایانەشدا ژمارەی قوتابیانی کورد لە نیوە کەمترە. تورکی زمانی فێرکردنە؛ زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٥وە قەدەغە کراوە. لە چاپدانی پەرتوكو گوڤار بە کوردی تائیمڕوش یاساغە. بەلام بە پێچەوانەی سیاسەتی زۆر لێ کردنو دامرکاندنەوە، چاپکراوەی سیاسی وئەدەبی نهێنی کوردی دەر دەچێتو بلاو دەبێتەوە... ئەمەش لە راستیدا جولانەوەیێکی نوێیە؛ تا وەکو ئەم دەورانەدا روشنبیرانی کورد بەزمانی تورکی بیرو هەستی خۆیان دەردەبری، نوسەرو ئەدیبانی کورد زمانی تورکیان بەکار دەهینا نەك تەنیا بو ئەوەی نوسراوەکانیان بو چاپکردن بەرەسمی وەربگیرێن، بەڵکو هەمیشە لەبەر ئەوەی چونکە ئاگاداریان لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی یاساغ کراو زۆر کەمە، بۆیە توانایان لە زمانی میللەتی خۆیان نزمە. بەلام ئەم روشنبیرانەی کورد لە راستیدا دەستیان هەیە لە پێش خستنی ئەدەبیاتی تورکی. گەورە ترین رومان نوسی تورك، یەشار کەمال، لە کتێبەکانی «ستون» و «مەمەد هەڵویەکەم» کە هەر دوکیان بو ٢٠ زمانی تر وەرگێردراون، دەردەکەوێت، خوی کوردێکە، هەر وەکو خوی لە هەموو هەلێکدا ئەم راستیە دەردەبرێت.

هەستیار جاهد صدقی تارانجیو ئەحمەد عارف، وە رابەری سینەمای بە ناوبانگ یەڵماز گونای، هەمویان کوردن. بەشێك لە فلیمەکانی گونای ناوەروکی کوردیەو لە چوارچیوەی کوردستاندا گیراون. زۆر گورانی بێژی ناوداری تورکیا وەکو نەسیمیو روحی سوو رەحمی سالتوك هەر کوردن.

لەساڵی ١٩٦٥وە جورە گەرانەوەیەك بەرەو گیانی نەتەوایەتی بەدی دەکرێت. هەست بە پێویستی دەربڕینی هەستی دەروون بە زمانی نەتەوە لەلایەن روشنبیرانی کورد لە پەرەسەندندایە. لەلایەکی ترەوە، نەخوێندارانی کورد تەنیا بەزمانی زگماك قسە دەکەن، وە زمانی تر نازانن. ئەم جورە نەتەوایەتیە کە تێکەڵاوە بەهەستی جەماوەری بێ گومان بناغەیەك بوبوژانەوەی روناکبیریو ئەدەبی کوردی دەچەسپێنن

نزیکەی هەمو کورد (واتە ٩٩٪) موسڵمانن... زۆر گوند لە کوردستاندا مەکتەبی ئایینی تێدایە کە مندالان بە عەرەبی هەندی زانیاری سەرەتایی ئاین و قورئان فێر دەبن. هەندێ لە ماموستا ئایینیەکان (مەلا کان) هەمیشە قوتابیان

فێری ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەکەن وەکو نوسینەکانی (ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری، باتێ، تەیران، بابا تاهیر، وە حاجی قادری کۆیی، هتد) ئەمەش بێ ئەوەی کاربەدەستان هەستی پێ بکەن. ئەم مەلایانە دەوری زۆریان لە هەستی گەل هەبو لە سالانی پەنجاو شێستەکانی ئەم جەرخەدا. بۆیە کار بەدەستان ئەمانەیان لابرد و لە جێگایاندا ئاییندارى مەدەنی (سیویل) یان دامەزراندوە بۆ ئەوەی ئایدولوجیەتی رەسمی وە پێش بخەن...

باری ئابوری و کومەلایەتی

کۆمەلگای کوردی هێشتا لە پلەی کشتوکال دایە. وە هەروەکو لە سەرەوەش ووترا ٧٢٪ لە کورد لە گوندو لەسایەی کشتوکالو مەرو مالاتەوە دەژین. پیشەسازی تەنیا بۆ ٠٠٥٪ بۆ خەلکی ئیش مسوگەر دەکات. بەشە گەورەکەی تر لە دانیشتوانی شار بە بازرگانی و خزمەتی مەدەنیو ووردە ئیش خەریکن.

مەرو مالات بەخێوکردنی ئاسایی بە شێکی گەورەیە لە کارو بەرێوە چوندا. بەراستی کوردستان سەرچاوەی گرنگیوشە وولاغو مەرو بزنو وولاغ بەخێو کردنە لە تورکیادا.

ئەو تەکنیکو ئامرازو ئامێری لە کشتوکال چی کردندا بەکار دەهینرێن کۆنن وە لەوانەی لە بەشەکانی تری تورکیادا بەکاردێن زۆر دوا کەوتون. کوردستان ٣٩٪ عارەبانەی تورکیا بکار دینێت بەرامبەر بە تەنیا ٣٪ ماکینەی کشتوکال چێ کردنی گشت وولات. بەلام لەو کاتەیەوە کە بەشێك لە خاوەن زەوی (ئاغا) کان بوون بەسەرمایە دار ئەم جۆرە ماکینانەش روویان کردووتە کوردستان. لە سالی ١٩٦٥ تاوەکو ١٩٦٧ دا ژمارەی تراکتور کە لە کوردستان لە کاردا بوون گەیشت بە ٤٦٪ زەوی و زاری کشتوکالی کوردی هەمیشە ناهەموار دابەش کراون.

نزیکەی یەك لە شەش خاوەن زەوییەکان سێ لە سەر چواری عەردیان بەدەستەوەیە، لە لایێکی تر ٣٨٪ لە دانیشتوانی دێهات بەتەواوی لە زەوی بێ بەشن. وورد بونەوە لە تۆمارەکانی عەرد لە تورکیادا بۆمان دەر دەخا کە ئەم ناهەمواریە لە پەرەسەندن دایە، لەوکاتەیەوە کە تورکیا یاسا قانونی سویسری لە ساڵی ١٩٢٦دا پەسند کردوە بەڵام ئەم جیاوازیە لە نێو هەبوونو نەبوونی زەوی تائیمرۆش نەبوویتە هۆی ئەوەی تێك هەڵچونو بەربەرەکانی فراوان لە نێو جەماوەری جۆتیارانی هەژار (٨٣٪ لە دانیشتوانی دێهات) و خاوەن زەویە دەولەمەندەکانی کەلایەنی کار بەدەستانی رەسمی دەگرن روو بدات... لەلایەکی تر دوور نیە ئەم بارە بەردەوام ئەبێت.

ئەگەرچی کشتوکاڵی کوردی کۆنە لە رووی تەکنیك و دابەش بوونی زەوی، بەڵام لە روویەکی ترەوە ئەم کشتوکاڵە باش رووی لە جیهانی دەرەوە کردوە، وە تا رادەی زۆر تێکەڵ بەبازاری سەرمایەداری تورکیا بووە. بۆ وێنە لۆکەو چەوەندەری شەکر، وە توتن دەچیندرێن و چێ دەکرێن بۆ هەردوو بازاری تورکیاو هەندەران، وە ئەمان بەرەبەرە جێگای بەرهەمی خواردن دەگرنەوە... هەروەها چەند کار خانەیێك هەن، وەکو شەکر پاڵاوتن لە (ئەلعەزیز، مەلاتیا) و کارخانەی چیمەنتۆ لە (قارس، ئەرزەروم) و توتن پاکردن لە (بدلیس، مەلاتیا) و کارخانەی چنین و هونینەوە لە (دیاربەکر)دا... بەشێك لە کارگرتەکان بۆکان هەڵکەندن لە لایەن حکومەتەوە بەکرێ گیراون. ژێر خاکی کورد دەولەمەندە لە چەند جۆر کانێك وەکو فۆسفات، نیلە، سفر، ئاسن، کرۆم هەندێك نەوتیش هەیە. شارۆچەی (مەعدەن) لە نێو دیار بەکرو ئەلعەزیزدا بەدەوڵەمەندترین سەرچاوەی کرۆمە لە جهاندا. لە ساڵی ١٩٦٧ بە هەڵکەندنی ٨٣٢٫٠٠٠ تۆن لەم کانە تورکیا لە دووا یەکیەتی شۆرەوی‌دا بە دووەمین کرۆم دەرهێنەر گەیشت. راپۆرتی جهانی وای راگەیاندوە کەوا لە ساڵی ١٩٧٣دا دوو ملیون تۆن لەم کانە لە ترکیا بەر هەم هێنراوە. بەشی زۆری ئەم کانە بۆ ئەمەریکا نێرراوە.

بەرهەم هێنانی سفر کە لە ئەرغەنی نزیك بەدیار بەکر دەردەهێنرێت گەیشتوە بە ملیونێك تۆن لە ساڵی ١٩٧٠دا.

بەرهەمی ئاسن لە (دیفریگی) دا بە ملیۆنو نیو لە ساڵی ١٩٦٧ گەیشت. هەر وەها خەتێ شومەندوفێر چەند ناوچەی کورد دەگرێتەوە...

بەشێك لە بازرگانە گەورەکان لە دیار بەکرو ئەرزەروم لە گەڵ هەندەران ئالوگۆر دەکەن...

تـەنیا ١٧٩ [واتـە ٩٪] دایەرەی بەنـك (مـەسـرەف) لە كـوردستـان دامەزراوە، بەرامبەر بە ١٩٨١ دایەرە لە گشت وولاتدا. پارەی یارمـەتی ئەم دایەرانە لە ناوچەكانی كورد ئێگجار كەمە بە پێچەوانەی بەشەكانی تری توركیا. هەروەها جۆرە قاچاغچیەتیەك لەسەر سنوور هەست پێ دەكرێت.

دایەرەكانی حكومەت (١٪) لە دانیشتوانی كوردستان بەكار دێنن. كورد فەرمان رەوایی بچوك داگیر دەكەن.

شەری سەربەستی توركیا (١٩١٩ - ١٩٢٣) وكورد

هەر وەكو موستەفا كەمال بە ئەنەدۆل لە مـایسی ١٩١٩ دا گەیشت، خۆی راسەخۆ وەكو «رزگاری خوازی كوردستان» لە قـەلەمدا، هەمیشـە وكو پارێزگەری (خەلیفە» ی بەندكراو لە لایەن هێزی داگیر كەرو وەكو ئازادكەری عەردی ئیسلام خۆی پیشان دەدا؛ بانگەوازی ئەم سەرۆكە بۆ «هەمو موسلمانان» واتە بۆكوردو تورك و بۆ یێكەتی هەموو ئەم گەلانە لە پێناوی خەبات بۆدەركردنی بێگانە لەم خاكانەدا بوو. لە سەرەتادا ئەم سور بوو لەسەر برایەتی توركوكورد..

ییكەم ئانجامی رامیاری جولانەوەی كەمالیەكان لە كوردستاندا ئەوە بوو كۆنگرەیێكی گەورە لە ئەرزەرومدا لە تەموزی ١٩١٩دا بەسترا. پەنجاو چوار نوێنەر لە پێنج ولایەتی كورد لە كۆنگرەكەدا ئامادە بوون. كەچی لە دیار بەكرو خەربوت و سعرت كەس ئامادە نەبوو.

كۆنگرەی ئەرزەروم یێكەم سەركەوتنی رامیاری فوستەفا كـەمال بـوو. چەكدارانی كورد لە ژێر فەرمانی كازم قەرە بەكر پاشا یێكەم سەركەوتنیان لە رۆژهەلاتی ئەنەدۆلدا بەدی هێنا... ئەم هێزە كوردە لە ئـازادكردنی ئـەنەدۆل بەردەوام بوو، وە دەوری زۆری لە سەركەوتنی دووایی لەشەڕی سەربەستیدا هەبوو.

- ماویەتی -

---

(١) لەكتێبی: گەلێكی بێ وولات - لەندەن ١٩٨٠

PEOPLE WITHOUT A COUNTRY (THE KURDS AND KURDISTAN)

(EDITED BY G. CHALIAND). LONDON 1980

عەزەی سەید،
کاک عەزیز

شۆڕە سوارێکی لەبیرکراوی دەشتی گەرمیان

حسین بەرزنجی
کەرکوك

ماوەیەك لەمەوبەر لە گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (١)ی خولی سێیەم کە لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٨٥)دا دەرچووبوو... چیرۆکێکی کاك (غەفوور سالەح عەبدوللای) تێدابوو کە لە ژێر ناوونیشانی (داستانی گوندێکی لە بیرکراو)دا نووسیبووی، وە لە کۆتایی جیرۆکەکەی و لە پەراوێزەکەیدا دەسس نیشانی ئەو شیعرانەی کردبوو کە لە نێو چیرۆکەکەی دابوو، دەڵێ:

(شیعرەکانی نێو چیرۆکەکە چەند بەیتێکی دەماو دەمی خەڵکی هەندێ لە شوێنەکانی گەرمیان و دەوروبەری شاری کەرکوك کە لە سەر کوڕێکی ئازاو.

نەترسی ناوچەکە هەڵبەستراوە کە ناوی (عەزەی سەید) دەبێو بە دەستی پۆلیسەکانی حوکمی پاشایەتی گوڕکراو کوژرا ئەم بەیتانەش بە زۆری کابرایەکی شێت دەیووت بە (جەبارە شێت) ناسراوبوو بەلام خۆم ناوەکەی و هەندێ لە بەیتەکانم دەسکاری کردووە). ئەم دەقی ووتارەکەی کاك غەفوور بوو. جا بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو لاپەڕە شاراوەیەیی مێژووی ژیانو لەناو چوونی ئەو ڕۆڵە ئازاو چاو نەترس و هەڵکەوتووە، ئەو ڕۆڵە نیشان شکێنو جەربەزەو دەست ڕاستە دەخەینە بەرچاو خوێنەرانی خۆشەویست. ئەم ڕۆڵەیە هەڵۆیەکی چاونەترسی ئەو سەردەمە بوو کە هەر لە دوورەوە چاوی هەموو ئەو مرۆڤە ناپاکانەی دەرئەهێنا کە دەستیان بەسەر ڕژێمی ئەو کاتەدا گرتبوو.. بە هەموو جۆری ئازاری خەڵکی هەژارو قوڕ بە سەریان ئەداو ئەیان چەوساندنەوە.

بەڵێ ئازاو.. نەترسو... یاخی بوو، هەرگیز ملی بۆ ئەو دالاشە گۆشت خۆرانەی ئەو ڕژێمە بۆگەنە کەچ نەدەکرد کە ئەویش ڕژێمی پاشایەتی ئینگلیز بوو.

زیاتر کاتی خۆی لە شاخو کێوو دەشتو دەر بەسەر ئەبرد هەر وەك شێر ئاسایی و هەر وەکو بڵێت من شێرمو جێگای شێریش بێگومان دەشتو دەرەو ژیانی سەربەرزی یە. لەناوچەی قەرەحەسەن و دەوروبەری کەرکوكو چەمچەماڵ بو ئەم ڕۆڵەیە یەکێ بوو لەوانەی کە هەر وەکوو سەیدعەتارو خولەپیزەو مەجید شانشینی و.. و.. و زۆری تر لەو جۆرە کەسانەی کە هەرگیز لە کاتی زولمو زۆرداریا ملیان بۆ ڕژێمەکانیان کەچ نەدەکردو یاخی دەبوونو چیاو چەك دەبووە هاوڕێو هاوسەریانو دروشمی سەربەرزیو سەربەستییان هەڵدەگرت. بۆیە تا دوا دڵۆپەی خوێنیان هەر بەرگریان ئەکردوو لە شەڕی بەردەوامدا بوون لەگەڵ سەربازو پۆلیسە چاو چنۆکەکانی ئەو سەردەمەدا.

ناوی تەواوی ئەم هەڵۆیە (عزیز سیدە عەلی) یە کە لە ڕەگەزەوە ئەچنەوە سەر شێخە بەرزنجەکانی (کانیکەوە) بۆیە تا ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێن:

تاقە گەنجەکەی شێخ کانی کەوە
دوژمنی ئەکوشت لە نیوە شەوا.

هەر وەکو لە هەندێ شیعری فولکلۆری دا بە (عەزەی سەید) ناوی هاتووە، کە بە زۆر شێوە گۆرانیو ئاوازی تایبەتییان بۆ دائەناو ئەیانوتەوە، کە تا ئێستاش زۆر کەس هەیە کە ئەم جۆرە ئاوازە تایبەتییەو هەڵبەستەکانی زۆر بە باش

دەزانی... بە تایبەتی لە خەڵکی ناوچەکە ژن، پیاوو گەورە منداڵ ئەگەر زۆربەیان نەیزانی هەر گوێیان لێبووەو بیستوویانە... تەنانەت وەکو مەقامی ئای‌ئای‌و وەکوو لایەلایەو هەندێ جار وەکو قەتار الله وەیسی ووتراوەو زۆر جار لە کۆڕو مەجلیسا دەنگ خۆشەکان بە گۆرانی وپیا هەڵدان ئەو شیعرانەیان ووتووە بە تایبەتی ئەو کابرایە کە ناوی (جەبارە شێت) بووە کە خەڵکی گوندی (سیاەمنصوری) ناوچەی قەرەحسن بووە.

زۆر بە چاکی دەیووتەووە.... خەڵکی ناوچەکەش کاکە جەباریان خۆش دەویست بۆیە بە جۆوش و خرۆوشەوە گوێیان بۆ شل دەکرد.

ئازایەتی‌یەکەی بە جۆری بووە کە هیچ کات هاوڕی‌یەکانی خوێ نەیان توانیووە کە تۆزی قوولی بشکێنن وەکوو دەڵێن: لە هەموو جۆرە یاری‌یەکا بە تایبەتی ڕاکردن و سێ‌بازو بازدان و غارغارین و سوارچاکی و زۆران بازی‌دا هیچ کەسێکیان پێی نەدەگەیشتن. بەهێز بوو پرندەبوو... بەرسێتی و شەونخوونی نەبووە هیچ کاتی بە تەنگ لەشی خۆیەوە نەهاتووە هەنا بڵێی ڕوح سووك و گورج و گۆڵێکی وەها بووە کە سەرنج ڕاکێش خەڵکی هەموو ناوچەکە بووە. وەکو ئاسکە. لە دەست ڕاستی و نیشان شکاندنا ئەوە هەر هاوڕێی کەم بووە هیچ کاتێ گوللەی بە خۆڕایی نەڕۆیشتووە دەڵێن گوایە چەند جار ئافرەتەکانی خزمی خۆیان کە لە کانی و ئاو هێنان دەهاتنەوە ئەویش لە دوورەوە نیشانەی ئەگرت لەوجەڕە یا کۆزەیە کە بە سەر شانیانەوە بوو، لێی ئەداو جەڕەکەی ئەشکان و ئاوەکە بەسەر لەشی ئافرەتەکە دەهاتە خوارەووە. یا دەڵێن گەر هاوڕی‌یەکی خۆی یا خزمێکی جگەرەی بە دەمەوە بووایە بە گوللە ئەیدا لە جگەرەکەو لە ناوەڕاستا ئەیکردە دوو کەرتەوە بە بێ ئەوەی گوللەکە بەر کابراکە بکەوێ. وە هیلکەی بەگولە لە ناو لەپی مرۆڤا هەڵگرتوە هەروەها دەڵێن زۆر جار ئاسکەو کەروێشکی بە دەم ڕاکردنەوە کوشتووە وزۆر جار دوو ئاسکەی بە یەك گوللە کوشتووە... هەروەها چەندەها جارپێش ئەوەی دوژمن لێی بێتە دەس ئەم زووتر لە دەستی ڕاستی دوژمنەکەی داوەو پەکی خستووە. دەڵێن بە دەم غاردانی ماینەوە داوێتی لە ناڵێ ئەو ماینەی کە هی سوارەکەی پێش خوێ بووە بە بێ ئەوەی سمی ماینەکە زامداربێ یان جارێکیان لە بان مەقان تووشی ئەبێتە تووشی کۆمەڵێ لە پۆلیس و باش چاوشە شۆربا خۆرەکانی ئینگلیز. بە تەنها خۆی دەبێ و ئەوانیش (٩) پۆلیس دەبن هەر لە دوورەوە بانگی لێدەکەن: تسلیم بە کاك عزیز تسلیم بە ئەگینا کوژراوی، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت، بێگومان بە گاڵتە پێکردنەوە: وازم لێ بێنن بە خوا من بە ئێوە ناخوریم.

ئەوانیش دەڵێن: هەرگیز واز ناهێنین.

ئەم دەڵێت: بە خوای گەورە خۆتان (٩) کەسن لە نۆ گوللە زیاترتان پێوە نانیم وا بۆ نموونە جەبار چاوش خۆت ڕاگرە وا لە دەستی ڕاستت ئەدەم، هەر لەگەڵ قسەکردنەکەیا ئەدا لە دەستی ڕاستی باش چاوش. ئەوانیش وازی لێدەهێنن و خۆیان و ئەسپەکانیانەوە هەڵدێن. هەروەها لەو عادەتانەی کە هەیبووە هیچ کاتی ئاژەڵێ لە ناو خەوا نەکووشتووە ئەڵێن چەپڵەی لێدەداو ئاسکەکەی بە ئاگا ئەهێنایەوە ئینجا لە کاتی ڕاکردنا لێیئەدا.

ئەمە چەند دێڕێکی کەم بوو لە بارەی خوو ڕەوشتی ئەو ڕۆڵە ئازایە کە لە کەس و کارەکانی خۆیم وەرگرتووە. خەڵکی ناوچەکەیش زوربە یان ئەم ڕوودا وانە ئەزانن و ئاگادارن وا لێرەشا هەندێ لەو دێرە شیعرانە بڵاودەکەمەوە کە دەماو دەم خەڵکی ئەیڵێنەوە و بە ئاوازی تایبەتیو بە دەنگە خۆشەکەی کاکە جەباری خوا لێ خۆشبو. جەبار ئومری سیامەنسوری کە پێیان ئەووت کاکە جەبار نەختێ گورانێکەی کاک عەزیز بلێ ئەویش بەبێ سێو دو لێ کردن دەسی پێئەکرد مچوڕکە بە لەشی مرۆڤا ئەهات کە ئەیوت. (ئەرێ هۆهۆکاک عەزیز....).

دایك دانیشی ڕۆڵەی وابێنی
وەك عەزەی سەید پۆلیس بگلێنی
تا بەختی لە هات خودا یاری بوو
شورتەو باش چاوش شەرمەزاری بوو
کاك عەزیز وەك شێر بەر لە بەیانی
هەڵساو کەوتە ڕێی برنەو لە شانی
تاقە گەنجەکەی شێخ کانی کەوە
لە شکری ئەشکان لە نیوە شەوا
هۆ هۆ باش چاووش نەجمەکەت جوانە
خۆتم بۆ دەرخە بۆ گوللەی کارخانە
تو خوا کاك عەزیز مەچوو جەبەل بۆر
خۆت مەکە نەچیر شورتەی مامر خۆر
نەم ووت کاك عزیز مەچۆرە بەرزی
نەوەك بتکوژێ گوللەی ئینگلیزی

ئاسکەکان مەقان بەر بەرەللایە
چونکە دەنگ بڕنەو کاك عزیز نایە
ڕەشاشیان دابەست لە بان شاخەکان
کاك عزیزیان کوشت لە ناو باخەکان
کاکە شێخ عەزیز سمێڵ قەیتانی
کێبوو وا تۆی کوشت سۆزەی بەیانی
ئەرێ هۆ هۆ..... فیشك لغ لە پشت
چۆن لە دڵت هات کاك عەزیزت کوشت

ئەم کوڕە ئازایە لە یەکێ لە ڕۆیژە تۆف و کڕێوەکانی ساردی زستانا کە یا لە ساڵی ١٩٤٤ وەیا ١٩٤٥ بووە بە تەواوی بۆم ساغ نەبووەتەوە چ ساڵێکە.... بە پیلانی پیس و گلاوی چڵکاو خۆرەکانی ئەو کاتەو ئینگلیز، دەمەو بەیانی یەکی زوو دەوری ئاوایی (شێخ‌جگری) ناوچەی قەرەحەسەن لە هەموو لایەکەوە ئەگرن و ئەیکەنە تەق و تۆق و دەس ڕێژ کردن....

کاك عزیز ئەو کاتە لە ناو گوندەکە دەبێ و زیرەکانە بڕنەوەکەی هەڵئەگرێ و ئەیەوێ خۆی بگەینێتە ناو باخەکان تاکو سەنگەریان لێ بگرێ و نەهێڵێ بێنە پێشەوە... بەلام فریا ناکەوێ و ناتوانی بگاتە شوێنی مەبەست، هەر چەندە چەند تەقەیەك ئەکات و چەند کەسێك زامار دەکات و لە دەستی ئەو پۆلیسە دەدات کە ڕەشاشەکەی بە دەستەوەیە بۆیە سڵ لێ ئەکەنەوە ماوەیەك بێ دەنگ ئەبن ئینجا لە پشتەوە فرسەتی لێوەرئەگرن و شەهیدی ئەکەن... لەو کاتەیە تەمەنی ئەو هەڵۆ بەجەرگە (٢٦، ٢٧) ساڵ بووە، دوای ئەوەی خوێنە سوورە گەشەکەی دارو بەردی گوندەکەی و خاك و خۆڵی گوندەکەی ئەنەخشێنی داستانێکی تری قارەمانی بۆ گوندەکەی تۆمار دەکات... گیانی پاکی بە خاکی گەرمیان ئەسپێرێ و تەرمەکەی ئەهێننەوە بۆ شاری کەرکووك و لە گۆڕستانی شێخ محی الدین بەو خاکە پیرۆزەی خەلات دەکەن.

هەزاران سەلاو لە گیانی پاکی خوا لێ خۆشی بوو هەموو ئەوانەی وەکو ئەو شوڕە سوارە لە پێناوی خاك و سەربەرزی دا بەرەنگاری پۆلیس و چڵکاو خۆرەکانی ئەو ڕژێم و ئەو سەردەمە بوونەتەوە.

سەرنج: لە پێش هەمودێرە هەڵبەستەکانا وشەی (ئەرێ هۆهۆ کاك عەزیز)ی ئەخستە ناوی دێرە هەڵبەستەکانەوە و بە ئاوازێکی بە سۆزی خەمناکەوە ئەوترا.

تۆرى كوردێى كەڤن و ئاڤڕى يەك

ڕێكێش ئامێدى
دهوك

تشتەكێ ئاشكەرايە كو تورە وێنەكێ (فوتۆگرافيە) بو ژين و ژيارا ملەتا ئو نەينكەكا (خوديكەكا) روهنە مروڤ چاك تێدا دبينيت وان پێلێت مێژويى يێ بسەر ملەتارا بورين.

ژبەر ڤێ ئێكێ ئەگەر مروڤ چاك هزرا خو دكورستانێ دا بكەت ئو باش بەرێ خو بدەتە ملەتێ كورد دێ مروڤ زانيت كو گەلەك ژمێرە تورە بيت دناڤ مەدا پەيدابوى دگەل خويابونا نژادێ كوردى لكوردستانێ دا.

ژڕەخەكێدى ئەگەر ئەم باوەربكەين كو ئەڤ نژادە بەرى (٣٥٠٠) سالا خو جهێ كوردستانێ يە ئو ئەم بزانين چ ملەتا ژتەمەت ملەتێ كورد ژار و ژيرى نە ديتيە ئو ديسا چ ملەتا وەكى ملەتێ مە ئاهين و نالين و ستەم و ڤەكوشتن لسەر دەستێ بيانيا نە ديتيە ئو كەسێ هنگى وا ژێردەستى نە ديتيە هەر ژدەمێ پيچبونا (دەولەتا ميديا) هەتا روژا ئەڤرو.

ڤێجا ئەو كەسێ ڤا تشتێت ژوورى بزانيت دێ هەر زانيت كو تورێ مەژى هەمى دەما دگەل مە يێ هاتيە دانانێ ئو يێ هاتيە دارێتن ئو جارا مەزنا گوتى (چ دكەنە كارێ ئەوتێتە خارێ). ئو ئەگەر ئەم ژلايەكێ ديڤە بەرێ خو بدەينە ڤا چيا و گەلى و زيرك و نهالا يێت تژى كانى و ئاڤێت سار ديسا ڤى ملەتێ خنێ ژگەنج و تولاز و كچێت نازدار ئەڤ تشتە هەمى بونە ئەگەر كو هوزان چێببن و بهێنە خوار.

تورێ كوردى چەند توخمن:

توریّ کوردی تیّته لیّگفه‌کرن بدوو ره‌نگا:ـ
١ ـ توریّ کلاسیکی
٢ ـ توریّ رومانسی
١ ـ توریّ کلاسیکی:ـ

ئه‌و توره‌یه ییّ پیڤان و کیّشان و به‌رانبه‌رکرن ئو هه‌لسه‌نگراندن تیّدا هه‌بیت ئو ئه‌م دبیّینه ڤی ره‌نگی هوزان (شه‌عر) هه‌ر چه‌نده ئه‌ف ناڤه گه‌له‌کیّ که‌ڤن نینه به‌لکی پشتی دیاربونا بسلمانه‌تییّ‌یه له‌جهیّ کوردا.[1]

ئو ئه‌وکه‌سیّت بڤی توخمه توره‌ی‌ڤه مژیل بوین ئو ڤه‌هاندین هه‌می ژزانا و خانده‌ڤان و تیّگه‌هشتیا بوینه وه‌کی:ـ

١ ـ بابا راخ راوندی ییّ کو دچاخیّ چاریّ کوچی‌دا ژیای ئو ئه‌ف هوزانڤانه خه‌لکیّ هه‌کاریا بو.
٢ ـ بابه راخیّ هه‌مزانی سالا ١١٢٣ ز ییّ مری[2].
٣ ـ بابه تاهریّ هه‌مه‌دانی
٤ ـ عه‌لی ته‌رموکی (ته‌رماخی) ئه‌وژی خه‌لکیّ هه‌کاریایه.
٥ ـ عه‌لی حه‌ریری هه‌ڤ چه‌رخیّ هوزانڤانیّ فارسی (فرده‌وسی) بو کو فرده‌وسی دڤیّ مالکا هوزانیّ‌دا ناڤی عه‌لی حه‌ریری بچاکی ییّ ئینا:
(مردی دیده‌م ده‌ر جزیر شیری دیده‌م ده‌ر حه‌ریر).
٦ ـ مه‌وله‌وی (١٨٠٦ ـ ١٨٨٢) ز
٧ ـ مه‌لاریّ جزیری (١٥٩٠ ـ ١٦٤٩) ز
٨ ـ ئه‌حمه‌دیّ خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٦) ز
٩ ـ مه‌لا حسینیّ باته‌یی.
١٠ ـ مه‌لا مه‌نسوریّ گیّرگاشی کولدیماهیا چه‌رخیّ یانزدیّ کوچی‌دا ییّ ژیای.
١١ ـ شیّخ نورالدینیّ بریفکانی (١٢٠٥ ـ ١٢٦٨)ك کو (٦٣) سالا ژیایه.

د. بلیچ شیّرکو دبیرهاتنیّت خودا دبیّژیت ژزارده‌ڤیّ (ن. ڤیلیامینوڤی) زانایێ ئیرس ییّ بناف و ده‌نگ: کو زانایێت شینه‌وارا (علماء الاثار) ییّ بسه‌ر دوو کیّلیا هه‌لبوین لباکوریّ (ژووریا) ئیرانی هه‌ر ئیّکیّ ژووا کیّلیا چه‌ند پارچه هوزانیّت کوردی لسه‌ر نڤیس‌بون پارچه‌ك ژووا هوزانه‌کا کلاسیکیا که‌ڤن ژتوخمیّ کلاسیکیا کوردی‌یا که‌ڤن یا مروڤه‌کی بوناڤیّ وی پورا بوژ (PORAPOj) بو.

ئو یا دی ژتوخمیّ رومانسی بو یا توره‌ڤانه‌کیّ نه‌نیاس‌بو ئو دبیّژیت (ن. ڤیلیا مینوڤ) میّژویا ڤا پارچه هوزانا دگه‌هیته سالا (٣٣٠ ـ ٣٢٠) به‌ری بونا مه‌سیحی.

بو نموونه ئەڤە پارچەك ژهوزانا بورا پورژی: یێ کو نێزیکی (٣٢٠) سالا بەری بونی ژیای:-[٣]

خوازدی ئەز تو بهیڤرابین — بهیڤرا هیرین خورینی
وەر دی بهیرین گوترا بین — بانگ دین بهیڤرا نارینی
دیونی، گوترا هی رابوم — ئاواز ژچر دخوینی
ڤیرا پیل و بەیابان — هاوار ژدەست ئەڤینی
ئەز تو، واتو، یەکوین — هیزان جوا دی دینی
ڤیرا پیکرا خوفتە وین — بچرینی، یا بنڤینی

ئو ئەڤا ژێری پارچەکا دی ژهوزانەکا نەنیاس یا کو دیسبا ل ژووریا وەلاتێ ئیرانێ هاتیە دیتن کو ئەوژی ژتوخمێ رومانسی یە - ستران خوبی لەلیف خریهانی

چاخێ روهلی (هیل)

لە بنیا گولی

لەجوش و پەیمانا ولی — لی دلا لی دلا
ئەنگشین «هیل» سوزترە وا راهی گولی ؟

دلا: بووا «هیل» خوشترە
وا: راخی گولی ؟

گەردون، وا ببە پەناهو پەنار

وا گولی ؟

«هیل» ژومەرا ببە هیلز و یار

وا گولی ؟

دلا: ئەنگشین «هیل» سوزترە، واراهی گولی ؟

دلا: بووا «هیل» خوشترە
واراخی گولی ؟

وەرن دا جارەکادی ڤەگەرین سەر تورێ کلاسیکی یێ کوردی مە گوتبو: تورێ کلاسیکێی کوردی ئەو تورەیە یێ چیڤان وکێشان و هەلسەنگاندن ئو

لێك ئیناندن تێدا هەبیت ئو بەرانبەرکرن دکەرێ پێشیێ (شطر) ئو یێ پاشیێدا (عجز) هەبیت وەکی:

١ - ئیروژنو پڕ ئاتەشم دیسا ژرەمزا دولبەرێ[٤]
مەجروحێ قەوسی پڕوەشم تیردانە نیڤا جەگەرێ.

٢ - گوهبدە ئاهـ و فیغان ولەرزە وکوڤانە دل
دل دولدا یێ دسوژتین پیش و کـا و

خەرمانە دل نیڤ شەڤێ زێمار ددەرچیت روندکێت

کـەل هاتنـە خار ئـەڤـروکـانێ مـە

حـەکیم و هـوٚکـرو دەرمـانـە دل

د. مسعود کتانی

٣ - بـسـکـان تـو ژخـمـریـان جـودا کـە[٥]
زولفـان شـەکـە بـێـکـڤـە بـەر هـەواکـە
دا سـونـبـول و سـورگـول آشـنـابـن
ریـحـان و بـنـفـشـە تـابـە تـابـن

٤ - لرویێ ئـاڤـا دەمـێ ئـێـڤـار
مە دین دیتا لسەر بانی رەشە پوشی کـری بو خـوار
بـرویـسـك کـەفـتـینـە ئـەسـمـانـی

تو نوکە چاك بەرێ خو بدە ئەڤ هوزانێت بورین دێ بینی هەمی بکێشان و پیڤانن بهەلسەنگاندن ئو لێکدانن، کەرێ پاشیێ بەرانبەری کەرێ پێشیێیە دکێشانێدا، تورێ کلاسیکێی کوردی نێزیکی (٢١) دەریا بێت دهەین.

٢ - تورێ رومانسی:

هوزانا رومانسی چێدبیت هندەك ژووا سێ گوشەبن هندەك چوار گوشەبن ئان پێنج گوشەبن ئانکو پێتر ژی بن ئو گەلەك جارا ژی دێ دیماهیك هێت سەر بەندەکێ وەکی:

هـای گـولی گـولێ گـولێ ئـەسـمـەرێ نـازێ گـولێ
مـە سـلاڤـە لئـەردێ تـو لێ ئـەسـمـەرێ نـازێ گـولێ

ئو دیسا وەکی:

ئەزدێ بسەرێ سیپانێ بێژم بکەروڤە ئو بمژە لاوکێ منا چەند جارا من خو هاڤێتە بەختێ تەدا تو بەس ڤی دێمێ شرین لمن بکە گژە لسەر ڤێ ئێکێ ئەڤە ناڤێت هندەك هوزانڤانێت رومانسی یێت کو لناڤ مە رابوین:

١ ـ بەکر بەگێ ئەرزی کورێ بەهدەر بەگێ یێ کو سالا ١٧٦٧ ز ژدایك بوی خودانێ ڤا بەیتێت (داستانێت) ژێری:

ا ـ بەیتا کەوێ ١٧٨١ ز.

ب ـ بەیتا چولی بەگێ ١٨٠٦ ز.

جـ ـ بەیتا طەرگێ.

د ـ بەیتا بهارێ.

٢ ـ حاجی قادرێ کوڤلی: ئەڤ هوزانڤانە خەلکێ گوندێ کوڤلێ بو ئێکە ژگوندێت دوسکیا یێ چوویە بەر دلوڤانیا خودای دسەدێ چارێ مشەختیدا.

٣ ـ حەسەن بامەرنی کورێ مەلا ئەحمەدێ بابەکیە بگوندێ بامەرنێ یێ ژدایك بوی سالا ١٨٦٨ ز ئو لوێرێ یێ مری سالا ١٩٤٠.

٤ ـ نادر کانیسارکی: خەلکێ گوندێ کانیسارکێیە ئەڤ گوندە ئێکە ژگوندێت بەروارێ بالا ئەڤی هوزانڤانی ژیێ خو هەمی بشڤانیێ ڤە بر یێ دویربو ژتێکەلیا زانا و تورەڤانا سالا ١٩٤٨ ز یێ مری.

٥ ـ فەقێ تەیران: دنیڤا چاخێ یانزدێ کوچیدا یێ ژیای.

٦ ـ شێخ تاهایێ مایی یێ کو سالا ١٨٤٣ ز ژدایك بوی لگوندێ مایێ ئو سالا ١٩١٩ ز یێ مری خودانێ (بەیتا دەرزیکێ).

تورێ رومانتیێ کوردی دبیتە دوو پشکێت مەزن:ـ

ا ـ ستران:

ستران کەڤنترین پارچەیە ژتورێ فولکلورێ.

ئەڤ هونەرە گەلەك ژکەڤندا یێ پەیدابوی هەر چەندە جڤاك لوی دەمی دپێلێت نزمدا دژیا ژلایێ رەوشەنبیریڤە.

هندەك زانا یێ لوێ هزرێ کو سترانێت شڤانا ژهەمی رەنگێت دی یێت سترانا کەڤنترە چونکی ئەو وێ هزرێ دکەن کو شڤانی کەڤنترە ژچاندنێ ئانکو مروڤێ بەرێ (کەڤن) شڤانیا کری ئاژەل و چاڤی یێ بخودان کرین بەری کو بزانیت چاندنێ بکەت.

ژلایەکێ دیڤە دێ بینین کو فولکلور دوو هزرا بەرچاڤ دکەت سەخمەراتی دیارکرنا دەستپێکرنا سترانێ ئو ئەو هەردوو هزر ژی ئەڤەنە:ـ

١ ـ هزرا ئێکێ: دبێژیت کو سترانێت کارکرنێ (شول کرنی) کەڤنترن ژهەمی رەنگێت دی.
٢ ـ هزرا دوویێ: دبێژیت سترانێت ئولی (ستایشێت ئولی) کەڤنترین رەنگێت سترانانە.

سترانێ گەلەك رەخ و روێت ژیانێ بێت ڤەگرتین ئێك ژووا رەخا (دیروکە) ئو بو نموونە لئەوروپا بارا پێتر زسترانێت وا لسەر جوتیاریێ و شڤانییێ بون لدەمێ بەرێ بەلێ پشتی شورەشا پێشەسازی (الثورە الصناعیە) لناف رابوی کودگەل هندێ دیروکا وەلاتێ ئەوروپا هاتە گوهرین سترانبێژیت وان دەست هاڤێتن ستران بپالە و کارخانادا گوتن.

ئو یا هەژییە ئەم نوکە ئاڤریەکێ بدەینە سترانا کوردی کو دێ بینین ئەڤ رەخ و رویە بێت ڤەگرتین:ـ
١ ـ سترانێت داوەتێ (سەرێ زاڤای و نارینکێت بیکێ).
٢ ـ سترانێت کور و کچا (حەیرانوك).
٣ ـ سترانێت پیرە پائیزوك.
٤ ـ سترانێت گیا دورینێ.
٥ ـ سترانێت شڤانا.
٦ ـ سترانێت دستار هێرانێ.
٧ ـ سترانێت بچیکا وەکی (هەڤال هەڤالوشکێ)
٨ ـ سترانێت دبەر لاندکێرا (دەلوری).
٩ ـ سترانێت ئادە و شێلانا برنجا.
١٠ ـ سترانێت هێزوکێ.
١١ ـ سترانێت شەر و جەنگا (لاوك)
١٢ ـ سترانێت زێماری (تازیا).
١٣ ـ ستایشێت ئولی.
ئو........... هتد.

ئو یا هەژییە کو مە ناڤێ هندەك سترانبێژا ژبەربن بێت کوژدلەکێ زەلال و پری باوەر سەرکێشیا کاروانێ سترانا کوردی کری ئو بو نموونە ئەڤە هندەك ژووا:
١ ـ حەمەکورێ بادینی (حەمکێ توڤی).
٢ ـ زێرویێ هەکاری.
٣ ـ هەرەگولێ بوتانی.
٤ ـ مریەم خان.

٥ ـ کاویس ئاغا.
٦ ـ سەعید ئاغا و........ هتد.
٣ ـ داستان (بەیت)
داستان گرنگترین پارچەیە ژفلکلوری[٦] ئـو ژهەمی رەنگێت دی یێت فلکلوری پێتر داهێنان (ابداع) یا تێدا هەی.
داستان رویدانەکە بشێوەکێ چیروکی تێتە گوتن ژلایێ سترانبێژەکیڤە ئو ئەو چیروك برەنگەکێ پەخشانێ یا هاتیە دارێتن ئو ژناڤدا هندەك گفتوگو. یێت تێدا هەین ئەو گفتوگو ژی هەمی پارچێت هوزانێنە بکێش و ڤەکێشن ئو تشتەکێ دجهێ خودایە کو پێشکەفتنا داستانا یا پەرچیمەکریە ب پێشکەفتنا ملەتیڤە.
هندیکە داستانە پلێت سەرکەفتن و داکەفتنا دەستەکێ ئان یا ملەتەکی بەرچاف دکەتن لدەمەکیدا، بو نموونە هەچێی نوکە کویر داستانا مەم و زینا بخوینیت دێ چاك زانیت کو ملەتێ مە یێ کورد لسەردەمێ ئەحمەدێ خانی د چ کاودانادا دژیا، ئانژی هەچێی چیروکا خەج و سیامەندی گولێبوی چاکی زانی کانێ کچا کورد هەتا کیژ پەیسکێ دمینیتە سەر سوزاخو ئو یا بەرهەڤە خوبدەتە کوشتن سەخمەراتی هندێ کو سوزا خو نە شکێنیت.
ئانژی ئەو کەسێ داستانا شێخێ سەنعانی گولێ ببیت دێ بو دیاربیت کو ئەڤینێ چ توخیبێت خونینن.
براستی من لبەر نینە ئەز گەلەك خو بەردەمە ناڤ ڤی بابەتێ کویر و دویردا بەلێ دسەر هندێرا یا فەرە بزانین کو کەڤنترین داستان هاتنیە دیتن داستانێت سومەرینە (٢٥) چەرخا (سەردا) بەری بونێ وەکی داستانا (گلگامیش) یا کو بەهرا پێتر ئەفسانە تێدا.
دیسا داستانێت یونانی گەلەك دکەڤنن وەکی (ئیلیادە) و (ئودیسا) یێت هومیروسی لچەرخێ نەهێ و هەشتێ بەری بونێ نڤیسین ئو لدیف ڤانڕا گەر ئەم سەحکەینێ دێ بینین داستانێت هندی یێنج چەرخا بەری بونێ یێت دهاتینە دانان وەکی داستانا (مەها بەهاراتا) و (رامیانا)، ئـو داستانـا (ئینیدا) یـا (ڤێرجیل) ی کو ئێکە ژداستانێت لاتینی یێ بناف و دەنگ ئو لدیماهیێ دێ بینین داستانا (شەهنامە) یا فیردەوسێ فارسی. داستانا هەر ملەتەکی رەنگەکێ دیمەنێ تایبەتی دگەل مێژوویا وی ملەتی دیاردکەتن لەوما ئەم دکارین بێژین کو داستان پارچەکە ژدیروکێ.

داستانا روژهەلات:
هندەك داستان یێت دهەین هەڤبشکن لناڤبەرا ملەتێت روژهەلاتێ ئو بگەلەك زمانا یێت دهاتینە نڤیسین و ڤەگێران بەلێ نە مەرجە کو لناف هەمیادا

بـئێك رەنگ بهێنە ڤەگوهاستن جارا هەی شینەوار ئان ناڤێت قارەمـانێت وێ داستانێ تێنە گوهرین هەر ملله‌تەکێ لدیف وی ئو سەر ڤێ ئێکێ هندەك داستان ێیت دهەین بچەند زمانا ێیت دهاتینە نڤیسین ئو هەر ملله‌تەك ژووا بخو دادنیت وەکی.

داستانا (شیرین و فەرهاد) بکوردی و فارسی و تورکی و ئازربایجانی و هندەك زمانێت دی ێیت روژ هەلاتێ یا هاتیە نڤیسین ئو هەر ملله‌تەك ڤێ داستانێ بخو دادنیت بەلێ پا ئەم دبێژین کو تەڤە داستانەکا کوردایە چونکی هەتا روژا ئەفروچیاێ بیستونی جهێ رویدانێت ڤێ داستانێ یێ لناڤ ئاخا کوردادا ئو هەر وەکی یا ئاشکرا کو ئەڤ داستانە بزمانێ فارسی یا هاتیە نڤیسین ژلایێ (نیزامی ی گەنجەوی و ئەمیر خوسرەوی دەلهەوی) ئو دیسا بزمانێ تورکی یا نڤیسی ژلایێ (نازم) حیکمەتی) ڤە ژبلی ڤێ داستانێ دێ بینین داستانا (لەیل و مەجرویم) یا لناڤ مە بەلاڤە هەر وەکی یا لناڤ عەرەبا بەلاف بناڤێ (لەیلا و قەیسێ کورێ مولەوەحی) یا کو هاتیە نڤیسین زلایێ (ئەحمەد شەوقی) ڤە بناڤێ (قەیس ولەیلا) ئو ئەڤ داستانە دیسا یا هاتیە نڤیسین بزمانێ تورکی ژلایێ (فضـولی) ڤە ئـو بفارسی یا هاتیە نڤیسین ژلایێ (نیزامی گەنجەوی) ئو یا هەژی گوتنێ یە ببێژین کو هەر ملله‌تەکێ ئەڤ داستانە لناڤ هاتیە نڤیسـین بشەقلەکێ تـایبەتی (طابـع خاص) یا نڤیس و یا بخو داناى ئو جهو و جل و بەرگێت وێ ێیت بخو دانایں.

داستانا کوردی:

داستانا کوردی دبیتە دوو توخمێت سەرەکی

١ ـ داستانا قارەمانی:

پەیڤا قارەمان، ئازا، پلیمەت پەیڤەکا بها گرانە لناڤ ملله‌تێ کورددا ئـو مروڤێ قارەمان جهەکێ تایبەتی یێ دناڤ جەرگێ هەمی ملله‌تیدا هەی ئو ئەگەرا وێ چەندێ ژی ئەو تەنگاڤی و دەرد و ستەم و نەخوشینە ێیت کو بسەر ملله‌تێ مەدا هاتین ئو دەرباری ڤێ ئێکێ مەزنێت مە یێ گوتی:

(بمرە بسەر بلندی بەلێ نەژی بسەر شوری).

(دیکلێ روژەکێ بە نە مریشکا سالەکێ).

(گەر ئازادی بومە نینە مرن بومە ژینە) لدیف ڤێ چەندێ ئەم نەچار دبین شەری دگەل دوژمن و دلخارا بکەین ئو بسەددا مروڤێت چەلەك و بجەرگ لناڤ مە رابون دیروکا خەملاندی بکریارێت خـو ێیت بها گـران، ئو بـراستی ئازایی و قارەمانی یا بویە پارچەك ژژیانا ملله‌تێ مە ئـەڤ تشتە یـا خویـا و ئاشکـرایە دداستانا (خانێ لەپ زێرین) دا دەمێ ئەو رازی نەبوی بسەر شوری بژیتن بن دەستێ شاهێ فارسی[٧] داستانا قارەمانی چیروکە هاتیە گوتن بسەرەکی لناڤبەرا

دوو جینا ئان دوو مللەتا هەلبەت ڤێ چیروکێ ژی قارەمانێت خو بێت دهەین ئو لدیفرا هوزانڤانەکێ هاتی ئەڤ چیروکە یا داریژتی دچار چوپەکێ هوزانیدا ئو ئەگەر هاتو مە نافێ وی هوزانڤانی کا کی یە ئەڤ داستانە ژفلکلوری دێ چینە ریزا توری نوسراو (بێ بخودان).

لناف وەلاتێ مەدا بهزارەها شەرو جەنگا بێ رویدای ئو گەلەك ژووا بێت بوینە داستان و ئو دەستەك لدیف دەستەکی بێ ژبەرکرین ئانژی بێت دهاتینە نڤیسین ژلایێ هندەك هوزانڤاناڤە کووا بێت ریزگارکرین ژدەردێ مرن و نەمانێ ئو بو نموونە ئەڤە ناڤێت هندەك ژووا داستانا.

١ - خانێ لەپ زێرین (بەیتا خانا).

٢ - عەمێ گوزێ و بشارێ چەتوی ٣ - سیەبان ٤ - دوانزدە سواری مەریوان

٥ - چولی بەگ ٦ - شەرێ تیارێ ٧ - شەریف هەمەوەند ٨ - کاکە میر

٩ - خانزاد و لەشکەری ١٠ - ئاڤدەرا ١١ - بەیتا حەسەن و حوسەینا و.....

و... هتد.

ئو ژبلی ڤا داستانا کو مە ناڤێت قارەمانێت وان زانین گەلەك قارەمانێت دی بێ لناف مللەتێ مە رابوین و سەرکێشیا مللەتی یا کری دشەر و جەنگێت گراندا هەر چەندە کو ئەڤە هێژ کەسێ نە داریژتینە برەنگەکێ داستانی ئو ئەگەر هندەك هاتبنە داریتن ژی ئەز نزانم بەلێ پا دسەر هەمێی‌را ئەڤە نابیتە ئەگەرا هندێ کو ئەم وا قارەمانا ژبیرکەین و کریاریت وان بێت پر بها ب پشت گوهێ خوڤە پاڤێین ئو نموونە لسەر ڤێ چەندێ

١ - شێخ سەعید پیران ٢ - شێخ مەحمود یا کو ژلایێ کاویس ئاغای ڤە بویە ستران ٣ - گەنج خلیل دیسا ژلایێ کاویس ئاغای‌ڤە یا بویە ستران ٤ - قازی محەمەد ٥ - سمکوییێ شکاك ٦ - ئەمینێ لاوێ پەریخانێ ٧ - دەرویشێ عەبدی و..... هتد.

بەلێ هەر وەکی ئەز دزانم بارا پێترێ ژڤا شەرا بێت بوینە ستران خەلکێ بێت گولێ بوین. دڤێرەدا ئەز گازندا ژهوزانڤانێت مە بێت نوکە دکەم کو هەتا نهو کەس ژووا بڤی کارێ پیروز نە رابویە کو شەرەکی ژڤا شەرا بکەنە بەیت و ڤەهینن ئو ئەو کەس بشێتن ڤی تشتی بکەتن و نەکەتن ئەو کەس مروڤەکێ خەمسار و گونەهبارە بهزارا چیروك لسەر شەو و جەنگ و ئەڤینێ بێ لناف مە پەیدابوین و بەرزەبوین ئو مە گولێ نە بوینە بەلێ پا دەولەت ژسەرێ ڤان هوزانڤانا (ئەحمەدێ خانی و فەقێ تەیران و مراد خانێ بایەزیدی و بەکر بەگێ ئەرزی و..... هتد) مە ئەڤ چیروك و سەرهاتیە بێت پر بها گولێ دبن ئو چجارا بەرزە نابن [مەم و زین،

شێخێ سەنعانی، زەمبیل فروش، بەیتا کەوێ و بەیتا چولی بەگێ، بەیتا تەرگێ، بەیتا بهارێ..... هتد]

٢ ـ داستانا دلداری (ئەڤینی)

(ئەگەر ئێکی ئێك نەڤێت دێ خەونێت نەخوش پێڤە بینیت).

دوژمن و نە حەزێت مللەتێ کورد ڤەدگێڕا و دگوت (کورد ل چەل و چیارا دژین ژبلی شەرو جەنگا چ ژدونیایێ نزانن خودێ ئەڤین باهرا وا نەدایە) لسەر پارچا ئێکێ ژئاخفتنا وا کەسا: بەلێ راستە ئەم دشەرکەرین و گەلەك حەژ شەرا دکەین بەلێ دگەل کێ ؟

دگەل وی کەس یێ بهێت زورداریێ لـە بکەتن، دگـەل وی کەس بڤێت ئاخامە داگیرکەت دگەل وی یێ حەژ مروڤایەتیێ نەکەتن ئو تشتەکێ دیارە مە چجارا تولا خو بکەسێ نەهێلایە ئو ئەگەر خودێ حەزکەتن ئەم تولا خو بکەسێ ناهێلین. شاهێ فارسی دڤیا ئاخامە داگیرکـەت بەلێ خـانێ لەپ زێرین بـژینـا سەرشوری رازی نەبو کو بکەڤیتە بن دەستێ وی ئو بسەر بلندی مر. پارچـا دوویێ ژئاخفتنا بوری کو ئەم چ ژئەڤینیێ نزانین دیروکامە یا پڕی بەلگە و نیشانە کو ئەم ئەڤیندارین و ڤی تشتی بهایێ خو یێ گـران یێ لناڤ مـەدا هەی ئـو (ئەحمەدێ خانی) بو ڤێ چەندێ یێ چوی و گوتی:

هـەم ئـەهـلی نـەزەر نـەبـین کـو کـورمـانـج
عـەشـقـی نـەکـرن ژبـو خـوە ئـارمـانـج
تـێـکـدا نـە دتـالـبـن نـە مـەتـلوب
ڤـێـکـرا نـە مـوحـیـبـن ئـەو نـە مـەحـبـوب
بـێ بـەهـرەنـە ئـەو ژعـەشـقـبـازی
فـاریـغ ژحـەقـیـقـی و مـەجـازی

بەلێ خانیێ بێ بەڤل یێ دبێت:

بلا کەس نەبێت کو کورد چ عەشق و ئەڤینێ نزانن بهزارەها ئەڤیندار و بەردلك یێ لناڤ مە رابوین.

گەر هاتو داستانێت ئەڤینیێ بێت روژهەلاتێ ستێربن لئاسمـانێ توری جیهانی داستانێت ئەڤێنی بێت مللەتێ کورد وەکی هەیڤێنە لناڤدا چنکو یا دیارە کوئەڤینداریێت مە مەم وزینا وخەج وسیامەندا و.... هتد ژیانا خویا دانایە سەر ئێك ئو بێت خو داینە کوشتن هەر وەکو مە گوتی سەخمەراتی هندی سوزاخو نە شکێنن. ئەرێ ما چ ژوێ مەسترە خەجو خو دچیایێ سیپانێدا پاڤێت ئو مێرا پشتی سیامەندی لخو (حەرام) کەت ئەگەر کو ئەڤیندار نەبیت ژدلەکێ راست و دروست.

زین خیشکا میرێ جزیرێ ئەوا کو ژینا خو هەمی بخوشی بری دێ چەوا خو نێخیتە تالی و نەخوشیا ئەگەر سەرا مەموێی ئەڤیندار نەبا ئو یا دیارە کو ژکەڤندا دەستەکا میر و حاکم و زەنگین و دەربەگا خزمانیا چینا هەژار و خەزان نە دکرن.

شێخێ سەنعانی گەر نە زانیبا عەشق و ئەڤینی چیە ! دا چـەوا رابیت پشتی (٨٠) هەشتێ سال ژی بوراندین ئو (٥٠) پێنجەهــ جارا چویە حەجێ و (٥٠٠) پێنجسەد مرید هەین نوی بو عاشق و حەژ (سەرطەمێ) دکەتن ئەو کچکا ئەرمەنی (فەڵە) ئو دسەر ڤێ خورێرا ئولێ خو دهێلیت و دچیتە سەر ئولێ دلدارا خو. دیروکا مللەتێ مە یا پرە ژداستانێت ئەڤینیێ ئو ئەڤە چەندەك ژووا داستانا ژبو نموونە:ـ

١ ـ مــەم و زین (ئەحمــەدێ خانی) ٢ ـ شێخی ســەنعانی (فــەقێ تەیـران) ٣ ـ زەمبیل فروش (مراد خانێ بایەزیدی) ٤ ـ خەج و سیامەند ٥ ـ لەعلیخانا گوڤەی ٦ ـ شرین و فەرهاد ٧ ـ حەسن و مریەم ٨ ـ حەسو و زلخ ٩ ـ سێران خاتوین و خورشیدێ چاڤ بخال و..... هتد.

ژبلی ڤا هەردوو توخمێت داستانا (داستانا قارەمانی ودلداری) مە هندەك داستانێت دی یێت وهەین هندە رەخ و رویێت دی یێت ژیانێ یێت ڤەگرتین وەکی

١ ـ بــەیتا کــەوێ ٢ ـ بەیتــا طەرگێ ٣ ـ بەیتــا بهارێ[8] ٤ ـ بــەیتــا کیچێ ٥ ـ بەیتا کیژ و کورا ٦ ـ بەیتا کێتکێ ٧ ـ بەیتا قیامەتێ[9] و..... هتد.

ئو لدیماهیێ هیڤیدارم ژهەمی خەمخور و دلســوزێت تورێ کــوردی کو ستران و بەیتێت کەڤن کومکەن و بدەنە چابکرن بزیترین دەم ئو دیسا هیڤیدارم ژدەزگەهێك بەلافکرنێت کوڤار و روژنامێت کوردی پێتر پیتەی بدەنە بەیتێت کەڤن ئو بەلاڤکەن ئەگەر نەشێن ژی هەمی بەیتێ بئێك جار بەلاڤکەن بلا بکەنە سێ چار خەلەك سەخمەراتی ساخکرنا تورە و دیروکا مللەتێ کورد.

ژێدەر و ئالێری:

١ ـ گوڤارا روناهی ژمارا ئێکێ سالا ١٩٦٠ بن ٣٠.
٢ ـ الاکراد في بهدینان للمرحوم انور مائی ص ١٩٨.
٣ ـ گوڤارا روناهی ژمارا ئێکێ بپ ٣١.
٤ ـ دیوانا مەلایێ جزیری تویژان صادق بهاء الدین بپ ٤٤٧.
٥ ـ مەم و زین بپ ٩٤.
٦ ـ الواقعیة في الادب الکردي د. عز الدین مصطفی رسول ص ٣٧.
٧ ـ ئەو داستانە یا خەباتا مللەتێ کورد دیاردکەتن بسەروکاتیا خانێ لەپ زێرین دژی شاه عەباسێ ئێکێ شاهێ فارسی لناڤبەرا سالێت ١٦٠٨ ـ ١٦١٠.
٨ ـ ژڤەهاندنا بەکر بەگێ ئەرزییە.
٩ ـ بەیتاقیامەتێ (بەیتا نەسیحەتا) ژڤەهاندنا ئەحمەد نالبەندییە.

«بەشی دوەم».

عبد الله جەوهەرو ڕۆژگارێکی ئەدەبی کوردی

ئومێد ئاشنا

سلێمانی ١٩٨٥

بەشی یەکەمی ئەم باسە لە ژمارە دووی «نووسەری کورد»دا بڵاوکراوەتەوە.

«هەڵوێستی یەکەم»

ئەگەر بێتو بڵێن بناغەی ڕەخنەی زانستی کوردی لەلایەن - ڕەفیق حیلمی -[1]یەوە دانرا بۆمان دەچێتە سەرو دەتوانین بیسەلمێنین. هەردو کتێبی - شیعرو ئەدەبیات -[2] و نوسینەکانی[3] تری نمونەی ئەم ڕاستیەن.[4] ئەمساڵیش سێ ساڵ تێپەڕ دەکات بەسەر کۆچی دوایی مامۆستایەکی ئەدیبو ڕەخنە گرو پەخشان نووسی وەك - عبد الله جەوهەر - ع. چالاك - دا. لەم یادەدا بەپێویستم زانی ئەو دوو نوسینە ڕەخنەییە کە عبد الله جەوهەر بە ناوی - ج -[5]وە چلو یەك ساڵ لەمەو بەر سەبارەت بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەفیق حیلمی نووسیبوی بخەینەڕوو. لەو کاتەدا کە نووسینو ڕەخنە گرتن لە ئاستی توانای داهێنانو زانستی ئەدیبێکی وەكو ڕەفیق حیلمی کارێکی شیاوو توانایەکی ئەدەبی بەرزی دەویست، بەلام «ع. چالاك»[6] ئەوەی سەلماند کە لە ڕەخنەی مەوزوعیو لەباردا بۆ خزمەت بە ئەدەب دیارە ئەدیبێکی وەك - ڕەفیق حیلمی - زۆری لا باش ئەبێتو ئەگەرچی مەسەلەکە خۆی دەگرتەوە.

لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوەکەی ڕەفیق حیلمی سەبارەت بە دڵداری شاعیر بوو - عبد الله جەوهەر -یش وەك نووسەرێکی ئەوسەردەمەو لەژێر ناوی - ج - دا ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەکە دەگرێت. لە دوای ئەمە نووسەرو مێژوونوس خوالێ

خـۆش بوو ـ ڕەمـزی قەزاز ـ بـە وتارێـك وەڵامی ڕەخنەكـانی ـ ع.چالاك ـ دەداتەوە، بەڵام بەداخەوە نەی پێكـاوەو نووسینەكەی تەنهـا لۆمە كـردنی ـ ع.چالاك ـە كە چۆن ڕێی خۆی داوە ڕەخنە لە نووسینی ڕەفیق حیلمی بگرێت. لە دوای ئەمە (ع. چالاك) زۆر بەهێمنیو بەشێوەیەكی مەوزوعیو زانستیـانە وەڵامی ڕەمزی قەزاز دەداتەوەو دوا جار خاوەنی بەهرەتی باس كە ـدلدار ـ[7]ی شاعیرە ئەمیش وەڵامی عبدالله جەوهەر «ج» دەداتەوەو هەر لە سـەرهەمـان ڕێبازی ڕەمزی وەڵامەكانی دەنووسێت. ئنجا لێرەدا بۆ ئاگادار بوون لە شێوەو چۆنیەتی ڕۆژانێكی ڕەخنەی ئەدەبەكەمانو لەیادی سێ ساڵەی كۆچی دوایی ـ ع.چـالاك ـی ئەدیبو ڕەخنـەگردا سـەرەتا ڕەخنـەكەی «ج» سـەبارەت بـە لێكۆڵینەوەكەی ڕەفیق حیلمی دەنووسین هەتا ڕەخنەگرانو نووسەران كاتێـك هاتنە سەر كاروانی ڕەخنەی ئەدەبی كوردیمان ئەم مەسەلەیەیان وەك خاڵێكی گرنگ لەیاد نەچێت. عبدالله جەوهەر واتە «ج» دەنووسێت «ئەمجارە لە سەرو گوێلاكی باسێك ئالاوم خۆم ئەوە هیچ، باوەڕیشم بە كەم كەس هەیە لەوێزەی پێ، ئەو باسە پڕ ئەندێشەو بەسامەش ـشیعرو ئەدەبیاتی كوردی ـیە كە بەقەڵەمی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەگ ـ بڵاو ئەكرێتەوە، ئەگەر كەمو كوڕیەك لەم باسەدا بخەمە بەرچاوی مامۆستای ناوبراو تۆ بڵێی كەس بمێنێ نەحەپەسێو وەك شارە زەردەواڵە لێم نەوروژێن وستارم لێ هەڵ نەگرن ؟! باسی كردنی شیعر زۆری پێ دەوێ نووسراوی ـ شاعرەكانمان[8] ـ ئەخەمە پێش چاوو ئـەڵێم شیعر تـەنها جوانیە، پەریەكە باڵدار، مۆسیقایەكە هەموو نەغمەیەكی مرچرك بێ، ئەمە كورت ترین مەعنای شیعرە، ئنجا فەرمون شیعرەكانمان بخوێننەوە بـزانن بۆ ئـاهی سوێند ئەبێ كامیان لە شیعر ئەچێ بۆیە من ئەڵێم شاعرمان زۆر كەمەو بەدەگمەن هەمانە. مامۆستا لە لایەكەوە ئەفەرموێ ـ جێگەی شك نیە كە دلدار شاعیری عەسریو ناوداری دوا ڕۆژ ئەبێ، لە لایەكی تریشەوە لە سەر قەسیدەی ـ قەلو ڕێوی ـ[9] ئەفەرموێ، ئەم فكرە بەلای منەوە لە دوای ئەوە كە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی جوانترو شیرین تر بووە. نازانم مامۆستا چۆن لەوەی ئومێدی لێ ئەكات یەعنی هێشتا نەگەیوەتە ئەو پایەیەی كورد چاوی تێ بڕیوە لە ملاشەوە چۆن داویەتە پاڵ شـاعیرێكی گـەورەی فرانسـە وەك و ـ لافونتـین ـ؟ دوبارە لەلایەكی ترەوە ئەفەرموێ، منداڵێك كە هەموو ژیانی لەگەڵ خوێندن ڕابواردبێو هێشتا لە خوێندنی ڕەسمی ڕسگاری نەبووبێ نـاتوانێ ببێ بـە شاعیـرێكی ـ كسبی ـ یەعنی هێشتا شاگردەو شاعر نیـە، ئەی كـەوایە لەولاتـرەوە چۆن ئەفەرموێ خۆزگە هەموو لاوێكی كورد لەسەر ئەم پێو شوێنەی بڕۆیشتایە ؟ نازانین ئەگەر دلدار هێشتا هەر شـاگرو بێت لە ئـەدەبدا چـۆن هانمـان ئەدا

پەیڕەوی بکەین ؟!.»[10] هەر دوا بەدوای بڵاو بونەوەی ئەم ڕەخنەیە باسەکە بوە جێگای مشت و مڕی ناو کۆڕە ئەدەبیەکان. لە نووسینەکەی «ج»دا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ وەنیشانی پێکاوەو بۆتە ڕەخنەیەکی مەوزوعی ئەم خاڵانەن:

١ ـ لەبارەی ئەوەی کەزۆری شاعرو بازاڕ گەرمی بونەوەی شیعر مانای ئەوە نی یە کە هەرچی نووسی شاعرەو ئەوەش کە بڵاو بوەوە بە مانای شیعر شیعرە.

٢ ـ نووسەر دلْداری شاعیری وەها داناوە کە نەگەیوەتە پلەی شاعیری تەواو «بێ گومان ئەو کاتە واتە ١٩٤٤» وە چاوەڕێی دوا ڕۆژە کەچی دراوەتە پاڵ شاعیرێکی جیهانی وەك ـ لافونتین ـ.

٣ ـ ئەنجامی پرسیاری نووسەر وەها کەوتۆتەوە کە ئاوات دەخوازێ هەموو لاوێکی کورد وەك ئەو بونایەو لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو بڕۆیشتنایە ئەویش دەپرسێ کە هێشتا ئەو لە شیعرا ـ کسبی ـ نەبێت وەشاگرد بێت چۆن پەیڕەوی بکەین ؟!.

دەقی دوەمی ئەم نووسینەمان ڕەخنەکەی ـ ڕەمزی قەزاز ـە کە پێشتر باسمان کرد، نووسەر دەڵێت:ـ

«١ ـ مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە نووسیندا هەمیشە ربێی ـ تشجیع ـ ئەگرێ بە پێچەوانەی بۆ چوونی «ج».

٢ ـ لەو دەمەدا ئەو دەستی دایە قەڵەم ئێمە لەو بیرە دوور بوین.

٣ ـ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی تەنیا بە یەکێك نەسپێرراوە.

٤ ـ خۆ شاردنەوە لەم ڕۆژەدا «واتە نووسەر بە ناوی «ج»ەوە دەرکەوتوە» گوناهێکی زۆر گەورەیە لێ خۆش بوونی نیە. ئەگینا ئەمەش نەکەس لەگەڵ خۆ شاردنەوەشا ببی بە دڕك لە سەر ڕێی ئەدیبەکانمانا بڕوێ، لەوانیش بێ بەشمان ئەکەی.

٥ ـ ئێستا تۆش (واتە ـ ج ـ) لە قوڕولیتە مرواریت دەر نەهێناوە سەرەڕای ئەمەش کە هاتیە کایە دەست و کوتەك هاتوی ڕێ لە ئەدیبەکانمان ئەگری ؟!.»[11].

ئەمە دەقی نوسینەکەی ڕەمزی قەزار سەبارەت بە ڕەخنەکانی ـ ج ـ کە دیارە ناچێتە ڕیزی ڕەخنەوەو ئاشکرا لایەن گرتن و نامەوزوعی ڕەخنە نیشان دەدات. وە ـ ج ـ لە چل و یەك ساڵ لەمەوپێشدا بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە.

«١ ـ جوانی خۆ شاردنەوە چی یە ؟ لە ناوچەیەکی وەك ئێمەدا بچوك نرخی نیە هەر چەند دانا بێ و باش بنووسێ.

٢ ـ ئەو کەسەی خۆی ئەشارێتەوە بە ڕەخنەو پلار چاوترسێن نابێ چونکە کەس یا زۆر کەس نایناسێ.

٣ - ئەگەر وتمان خۆشاردنە(؟) ناشیرینە نابێ هەر بەخۆمانەوە بوەستین ئەبێ ڕوو بکەینە عالەم چونکە کەم گۆڤار هەیە لەهەموودانەیەکیا یەکێك بەنەناسراوی خۆی نیشان نەدا بێ.
٤ - ئەگەر نیاز لە نووسین جوانیو بەکەڵکی بێ ناوی ببێ یا نەبێ نووسین ناشکێ خۆ ئەگەر بۆ ناسینی پیاوی گەورە بێ ئەم مشتو مڕەی بۆ چیە ؟ هەموویان باش ئەناسین.
٥ - ئەفەرموی - لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات تەنیا بە یەکێك نەسپێراوە - گوایە من وتومە تەنها بە من سپێراوە ؟ نەك من هەموو کەس وەكو خۆت ئەفەرموی - هەموو کەس لە توانایا بێو بە خۆیا ڕاپەڕموێ لەم بابەتەوە دواوەو ئەدوێ - منیش خۆم بە یەکێك لەوانە نیشان داوە جا بتوانم یا نەتوانم ئەوە باسێکی ترە -.

لەلایەك ئەفەرموی ئەدەبیاتی کوردی زۆر قوڵە وەكو دەریایەکی بێ بن وایە. دیارە کە ئەفەرمویت ئەدەبیاتی کوردی قوڵە یەعنی زمانەکەشی پێشکەوتوە کەچی نازانم بە چە نیازیو بە چەباوەڕێ دوا بە دوای ئەوە یەك دو دێڕ بەسەر ناڕوا ئەفەرموی - زمانەکەمان زۆر لە دوایە پێش خستنی پێویست ترە - زۆر قوڵی ئەدەبیات لە کوێو لە دوایی زمان لە کوێ ؟!.».[12] لە کۆتاییدا مەبەستمان لەم چەند لاپەڕەیە ئەوە بوو کە ڕۆژگارێکی چڵو یەك ساڵ لەمەو پێشی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەیادی کۆچی دوایی سێ ساڵەی عبدالله جەوهەر -ی ئەدیبو ڕەخنە گردا بێنینەوە یادو وەك لاپەڕەیەکی شاردراوەو بایەخدار بیخەینە ڕوو بۆ گەشە پێدانو بەرەو پێش چوونی بابەتی ڕەخنە لە ئەدەبەکەماندا کە دیارە چەندە گرنگو سوود بەخشە.

هەڵوێستی دووەم:- چڵو دوو ساڵ تێپەڕی بە سەر ئەو هەژاندنو تەقینەوە ئەدەبیەی کە ئەم نووسەرە[13] لە ڕۆژنامەی - ژین -ی ساڵی - ١٩٤٣ -[14]دا بەئەنجامی گەیاند، ئێمە لەم نووسینەدا نامانەوێ وەك شتێکی باو بەچەند دێڕێك یادی نووسەرێك بکەینەوە بەڵکە دەمانەوێ یادی دیاردەیەکی فەراموش کراو زیندوو بکەینەوە کە ئاوێنەی بێ گەردی ڕۆژگارێکی گرنگە لەژیانی ئەدەبیو دەوری ئەدەب لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا. لەو مرۆڤە نەمرانەی هەمیشە نووسەرو شاعیرە لاوەکانی هان دەداو بەرهەمی بۆ بڵاو دەکردنەوە پیرەمێردی نەمر بوو، یەکێك لەو لاوە نووسەرە هەڵکەوتوانەی ئەو ڕۆژگارە - ع.چالاك.-[15] بوو. ئەم نووسەرە لەساڵانی سییەوە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی ژیندا دەبینرێ بەڵام هیچکام لەو بەرهەمانە وەك ئەونووسینەی گرنگ نەبوو کە ساڵی - ١٩٤٣ - لەژیندا بڵاوی کردەوە. هەژاندنو بزواندنێکی وەهای خستە کۆڕی ئەدەبی ئەو سەردەمەوە کە ماوەیەکی زۆر بە نووسینو باس کردن

له ئارادا بوو. ئەمە چل و دوو ساڵ لەمەو پێش کە - ع.چالاك - نووسینی - هاوارژنینە -ی بڵاوکردەوە ویستی بەو نووسینە لە کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمەدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرپا بکات. بەداخەوە لەبەر ئەوەی نووسەرو رەخنەگرەکانمان بە وردی تەماشای زۆر لە دیاردەو رووداوی ئەدەبی ئەو سەردەمەی ئەدەبی کوردیان نەکردوە گەلێ مەسەلەی وەها وەك خۆی ماوەتەوەو رێی تێ دەچێت بەرابوردنی رۆژگار بیر بچێتەوە. لە کاتێکدا لە ئەدەبیاتی وڵاتانی پێشکەوتودا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بایەخی خۆی هەیەو تەنانەت پارەیەکی زۆریش خەرج دەکرێت بۆ دۆزینەوەو ساخ کردنەوەوشی کردنەوەیان. چونکە باری ئەدەبی ئەمرۆمان بەستراوە بە دیاردەو رووداوەکانی دوێنێ وەو ئەمرۆش بەردی بناغەی سبەینێ دەبێت ئەو نووسینەی - ع.چالاك - بوە جێی باسی نەك رۆشن بیران بەڵکو خەڵکی بەگشتیو دوو بەرەی بۆ پێك هات. بەرەیەك بەراستیان زانی و هانیان دەدا، بەرەیەکی تریش بەربەرەکانێیان دەکردو بەلاوێکی سەرە ڕوو بەرەلایان دەزانی. ئەو مەسەلە گرنگەی دیارە بە پێی ئەو رۆژگارەو چل و دو ساڵ لەمەو پێش کە (ع. چالاك) خستیە ناوکۆمەلانی خەڵکەوەو لە رۆژنامەی - ژین -دا سەرنجی نووسەرانی بۆ لای خۆی راکێشا بریتی بوو لە وتاری - هاوارژنینە - ئەم نووسینە لە پاش بڵاو بونەوەی لە رۆژنامەدا جگە لە کۆمەڵانی خەڵکی نووسەرانی راکێشا بۆ نووسین لەو بارەیەوەو پەیتا پەیتا ئەو نووسینانە بڵاو دەبوەوەو ئەو نووسەرانەش ئەمانە بوون و ناوی نووسینەکانیشیان دەنووسین.

١ - پیرە مێرد - بە سێ نووسین بەشداری کرد. بە ناوی - ئادابی مناظرە - نۆرەی ژینە - بەر لە روو نەپۆشین -[١٦]

٢ - ئەحمەد هەردی بە وتاری - روو پۆشین و نەپۆشین -[١٧]

٣ - نوری بابە عەلی بە وتاری - طرفداری حجاب.[١٨]

٤ - م. تاڵەبانی بە وتاری - سفورو حجاب -[١٩]

٥ - فاضل محمد بە وتاری روو پۆش.[٢٠]

ئەمانە هەر یەك بە وتارێكو پیرە مێرو بە سیان رای خۆیان لەم بارەیەوە نووسی ئەو مەسەلە گرنگەش بە پێی ئەو رۆژگارە کە ئەم پێنج نووسەرە بەناوبانگەی راکێشا بۆ نووسین مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، لە ئەنجامی دوا کەوتوی کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمە ئەویش - پەچە - بوو، کە چۆن کارێکی وەها بکرێ ئەم دیاردە ناهەموارە لەناو ئافرەتانی کۆمەڵێ کوردەواریدا بەتایبەتی لە شارەکاندا فڕێ بدرێو تەنانەت ئافرەت بتوانێ - سفور بێت. لەو رۆژگارە دا کەم کەس بە ئاشکراو بەنووسین دەی وێرا بەلای داوا کاریەکی وەها

دابچێت. بەڵام (ع. چالاك)ی نووسەرو رەخنەگر بە یاریدەی پیرەمێردی عاشقی خوێندن و پێشکەوتنی ئافرەتان ئەم مەسەلە گرنگەیان خستە ڕوو. هەر لەپاش بڵاوبونەوەی نووسینەکە دوا بەدوای یەك ئەوەوتارە و ئەو پێنج نووسەرە بەناوبانگەی ئەو کاتە کە ناومان بردن کەوتنە نووسین و وەڵام دانەوەی عبدالله جەوهەر. ئنجا پێش ئەوەی دەقی نووسینەکەی ع. چالاك ـ بنووسین با بزانین ئایا ئەو دیاردەیە ئەوەی دەهێنا وەها خەلکی پێوە سەرگەرم وخەریك بکرێت ؟!. لە وەلامدا دەڵێن ! ئەگەر ئێستا نووسەرێك بێت و وەك چل و دوو ساڵی لەمەوبەر باسی شتێکی وەها بکات ئەگەرچی بە ئوسلوبێکی نوێش بێت دیارە سەیرو سەمەرەیەو شایانی پێکەنینە. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا ئەمە وەها نەبوەو لابردنی ئەم ڕواڵەتە لەناو کۆمەڵی ئافرەتاندا بە شۆڕش و کۆدێتایەکی کۆمەلایەتی دادەنوا هەموو کەس لەباریانە بوو یاخود لەبەر دەسەلاتی ئاینی ئەو کاتە نەیان دەوێرا توخنی بکەون. بەڵام لەئەدەبی کوردیدا هەمیشە کۆمەڵێك لەو شاعیرو نووسەرانە لە هەموو سەردەمێکدا هەبوون کە واقیعێکی تاڵ و دواکەوتوو نالەبار ڕەت بکەنەوەو ئازایانە بێنە پێشەوە، کوڕی سەردەمەکەی خۆیان بن. بۆ نموونە هەر لەو ڕۆژگارەدا لە زۆر موناسەبەی شیعردا باسی پەچەو فڕێ دانی پەچە کراوە. ئەمەش با هەندێ نمونە بێت لە نەخشی ئەو قەڵەمە بەهێزانە پیرە مێرد دەڵێت:

«پەچەت لادە لەڕوو، بنواڕە ڕۆژی حەشری حەسرەتکار
لە حەشرا ترسی ئاگر، لێرە شەوقی ئاگری ڕوخسار»

شێخ نوری شێخ صالح دەڵێن:
دای گرن توخوا فڕێی دەن بیخەنە تەندورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕون ئەنێنە ناو شەوی دەیجورەوە

گۆران **«مابوی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ**
درزێ کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ»

ئەخۆڵ **«پەچەت لادە ببینم ڕوت ئەمن خۆ سەیری تۆ ناکەم**
لە ڕوی تۆ تێدەگەم یەزدان چلۆن نەخشی ئەنەخشێنێ»

بێکەس **«هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە**
سەرپۆش فڕین دە چ وادەی شەرمە»

تەنانەت لەگۆرانی کوردی ئەو کاتەشدا ئەمە باس کراوەو ـ عەلی مەردان ـ[21] وگەلێ گۆرانی بێژی کە باسیان لێوە کردوە. گرنگی ئەم مەسەلەیەش تەنها لابردنی پەچە نەبووە بەڵکو بەسترابوو بە دوو شتی گرنگەوە، یەکەم داهاتنی ـ سفور ـ!!، دووەم سەربەست بوونی ئافرەت و شکاندنی چوارچێوەی ژیانی ماڵ و هاتنە دەرەوەو کار کردن لە بوارەکانی ژیاندا لەتەك پیاودا. لێرەدا کاری ئەدەب لە کۆمەڵدا دەر دەکەوێت. ئەو نووسینەی ـ ع. چالاك ـ بوە راپەرین و تەقینەوەیەکی کۆمەلایەتی و لەمەشدا نووسەر تووشی گەلێ قسەو هێرشی نارەوای نووسین هات بەلام کۆڵی نەداو دوای ئەومش بەناونیشانی تەتەلە ـ ەوە وتارێکی پڕ بایەخ تری نووسی و لاپەرەیەکی گەشی نوێی بەوکارەی لە ئەدەبی کوردیدا تۆمار کرد ئنجا ئێستا دەقی وتاری ـ هاوارژنینە ـی عبدالله جەوهەر دەنووسین کە چل و دوو ساڵ بەسەریاد کردنەوەیدا تێ دەپەڕێ و سێ سالیش بەسەر مەرگی نووسەرەکەیدا. ئەو وتارەی ئەو شۆڕش هەژاندنە ئەدەبی و کۆمەلایەتیەی دروست کرد. ع. چالاك دەنووسێت «هاوار دایکینە، هاوار خوشکینە، هەموو ئەیزانین ژیان بەخۆشی و ترشی دڵەوە بەنگە. خۆشی دڵ گۆشە گیری دامانی یارەو ترشی دڵیش دووری دڵی یارە. خۆشتان ئەمە ئەزانن و لەو سەریەوە هاتو نەتەوە کە چی سەرەرای ئەوەی بەزەییەکتان بە کەساسی پیاوانایەتەوە، هێندە دڵ رەقن، تروسکەیەکتان لە ولیانا نەهێشتۆتەوەو کردوتانە بەداوی دڵێ بێ سەرو سامانتانەوە خستوتانەتە تەوێڵ و سەرگەردانی لەرێی بزەیەکی لێوی ئاڵتانا، تیلاییەکی گەشتانا، ئەمانە هەموی لەولاوە بوە ستێ هیچتان پیاوی نەکوشتوە. ئەو پارچە پەرۆ رەشە ناهەموارەتان نەبێ ئەیدەن بەرووی لالەزارتانا، نازانم چ خۆشیەکتان بەم پەلاسە رەشەدا چووە ؟! نازانم چ دڵێك پێی ئەکرێتەوە ؟!. چە دەرونێك ملی بۆ کەچ دەکات ؟!. پێم ناڵێن ئەم پەرۆ رەشە کەڵکی چییە ؟!. لام وایە ئەگەر هەموتان بکەونە سەر چاکەیەکی بۆ نادۆزنەوە هەرە گەورەترین بیانوشتان ئەمەیە کە دینی ئیسلامی فەرمانی پێداوە بۆ پاراستنی حەیا لەمە زیاتر قسەیەکی ترتان نیە. بەلام توخواو توتافتەی خوارو تو زولفی خەیاتەی خاوتان تاوێك گوێ لە هەڵەشەو پەڵە شەی ئەم برایەتان شل کەن ئەوسا چۆنی بە چاك ئەزانن وەها بەر پەرچم بدەنەوە. توخوا خوشکینە ئەو ئافرەتەی خۆی دارای ناموس و حەیا بێ بە نەبونی پەچە بێ حەیاو چاو لەدەر ئەبێ ؟!. ئەگەر دوریا لە خۆشیا خراپ بێ پەچە خراپەی ئەگێرێتەوە ؟!. رەنگە بڵێن ئەگەر رومان بەرەلا کەین هەتیو مەتیو بگرە هەموو پیاوی کوناو کون بە دوامانا ئەگەرێن و رەفتاری خراپە لە ناو تەشەنە ئەکات. ئەوەی بەغدای دیبێ بۆ دەرێ ئەکەوێ و بایەخ بەم قسەیەتان ناکات. چونکە هیچ ئافرەتێ نیە لە بەغدا دا بە

ڕووکراوەیی نەگەڕێو شان بەشانی گەنجەکان نەڕوا. کەچی لەو شوێنە تایبەتیانەدا نەبێ کە دانراون هیچ خراپەیەك ڕوو نادات. بەڵێ ڕاست ئەکەن یەکەمجار لە هەڵگرتنی ئەم پەچەیەدا چاوبرکێ زۆر ئەبێ بەڵێ ئەبێ ببێ چونکە چە کچ چە کوڕ بەوە ڕا نەهاتوە. هەر خواخوای ئەمەی بووە لە درزی دەرگاوە لە پڕ ناکاو چاویان بەیەك بکەوێو بڵێسەی ئاگری دڵیان دابمرکێتەوە. بەڵام بڕواش بەوە بکەن کە ئەم حاڵە بەردەوام نابێ، هێندە زوو ئەبڕێتەوە بە خەوی هیچ کەسێکدا نەیەت. لەلایەکی ترەوە ئەڵێن دینی ئیسلامی ئەمر بە پۆشینی پەچە ئەکا ؟! حاشا هەزار حاشا، خوشکینە بۆچی لادێیەکان کە سەوقاتی ئێوە ئەبن شان بەشانی گەنجەکان هەڵ ئەسووڕێنو دەرو دەشت ئەکەنو دینی ئیسلامی ڕێیان لێ ناگرێت ؟!. ئەی ڕێ لە ئێوە بۆ ئەگرێت ؟. خوشکینە ئەمجارە بە مەندە کۆتایم بەم گفتو گۆیە هێنا، دەسم دامێنتان بە دڵسۆزانە سەرنجێکی بدەنو بمکەنە نیشانگای تیرو توانجتان تا بە هەموومان تێ کەوینو لە ئەنجاما هەرە چاکترین ڕێگایەك بۆ لەناو بردنی پەچەبدۆزینەوە ئیتر خۆتانو خواتان».[٢٢]

ئنجا پوختەی مەبەستەکانی نووسەر لەم خاڵانەدا دەر دەکەوێت:

١ ـ نووسینەکە تێکرا بۆ لەناو بردنی پەچەیەو هاندانی ئافرەتە بۆ سەربەست بوونو کار کردن لەتەك پیاودا.

٢ ـ ئەوە دەسەلمێنێ کە پەچە نەریتێکی ڕەسەنی کوردەواری نیەو خواستراوە یاخود بەزۆر سەپێنراوە. ئەویش بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی لادێدا کە پەچە بەکار ناهێنێ.

٣ ـ ئەم ڕەوشتە لە ئاینەوە دوورەو ئاینی ئیسلام بەکار هێنانی پەچەی بە پێویست دانەناوە.

٤ ـ ئەگەر ئافرەت ڕوی خۆی داپۆشیو پیاو نەی بینێ ئەوا کاری پەنهان و ڕەوشت خراپی لەناو کۆمەڵدا زۆر دەبێت لە لایەن هەردوو لاوە بۆ ئەوەی لە پشت ئاگای خەلکەوە ئەمان بەیەك بگەن.

٥ ـ ئەوە دەسەلمێنێ کە لابردنی پەچەو داهاتنی سفوور لە داهاتودا ـ هەروەك ڕوی‌دا ـ دەچەسپێو پەچە باوی نامێنێو ئافرەت سفور دەبێ. سنووری چوار دیواری ماڵ دەشکێنێو بۆ خوێندنو کارکردن لەتەك پیاودا دێتە پێشەوە. ئەمەش هیچ پەیوەندی بە بڵاوبونەوەی ڕەوشت خراپیەوە نیە.

سەبارەت بە ئەو حەوت نووسینەی دوای بڵاوبونەوەی وتارەکەی عبدالله جەوهەر ـ پێنج نووسەر بڵاویان‌کردەوە بڕیارم داوە لە داهاتودا لەتەك ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بیکەمە نامیلکەیەكو لەچاپی بدەم. چونکە لێرەدا ناکرێ ئەو وتارانە بنووسینەوە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١ ـ ڕەفیق حیلمی ـ ئەدیبو ڕەخنەگرو مامۆستایەکی شارەزا لە زمانو ئەدەبی کوردیدا. بەرگەکانی یاداشتو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیو شیعرو نووسینەکانی جێگای تایبەتیان هەیە لە ئەدەبی کوردیدا. ساڵی ١٨٩٨ لە دایك بووە ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردوە.

٢ ـ شیعرو ئەدەبیات «دوو بەرگە».

٤،٣ ـ پێشکەوتن ساڵی ١٩٥٨ دەرچوەو شەفەق لە ساڵی ١٩٥٨ دەرچوە

٦،٥ ـ ج ـ عبدالله جەوهەر بەم ناوەوە نووسینی زۆرە.

٧ ـ دلداری شاعیر ساڵی ١٩١٧ لە دایك بوەو ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردوە.

٨ ـ بڕوانە یادگاری لاوان

٩ ـ قەلو ڕێوی ـ دلداری شاعیر بەشیعر کردویە بە کوردی.

١٠ ـ گەلاوێژ ژمارە (١) ساڵی ١٩٤٤.

١١ ـ گەلاوێژ ژمارە (٣) ساڵی ١٩٤٤.

١٢ ـ گەلاوێژ ژمارە (٦) ساڵی ١٩٤٤.

١٣ ـ عبدالله جەوهەر ساڵی ١٩٢٠ لەناوچەی قەرەداغ لە سلێمانی لەدایك بوە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە سلێمانی بووە. بۆ خوێندنی زانکۆ چوتە بەغدا. ڕێکەوتی ١ ـ ٦ ـ ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردوە.

١٤ ـ ژین ژمارە (٧١٣) ساڵی ١٩٤٣.

١٥ ـ عبدالله جەوهەر بەم ناوانەوە نووسین بڵاوکردوتەوە (ع. چالاك. ع. جەوهەر. ع. ج. ع. ج).

١٦ ـ ژین ٧١٥ ساڵی ١٩٤٣.

١٧،١٨،١٩،٢٠ ـ ئەو نوسینانە دوا بە دوای یەك لە ژمارە (٧١٥)ەوە بڵاوبوتەوە

٢١ ـ گۆرانی ـ کۆڵان بە کۆڵان جادە بەجادە

ئەشمیلەی چاو جوان پەچەکەت لادە.

٢٢ ـ ژین ژمارە ٧١٢ ساڵی ١٩٤٣.

مامۆستا قەناتی کوردۆ . ش مەرگ ڕای دەپێچێ ....!

پاییزە ، دارو دەوەن ڕەنگ زەردە
باقەزوو سەردە بەتۆز گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنێ ، خەزەل هەڵ دەوەرێ
هەورە ڕەشپۆش و بەگریەو ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە

«......»

ممتاز حیدری

ئەم ساڵ ، زدمین لە سووڕانەوەی خۆیدا لەئاستی کەڵە ئەدیب و ڕۆشنبیرو زانایانی کورد لە بوومەلەرزەو بورکان و تەقینەوە دایە ، مەرگی ناوەخت دیاری و پاداشتە ...(!) بەڵێ . ناوە ناوە لە سووچێکی چوار گۆشەی کوردستان ، یا لە دەرەوەی نیشتمان ، لە پڕێکا بوومە لەرزەی نەفرەت لێکراو ، یان بورکانی سەدان ساڵ داخ لە دڵ ، ئەدیبێکی ناسراو ، ڕۆشنبیرێکی هەڵکەوتوو ، ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتوو ، زانایەکی گەورە کەڵەمێردێکی ناودار قووت دەداو لە زەوی ستەمدیدەدا دەیانباتە خوارێ ...!

مەگەر هەر خۆی ئەم زەوی‌یە ستەمدیدەیە ، بزانێ ، ئەم ڕۆڵانەی بە چ ماڵ ویرانی‌و شار بەدەری‌و شەونخونی‌و بەژیانی کوێرەوەری پەروەردە بوون‌و تا قەڵەمە ناسك‌و خاوێنەکانیان ڕسکاون ، بۆنەتە مەشخەڵ‌و تێکۆشەر - ی ڕێگای پێش‌کەوتن‌و سەرفرازی‌ی وشەی ڕەسەنی نەتەوەیی کوردی بەتایبەتی ، ڕەوتی ئازادی‌ی کۆمەڵ‌و خاکی نیشتمان بەگشتی ...!

ئەوەتا زەمین ، ساڵێکی لە سوورانەوەی خۆیدا تەواو نەکردووە ، چەند ئەستێرەی گەش‌و پرشنگدار لەئاسمانی ئەدەب‌و زانست‌و ڕۆشنبیری کوردیدا چوونەتە خانەی هەرگیز نەمرانەوە ، وەك « ئالائەدین سجادی ، جگەرخوێن ، برهان قانع ، غازی فاتح وەیس‌و چەندی دیکەش ...» بەڵێ هەر لەم خوولەشدا ، لەسەرەتای مانگی گەلاڕێزاندا ، درەختێکی مەزنی کولتووری کوردی گوێزرایەوە بەهەشتی نەمری‌ی نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتی ئەویش زانای کەم وێنـەی کورد : ئـەندامی کـارای کۆڕی زانیـاری کوردو سـەرۆکی بەشی کـوردی لەدەزگـای ڕۆژهەلاتناسی لینینگراد پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ بوو ...!؟

● دەبێ ئەم کەڵەزانایە کێ بێ‌و چ هـەورازێکی ئێجگار دژواری بڕیوەو تا گەیشتۆتە لوتکە ؟! جا چ لوتکەیێك ؟!

بـەڵێ ، ئەو منـداڵە برزوك‌و ژیـرەی کورد ، لەخێـزانێکی هەژاری دەر بەدەری گوندی « سووسز» ی ناوچەی « قاقزمان »ی کوردستانی ناوەندی‌ی سەر دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی و ساڵی ١٩٠٩ لەدایك بووە ...!

ساڵی ١٩١٨ تورکە عوسمانی‌یەکان ، بە سەر ئەرمەنی‌یەکان زاڵ بوون ، بنەماڵەی مامۆستا قەنـاتی کوردۆ لەدەست زوڵم‌و زۆرداری‌ی کـۆمەلایـەتی‌و نـەتەوەیی تـورکە عـوسمانی‌یـەکـان . خـۆیـان دەربـاز کـرد ، پێشـەکی لە ئەرمەنەستانی ڕووسیا نیشتەجێ بوون ... پاشدان لەساڵی ١٩٢٠دا روویان لە شـاری تفلیس کـرد ... بـەلام لەم سـاڵەدا هێشتـا دەستـەلاتی سـۆڤێت دانەمەزرابوو ، ئەو بنەماڵە کـوردانەی لە ئـەنجامی سیـاسەتی تـورکەکـان رایـان‌کردبـوو ، لە گورجستـانی ڕووسیاش تـووشی جـۆرێکی دیکـەی زوڵم‌و زۆرداری بوون ، تەنانەت نانی ڕۆژانە بە دەروزە کردن‌و حەماڵی‌و بۆیاغچێتی پێیان دابین نەدەکرا ...!؟ تا لە ساڵی ١٩٢١دا بەتەواوەتی دام‌و دەزگای کرێکارو جووتیاران لەسەر تاپای وولاتی سوڤێتدا جێ‌گیر بوو ، جا نەك تەنیا مەسەلەی

پەیداکردنی رۆژانە دەستکرا بە چارەسەرکردنی ، بگرە مەسەلە هەرە گرنگەکە دابین کرا ، ئەویش ئازادیی ولات و سەربەستی مرۆڤ بوو ...!

بەلام هەر لەو ساڵەدا ، واتا ۱۹۲۱ ، باوکی قەناتی کوردۆ مرد ...! بەمە قەناتی کوردۆ زیاتر تووشی چەرمەسەری ژیان هات ... تا بەرێکەوت رۆشنبیرێکی دڵسۆزو مرۆڤ پەروەری ئەرمەنی بەنێوی «لازۆ» ئەوکۆمەڵە منداڵە کوردانەی لەبەر خویندن دانا ... یەکێك لەو قوتابییانە قەناتی کوردۆ بوو ، واتە مامۆستا کوردۆ بە ـ ۱۲ ـ ساڵی دەستی بە خوێندن کردووە ..! ئەوەی شایانی باسە ، هەموو رۆژێ پاش دەرسەکانی بەحەماڵی ، یان بۆیاغچێتیی نانی رۆژانەی وەدەست دەهێنا ، تەنانەت پاش ئەوەی تەمەنی گەورەتر بوو ، دەستی بە رەنجبەری کرد ...! بە هەر حاڵ ـ ژیانەکەی زۆر دژوار بووە ـ، تا ساڵی ۱۹۲۸ قوتابخانەی لازۆی تەواو کرد ... لە هەمان ساڵدا ، واتا ۱۹۲۸ ، پاش ژانێکی زۆر قەناتی کوردۆ و چەند قوتابییەکی دیکەی کورد لە [کۆلێجی کرێکاران] وەردەگرێن ... لە ئەنجامی هۆشیاری و ژیریو شەونخونی قوتابییەکان ، ئەم قوناغەیان لە ماوەی سێ ساڵدا ، واتا ساڵی ۱۹۳۱ بەسەرکەوتووانە بڕی .

مامۆستا کوردۆ . هێشتا لە کۆلێجی کرێکاران بوو ، دەستی بە نووسین کردو لە چالاکییە هونەرییەکانی کۆلێجەکەدا بەگەرمی هاوبەشی دەکرد .... تەنانەت رۆژنامەیێکی دیواریشیان بەناوی « شاگردی کورد » بەزمانی کوردی دەرکرد ...!

لە ساڵی ۱۹۳۱دا ، لە زانکۆی لێنینگراد بەشی زانستی زمانەوانی وەرگیرا ... لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی زانکۆی لێنیگراددا ، ئەم مادانەی دەخوێند : زمانی کوردی ، فارسی کۆن ، زمانی بلوژی ، زمانەکانی ئێرانی کۆن ، تیۆری زمانەوانی هتد ... تەنانەت لە ساڵی ۱۹۳٤دا هێشتا قوتابی پۆلی سێیەمی کۆلێجی زمانەوانی بوو ، کرا بە مامۆستای زمانی کوردی لە کۆلێجەکەی خۆیو کۆلێجی کرێکاران ....! تا ساڵی ۱۹۳۸ بە پلەیێکی بەرز زانکۆی لێنینگرادی بەشی زانستی زمانەوانی تەواو کرد ...!

مامۆستا کوردۆ ، لە بەر ئەوەی بەدرێژایی ژیانی قوتابیەتی زیرەكو هەلکەوتوو بوو ، بۆیە پاش تەواو کردنی کۆلێجی زانستی زمانەوانی یەکسەر لەبەشی خوێندنی باڵا ـ کاندێدات ـ وەرگیرا ..!

پاش بەرپابوونی دووەم شەڕی جیهانی بۆ ماوەی شەش مانگ لە دەورەیەکی تۆپچی ی خوێندی ، ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ وەك ئەفسەرێکی تۆپچی ی دژی فڕۆکەکانی دوژمن دەجەنگا ...!

پاش بڕانەوەی دووەم جەنگی جیهانی ، مامۆستا کوردۆ لە کۆلێجی زانستی ی زمانەوانی سەر بە زانکۆی لێنینگراد زمانی کوردی بە قوتابیانی بەشی ئێرانی دەگوتەوە ،.. لەهەمان کاتیشدا کاریگەری [عامل ـ باحث] زانستی ی بەشی ئێرانی ئاموزگای رۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی ی سۆڤێت بوو لە لێنینگراد . لەساڵی ١٩٦٨ یشدا بڕوانامەی دوکتۆر علومی ـ دوکتۆر ناوك ـ وەرگرت .

لەسەرەتای شەستەکاندا ، پاش ئەوەی بەشی کوردی جیا کرابووەوە ، مامۆستا کوردۆ بەسەرۆکی بەشەکە هەڵبژێرا تا کۆچی دوایی کرد .

پلەی زانستی‌و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی

مرۆی دڵسۆزو مەزن ، ئەو کەسەیە ، کە بەهرەو تواناو بلیمەتیەکەی ، بەکارو کردەوەی سوود بەخش لە پێناوی پێش‌کەوتنی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری‌و زانستی تەرخان دەکات ، بەمە ئەو مرۆیە سەرمایەی هەرگیز نەمری هەتا هەتایێ مسۆگەر دەکات ، بەتایبەتی ئەگەر بێتۆ سەرەتای ژیانەکەی دۆڵی ژان‌و زێی خەم‌و ئازار بێ ، وەك سەرەتای ژیانەکەی مامۆستا کوردۆ کە بە پێچەوانەی دۆڵی ژان‌و زێی خەم‌و ئازار ، کارو کردەوەو بەرهەمە کۆمەلایەتی‌و ئەدەبی‌و رۆشنبیری و زانستی‌و نەتەوەیی‌یەکانی ، دەریایەکی روونی بێ بن بێ ، کە هەتا هەتایێ شینایی ژیانی ئەدەبی‌و کولتووری نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتی شین‌تر دەکا ..؟!

بە پێی ئەو بەرهەمانەی کە لە ئەنجامی شەونخونی‌و لیهاتوویی و گیانی نەتەوەیی‌و هەروەها بەهۆی جۆری رژێمی ئەو وڵاتەی ، کە مامۆستا کوردۆ لە باوەشیا پەروەردە بووە ، هاتۆنەتە بەرهەم ، قەناتی کوردۆ نەك تەنیا بەزانایەکی

کوردی گەورەی وڵاتی سۆڤێت دەژمێردرێ . بەڵکو لە مەیدانی پسپۆری خۆیدا بە یەکێك لە زانا گەورەکانی جیهان دەژمێردرێ ..!

ئەوەتا لە ماوەی [٥٥] ساڵی ژیانی قوتابیو مامۆستایەتیو نووسینو بڵاوکردنەوەدا ، واتا لەسەرەتای دەست بە نووسین کردنیدا ـ ١٩٣٠ ـ تا کۆچی دوایی نێزیکەی (١٠٠) سەد وتارو لێکۆڵینەوەی قووڵو فراوانو کتێبی بەنرخی دەربارەی زمانی کوردیو زانستی زمانەوانیو ئەدەبیو فۆلکلۆریو فەرهەنگ بەئاکام گەیاندووە ..! شایانی باسە هەندێ لەو بەرهەمانە بە دوو قۆڵی یان سێ قۆڵی لەگەڵ چەند زانایەکی کوردو سوڤیێتی بەئەنجام گەیاندووە ... ئەوەی زیاتر مایەی سەرنجو هەڵسەنگاندنە ، زۆربەی بەرهەمەکانی مامۆستا کوردۆ ، لەلایەن زاناکانی وڵاتی سوڤێتو ئەورووپا پەسەندکراوە ..! وەك : « ئی . ئی تسوکەرمان ، دوکتۆر چ . خ بەکۆ ـ بەکاییێف ـ دوکتۆر ئۆردوخانی جەلیل ، کوردناسی بەناو بانگی فەرەنسی رۆژێ لێسکۆ ، کوردناسی ناسراو تۆمابوا، ئابینینگسین هتد ...

هەمیسان شایانی باسە لەم رووەوە ، نابێ دەوری کاریگەری رژێمی سوشیالیستی راستەقینەو هەوڵو کۆششی مرۆڤ پەروەریو زانستانەی (ئاکۆپ گازاریان ـ لازۆ، یوسف ئەبگارفیچ ئۆربێلی، عەرەبی شەمۆو چەندانی دیکە ، لەبارەی یارمەتی دانو پێگەیاندنی مامۆستا قەناتی کوردۆ ، بەهیچ جۆری فەرامۆش بکرێن ..!

لە رووی ناوەرۆكو پلەی زانستی بەرهەمە گران بەهاکانی مامۆستا کوردۆ ، منبەش بەحاڵی خۆم نەك توانای ئەوەم نییە شییان بکەمەوە بگرە لێرەدا تەنانەت دەورکردنەوەیێکی هەڵسەنگاندنەیان زۆر زەحمەتە ئەوەی راستی بێ یەکێکی وەك مامۆستا دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف بڵێ : "لێ دوان لە کارە زانستەکانی مامۆستا کوردۆ چەندین کتێبو ساڵی گەرەکە ...؟! ، ئەوەتا دوا بەرهەمی کە فەرهەنگی کوردی ـ رووسییە بە دوو قۆڵی لە گەڵ دکتۆر زاری یوسف لە ساڵی ١٩٨٣ لەمۆسکۆ بەچاپیان گەیاندووە ، کارێکی مەزنە ، کە پسپۆری تایبەتی خۆی دەوێ تا لایەنی ناوەرۆکی زانستیو ئەدەبی هەڵبسەنگێنێ ... ئەم فەرهەنگە یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ رووسییە لە وڵاتی سوڤێتو هەندەران کە بەلێکسیکی زمانی ئەدەبیی هاوچەرخی کوردی

کوردستانیی خواروو لەسەر بناغەی لێکسیکی زاراوی [دیـالێکتی] خوارووی زمانی کوردی « سۆرانی » تۆمار کراوە .

لەم فەرهەنگەدا نیزیکەی (٢٥) هەزار وشەی زمانی ئەدەبی کوردی تێدا هاتونەتە تۆمار کردن ... هەروەك دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێ : « ئەم فەرهەنگە بەیەکێك لە فەرهەنگە بەرزەکـانی کوردی دەژمێـرێت و بەرهـەمێکی گەورەی زانستییە لە کاری کوردناسی ی سوڤێتدا » .

بە کورتی ، بەکورتکراوەی کورتی ، کارو کردەوەو بەرهەمـە زانستییە گەورەکانی مامۆستا قەنـاتی کوردۆ لەرووی خـزمەت کـردنی زمان و زانستی زمـانەوانی ئـەدەب و فۆلکلۆرو ئـەتنوگـرافیای کـوردیدا فرە دەوڵەمـەندن ، سەرەرای پێگەیاندنی دەیان قوتابی کوردو بیانی ... لەم چەند دێرەدا ، نەك تەنیا قەڵەمەکەم لەبارەی ناو بردیان شەرمەزار دەبێ ، بەڵکو دەورکردنـەوەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیان بەدەیـان بگرە بـەسەدان بـاسی فراوان و کتێبی زانستانە بەمافی رەوای خۆیان ناگەن ..! بۆیە کۆچکردنی ئەم کەڵە زانایەی کورد لە رەوتی مێژوویی و نەتەوەیی زمان و ئەدەب و رۆشنبیریی کـورد بەزیـانێکی رەسـەنی نەتـەوەیی دەژمێرێ ... هـەردەم کەلێنـە قووڵێنـە قووڵەکـەی پـڕ نابێتەوە ...!

یادگارو ئاوات

لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ لە لێنینگراد بووم ، باسی ئەوەم کرد ، کە ئەم ساڵ (١٨٧٦ ـ ١٩٧٦) بیرەوەریی سەد ساڵەی لەدایك بـوونی مەلای گەورە ـ مەلا محمدی کۆیی یە ـ مامۆستا کوردۆ بەم بۆنەیەوە کۆڕە ئێوارەیەکی بەرەسمی بەناوی بەشی کوردی سەر بەئامۆژگای رۆژهەلاتناسی لە لێنینگـراد سازکرد.لە سەرەتای کۆڕەکەدا ، مامۆستا کوردۆ بەشێوەی کرمانجی خـوارو وتارێکی بەنرخی دەربارەی مەلای گەورە لەگەڵ چەنـد پارچـە هەڵبـەستێکی خوێندەوە پاشدان هەندێك لە ئامادە بووانی کۆڕەکە وتاریان خوێندەوە .. شایانی

باسه ، وتارو گفتوگۆکانی کۆڕەکە بەشێوەیەکی ڕەسمی لە بەرهەمەکانی بەشی کوردی تۆمار کران ... لەوانەیە لە دوا ڕۆژدا بێنە چاپکردن .

ئەمە دەگێڕمەوە ، وەك بەڵگە لە هەڵوێستی نەتەوەیی و تووانای مامۆستا کوردۆدا لەڕووی فێربوونی شێوەی کرمانجی خواروو بەرەوانی هیچی ترنا ...

مامۆستا کوردۆ، مرۆیەکی مەزن و زۆر قسە ناسك و خـۆش مەشـرەب و سوحبەت چی بوو ... ئاواتێکی گەورەی ئەوە بوو ، کە سەردانی کوردستانی عیراق بکات ... بەلاّم بەداخەوە ئەم ئاواتە گیانی و نەتەوە پەروەری‌یەی لەگەڵ خۆی‌دا بردە ژێر خاکەوە ..!

هەزار و یەك حەیف و مخابن
هەزار و یەك چەپکە گوڵی ڕەنگین
بۆ گیانی پاکی ...!

● چەند نمونەیەك لە بەرهەمەکانی :

لێرەدا ، زۆر بەکورتی ناوی هەندێ لەبەرهەمەکانی تۆمار دەکەین ، بێ ئەوەی ناوی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەو دەزگا زانستی و ڕۆشنبیری‌یەکان و سـالّی چاپ کردنیان بێنین ، یان ناوی ئەو کەسانەی کە بدوو قۆڵی یان سێ قۆڵی لەگەڵ پڕوفیسۆر قەناتی کوردۆدا هەندێ لەو بەرهەمانەیان بەئاکام گەیاندووە ، چونکە درێژی دادڕی هەڵناگری ..!

+ ئیزافە لە زمانی کوردیدا ...:
+ : نێرو مێ لەزمانی کوردیدا ...
+ : لەبارەی زمانی ئەدەبی کوردی ئەرمەنستانەوە ...
+ : چەند وشەیەك دەربارەی فەرهەنگی ئەرمەنی‌ی .. کوردی‌ی ..
+ : یاسای نووسین لە زمانی کوردیدا ..
+ : ڕەخنە لە « ڕێزمانی کوردی‌ی »
+ : لەبارەی پێشکەوتنی زمانی کوردی‌یەوە ..

+ : کتێبی ڕێزمانی کوردی ...

+ : چەند بەرھەمێکی فۆلکلۆری کوردی ...

+ : کوردی سۆڤیێت لە ئەدەبی کوردی دەرەوەدا ...

+ : شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازی فارس‌دا ..

+ : ڕەخنە لە بیروباوەری ھەڵە بەرامبەر زمانی کوردی ..

+ : خ . ئابوڤیان وەکو کوردناس‌و ئەتنوگراف ...

+ : ڕێنووسی زمانی کوردی

+ : کورد ، « میللەتانی ڕۆژھەلاتی ناوەراست »..

+ : زمانی کوردی ، « ئێرانی ئەمرۆ » ...

+ : ڕێزمانی زمانی کوردی

+ : درووست بوونی وشە لەزمانی کوردیدا

+ : سەرکەوتنی کوردناسی سۆڤیێت

+ : دەربارەی دوو بنچینەی بوونی وشە لەزمانی کوردیدا ...

+ : کارەکانی پ لێرخ لەبارەی کوردناسی‌یەوە ...

+ : ماناو فەرمانی پاشگری ـ ك (ەکە) لە زمانی کوردیدا ..

+ : فەرھەنگی کوردی (دیالێکتی کرمانجی ژووروو)...

+ : کوردناسی لە لێنینگراد ..

+ : ئەحمەدی خانی‌و بەرھەمی ئەدەبی ...

+ : مێژووی نووسین‌و لەچاپدانی فەرھەنگە کوردی‌یەکان

+ : پەندی پێشینانی کوردی (پەندی پێشنیان‌و قسەی نەستەقی گەلانی ڕۆژھەلات) ..

+ : مەمی ئایشی ـ داستانی ڕۆمانتیکی کوردی ، چیرۆك‌و گۆرانی داستانی کوردی .

+ : پێشگرو پاشگر لەزمانی کوردیدا فیلۆلۆژیای ئێرانی ...

+ : بیبلۆگرافیای مێژووو فیلۆلۆژیاو ئەتنۆگرافیای کوردی ...

+ : بیروباوەری قارەمانی‌یەتی لەبەرھەمی ئەدەبی ئەحمەدی خانی‌دا .

+ : شی‌کردنەوەی بەڵگەکانی کەزنەفۆن دەربارەی کاردوخەکان .

+ : بەرھەمی فۆلکلۆری کوردی

+ : فەرھەنگی کوردی ـ رووسی (سۆرانی) ١٩٨٣ .

تێبینی :

لەسەر زانیاری‌یەکانی ناو ئەم وتارە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :ـ

١ ـ رۆژی کوردستان ـ ژمارە ـ دوو تەمووزی ١٩٧١ ـ دوکتۆر مارف خەزنەدار .

٢ ـ پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ « کوردییێف » هەندێك بیروباوەڕ لە باوەڕی هەڵە لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە ، وەرگێڕانی دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف .

٣ ـ کاروان : ژمارە ١٧ هەواڵێکی مەزن ـ دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف .

٤ ـ فەرهەنگی کوردی ـ رووسی (سۆرانی) . کوردۆ د. زاری یوسف . مۆسکو ١٩٨٣ .

هەولێر

ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی

١٩٨٥

داش بەداش و چەواشەکردن

محەمەد عەلی قەرەداغی

لە ژمارە (٢٦٧٦)ی رۆژی ٢١/١١/١٩٨٤ی (العراق)دا وتارێکم بە ناونیشانی « میرزا ئۆلقادرو هەڵسەنگاندنێك » نووسی . بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، واتە لە رۆژی ١٣/٢/١٩٨٤ی (العراق)دا مامۆستا محەمەدئەمین هەورامانی بە ناونیشانی « هەڵسەنگاندنی هەڵسەنگاندنەکەی مامۆستاقەرەداخی » وەڵامی وتارەکەی دامەوە .

لە وتارەکەی مامۆستا هەورامانیدا هەندێك لە رێگەلادان و لەبابەتدوورکەوتنەوەو چاوبەستکردن لە خوێنەرانم دیو ، سەرەرای ئەوانەیش هەندێك تەشەرو قسەی نارەوای نووسیبوو . بۆیە وتارێکم بە ناونیشانی « جارێکی دیکەیش لەگەڵ میرزا ئۆلقادردا بەلام بێ هەڵچوون » نووسی و ، بۆ ئەم گۆڤارەم ناردو ، بە هیوام رۆشنایی ببینێ و لەسەر لاپەرەکانی جێگەی خۆی بگرێ .

لەم رۆژانەدا کە ژمارە (٣)ی ئەم گۆڤارە ـ نووسەری کورد ـ کەوتە بازارەوە . زۆر جێگەی سەرسورمانی من و ، بگرە زۆربەی خوێنەرانیش بوو ، کە جارێکی دیکە هەمان وتاری بە هەندێ جنێوو تۆمەت بۆ ئەم و ئەوو ، بگرە بۆ ئەم دەزگاو ئەو دەزگایشەوە گرتبوە خۆی !

لێرەدا من و ـ بگرە خوێنەرانی ئەم گۆڤارەیش ـ ماڤی ئەو گلەیی یەمان لە مامۆستایان و برایانی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە هەیە کە بڵێین : خۆتان باش دەزانن دەیان و ، بگرە صەدان ، وتاری باش لە فایلەکانتاندا رزکراون و چاوەڕێتی سەرەن کە رۆژێك لە رۆژان بڵاو بکرێنەوە ، ئا لەم کاتەدا بۆ دەبێ

وتارێکی نامەوزووعی بۆ جاری دووەم لە گۆڤارەکەدا بڵاو بکەنەوەو (١٥)! لاپەڕەی پێ ڕەشبکەنەوە ، کە دەکرا لەو ئەندازەدا دوو سێ وتاری باش بڵاوبکەنەوە(*)؟!

ئەم وتارەی مامۆستا هەورامانی ـ وەك لە بڵاوکردنەوەی دووەمی‌یەوە دەردەکەوێت ـ لە جاری یەکەمدا دەستێکی شارەزا دۆستانە بۆی دەسکاریی کردەوەو ، گەلێ قسەی ناڕەواو ، تۆمەت بۆ ئەمو ئەوی لێ لابردوە ، بەلاّم مامۆستا هەورامانی بەو کارە قایل نەبوەو ، جارێکی دیکە وتارەکەی داوەتەوە بە بڵاوکردنەوە .

ئەوەی ڕاستیی بێت بەهیچ جۆر ئارەزووی ئەوەم نەبوە کە جارێکی دیکە لەم بابەتە بنووسمو، کاتی خۆمو خوێنەرو دەرفەتی گۆڤاری پێوە بگرم ، بەلاّم وتارەکەی مامۆستا هەورامانی بە جۆرێك ڕاستیی شێواندوە ـ بە هیوایشم ئەوانە هەموو هەڵە بنو بە ئارەزووکاری وای نەکردبێ ـ بێدەنگ بوون لە عاستیدا دەبێتە هۆی ئەوەی چەند هەڵەی گەورە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بچەسپێت . بۆیە ـ بە ناچاریی ـ لە عاستیی (هەندێك) لەو قسەو باسانەدا دەوەستمو ، بە کورتی وەلاّمیان دەدەمەوەو ، هێمنانەو لەگەڵ بەڵگەدا ڕووی ڕاستیی دەردەخەمو ، ئەوەیش دەڵێم : شێوەی پەروەردەبوونمو ڕێبازم ڕێگەی ئەوەم نادەن وەلاّمی قسە ناشیرینەکانی بدەمەوە .

مامۆستا هەورامانی لە ل : (١٥) دەڵێ :

« **بە شێوەیەکی ڕوونتر ، لە تواناد‌ا هەیە بێژین بە هۆی لە بێژنگدانی سەرپاکی هەڵسەنگاندنەکانی ـ هەر لەو هەڵسەنگادنە ڕەشبینی‌یەی کە لە بارەی بەرهەمەکەی عوسمان هەورامی‌یەوە بڵاوی کردەوە تا دەگاتە ئەوەی خلیل مونەوەرو ئەوەی (میرزا ئۆلقادریش) جگە لە تاکە مەبەستێکی تایبەتی خۆیی نەبێ هیچ جۆرە مۆرکێکیان پێوە دیار نییە ئەویش ئەو پەردە ڕەشەیە کە بەرچاوی چاوێلکەی هەڵسەنگاندنی کاك حەمە عەلی گرتووەتەوە ...** »

پێش وەلاّمدانەوەیەکی کورتی ئەم قسە دەڵێم : ڕێبازی نووسینی زانستی‌یانە داوا لە مامۆستا هەورامانی دەکا کە خوێنەر چەواشەو سەرگەردان

نەكات . ئەو كە باسی (وتاریكی) من دەربارەی (بەرهەمەكەی) عوسمان هەورامی دەكات نابێ بە خوێنەر بڵێت ئەو وتارە بە چ ناونیشانێك نووسراوە ؟ كەی و چ ساڵێك نووسراوە ؟ لە چ گۆڤارو رۆژنامەیەكدا بڵاوبوەتەوە ؟ ئەوا من ـ لە بەر ئەوەی وتارەكە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە ـ رەنگە بزانم لە كوێدا بڵاوكراوەتەوە ، ئەی خوێنەر چووزانێ وتارێك پێش دە ساڵ بڵاوبووبێتەوە لە كوێدا بڵاو بوەتەوە ؟ یان بۆ ئەبێ ئەو ئەركە بخرێتە ئەستۆی كە تەماشای گۆڤارو رۆژنامە كوردی‌یەكان بە تەواویی بكات تا شتێ بەشتێ بكات ؟ یان خوێنەر چووزانێ من دەربارەی كام بەرهەمی عوسمان هەورامی نووسیومە ؟ عوسمان هەورامی دەیان بەرهەمی لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا بڵاوكردوەتەوە ! بۆیە پێویست بوو ماموستا هەورامانی ناوی بەرهەمەكەی ماموستا عوسمانی ببردایەو ، ناوو كات و شوێنی بڵاوكردنەوەی وتارەكەی منیشی بنووسیایە .

دوای ئەمەیش دەڵێم : نووسەر ، یان هەركەسێك كە قسەیەكی یەكێكی بە دڵ نەبوو ، ئیتر نابێ دنیای لێ تاریك ببیێو ، بۆ سووككردنی بەرانبەرەكەی و سەلماندنی قسەی خۆی راستیی پێشێل بكاو ، چی بە خەیالیدا بێت بی لێ و بی نووسێ . دەڵێم : كاتێك ئەو وتارەی من لە ژمارە (٣٢٤)ی رۆژی ١/٧/١٩٧٦ی (هاوكاری)دا بە ناونیشانی ئەنجامی پەلەكردن لە چاپكردنی دیوانی وەلی دێوانەدا ، دەرچوو ماموستا هەورامانی پیرۆزبایی لێكردم و وتی : شتێكی وردو راستت نووسیوەو، هەندێ قسەی دیكەیشی كرد ، كە من نایانكەم . رەنگە خوێنەر دوودڵی‌یەكی لەم قسەیە هەبێت و بڵێت : بۆ سەپاندنی قسەی خۆت وا دەڵێیت ! بەلام من بەڵگەی ئەم مەبەستە لە نووسراو (نەك قسەی دەمی)ی ماموستا هەورامانی خۆی دێنمەوە . ماموستا هەورامانی دوابەدوای وتارەكەی من لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)[1]دا دەربارەی (وەلی دێوانە)كەی ماموستا عوسمان هەورامی نووسی و ، بەم جۆرە دەستی پێكردوە .

« لە هاوكاری ژمارە ٣٢٤ی ١/٧/١٩٧٦دا ماموستا محەمەد عەلی قەرداخی بە ناوونیشانی « ئەنجامی » پەلەكردن لە چاپكردنی دیوانی وەلی دێوانە »دا هەندێ رەخنەی (بەجێی) لە كتێبەكەی ماموستا عوسمان هەورامی (وەلی دێوانە) گرتبوو . منیش لەگەڵ زوربەیان دامو ...»

تەنها ئەوەندە لە مامۆستا هەورامانی دەپرسین : بۆ ئەو کاتە رەخنەکان (بەجێ) بوون و ئێستە رەشبینانەن ؟ بۆ ئەو کاتە پەردەی رەش سەر چاویلکەی نەگرتبوو و ئێستە ئەیگرێ ؟ خۆ وتارەکەیش جارێکی دیکە بلاونەکراوەتەوە تا دەستکاریی کرابێ .

● مامۆستا هەورامانی لە ل : (١٨)دا دوای کۆمەڵێك قسەی نارەوا دەڵێت : « وێنەشمان ، بۆ ئەو وتەیەمان ، بلاوکردنەوەی هەندێ شیعری نالەباربوون کە (لەلاپەرە ـ ١٩٢ ـ تا ـ ٢١٣)ی بەرگی دووەمی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بلاوبوبوونەتەوەو بوبوون بە هۆی بەرپاکردنی ئاژاوەیێ لە نێوان کوردیی کاکەیی و کوردیی ئیسلامداو لەوانەش بوو ؛ تەشەنە بسێنی و ببێ بە هۆی خستنەوەی دووبەرەکی یەوە ئەگەر دلسۆزی هەردوو لا ، نەکەوتنایەتە ناو نێوانیانەوە .»

ئەوە لە خوێنەرانی کورد ئاشکرایە کە مامۆستا هەورامانی بە نووسینی کتێبی (کاکەیی) هەندێك دلی بەرەی کاکەیی لە خۆی رەنجاندووەو، تا ئێستا گەلێ قسەو باس لەسەر کتێبەکەی کراوەو، چەند وتاری لەسەر بلاوکراوەتەوەو[٢] ، لەوانەیە زیاتریشی لەسەر بنووسرێ. جا من وا هەست پێدەکەم کە مامۆستا هەورامانی بەم قسەی ئێرەیە دەیەوێ تۆزێك باری سەرشانی خۆی سووك بکات و، بەڵکو سا هەرچۆن ببێ کارێکی وا بکات کاکەیی یەکان نەختێك رووی قەڵەمیان لەو وەربچەرخێنن و بایدەنەوە بە لای مندا ، بۆئەم مەبەستەیش پەنای بردوەتە بەر ئەم قسە کە خۆی دروستی کردوە ، ئەوەیش بەڵگەی روون هەر لەناو دێرەکانی مامۆستا خۆیەوە :

مامۆستا هەورامانی ـ وەك لەمەولا باسی دەکەین ـ خۆی دەڵێت : کاتی لەچاپدانی بەرگی دوەمی (کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی) ئەو ـ واتە مامۆستا هەورامانی ـ بەرپرسی بەشی رۆشنبیریی دەزگای رۆشنبیری کوردی بوەو ، ئەم کتێبەی بە داشبەداش بۆ چاپ کردووم . بۆیە دوو پرسیار لە مامۆستای هەورامانی دەکەم :

کە جەنابتان بەرپرسیاری بەشی رۆشنبیری بوون و ، خۆیشت دەڵێی ئەو ئەندازەی کتێبەکە (شیعری نالەبار) بوو بۆچی رێگەت دا بلاوببێتەوە ؟ ئایا لە لێپرسینەوە نەدەترسایت کە سووچێکی ئەو ئاژاوە بەرپابوە تۆیش بگرێتەوە ؟ با

بڵێین ڕەنگە بڵێت ـ هەرچەند بۆ بەرپرسیار شتی وایش نابێت ـ: من ئاگام لەو شتە نەبوەو بەسەرما تێپەڕیوە . ئەی :

نەدەبوو خوێنەر لە کات و شوێنی ئەو ئاژاوە بەرپابوە ئاگادار بکەیت کە لەوانە بوە دووبەرەکی بخاتە نێوان موسوڵمان و کاکەیی وە ؟ ئەوەی من بزانم تا ئێستە (یەك!) کاکەییش دەربارەی ئەم باسە قسەیەکیان لە رووی مندا (کە مەلایەکی موسوڵمانم) نەکردوە ، چ جای نووسین و بڵاوکردنەوە . تەنها کەسێکیش لەم باسە دوابێ ماموستا عوسمان هەورامی[٣] بوو ، ئەویش موسوڵمانەو، لە روانگەی باسەکەی، ماموستا هەورامانیشەوە قسەی نەکردوەو، منیش وەڵامم داوەتەوە .[٤] جا ئەگەر ماموستا هەورامانی شتێ بزانێ و لە ئێمەی شاردبێتەوە ئەوە شتێکی دیکەیە .

● لە دوای ئەم قسانەیشەوە ماموستا هەورامانی سەرگوزەشتەیەکی دوورو درێژ دروست دەکات و ، لە وتاری پێشوودا وەڵامی بەشی زۆریم داوەتەوە ، بەڵام هەندێك قسەو تۆمەتی زیاد لێرەدا هاتوونەتە گۆڕێ و ، لێبیدەنگبوونیان کارێکی شیاو نیە . پوختەی سەرگوزەشتەکەیشی ئەوەیە کە عەسرانێك هاتوە بۆ ماڵی ئێمەو ، داوای یارمەتی لێکردووم بۆ بەرهەمی میرزا ئۆلقادرو ، گوایە داش بەداشی لەگەڵ کردووم و من ویستوومە بەرگی دوەمی کەشکۆڵم ـ بەو هۆیەوە کە ئەو بەرپرسیاری بەشی رۆشنبیری یە ـ بۆ چاپ بکات و منیش یارمەتی بدەم . دواییش دەڵێت :

«وەڵامی من بۆ ئەم داوایەی ماموستا ، هەر تەنها ئەوە بوو ، کە ئەو لە ساڵێکدا هەققی لە چاپدانی یەك بەرهەمی هەیەو تا ساڵێکیش بەسەر ، بەرهەمی پێشوویدا تێ نەپەرێ ، ماڧ ئەوەی نییە کە بەرگێکی تری بۆ لەچاپ بدرێ (بەپێی یاسای دەزگاکە) ...» ل : ١٨ .

ماموستا هەورامانی لە کۆتایی ئەم سەرگوزەستەوە دەنووسێ :

«پەیماندانی ماموستاو پووچکردنەوەی هەمان پەیمانی لە لای خۆیەوەو سوێندخواردنی (لە ماڵەوە) کە ... بێگومان بڕوای خوێنەر دەخاتە گێژاوەوەو هەروەها واشی لە من کردووە ، کە ناوبەناو بە شریتی ڤیدیۆتێپی سەرگوزەشتەکەدا بڕوٚمەوە نەوەکو هەڵەیەکی تێدابێ و دیسان لەوە دڵنیا دەبمەوە کە من زۆر راست دەکەم ناهەقق لەگەڵ ئەودایە»

که مامۆستا هەورامانی ئەوەندە بە پشتەسووری ئەم سەرگوزەشتە بگێڕێتەوەو پشتیش بە ڤیدیوتێپ ببەستێ گومانی ئەوە کەم دەبێتەوە کە هەڵەی تێداکردبێت ، بۆیە بوونی هەڵەیەکی زەقی مێژوویی کە ڕێگەی چارەسەرو پینەکردنی نەبێ گێڕانەوەکەی مامۆستا بێبایەخ دەکاتو ، سەرلەبەری سەرگوزەشتەکەی هەڵەوگێڕاو قلپ دەکاتەوە .

مامۆستا کە دەڵێ : «وەڵامی من بۆ ئەم داوایەی مامۆستا ...» وا پیشان دەدات کە پێش بەرگی دوەمی کەشکۆڵەکە (بەرگێکی تری) لە هەمان دەزگاو لەو ساڵەدا چاپکرابێت . بۆیە ئەو مەگەر لەبەر خاتری (داشبەداش) (شق القمر) بکات ئەوسا ئەو بەرگەم بۆ چاپ بکرێت . بەڵام سەرانسەری ئەم قسەیە نادروستو بێجێیە ؛ چونکە نەك ساڵی دوو کتێب ، بەڵکو ئەوەتەی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی هەیەو من شت دەنووسم (بە شێوەی کتێب) تەنها (دیوانی جەفایی) ساڵی ١٩٨٠ و (بەرگی دووەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی) ساڵی ١٩٨٢ بۆ چاپکردووم . بەڵام بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەم لە چاپخانەی (الحوادث) بە یارمەتییەکی (سولفە)ی کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کوردی) و ساڵی ١٩٨٠ لەچاپ دراوە .

واتە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکەی مامۆستا هەورامانی (تەنها لەم خاڵەدا) دوو شتی نادروستی تێدایە :

یەکەم : ئەو دەزگایە لەو ساڵەدا هیچ کتێبێکی دیکەی ـ نە بە یارمەتیدانو نە لەسەر ئەرکی خۆی ـ بۆ من چاپ نەکردوە .

دوەم : بەرگی یەکەمی ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٨٠دا ، واتە دوو ساڵ پێش بەرگی دوەمی ئەو کتێبە ، چاپکراوە . ئیتر بۆ مامۆستا هەورامانی خوێنەر ناخاتە گێژاوەو هەقق ! بەلای ئەوەوە بێ نەك من ؟ !

پرسیارێکی دیکەیش ئاراستەی مامۆستا هەورامانی دەکەم : ئایا چۆن دەگونجێ پیاوێکی ڕۆشنبیر کە بەرپرسیاریی بەشی ڕۆشنبیری دەزگایەکی گشتیی پێ بسپێررێو ، ئامادەیی خۆی بۆ ئەوە دەربخا کە لە پێناوی مەبەستێکی بچووکی خۆیدا (داشبەداش) بکاو ، بەرژەوەندیی دەزگاکە بخاتە ئەولاوە ؟ !

● بەوەندە دەسبەرداری ئەم خاڵە ـ هەرچەند زیاتری دەوێتو منیش زۆرترم لایە ـ دەبمو لاپەڕە هەڵدەدەمەوەو دەڕۆم تا لە (٢٦)دا لووتم بە لووتی تەشەرو توانجێکی ناڕەوادا دەتەقێت ، کە مامۆستا هەورامانی دەڵێ :

«نەوتراوەو ناوترێ ـ جگە لەوانەی کە رۆشنبیرییەکەیان هەر لە بنەڕەتەوە عەرەبی بوەو لەم ئاخرە ئۆخرەدا لایـان بە لای رۆشنبیـریی کوردیدا کردوو ـ لە ژێر ناوی شاهۆدا ناونراوە ! »!!

لەبەر ئەوەیش ئەمەم هەڵنەبژارد کە تەشەرو توانجی نارەوای تێدایە ؛ چونکە تەشەر لەوە زۆرتـرە وەڵام بدرێتـەوە ، بەڵام بـەر ئەوە کـە لە پەنـای تەشەرەکەدا هەڵەیەکی گەورەی مێـژوویشی کردوەو زیـاتر خـۆی لە (هەقق) دوورخستۆتەوە . چونکە من بە مامۆستا هەورامانی دەڵێم : نکوولیم لەوە نیە کە رۆشنبیری عەرەبیم هەیەو ، شانازیش بەوەوە دەکەم کە قەڵەمەکەم لەم رووەوە دووسەرەو، دەتوانم شانبەشانی نووسینی کوردی بە عەرەبیش بنووسمو ؛ لە هەردوو لایشدا لە هاوشانی خۆم کەمم نـەبێ . بەڵام ئـەوە ـ بەبـەڵگە ـ بـۆ مامۆستا هەورامانی رووندەکەمەوە کە لە کـاتێکەوە بیـرمکردوتـەوەو دەستم قەڵەمی گرتوە شەیدای زمانی زکماکی خۆم بوومو ، ئاواتم ئەوە بوە بتوانم بە هەر شێوەیەك بێت خزمەتی بکەمو ، یەکەمجار کە دەستم داوەتە نـووسینو شتم بڵاوکردوەتەوە بە زمانی کوردی بوەو ، یەکەم نووسینم بەرگی یەکەمی (إقتران النيرين في مجمع البحرين)ەکەی مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابانـە کە سـاڵی (١٩٧٣) چـاپکراوەو ، نـووسراوو بـڵاوکراوەی شتی دیکـەی کوردیشم دە چەندانی نووسینی عەرەبیمە . جا ئەگەر مامۆستـا هەورامـانی شتێکی دیکە بزانێ کە من (خۆم) نەیزانمو، ئەو مێژووی (لاکردنەوەمی بەلای رۆشنبیـریی کوردیدا) تۆمار کردبێ ئەوەیش شتێکی دیکەیە .

● مامۆستا هەورامانی لە نووسینەکەیدا بەوەوە نەوەستاوە کە رووی تـۆمەتو تـاوانبارکـردن بکاتـە منو بەس . بـەڵکو دەزگـا کوردیـیـەکـانیشی تێوەتلاندوەو ، ئەوانیش لە دەمی رزگار نەبوون ، دوو لاپەڕەی دوایی وتارەکەی ئەم لایەنە بەزەقی دەگرنەوەو من ـ لە بەر کورتکردنەوەو کـەم جێگە گـرتن ـ لاپـەڕەیەکیـان دەبوێـرمو تۆزێـك دەربارەی دوا لاپـەڕە دەدوێم . مامـۆستـا هەورامانی دەڵێ :

« ناشوکریی نەبێ رۆشنبیرە هەورامیزانە ئەدەبـدۆستەکـان زۆر کەمنو ئەتوانین بڵێین ، کە لە شێخ ئەمین نەقشبـەندیو حـەمەکـەریم

هەورامیو عوسمان هەورامی بەولاوە هێشتا کەسی دیکە سەری هەڵنەداوە.

لەلایەن دەزگا رۆشنبیری یە کوردی یەکانیشەوە ، هەر بۆ سوودی گشتییو سوودی خۆشیان ، زۆر کەم بیریان لەو کورد واتەنیە کوردی یە کردووەتەوە ، کە دەڵێ : (نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب) زوربەی وەخت لەو رووەوە کەوتوونەتە دوای رازەکوردەواریەکان ، کە ئەوەی بۆ ئەم شیاوە لەبەرئەوەدا دانراوە کەبۆی نەشیاوە ، بێگومان ، کردەوەی وەها جێگەی لۆمەیە »!!

ئەوە روونە کە ئەم وتەیە لەبابەت لادان و لە مەبەست دوورکەوتنەوەیەکی بێمەبەستەو ، نەدەبوو شتی وا رووبدات ، جگە لەوەیش پەیوەندی یەکی زۆری بە منەوە نیە ، وەك ئەوەی گەلێ کەس و دەزگا دەگرێتەوە ، بەلام لەبەر ئەوەی لە وەلامی وتاری مندا هاتوەتە کایەوەو ، منیش وەلام دەدەمەوە ، هەندێ شتیش دەربارەی ئەم لایەنە دەزانم ... وای بە باش دەزانم هەندێکی لەسەر بدوێم .

لەگەڵ رێزمدا بۆ مامۆستایان : ئەمین نەقشبەندی و ، عوسمان و حەمەکەریم هەورامی ، من ئەوە ناسەلمێنم کە دەزگا کوردی یەکان نووسراوی هەورامی ـ لەبەر ئەوە کە هەورامی یە ـ بدەنە دواوەو چاپی نەکەن و ، مامۆستا هەورامانیش ، بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی بەرێتە سەر دەبوو لە پاڵ داوایەکی وا گەورەدا ئەوەی روون بکردایەتەوە کە ئەم هەورامی زانانە تا ئێستە چەند کتێبی باشیان بۆ ئەو دەزگایانە بردوەو ئەوان دەرگایان لە رووياندا کولۆم کردوەو یارمەتی یان نەداون ؟ یان هیچ نەبێ ناوی دوو سێ کتێبی لەوانە بنووسیایە .

لە لایەکی دیکەوە من بەش بە حاڵی خۆم ناسراویم لەگەڵ مامۆستا ئەمین نەقشبەندی هەیەو ، گەلێ جاریش پێکەوە دانیشتووین و قسەو باس کراوە کەچی هێشتا رۆژێ لە رۆژان لێم نەبیستوە کە بڵێت : شتێکم بردوە بۆ فلان دەزگای کوردی و داوایانەتەدواوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەزگاکان خۆیان داوای شتی لێ دەکەن و ، نووسراوی ئەو دواناخەن .

وەك بەڵگەیەکی دیکەیش من لە عاستی خۆمەوە ـ هەرچەند لای مامۆستا هەورامانی هەورامی زان نیم نەبوەو نابێ هەورامی زان بم ـ تا ئێستە دەیان

بەرهەمی هەورامیم بۆ ئەو دەزگایانە ناردوەو رۆژێك لە رۆژان بەرهەمێکم لەبەر ئەوەی کە بە هەورامی گوتراوەو نووسراوە .. نەدراوەتە دواوە .

ئەو پرسیارەیش لە مامۆستا دەکەم : کە ئەو بەو جۆرە دڵی بە ئەدەبی بەهەورامی‌نووسراو دەسووتێ لەو کاتەدا کە خۆی بەرپرسیاری بەشی رۆشنبیریی دەزگای رۆشنبیری بوو بۆچی لایەکی بە لای بەرهەمی هەڵچنراوو ریزکراوی ئەو هەورامی‌زانانەدا نەکردەوە ، کە خۆی بە هەورامی‌زانیان دەزانێ ؟! دیارە خۆیشی لەم رووەوە لە لۆمە رزگار نابێ .

پرسیارێکی دیکەیش ماوە : کە وەك ئەو دەڵێ جگە لەو سێ کەسە هێشتا (کەسی دیکە - واتە هەورامی‌زان - سەری هەڵنەداوە) ... ئەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی خاوەنی دیوانی مەولەویو ، کاك محەمەدی کوڕی کە (شیرینو خوسرەو)ی بڵاوکردوتەوەو ؛ کاك فاتیحی برای کاکەحەمە کە ئەرکی زۆری فەقێ قادری هەمەوەندی بە ئەستۆوە ، بوەو ، خوا لێخۆش بوو مامۆستا کاردۆخی کە ئەم خۆی (لەیلێو مەجنوون)ەکەیی بڵاوکردەوەو ، نێك‌رەفتاری لەمەڕ بێسارانیو .. دەیان کەسی دیکە بە چی دەزانێ ؟ بۆتا ئێستە پەساپۆرتی هەورامی نووسینی لێ نەسەندوونەتەوە ؟!

خوێنەری ئازیز ! لەگەڵ داوای لێبوردندا لە تۆی ئازیز بەم ئەندازە دەسبەردار دەبمو ، کورد دەڵێ : « مشتێ نموونەی خەرواریکە » و . وا بزانم لەوەدا کە نووسیم بەڵگەی روونی ئەوەم پیشان‌داوە کە مامۆستا هەورامانی لەبەر ئەوەی سەرنجە پێشوەکانی من وەرنەگرێو نەیان‌سەلمێنێ پەنای بردوەتە بەر ئەو شێوە نووسینە کە لە راستیدا نە خزمەتی خۆیو نەخزمەتی ئەدەب دەکات . دەبا هەموو مەبەستمان خزمەتی راستییو ئەدەبو زمانی کوردی بێتو سەرنجو رەخنەی یەکتر بە سنگی فراوانەوە وەربگرین .

١٩٨٥/١٢/٢٠

سەرچاوەو بەراوێزەکان :

(١) - بڕوانە : محمد أمين غفور ، جارێکی تر لەگەڵ دیوانەکەی وەلی دێوانە . گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە : ٥٤ . ساڵی ١٩٧٦

(٢) - بڕوانە : هاشم کاکەیی‌و ، هەردەوێڵ کەکەیی ، ڕۆشنایی‌یەك بۆ مێژوو . گۆڤاری کاروان ، ژمارە : (٢٨) ساڵی ١٩٨٥ .

(٣) - بڕوانە : عوسمان هەورامی ، پیاچوونەوەیەك بە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی‌دا (بەرگی دوەم) گۆڤاری کاروان ، ژمارە : ١٢ ، ئەیلوولی ١٩٨٣ .

منیش دوابەدوای ئەمە وەڵامی کاك عوسمانم دایەوە باسەکە بە خۆشی‌و دۆستانە کۆتایی هات .

(٤) - بڕوانە : محەمەد عەلی قەرەداغی ، سەرنجدانێکی پیاچوونەوەکەی کاك عوسمان هەورامی بە بەرگی دووەمی « کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی »دا . گۆڤاری کاروان ، ژمارە : ١٦ی کانوونی دوەمی ساڵی دوەم ١٩٨٣ .

(*) - وەکو چۆن مامۆستا محمد علی قەرەداغی وەلامەکەی مامۆستا محمد امین هەورامانی بە نامەوزوعی و ... هتد دەزانی ، بێگومانە کە ئەویش ئەمەی ئەم هەروا دەزانێت ، ئەم نووسینانە ڕای نووسەرەکانیانن‌و ، ئێمە بەپێی سەربەستی بیروباوەڕ بڵاویان دەکەینەوە .

« نووسەری کورد »



هەواڵدز

نووسینی : ڕەوف حەسەن

سەردەم (سەرەتای چەرخی بیستەمە ...١٩١٠ ـ ١٩٢١)

[بەر لەوەی چراکانی هۆڵ بکوژێتەوە بەچەند چرکەیەك .. هیوا لەناو هۆڵدایە]

هیوا : بیتاقە .. یانسیب ، دەرئەچێ .. بەختی‌خۆت تاقی بکەرەوە [بیتاقە دابەش ئەکات]

[شانۆ چۆڵە ... «یەکەم» بە تراکسووتەوەیە .. فتبۆڵێکی پێیەو یاری پێ ئەکات تا ناو هۆڵ بێ دەنگ ئەبێت ... ئەمجا دێتە پێشەوە .. فتبۆڵەکە بەدەستی ڕاستی بەرز ئەکاتەوەو .. ئەوەستێ .]

یەکەم :[بۆ بینەران] ببورن ... ئەم تۆپە ... ئـۆهـ .. جاریکی تـریش ببوورن .. ئەم گـۆی زەوی‌یەی هـەموومـان لەسەری ئـەژین‌و ئـەمرین پـڕە لە نهێنی ... زیاد لە چـوار هەزار ملیـۆن مرۆڤی لەسەرە .. لە هەناویشیدا ملیۆنەها ملیۆن تەرمی مرۆڤی هـەڵ لووشیوە .. هەر یێکەیان نهێنی‌یەکی سەر بەخۆن‌و جیهـانێکی تایبەتی . بەئاوات‌و هەست‌و نەست‌و بیـرو باوەڕو تـاوانباری‌و بێ‌تـاوانی خۆیـانەوە .. بێگـومان هـەزارەها نهێنی تـریش لە ئاسمان‌و دەورو بەریدا خـۆیان مـەڵاس داوە [وەك پسپۆڕێکی وەرزشەوان یاری پێ ئەکات] مەترسن .. هیچی لێ نـایەت .. هەمووی توندو تۆڵ ... تۆکمە .. شەتەك دراوە ..

[ئەوەستێ ..] ئەم گۆی زەمینەمان بەدەست چەند دام‌و دەزگایەوە شەقێنی پێ ئەکرێت ئەئاوا [تێی هەڵئەدات‌و بە سەرو بەدەست‌و بەهەمـوو لەشی یاری پێ ئـەکات] ئـەئاوا .. [ئەوەستێ] هی واش هەن بیرلە چوار هەزار ملێۆن مرۆڤ ئەکەنەوە کـە پاشـەڕۆژێکی پڕ لە ئـاسوودەگیـان بـۆ بخـولقێنن .. [بـە دڵسۆزی‌یەوە دەست بە فتبۆڵەکـەدا دێنی] تا ئـەم نیشتمانـە بچکۆلانەیەی مرۆڤ بکـەنە بـەهەشتێکی ئـاوەدان لە هەمـوو گەردووندا .. بەڵام .. [بەسەر یاری پێ ئەکات‌و ئەیگرێتەوە]

بڕوانن .. ئا لەم سـووچەدا .. ئـا لێرەشـدا . ئێرەیش ئێرەیش ... [بە پەنجە نیشانە بە هەنـدێ شوێنی نـاوەڕاست‌و خواررووی تۆپەکە ئەدات]
چەند کۆمەڵێ مرۆڤی سەرگەردان‌و ماڵوێران ئەژین .. لە زەلکـاودا .. لە دۆزەخـدا .. لە بـرسێتیـدا .. لە زێـرابی دوا کەوتوویيدا .. نازانم چۆن‌و بە چ ووشەیێك وەسفی ئەو ژیانەیان بکەم .
ئالێرەشدا ..[پەنجە ئەخاتە سەر بەشی سەرووی تۆپەکە]
خەریکی جەنگی ئەستێرەکانن .. ستارز ووڕ **stars war**

دووەم :[بە تراكسووتەوە ڕادیۆیەكی پێیەوە گەیشتۆتە بەردەمی شانۆ]
جەنگی ئەستێرەكان .. بە هۆی چەند ئاوێنەیەكی تایبەتییەوە تیشكێكی تایبەتی ئەگرنە مووشەكە ئەتۆمیو نیوترۆنییەكانو لە چاو تروكاندنێكدا پێیان ئەگاتو ئەیان تەقێنێتەوە .
سێیەم :[بەتراكسووتەوە ڕۆژنامەیێكی پێیە لە پشتەوە هاوار ئەكات]
هەواڵ .. هەواڵ .. دوا هەواڵ .. جەنگی ئەستێرەكان .
دووەم :هەواڵ .. هەواڵ .. خۆ پیشاندانو مانگرتنی گەلان دژی بۆڕ بۆڕێنی چەك كەڵەكە كردن .
یەكەم :هەواڵ .. هەواڵ ..
دیموكراتێتی پیرەژنە دەمو لێوجوانەكەی ئنگلتەرا لە ئایرلەندە ..
دادپەروەرێتی زایۆنیزم لە سەبراو شاتێللای لوبنان
پەیكەری سەربەستی ئەمەریكایی لە گریناداو سلفادۆرو نیكاراگوا ..
بەزەییو سۆزی چەتەكانی مافیا لە دادگاو زیندانەكانی ....
دووەم :[پێی ئەبڕێ] بەسە .. بەسە .
[بۆ بینەران]
هەواڵ .. هەواڵبردنو هەواڵهێنان .. بەهۆی گوێو چاوو هەزارەها ئامێری جیا جیا .. ئامێری گەورە بەقەدەر كەشتی ئاسمانی . بگرە بەقەدەر هەموو كۆشكی بنتاگۆنو هەموو ئۆرگانو كەرەسەیی CIA سی ئای . ئەی Sentral Intelligence Agency .. تا ئەگاتە بچووكترین ڕیكۆرد یان قۆپچەیەكی بچكۆلانەی چاكەتێكی برادەرێكت .
یەكەم :هەواڵ بە سەرتاپای ئەم جیهانەدا [نیشانە بە تۆپەكە ئەدات] وەكو داوی جاڵجاڵۆكە دەوری داوە .. شەپۆلی دەنگو وێنە .. لە لایەن پەیامنێرو هەواڵدزانەوە بڵاو ئەبنەوە .. بەڕاستو چەپدا .. بەڕاستو بەدرۆو بە چەواشەكراویو بە پرۆپاگاندە .
دووەم :خۆشەویستان .. بێگومانم بیستووتانە .. كە ژیژك نەرمو نیانترین ئاژەڵە .. توخوا وانییە ؟

سێیەم : حەز ئەکەیت هەر بۆ تاقیکردنەوە .. تەنیا جارێك پێستەکـەی بکەرە ملپێچ .. یا سەرین .. یا دۆشەك ..

یەکەم :وریا بە .. نەکەی توخنی کۆتر بکەویت .

سێیەم : **بێگومان** دڕندەترین ئاژەڵو باڵندەی جیهانە .

دووەم :ئاژانسی یۆنایتد پرێس ئەڵێ .. واشەیەکی بە سەزمان بە دەنووکی تیژو دڕندانەی کۆترێکی سپی هەپروون بە هەپروون بوو .

یەکەم :پەیامنێری ئاژانسی ئاسۆشیتدپرێس لە سەرچاوەییەکی باوەڕ پێکراوەوە ڕایگەیاند .. هەمان کۆتر هەردوو چاوی ڕاوچی‌یەکی تا پڕ بەدەستی هەڵکۆڵیو وێنەی کابـراش بە گـوجانێکـەوە لە ڕۆژنامـەکانی سـەر لە ئێوارەی ئەمڕۆدا بڵاو ئەکرێتەوە .

دووەم :ئاژانسی ڕۆیتەر ئەوەی سەلماند کە کۆتر زیانێکی زۆر گەورە بەزانستو تەکنۆلۆژیاو سەربەستی‌و ئاشتی‌و دیموکراتی دەگەیەنێت .

یەکەم : سەرچاوەییەکی باوەڕ پێکراو لە کێپ کەنەدی‌یەوە ئەمەی سەلماند کە تاقە کۆترێکی سپی .. بەڵێ .. تاقە کۆترێك بووە مایەی تەگەرە لە بەردەم کەشتی‌یەکی ئاسمانیـدا کە بـۆ مەبـەستی ئاشتی‌و هـەواڵقۆزتنـەوە هەڵئەدرا .

دووەم :ڕۆژ ڕۆژی هەواڵدزانە .

یەکەم : [بە تۆپەکەی یاری دەکاو ئەوەستێ] هەواڵدز [بەرەو دوا ئەکشێتەوە]

سێیەم : [سەیری ڕۆژنامەکە ئەکات] هەواڵدز [ئەکشێتەوە] .

دووەم :[گوێ بەڕادیۆکەوە ئەنێ] هەواڵدز [ئەکشێتەوە] .

ئافرەت : [لەم کاتەدا گەیشتۆتە بەردەمی شانۆ .. سەدری‌یەیەکی پزیشکی لە بەردایە .. ئەڵقەی دەزگیرانی لە دەستی ڕاستدایە] [بۆ بینەران] . خۆشەویستان .. شانۆگەری‌یەکەمان ناوی « **هەواڵدز** »ە .

هیوا : [بەناو بینەراندا ئەگـەڕێ‌و سەفتـەیەك بیتـاقەی پێـیـە .. هەنـدێکی بەناویاندا بڵاو ئەکاتەوە] .. بیتاقە .. یانسیب..دەرئەچێ .. بەختی خۆت تاقی بکەرەوە ..

ئافرەت :[سەیر ئەکات‌و سەرسامە .. هۆڵ تـاریکە .. هیـچ نابینی] تکـایە .. شانۆگەریەکەمان لێ تێك مەدەن .. تکایە بێ دەنگی با پێکەوە سوودی لێ وەرگرین ..

هاوڕێکانم ! بە سیفەتێ کە من پزیشکێکی دەروونیم لە گەڵ ئەم هونەرمەندانەدا [دەست بۆ هەرسێکیان ڕائەکێشێ] هەندێ ڕاستیان دەربارەی هەواڵدزان بۆ ڕوون ئەکەینەوە . ڕەنگە هەندێکتان بڵێن .. ئێ دادە گیان .. بۆ ئێجگاری لە بنی کوولەکەکە نادەن و چی لە کاسەدایە بۆمان ناکەنە ئەسکوێوە ؟! بەڵام .. بەداخەوە .

دووەم : بە داخەوە ... هیچی ئەو تۆ لەو نهێنیو هەقیقەتانە نازانین .. هێندە هەیە ئەتوانن لە مشتێکی بچکۆلانە ، نموونەی خەروارێك بەچاوی خۆتان ببینن .

ئافرەت : زانایانی دەروونیو کۆمەڵایەتی .. هەواڵدزانیان لە جیهاندا کردووە بە سێ بەشەوە .. ئەمەیان [دەست بۆ یەکەم ڕائەکێشێ] نموونەیەکی گرینگە .

یەکەم : بەڵێ :

ئاژانسەکان لە کۆتاییی ساڵی ١٩٨٤دا ڕایان گەیاند کەوا لە شاری بۆپاڵی هیندستاندا کۆمپانیایەکی تێدایە بۆدروست کردنی گازی ژەهراوی ..

دووەم :کۆمپانیای یۆنێون کارباید ... بەناو کۆمپانیایەکی هەمە ڕەگەزەو لە ڕاستیدا ئەمەریکاییی ڕووتە .. لە بیرتان نەچێ .. زوربەی خەڵکی ئەو شارەی ئەم کۆمپانیایەی تێدایە نازانن ئێمزای خۆیان بکەن .

سێیەم : چل تەن لە گازی ژەهراوی کۆمپانیاکە سەرەتاتکێ ی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کرد .. هێندەی خۆش ئەویستن لە ماڵو کێڵگەکانیاندا بووە میوانیانو لە هەناویاندا جێگیر بوو .

دووەم : لە ئەنجامدا دوو هەزارو پێنجسەد مرۆڤی ئەو شارە سەرگەردانە مردنو نزیکەی دوو سەد هەزاریشیان گاز لێیداون کە زیاد لەپەنجا هەزاریان خەتەرنو ژیانیان لە مەترسیدایە .

سێیەم : کۆمپانیا هەمە ڕەگەزەکە . ناوی هەموویانی نووسیوەو بڕیاری داوە زیانەکانیان بۆ ببژێرێت بە دۆلار .. **Dolars** .

ئافرەت : ئەمە پوختەی هەواڵەکە بوو .. خەڵکی ئاسایی وەك منو تۆ ئەمەندەمان بیست .. واشمان زانی مەسەلەکە هەر ئەوەندەیەو هەڵەیێکی ئاساییە .. بەڵام لە ژێر ئەم هەواڵەدا ... هەواڵێکی هەقیقی

سامناك هەیە .. ئەم هەواڵدزە [نیشانە بە یەكەم ئەدا] چوّتە بنـج‌و بناوانی هەواڵەكەوە .. بازرگانی‌و قاچاخچێتی پێوە ئـەكات ... بـە هـەموو جیهـاندا ئـەیگێڕێت .. كێ پـارەی زیاتـری بـداتێ بـەوی ئەفروّشێت .. بێگومان كوّمپانیاكەو دوّستەكانی تـەنانـەت بێدەنـگ بوونەكـەیشی لێ ئەكـڕن .. تا نهێنیـیەكە . سـەرەونگون كـەن .. فـەرموون ئـەمەش هـەقیقـەتی هـەواڵەكـەیـە تـا بـزانن لەگـەڵ ڕووكەشەكەیدا چەند جیاوازە .

یەكەم : كوّموّپانیای یوّنیوّن كارپایدی سەر بە ئەمەریكا .. بەدەستی ئەنقەست شاری بوّپاڵی كردە ئـەزموونگـە (موختـەبەر) یـك بوّ تـاقیكردنـەوەی مەفعوولی گازە ژەهراوییەكەی .. بوّ دیاریكردنی پلەی كوشندەیی بە نیسبەت كەم‌و زوّری خەڵكەكەو دوورو نزیكیان لە شوێنی تەقینەكەوە .. تا لە جەنگێكدا لە جەنگەكانی ئەم سەر زەمینەدا بەكاری بێنێ .. چ خوّی یان دوّستانی .. بوّ لە ناوبردنی مروّڤ .. نەك مێش‌و مەگەز .

ئافرەت : [بەسەرسامی‌یەوە لە یەكەم ئەڕوانێ] ڕەنگە بپرسن‌و بڵێن .. خوّ ئەم كابرایـە بەخت‌و خـوّرایی نهێنی هەواڵەكـەی دركانـد .. دیارە زوّر دەبەنگە .. یان ئەوەتـا مشتەری بـاشی لێ هەڵنـەكەوتـووە .. بەڵام هاوڕێكانم .. وانی‌یە .. ئەم جوّرە هەواڵدزانە زوّر زیرەك‌و چاپووكن .. ئەوی ڕاستی بێت منیش سەرسام ماوم .. دیارە لەبەر خاتری ئێمـە ئەمەی دركاند .. [بوّ یەكەم] وانی‌یە ؟ .

یەكەم : ببورە خانم .. نەخێر وانی‌یە .. من خاترو ناتر نازانم ... بـوّچی من هیچم دركاندووە ؟! [بوّ بینەران] بەڕێزان .. كاری من ... یان بازاڕی گەرمی من لەو كاتەوە دەست پێئەكات كە ئەو بوّمبا كیمارییانە ئـەكاتـە دەست لایەنێكی جەنگ .. بەژمارەو پلەی كوشندەییانەوە . ئەو كـاتە هەواڵەكەم دەگاتە بازاڕی ڕەش‌و قسە لە گەڵ سەفتە دوّلاردا ئەكەم .. جا یا ئەوەتا هەواڵەكە بە ژمارەیەك دوّلار ئەكەم بەژێـر گڵەوە .. یان ئەوەتا بە ژمارەییێكی زیاتر دوّلار ئەیگەیەنمە لایەنی دووەمی جەنگ .

[كەمێ بە توّپەكەی یاری دەكات] .. ببوورن .. هەركەسێك ئەو چەكە نەفرەتی‌یەی گەرەكە .. هەر ئێستاكە ئەتوانم بوّی پەیدا بكەم

پێویست ناکات چاوەڕوانی بەرهەمەکانی کۆمپانیای یونیۆن کاربایید بکەین .. ئەوەتا سەدو پەنجا هەزار تاوانبارانی دووەمین جەنگی جیهانی .. سەدو پەنجا هەزار تاوانباری نازی‌یەکان تا ئێستاش بەنهێنی‌و بە ئاشکرا قاچاخچێتی بەو بۆمباکیمیاویانەوە ئەکەن کە لەوساوە لایان ماوە ..

ئافرەت : [بۆ بینەران] کەسەکانم . جۆری دووەمی هەواڵدزان ..

دووەم : [دێتە پێشەوە] بەڵێ .. منم .. من لەبەرەی تێکۆشەرانەوە ئەچمە نێو ڕیزەکانی دوژمنی داگیرکەر .. دژی تێکۆشەران زماندرێژی‌یەکی زۆر ئەکەم .. تەنانەت بە کردەوەو رەفتاریش دژیان ئەوەستم ئەگەر زانیم پێویستو بێ زیانە .. هەموو میللەت نەفرەتم لێ ئەکەن .. هەردەم پرۆژەیەکیشم بۆ مەرگ کوشتن .. چ لەلایەن تێکۆشەرانو میللەتەوە بەهەڵە .. یان ڕێکەوت . چ لەلایەن داگیرکەرەوە کاتێ کە ئاشکرا ئەبم لایان ... کاری من ئەوەیە .. نەخشەو پیلانو ژمارەی چەكو زەخیرەو هێزی دوژمنو ئەڵقەی لاوازی‌یان بگەیەنمە هاوڕێ تێکۆشەرەکانم .

ئافرەت : ئەم جۆرەیان نەك هەر زیرەكو بەتوانان بەڵکو بە تێکۆشەرێکی شەرەفمەندو مەزنیش دائەنرێن .

دووەم : بەمەرجێك بەپوختی‌و خاوەن بڕوایی‌یەوە مابنەوە .. بەلام سەواو مامەڵە بە ئێمە شەوە ئەکرێتو .. جارێ واهەیە وەك بێبارێك .. ئەبینە کەری نێو جۆگە .. لە هەردوولا ئەخۆین .. یان هەر بەتەواوی ئەکەوینە نێو زەلکاوی خیانەتکاری‌و خۆ دۆڕاندنەوە وەك [دەست بۆ سێیەم ڕائەکێشێ] .. جۆری سێیەمی هەواڵدزانمان لێ‌دێت .

ئافرەت : ئەم بابەتەیان .. [ئیشارەتی سێیەم ئەکات] لە نێو ئێمەدا لەهەموویان زیاتر باوە .

سێیەم : [بۆ بینەران] .. برایان .. خوشکان .. بڕوا نەکەن .. ئەم ئافرەتە ئەیەوێ لە خشتەتان بەرێ . هەموو خەڵکی من ئەناسنو ئەزانن من نیشتمانپەروەرێکی بێ گەردم .. پێشکەوتنخوازێکی نەبەردم .. دڵسۆزی شاخو هەردم .. بپرسن چەند ئازاو مەردم .. لە بنەماڵەیێکی خانەدانی کوردم .. ئا ئەمە [دەست بۆ ئافرەت ڕائەکێشێ] .. ئا ئەمە

من ئەيناسم .. دووزمانە .. بوختانم بۆ ئەكات .. هەوێنی نۆ قازان شیرە .

ئافرەت : [بۆ سێیەم]

تەنانەت بە تەمسیلیش پێت شەرمە ئەو دەورە بینی .. وەرە پێشەوە ..

[بۆ بینەران] .. ئەم کابرا هەواڵدزە .. جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو دووانەی تردا هەیە . حەز ئەکەم خۆی بۆتان ڕوون بکاتەوە .

سێیەم : [بە شەرمەوە دێتە پێشێ .. ڕۆژنامەکەی ئەکاتەوەو دای ئەخا] برایان .. ئەم کارەی من .. یەعنی ئەوەی من دەستم داوەتێ .. مەبەستم ئەوەیە .. من خەریکی کارێکم .. لە ڕاستیدا .. من ..

ئافرەت : تکایە بێ پێچو پەنا .. هەلێکەو دەستمان کەوتووە .. باکاتی خۆمان و ئەو میوانە ئازیزانە بەفیرۆ نەدەین .

سێیەم : ئێ .. تۆ لای خۆت پزشکیت و شارەزای دەروونیت .. قابیلە خۆم جاڕ لە خۆم بدەم !!؟

ئافرەت : باشە .. ئێمە دەستەکەت ئەخەینەڕوو

[بۆ بینەران] ئازیزانم .. خەڵکی زۆر خراپ لەم بابەتەیان گەیشتوون .. وا ئەزانن زۆر زیرەك و کارامەن . چالاکن . وائەزانن ئەرکێکی زۆر گرانیان بەسەرەوەیەو بەهەموو کەس ناکرێت .. بەلام کارو ڕەفتاری ئەم جۆرە هەواڵدزانە نەك هەر زۆر ئاسانە ، بەڵکو بەهەموو دەبەنگ و گەلحۆو هیچ لەبارا نەبوویەکیش مەیسەر ئەبێ .. بگرە بەزۆری ئەوانەی ناتوانن بەڕێگەیێکی شەرەفمەندانەو ڕەنجدانی خۆیان بژین و پێبگەن .. ئاسانترین و کورترین ڕێگە ئەگرنە بەر بۆ دەستکەوت و دەسەلات .

سێیەم : [لەم کاتەدا خۆی دزیوەتەوە بۆ ئەو دیو شانۆ] .

ئافرەت : [سەیر ئەکات] ئەوە کوا؟! .. بە هەر حاڵ .. ئەچێ دەست لەگەڵ دوژمندا تێکەڵ ئەکات و ئەمجا ..

سێیەم : [بەدزییەوە لە پەنایەکەوە گوێ هەڵئەخات] .

ئافرەت : ئەمجا بەدزی یەوەو بەئاشکرا گوێ ئەگرێ .. خەڵکی دێنێتە قسە .. سەر بەهەموو کونێکدا ئەکات .. بەزمانی لووس خۆی لەگەڵ ئەوانەدا ڕێک ئەخات کە بۆی دەستنیشان کراون . هەواڵی تێکۆشەران و ئەندامانیان و نەخشەیان ئەکاتە دیاری دەستی بۆ دوژمن .. ئەنجام .. ماڵ ویران ئەبێ .. سەر بەفەتارەت ئەچێ .. بەرگی ئاودامانی ڕەش ئەپۆشرێ .. بەرەی میللەت نوشوستی دێنێ ..

دووەم : بەلام ئەوەی جێی داخە .. خەڵکێکی زۆر پێیان هەڵئەخەڵەتێن چەپڵەیان بۆ ئەکوتن .. داکۆکی نەفامانەیان لێ ئەکەن .. چونکە وەك ووتمان خۆیان بە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز پیشان ئەدەن .

سێیەم : [لە پەناوە] ئێوە خۆتان خۆتان بەدرۆ ئەخەنەوە ... چونکە ئەگەر من گێل و گەمژەو گەندەڵ بم .. چۆن ئەتوانم بەوجۆرە خۆم نیشان بدەم ؟!

دووەم : نەخێر ... ئەمە نیشانەی زیرەکی و چالاکی خۆت نی یە .. بەڵکو ئەوانەی لغاویان کردوویت ئەمەت بۆ ئەڕەخسێنن .

یەکەم : بەڵێ .. ڕەنگە بتگرن و ماوەییك لە بەندیخانەدا هەوڵدزێتیت پێ بکەن .. لەم لاشەوە بەناو خەڵکیدا بلاوی بکەنەوە کە لەسەر میلاکی تێکۆشەران گیراویت ..

ڕەنگە گرووپ و کۆمەڵێکی بەر هەڵستکارانەت بۆ دابمەزرێنن و پەیڕەوو پروگرامیشت بۆ بنووسنەوە کە هەمووی دژی داگیر کەر بێ .. ڕەنگە لە کۆبوونەوەییکی فراواندا بتکەنە ووتار بێژو شتی وات بۆ بنووسن .. هەر کە خوێندتەوە خەڵکی سەبووری پیا بێت و ئیسپاتی دیموکراتیچێتی داگیر کەرو نشتمانپەروەرێتی خۆتی پێ بکەیت .

ڕەنگە .. ڕەنگە .. هەزاران داوو فاقەو تەڵەی وات پێ بنێنەوە کە خۆیشت سەرت لێیان دەر نەچێ ..

سێیەم : ئێ باشە .. برایەوە .. شانۆ گەری یەکەمان هەمووی لەسەر منە .. دەبا دەست پێ بکەین .. [ئەڕوات] .

ئافرەت : [بۆ سێیەم] مەڕۆ .. جاری ماوتە .. هەروا نایخوێت و ئەنجام .. کات و ڕۆژی خۆت دێت و بەر نەفرەتی میللەت و گەوری مێژوو ئەکەویت .

سێیەم : [دەنگی دێت] ئێوە کەرن .. نەفامن .. نازانن بیخۆن .. ئەنجام ..

ئەنجام !! ئەنجام چی ئەبێ قیروسیا .. سەگ لە قەسابخانە نەمرێ عەمری بەزایە ئەچێ .. هەر منم لە هەموو سەردەمێکدا دەستم ئەڕوات .

[لەم کاتەدا دەنگی سەگوەڕ ئەبیسترێ .. دووەم ویەکەم ئەچنە ئەو دیو شانۆو .. ئافرەت دێتە خوارەوەو لە پەنایەکدا ئەوەستێ]

« دیمەنی دووەم »

سەگەکان : [دەنگیان دێت] وەو .. وەو .. وەو .. [تووتەڵە سەگێکو بەدوایدا گەماڵێك « پیرەمێردو لاوێك » لای چەپی شانۆوە دێنو پەتێکی درێژیان پێوەیە . سەرو کارت لە ملیاندایە] وەو .. وەو .. وەو .

سەگەوان : [دەنگی دێت] .. وەرنەوە ... وەرنەوە .. ئەوە جووتی سەگ نایابلر .. ئەوەڵبابلر .. تەنزیلات .. [سەگەوان دەر ئەکەوێ سەری پەتەکەی کردۆتە ملی خۆی .. نانێکو ئێسقانێك بە هەردوو دەستییەوەیە .. بەرگی سەردەمی عوسمانلی لە بەردایە] وەرنەوە .. جوتێ سەگ .. ئیکی کیۆپەك .

سەگەکان : وەو ... وەو ... وەو ..

ئافرەت : [بۆبینەران] هاوڕێکانم .. زۆر جار چاوو گوێو مێشکی مێشکی مرۆڤ دەرك بە هەقیقەتی شتەکان ناکەن .. جا بۆئەوەی کەسمان سەرمان لێ تێك نەچێت .. برای دەرهێنەر وای بەباش زانی بۆ یێکەمین جار ئەمانە [دەست بۆ سەگەکان ڕائەکێشێ] تان بەم شێوەیە پێشان بدات .. چونکە لەو بڕوایە دایە ..

دەرهێنەر : [لەو لای شانۆوە .. بۆ ئافرەت] سوپاس .. سوپاس .. [بۆ بینەران] .. ببورن .. ئەمە بۆ چوونی نووسەری شانۆییە کەیە .. منیش وای بەڕاست ئەزانم کە هەقیقەتی ڕووتتان پیشان بدەین .. ئەوەش دەزانین کە تا نهێنییەك ئاشکرا ئەبێ سەدانو هەزاران قوربانی ئەدرێت .

هیوا : [بەناو بینەراندا] بیتاقە .. یانسیب .. دەر ئەچێ .. بەختی خۆت تاقی بکەرەوە .. [بیتاقە بڵاو ئەکاتەوە]

سەگەکان :[بۆ هیوا] وەو .. وەو ... وەو ..

ئافرەت : هەرچەندە ئەو دەنگە بەگوێم ئاشنایەیە .. بەڵام تکای لێ ئەکەین با لەگەڵ بینەراندا سوود لە شانۆگەرییەکەمان وەرگرێت . [بۆ بینەران] خۆشەویستان .. ئەگەر ئێوەش وەك ئێمە ئەم گەماڵو تووتەڵە سەگەتان بناسیایە .. ئەوا ..

سەگەکان : [بەڕووی ئافرەتدا] وەو .. وەو ... وەو .

ئافرەت : [بۆ سەگەکان] تۆزێ کوڕی باش بن .. بیەڵن قسەکەم بکەم . [بۆ بینەران] ... بەڕێزان ... ئەڵێن سەگ بە ئافرەت ناوەڕێ .. دیارە ئەم سەگانە لەم لایەنەوە بڕوایان بە یێکسانی نیوان ئافرەتو پیاو هەیە .. یەکسان پێمان ئەوەڕن .

سەگەکان : وەو ... وەو ... وەو ...

ئافرەت : بەرێزان ! ئەگەر ئێوەش وەك ئێمە ئەم جووتە سەگەتان بناسیایە .. ئەوا برای دەرهێنەر هەر بەچاکەتو پانتۆڵەوە ، یان بەکەواو سەڵتەوە .. یان بەڕانكو چۆغەی شاڵەوە پیشانی ئەدان .. بەڵام دوای ئەوەی لێرەدا هەقیقەتیان ئەبینن .. ئەوسا کەچوونە دەرەوە .. لە سەرشەقامو کۆڵانو گۆڕەپانو نێو کۆڕو کۆمەڵەکاندا بە چاوی هەقیقەت . ئەیان بینن .. ئەیاننناسنەوە .. جائیتر چییان لە بەردا بوو گرینگ نی یە .

سەگەکان : وەو ... وەو ... وەو ..

سەگەوان : وەرنەوە .. گیل بورە .. گیل .. کوڕینە پارەکەتان بەخەسار ناچێت .. ئەڵێی چی ... قیسمە تلەر ... ڕۆژەکەی ڕەشە ... ئەگینا ئەمانە نرخیان هەر تەواو نابێ .. ئەمانە زێڕن ... ئاڵتوونلەر گیلن ... بابم .. گێلن .

سەگەکان : [بە بینەران ئەوەڕن] وەو .. وەو .. وەو ..

سەگەوان : گوێ بگرن.. چ ئاوازو مۆسیقایەك لە قورقوڕاگەیاندایە . بەدوو قۆلی کە ئەوەڕن .. ئەڵێی ئاهەنگی ڕۆژئاوایی ئەگێڕن .. وەرنەوە .. سەیرکەن .

کەماڵ : [ئەیەوێ نانەکەی لەدەست بسێنێ قەپاڵی لێ ئەگرێ] وەو .. وەو ..

تووتەڵە : [قەپاڵ ئەبا بۆ ئێسکەکە] وەو .. وەو ..

سەگەوان : نا .. نا .. ڕۆڵەکانم .. پەلە مەکەن .. ئەتـاندەمێ .. نا هـەقتان نی‌یە .. عەمری خوایە .. ئەگەر من وا پیرو کەنەفت نـەبوومـایە قەسابخانەیەکمان هەبوو .. هیچ عەیبی نەبوو .

سەگەکان : [بەکەساسی‌یەو] وەو .. وەو .. وەو .. وەو.. وەو.. وەو ..

سەگەوان : ئەگەر ئێستا بیکباشی‌یەك .. میرئالاییێك .. ئاغایەك کاربەدەستێکی گەورە.. بێگانەیێکی ئاوروپایی لێرە ئەبوو .. هـەر لە ئاسمـانەوە ئەیانقۆستنەوە .. نـازانم خەڵکی ئێـرە بۆچ نـەفرەت لەم ئـاژەڵە بەسەزمانە ئەکەن ؟!

هیوا : [لەناو هوڵەوە] چونکە گلاون .

سەگەکان : وەو ... وەو ... وەو ... وە و .. [بە توورەییەوە بۆ هیوا]

سەگەوان : نا .. نا .. توورە مەبن خۆشەویستەکانم .. ئەو برایەی ووتی گلاون ڕاست ئەفەرموێ .

سەگەکان : [بۆ سەگەوان] وەو ... وەو ... وەو ... وە و

سەگەوان : [دەست بەسەریاندا ئـەهێنێ] .. بە پێی شـەرعو ئایـین ڕاستە گلاون .. بەلاّم نازانێ لە هەموو دەورو دووکانێکدا ئاوو سابوونو تەنانەت ووسڵخانەیش هەیە .. بە پێی شەرعو ئایینیش مـردوو زیندوو بە ئاو پاك ئەبنەوە .. وەرنەوە .. تەنزیلاتلەر .

[ژنو مێردێك دێن]

مێرد : [بۆ ژنەکەی] ئافرەت .. ئەڵێی چی ؟ بۆ پاسەوانی بـەر دەرگا چـاکن یەکێکیان ڕائەگرین .. پاكو تەمیزیش دیارن .

ژن : ئەیەڕۆ پیاوەکە ... سەگ بکڕین ؟! بەخوا من هـەر لە خۆمـەوە ڕقم لەو گەماڵەیە .

کەماڵ : [بۆ ژنەکە] وەو ... وەو ... وەو ... وە و

مێرد : ئەڵێم هەردوکیان .. بەمەرجێ هەرزان بن .

ژن : ئەو تووتەڵەیە خراپ نی‌یە .. جوانکیلەیە .. با هەر لە باخەکەماندا بێتو بچێت ...

سەگەوان: گێلن .. گێلن .. تەنزیلات .. باخن .. باخن .

[نانەکە بۆ گەماڵەکە ڕائەگرێت].. بڕوانن.. ئەووەڵەزات ئەم گەماڵە پیرە.. شەو تا بەیانی پاسەوانی موڵك و ماڵ ئەکات و حەپەی دێت.. چ قوورەتـە دزو پیاو خراپ و لەبرسا مردووان توخنی ئەو ناوە بکەون ئەم گەماڵە زۆر نایابە.. چۆخ ئەییدەر.. هەر بەبوْن.. ئەگەر یەکێك لە کونی هەتیتەشدا خۆی شاردبێتەوە هەر بەبۆن پێشت ئەکەوێ و ئەبێتە چاوساغت.. تا نەیدۆزێتەوە دەسبەردار نابێ.. ئەلهەقی من خۆم زۆر لێی ڕزای بووم.. خزمەتی زۆرەو لە ئیشەکەیدا قاڵ بووە.. هەتا بڵێی موخلیسیشە.. باوکی ڕەحمەتیشی هەروا بوو.. بـەویراسـەت هەروا بوون و هەرواش ئەبن.. تەنیا یێك عەیبی هەیە..

گەماڵ: [بۆ سەگەوان بەتووڕەییەوە] وەو ..وەو ..وەو..

سـەگەوان: بـاشە.. بـاشە.. نـایڵێم.. [لەتێکی بچـووکی نـانـەکـە ئـەکـات بەدەمی‌یەوە].. باخن.. بڕوانن.. هەر مەسرەفی نی‌یە بەلەتێ نان قـەناعـەت ئەکات.. بەهەموو شتێ شوکرە.. ئەووەڵ مەزات.

تووتك: [بەچالاکی ئەوەڕێ و پەلاماری ئێسقانەکە ئەدات و خۆی ئەباتە پێشەوە] وەو.. وەو.. وەو..

سەگەوان: ڕۆڵەکەم.. پەلە پەلی‌هیتە.. تۆزێ ڕەوشت لە باوکتەوە فێربە.

گەماڵ: [بۆ تووتەڵەکەی] وەو.. وەوە..

سەگەوان: ناوا.. فێری‌کە..

تووتك: [بەپەلە] وەو.. وەو.. وەو [قەپاڵ بە ئێسقانەکەدا ئەکات.. سەرەکەی تری ئێسقانەکە بەدەست سەگەوانەوەیە]

سەگەوان: ئەم تووتەڵە قۆزو جوانکیلەیە.. هیچ عەیبێکی نی‌یە.. تەنانەت وەك گەماڵە پیرەکەی باوکی‌لە گورگیش ناترستی..

گەماڵ: [بەعاجزی‌یەوە] وەو.. وەو..

سەگەوان، وڵگیر مەبە ڕۆحەکەم.. لە گورگ ترسان عەیب نی‌یە..

تووتك: [خۆی ئەباتە پێشترەوە.. دەمی لە ئێسقانەکە بەرداوە] وەو.. وەو.. وەو..

سەگەوان: ئەم تووتکە لە هیچ ناترسێ.. هەرچی‌یەك بێت سنگی پێوە ئەنێت و بۆی ئەچێت.. پەلەیەتی.. شێرزەیە.. ئەیەوێ زوو پێ بگات.

مێرد: [دەست ئەبات بۆ کارتی ملی گەماڵەکەو لێی وورد ئەبێتەوە]

سەگەوان: وەرنەوە.. وەرنەوە.. [بۆ مێرد] کاکی برام.. عەزیتی خۆت مەدە.. بە کەڵکی تۆ نایەت.. ئەوە سەجەرەی خێزانەکەیەتی سەگی‌ئنگلیـزی ڕەسەنن.. فستی کلاس.. ئیتر ئەڵێی چی قەزاو قەدەر و زەمانـەی بێ نەڕ وای بـە سەر هێناون.

ژن: [خەریکی سەیرکردنی کارتی ملی تووتکەکەیە]
کوڕە کابرا.. قارداش.. قەزاو قەدەری چیو سەگی ئینگلیزی چی ؟! ئەم تووتکە سەگە، سەگی وولاتی خۆمانە و فریبەسەر ڕەسەنی ئنگلیزەوەنییە.
سەگەوان: دایکم تۆ نایزانی.. خوشکم تۆ نایزانی.. من ئەیانناسم
مێرد: بەزاتی خوا خەریکە لەونمان لێ ئەگۆڕێ. قارداش.. هەی بەردت لێباریَ.. قابیلە منیش نەزانم.. [دەم ئەنێ بەگوێی گەماڵەکەوە.. وەك قسەی لە گەڵدا بکات].
گەماڵ: [بەتووڕەیی] وەو.. وەو.. وەو.. [پەلاماری لاقی ئەدات]
تووتك: وەو.. وەو.. [لەگەڵ گەماڵدا پەلاماری لاقی ئەدەن]
مێرد: [ئەسڵەمێتەوە] ئەوە چییە. ئێ مەمخۆن.. خۆکفرم نەکرد.. ئەتانناسم [بۆ سەگەوان] قارداش.. باشە ئەم گەماڵە [چەپۆکێکی پیا ئەکێشتی] بە چەند ؟
سەگەوان: کاکە بەکەڵکی تۆ نایەت.. برام بەکەڵکی تۆ نایەت.. ئەزانم کڕیار نیت.
مێرد: ‌با وەڵڵاهی قارداش هیچ نازانیت.. چونکە مادام ئەمانە سەگن.. بەکەڵکی هەموو کەسێك دێن.. دەی بابزانم ئەم گەماڵە [پیایا ئەکێشتی] بەچەند ئەفرۆشی ؟

گەماڵ : [خۆی لە مێرد هەڵئەسوێ] وەو ... وەو ... وەو ...
سەگەوان : ئەوە لەبەر خاتری تۆ بە پەنجا ڕوپێ .
ژن : ئەیەڕۆ پیاوەکە .. پەنجاڕوپێ بۆ گەماڵە پیرێك ... ئاخر زەمانە .
مێرد : ئاخر ئافرەت ئەم گەماڵە شارەزاو گەورەیە .. بۆیە وا گرانە ..
ژن : کەواتە پیاوەکە با بزانم توتکەکە بە چەند ئەدات ڕەنگە ئەمیان زۆر هەرزان بێ ... لە بەر پاك تەمیزییان ئەگەر بە دە ڕوپێی بات خراپ نییە .. [دەست بەسەر تووتکەکەدا دێنێ] .
تووتك : [بەخۆشییەوە بەدەوری ژنەدا دێتو بەنەرمی ئەوەڕێ] وەو ... وەو ... وەو ...
ژن : باشە قارداش ئەم توتکە بەچەند؟.
سەگەوان : خانم .. ئەو تووتکە بە سەدو پەنجا ڕوپێ .
ژنومێرد : [بەسەرسامییەوە] بۆ ۆۆۆ ؟!! .
سەگەوان : [لاساییان ئەکاتەوە] نازانن بۆۆۆۆ ؟!
مێرد : چۆن ئەم گەماڵە زلە وا هەرزانو ئەو تووتکە بچووکە وا گران ؟!

سەگەوان : قوربان ئەم گەماڵە بە پەنجا ڕوپێ .. چونکە ئەمیان [چەپۆکی پیا ئەکێشێ] تەنیا سەگە .. بەڵام ئەم تووتەڵەیە [چەپۆکی پیا ئەکێشێ] بە سەدو پەنجا ڕوپێ ... چونکە ئەمیان سەگ کوڕی سەگە . [پێ ئەکەنێ] ها .. ها .. ها ..

سەگەکان : [بەئاوازەوە ئەوەڕن] وەو ... وەو ... وەو..

وانسیشی لەگەڵیاندا ئەکەن‌و بەرەو لای ڕاستی شانۆ ئەڕۆن]

سەگەوان : [لەگەڵیاندا هەمان دانس ئەکات‌و لەگەڵ ئاوازەکەدا ئەڵێ] وەرنەوە ـ تەنزیلات .. وەرنەوە ـ تەنزیلات .

[بەدوایاندا ئەڕوات ... دیار نامێنن .. هەر دەنگیان ئەبیسترێت] .

« دیمەنی سێیەم »

میرزا : [بەکەواو سەڵتەوە .. پەیدا ئەبێ‌و بەدەم ڕۆشتنەوە] ئەوە کوان ؟ بۆ کوێ ڕۆیشتن .. دەر کوجا ڕەفتەن ؟!

مێرد : ئۆ .. میرزا حسێن دیمانەت بەخێر .. ئەوە ماوەیەکە دەر ناکەویت !

میرزا : وەڵلا قوربان .. سەرم قاڵ بوو .. هەر لە ماڵەوە بووم .. خەریکی مووتاڵا کردن بووم .. ئێستا خەبەریان دامێ !

مێرد : خەبەری چی ؟

میرزا : ووتیان سەگ مەزات ئەکەن ..

مێرد : ئێ تۆ بۆ واخۆت شیرزە کردووە .

میرزا : خۆم شپرزە نەکردووە .. هاتم بیان‌بینم تا بیان کڕم .

ژن : ئەیەڕۆ میرزا شیرازی تۆ سەگت بۆ چی‌یە ؟! تۆ لای خۆت ئیمانداریت‌و قورعان خوێنیت !

میرزا : دایکەکەم ... خوشکەکەم !... قورئان ئەوەتا لێرەدایە لە سنگماو سەگیش لەبەر دەرگاو کۆڵان دوور لە خۆم ڕای ئەگرم خوشکی برای ! ئەو خەڵکە نازانن ئەو حەیوانە چەند بەکەڵکە سەرەڕای ئەوەش ئەی ڕەحم‌و بەزەیی‌و خۆف خوا یانی چی ؟! هەر لە ڕایی خوادا ڕایان ئەگرم‌و ... ڕۆژی لەتێ نان‌و پارچە ئێسکێك چی‌یە ؟!

ژن : ئۆی میرزا شیرازی ... سەگیش ئەوحەیش ولوورە ئەهێنێ ؟! ئێمە هەروا لە خۆمانەوە سەوامانکرد ... قارداش وای ئەزانی لیرەی ڕەشادیمان پێ ئەفرۆشێت .. بەسەرینی باوکم نەمبیستووە سەگ بەپارە بفرۆشرێت .. ئەو دەشتو کەلاوانە پڕن لە سەگو کەس لێیان ناپرسێ .. کەچی جلخوار زۆر گرانجانیش بوو .. نازانم بۆ ؟!

میرزا : خانم .. بە هەرچەندێك بن گران نین .. پەك ناكەوێت ... با ئەوەش لە ڕایی خوادا بێت .. لە کوێوە ڕۆشتن .

مێرد : ئالێرەوە میرزا ..

ئافرەت : [لە خوار شانۆوە] گودبای مستەر !

[بۆ بینەران] ئەوەتا سەگ بە دوای قەسابخانەدا ئەگەڕێو قەسابخانەش بەدوای سەگدا .

هیوا : [لە ناو جەماوەرەوە بەپەلە بیتاقە دابەش ئەکات] بیتاقە یانسیب .. بەختی خۆت تاقی بکەرەوە ..

« دیمەنی چوارەم »

حاجی مەلا : [بە هەڵەداوان دێتە سەر شانۆو .. جبەکەی لێ بۆتە باڵ .. بێچووەکەی بەدواوەیە ..] .

ئاخر زەمانە .. دین نەماوە .. حەیا نەماوە .. حەلاڵ نەماوە

[ئەمسەرو ئەوسەری شانۆ ئەکاتو بێچووەکەی لە دوایەوە وەك ئەو ئەکات] .

نەوڵلا .. حەلاڵ نەماوە .. فسقو فجوور تەشریفی نامو بارەکی هێنا .. بۆ خاتری خوا ... بۆ خاتری پێغەمبەر .. کوڕە بۆ خاتری کاکەئەحمەدی شێخو شاهی نەقشبەند .. بۆ قسە ناکەن .. کەی ئێمەو ئەوەیان ووتووە .. ئەم شارە هەر لەو کاتەوە برایم پاشای بابان بەردی بناغەی داناوە .. سەدان ساڵیش لەوەوبەر هەر جێگەی شێخو مەشایەخان بووە ... هەر مەرقەدی پیرو نوورانییەکان بووە .. ئەوەتا خەڵکینە .. بۆ قسە ناکەن ..

کوێرن ؟ کەڕن ؟ مزمەعیل بوون ؟! ئەوەتا تیاترۆخانە کراوەتەوە .. تیاترۆخانە ... تیاترۆخانە ...

ئافرەت : [بۆ بینەران] کەسەکانم .. دڵتان ختووره نەکات .. مەبەستی ئێستا نی یە .. حاجی چ خۆیو چ بێچووەکەی دەمێکە شڕو شیتاڵیان پێچاوەتەوەو چوونەتەوە بەر قاپی خوا ...

بەڕێزان ! ئێمە ئەو کارکتەرەمان دا بەم هونەرمەندەی هاوڕێمانو ناومان نا « حاجی مەلا » ... ئەوی ڕاستی بێ ئەو زەلامە لە نێو کۆمەڵگاکەماندا بە خوێنو ئێسقانەوە مەوجود بووەو ناوی خویشی هەبووە .. بەڵام بۆ ئەوەی کەس نەیباتەوە سەرخۆی ناومان نا «حاجی» .

حاجی : ئەوەکوا ؟! لە شهرزەییدا ماڵەکەیانم لێ تێك چووە .. لێم تێك ناچێ بەو خوایەی بێ مەکانە کارێکیان پێ ئەکەم بە سەگ نەکرا بێ .. ناترسن لەو ڕۆژەی « لا ینفع مال ولابنون » ؟ هەر بۆ چوار عانە مەعاش بۆ پارەی چڵکی دەست ... پەنا بە خوا ... بۆوا ئەکەن .. نازانن « یعطی الله من یشاء ویذل من یشاء » .. سەری بێ ڕزق لە ژێر خاکدایە ماڵەکەیانم لێ تێك چوو ... شەیتان بە لەعنەت بی [خۆی وبێچووەکەی ئەچنە ئەو دیو شانۆوە] .

هیوا : [بەناو جەماوەردا دەگەڕێت] ... بیتاقە ... یانسیب ... دەرئەچێ .. [کارت بڵاو ئەکاتەوە] بەختی خۆت تاقی بکەرەوە . [دێتە نزیك شانۆ] دڵسۆز خان .. ئێوارەت باش .

ئافرەت : هیوا !! ئەوە تۆیت .. [ئەیەوێ باوەشی پیا بکات ئەسڵەمێتەوە] .. هیوا .. ئەوە بیتاقە ئەفرۆشێت ؟!

هیوا : [بیتاقەیەك لێ ئەکاتەوەو بۆی ڕائەگرێ] بەختی خۆت تاقی بکەرەوە .

ئافرەت : هیوا!! تۆو بیتاقە ؟!

هیوا : لەم هەریمەدا دوو شت ڕەوایە .. باوە ... ئومێدە .. هیوایە .. بیتاقەو تەقاویتی خەڵکی چاوەڕوانی یەکێ لەم دوانە ئەکەن .. بە ئومێدی یەکێکیانەوە ئەژین ... بیتاقە ... تەقاویتی .

ئافرەت : هیوا ! تۆیش؟! تۆیش خەریکی ئەمەیت .

هیوا : سەرسام مەبە . . هابگرە

ئافرەت : نا .. هیوا .. نا.. مەحاڵە ... شتی وا مەحاڵە ...

هیوا : دڵسۆزخان ... شتی وا مەحاڵ نی‌یەو زۆر ئاسایییە [بۆ بینەران] هاوڕێکانم .. نازانم ... نازانم ئێوە قومار ئەزانن یان نا ؟ بە هەر حاڵ بیستووتانە ... بێگومانم بیستووتانە لە نێو کاغەزەکـانی قومـاردا کاغەزێکی سەیرو ئەنتیکە هەیە پێی ئـەڵێن .. جۆکـەر .. ئەم جـۆکەرە نەفرەتی‌یە خۆی ئەهاوێتە نیوان دوو کاغەزی ترەوە .. یان ئەمسەرو ئەو سەریانەوەو پێڕیان لێ دروست ئەکات .. بەڵام ئـەوەش بزانن کـە ئەم جۆکەرە قوڕمساغە لە هەموو حاڵەتێکدا کارەکەی بۆ مەیسەر نابێ .. بۆ نموونە ناتوانێ تەنانەت کچی کووپ و باجاخی دینار پێکەوە بکاتە پێڕ .. کەواتە ئەمە سەیر نی‌یە .. سەیر ئەوەیە .. هەندێ کەس هەن لە جۆکەر جادوبازترن .. بەهەموو جۆرێك پێڕ دروست ئەکەن .. ئەوانە لە کۆڕی سیاسەتبازاندا بە دیپلۆماسی ناو ئەبرێن لە جێ تریشدا .. بەڵێ لە جێی هـەقیقی خـۆیاندا ... لە سـەنگی مـەحـەك ئـەدرێن و نـاو ئـەبـرێن بەهەلپەرست .. دەلاڵ .. لۆتی .. بەربووك .. سۆزا ...

ئافرەت : [پێی ئەبڕێ] ... هیوا ! ئاگات لەدەمی خۆت بێت .. [بەهێمنی] تۆ پێم بڵێ : کەی بەربوویت ؟!

هیوا : دوێنێ .

ئافرەت : بیتاقە ئەفرۆشیت ؟!

هیوا : بگرە .. دانەیەکیان بگرەو ، بەختی خۆت تاقی بکەرەوە .

ئافرەت : هیوا .. ووتم نا .. کەی وەختی ئەمەیە ...

دەرهێنەر : [دێتە پێشەوە] ئەم دوانە [نیشانە بە هیواو دڵسۆز ئەدات] چیرۆکی تـایبـەتی خـۆیـان هــەیــە .. ئـەوی ڕاستی بێ .. ئــەمــە لە شانۆگەری‌یەکەماندا نەبوو ... بەڵام ئەڵێی چی ... خواو ڕاستان لەکـاتیکدا کـە دڵسـۆز خـانی هـونـەرمـەنـد دەوری خـۆی لەم شانۆگەری‌یەدا ئەبینی .. هیوای هاوڕێ و خۆشەویستی جارانی .. دوای شەش ساڵ لەیێکتری بڕان .. لێرەدا بە یێـك ئەگـەنەوە .. داوای لێبوردنتان لێ ئەکەین .. [بۆ هیواو دڵسۆز] فەرمـوون ئێوە

ئەتوانن بچنە ئەودیو شانۆوەو .. ڕازوگلەیی خوتان تەواوبکەن [بۆ بینەران] فەرموون ... بەردەوامین لە سەر شانۆگەری‌یەکەمان .

« دیمەنی پێنجەم »

حاجی : [دێتەوە ... مالّی ئاغا عەبدوڵلایەو قادرەفەنی کوڕی بە بەرگی ئەفەندیەوەیە ... حاجی بێچووەکەی بە دواوەیە]
ئاغا عەبدوڵلا ... وەڵلاهی هەق نی‌یە سەلامتان لێ بکەم ..

بێچوو : نەوەڵلا ... هەق نی‌یە ..

ئاغا : [لەگەڵ قادرەفەنی کوڕیدا لە بەری هەڵئەسن] .. فەرموو .

قادر : فەرموو .. مامە حاجی فەرموو .

حاجی : نەوەڵلا سەلام ناکەم .. چۆن شتی‌وا ئەبێ .. نەبووە نەکراوە .. بەتایبەتی ئێوە .. ئەوە هەر نابێ .. نەعووزو بیللا .

ئاغا : حاجی ئەوە خێرە ؟! . چی ڕووی داوە .. دەفەرموو دانیشە .

حاجی : دانانیشم .. دانیشتنی مالّە کەشتان حەرامە .. ئیتر ئاوی ئەم مالّەش ناخۆمەوە .. هەر نایەم .. سەر بەمالّتاندا ناکەم ..

بێچوو : منیش ...

قادرەفەنی : مامە حاجی فەرموو قوربان .. تۆ ئیسراحەتێ بکە جارێ.. وەڵلاهی بەخێر هاتنەکەشمان لەبیر چۆوە .. یاخوا بەخێر بێی .

حاجی : بەخێر نەیەم .. ووس .. تۆ .. تۆ هەر قسە نەکەیت .. گوناحەکە هی تۆیە ئەزانیت ؟! بەڵێ تۆ ..

ئاغا : ئاخر حاجی مەلا .. تۆ تۆزێ لەسەرخۆ بەو .. تێمان بگەیەنە قادرەفەنی کوڕم چ گوناحێکی کردووە ؟! .

حاجی : هیچ .. بابە هیچ .. جا چی ماوە نەیکات ؟!
[بەتووڕەییەوە بۆ ئاغا] ئاغا عەبدوڵلا .. گوێ بگرە .. گوناحەکە هەمووی گوناحی تۆیە .. تۆ.. تێگەیشتی ؟! گوناحی ئەو تولفە نی‌یە .. ئەوا ووتمان ئەو بە جاهێلیو نەفامی خۆی غەڵەتی وای کرد .. تۆ چۆن

قوبووڵی ئەکەیت ؟! ئەوە ئەو فڕی بەسەر شەرعو دیانەتەوە نی‌یە .. خۆ تۆ ئەهلی جەماعەتی‌و سەرت سپی کردووە .

ئاغا : [بۆ قادر] ئەفەنگی چی ڕویداوە ؟! چی‌بووە ... قسە بکە .

قادر : [بۆ حاجی] مامە حاجی ... قوربان .. تا ئێستا نەمانزانی جەنابت لەبەر چی وا خۆی سەغڵەت کردووە ؟ ئەوەش بزانە کە فرم بەسەر شەرعو دیانەتەوە هەیەو .. دەفەرموو .. فەرموو .. ساوەڵڵا وام ئەزانی بۆ پیرۆزبایی لێکردنم هاتوویت . موبارەکباییم لێ‌ئەکەیت .

حاجی : موبارەك بایی چی ئەفەندی ؟!

ئاغا : ئەی نەتزانیوە ... شوکور قادرەفەنی کراوە بە مەئمووری خەزێنە؟!

حاجی : ئاغا .. ئەی خۆ شێت نەبووم . ئەی جەنابم بۆچی تەشریفم هێناوە .. دیارە .. ئەی‌ئەمسەکە دڕێ‌یەم لە پای چی‌یە ؟! ئەی بۆ ئەڵێم . نان‌و ئاوو مەرحەباییتان حەرامە .. ئەرێ وەڵڵا بۆ ئەم موبارەکبایی کردنە هاتووم .

ئاغا : خوا ئاگای لێ‌یە خەریك بوو دڵم بەربێتەوە ووتم تۆ بڵێی خوانەخواستە قادرەفەنی کوڕم ئەتوارێکی ناشیرینی لێ وەشابێتەوە .. وام زانی بەچاوی ... خوایە تۆبە ...

حاجی : جا ئەوە چی‌یە ؟! شەڵڵا هەزار ئەتواری ناشرینی تری لێ‌بوەشایەتەوەو ئەمەی نەکردایە .

بێچوو : شەڵڵا ...

قادر : [بە کەمێ تووڕەییەوە] مامە حاجی .. ئەمەوێ تێبگەم .

حاجی : ئەلێم تۆ ووس‌بە .. تەداخولی قسەی پیاوان مەکە . [بۆ ئاغا] ئاغا عەبدوڵڵا ! ئێستا کورەکەت ـ جەنابی قادرە فەنی ـ نەبوتە مەئمووری خەزێنە ؟!

ئاغا : بەخۆشی سەری هەمووومان ... ئەلحەمیللا .. با ..

حاجی : ئاغا پیاوی چاك بە دەهریم مەکە .. ئەوا خەریکە لە کەواو سەڵتەکەم دێمەدەرەوە ... بەخۆشی سەرو ئەلحەمدولیللای چی ؟

قادر : دەباشە مامە حاجی ... نە بەخۆشی نەئەلحەمدولیللا .

بێچوو : ئەرێ وەڵڵا نە ئەلحەمدولیللا ..

حاجی : [تووڕەیە] من ئەڵێم با نەچمو هەقم چی‌یە بەسەریانەوە . ئەم هەتیوە [بۆ بێچووەکەی دەست ڕائەکێشێ] حەرامزادەیە نەیهێشت ... ئەگینا هەر سەرم بەم کاولەدا نەئەکرد . جوانە .. ئێستا ئـەوەتا لە جیـاتی قەدرو ئیحتیرام ... قەشمەریم پێ ئەکەن [ئەیەوێ بـڕوا] تیزم پێـوە ئەکەن .

ئاغا : [لە گەڵ قادردا باڵی ئەگرن‌و ئەیگەڕێننەوە]
حاجی .. خوا عافووت کات .. ئێستا چیت پێ وتراوە ! خوا نەخواستە دڵتەنگ بیت ... تۆخۆت ئەڵێی بەشەڕەوە هاتوویت ... ئاگات لێ‌یە بەختو خۆڕایی چیمان پێ‌ئەکەیتو ئێمـە سەرفی‌نـەزەر ئەکـەین .. ئێستا چی بووە ؟! ماڵ دزراوە ؟! پیاو کوژراوە ؟! چی ؟!

حاجی : ئاغا .. من لە گەڵ تۆودا قسە ئەکەم ... ڕازیم نی‌یە ئەو [پەنجە بۆ قادر ڕائەکێشێ] لە ڕووما هەڵبداتێ .

ئاغا : حەددی نی‌یە .. هەستە [بۆ قادر] دەی دەستی حاجی مەلا ماچ کە .

بێچوو : هەستە ... ماچی کە ...

حاجی : [دەستی بۆ درێژ ئەکاتو دوایی ئەیگێڕێتەوە] ... نا ... نا ... نامەوێ نامەوێ دەستم بەری کەوێت .. [بـۆ بێچووەکـەی] هەتیـو ... وەرە ئەم‌لاوە ... توخنی نەکەویت .

ئاغا : فەرموو حاجی قسەی خۆت بکە .

حاجی : ئەوەی ئێوە کردووتانە فەرماسۆنیش نایکات .. چۆن هێشتووتە قـالە وەزیفەی حوکوومەتی ئنگلیز قوبووڵ بکات ؟

ئاغا : وەڵڵاهی حاجی .. ئێمە ئەمەمان بەلاوە شتێکی باش بوو .. پێشمان خۆش بوو ..

حاجی : ئاخر خوا لە قورئاندا ئەفەرموێت « عسىٰ ان تحبوا شيئا فهو شر لكم صدق الله العظيم ... کورتو موختەسەر ... ئەم ماڵە مەعاشی قالەی تێ نایەت ؟!

ئاغا : با .....

حاجی : مەعاشەکەیشی لەخەزێنەی ئەو کافربابانە وەرناگرێت !؟

ئاغا : بێگومان ..

حاجی : خەزینەش پارەی تیاترۆخانەکەی تێناچێت کە کافر بابەکان کردوویانەتەوە ..

ئاغا : با ... بەلاَم ..

حاجی : بەلاَم و مەلاَم نەما .. کەواتە مەرحەباییشتان حەرامە .

ئاغا : حاجی .. خۆت ئەزانی تەشکیلاتی ئیداری کراوەو ئەو خەزینەیەش هی دەوڵەتەو ، هەموو جۆرە پارەییکی تێئەچێ .. پارەی خێرو حەسەنات .. هی ئەوقاف .. باج و خەراج .. هی تر .. هەمووی تێکەلاَوە .. سەرەرای ئەمانەش .. قادرەفەنی کورِم مەئموورێکەو هەقی ئیشی خۆی وەرئەگرێت ..

حاجی : ووتم پارەی تیاترۆخانەکەیشی تێ ناچێت ئاغا ؟

ئاغا : منیش ووتم ئا.. بەلاَم ..

حاجی : ئێ ... تەواو .. برِایەوە ... ئیتر بەسە بەس باوابێ ئاغا عەبدوڵلاَ ... هەر زانیم .. ئەو وەختەی کردت بەمەکتەبلی ، دیاربوو ئەم کەتنە ئەگێرِی ... ساوەڵلاَهی ... جارێ تۆ پێم بڵێ نیازتان نییە ئیستیقالە بکات ؟

قادر : نە خێر مامە حاجی ... من خۆم لەم کارەدا حسێبم .

بێچوو : تۆ لەقسەی پیاواندا تەداخول مەکە .

حاجی : سا وەڵلاَهی .. وەبیللاهی ... ئەم سوێندە بەدرۆ تەلاَقی پێ ئەکەوێت .. تا قالە ئەو مەعاشی چلکن سەگە وەرگرێت من لەبزم لە لەبزتان ناگەرِێ . [ئەرِوات]

بێچوو : [بەدوایدا] ساوەڵلاَ منیش ..

قادر : تۆش چی ؟!

بێچوو : وەك ئەو [بۆ باوکی]

حاجی : [بەدەم رِۆشتنەوە لەبەر خۆیەوە] ئاوا ... وا وا ... وەو ... وەو .

بێچوو : وەك ئەو ... ئەو ... وەو ... وەو .

« دیمەنی شەشەم »

[ئافرەت لەگەڵ هیوادا دێتەوە سەر شانۆ]

ئافرەت : [بۆ بینەران]

بەڕێزان : لەبیرتانە کە میرزا حسێن غولام شیرازی دوای گەماڵو تووتکەکەی کەوت ... لەو دیوشانۆوە.. سەواو مامەڵەی خۆی کرد .. هەر وەها دیتان کە حاجی و بێچووەکەی چ کارەساتێکیان گێڕا .. جا وەکو لەسەرەتاوە وتمان ئەم جۆرە هەواڵدزانە .. نەك هەر زیرەك نین ... بەڵکو توانای ئەوەشیان نی یە بەرێگەیەکی شەرەفمەندانە پارەو نانێ پەیدا بکەن .. بەتایبەتی لەم هەرێمەدا . ئینجا فەرموون کەین و بەینی حاجی و میرزا شیرازی ... ببوورن مستەر میجەرسۆن .. ببین .

« بانتومایم »

مێجەرسۆن : [بە بەرگی ئەورووپاییەوە .. لەگەڵ حاجیدایە .. پێکەوە ئەدوێن ... سۆن کاغەز لە گیرفانی دەردێنیو پیشانی حاجی ئەدات ... بێچووش بەدەوریاندا دێتو سەر ئەباتە پێشەوە ... سۆن مۆرەییکی لێ ئەکات]

حاجی : [چەپۆکی ئەکێشێ بەکوڕەکەیداو دووری ئەخاتەوەو خۆی دێتەوە نزیك سۆنو بێچووش لاسارانە ئەیەوێ فرسەت بێنیو سەیر کاتو گوێ بگرێ]

سۆن : [پەنجە ئەخاتە سەر کاغەزێکیان و لێوی ئەجووڵێو ئیشارەت بۆ جێ یەکی دوور ئەکات ..]

حاجی : [سەیری کاغەزەکە ئەکاتو لەگەڵ ئیشارەتی سۆندا سەرهەڵئەبڕێو سەری تێگەیشتن ئەلەقێنێ]

سۆن : [پێ ئەکەنێ]

حاجیو بێچوو : [پێئەکەنن]

سۆن : [دەمانچەیێك بەدزی یەوە دەردێنیو ئەیداتە دەست حاجی]

حاجی : [لێی وەرئەگرێو خۆی قیت ئەکاتەوە ... وەك بیەوێ تەقەی پێ بکات]

دەنگ : ئەو شەخسە کە ئەیکرد بەدووعا مەنعی موسیبەت
ئێستاکە بەلایەکە دەگا دەستی بەوەروەر
ئەو پیرەکە ئوفتادەیی مەسجید بوو لەبەر فەیض
هەلساوە وەکو فیتنە قەدی میسلی سنەوبەر[1]

حاجی : [دەمانچەکە ئەخاتە بەرباخەلی ...]

بێچوو : [ئەچێتە پێشەوە ... ئیشارەتی خۆی ئەکات و داوای شت لە سۆن ئەکات ... ئیشی پێبسپێرێ]

سۆن : [بەدوو پەنجەی تەك یێك ... تێیان ئەگەیەنێ کە لەگەل باوکیدا پێکەوە ئیش بکەن]

بێچوو : [قونەیێك ئەکات و چمکی کەوای حاجی ئەگرێ]

حاجی : [چمکی چاکەتی سۆن ئەگرێ و ڕای ئەوەشێنێ و پیشانی سۆنی ئەدات کە ئەو بەرگە باش نی یە ... دەست بۆ جبەکەی خۆی ئەبات و بە پەسەندی یەوە نیشانی ئەدات .. کە ئەویش هەر بەرگەکەی جارانی لەبەر بکات باشە]

سۆن : [سەری توورەیی با ئەدات و ئیشارەتیان بۆ ئەکات بڕۆن کارەکەیان بکەن .. پەنجەی هەرەشەشیان نیشان ئەدات ... ئەمجا بە (٧) پەنجە تێیان ئەگەیەنێ پاش هەفتەیێکی تر بێنەوەو بەدەست وەك پارە بژمێرێ پیشانیان ئەدات کە هەقەکەیان ئەوکاتە وەرئەگرن ...]

حاجی : [دەستی خواحافیزی بەرز ئەکاتەوەو ئەڕوا]

بێچوو : [هەروەها .. دەستیشی هەر بەجبەکەوەیەو بەدوایەوە ئەڕوات]

« دیمەنی حەوتەم »

هیوا : بیتاقە .. دەر ئەچێ ...

هەموو شتەکان وایان لێ هاتووە وەك بیتاقە دەرئەچن .. هەر بیتاقەیێکیش بە جۆرێ .. ئاخۆ حاجی بیتاقە بۆ کێ دەر بچێت !!

---

(١) حەمدی ساحێبقران

[لەم کاتەدا حاجیو بێچوو لەگەڵ چەند جەندرمەییکدان حاجی ئیشارەت بۆ یەکێك ئەکاتو جەندرمەکان پەلاماری ئەدەنو حاجی خۆ بۆ تەقە ئامادە کردووە .. کەلەپچە ئەکرێتە دەست گیراوەکەو ئەبرێ]

هیوا : حاجی بیتاقە ... بۆ زۆرکەس دەرئەچێ .. هەمووتان بەسەرتان هاتووە . چۆن دەرگای ماڵتان پێ گیراوەو کوڕ لەدایك سێنراوە مێرد لەژن سەنراوەو کەس نەیزانیوە تاوانیان چی یە ... سەرەونگووم کراون ... هەموو بەسەرتان هاتووە یان دیوتانە چۆن کرێکار لەسەر کارو کاسپی خۆی پەلامار دراوەو ماڵ و منداڵی سەرگەردان بووە ..

[حاجیو بێچوو ... لەگەڵ جەندرمەدایە ... ئیشارەتی نەقارێك ئەکات بە پێکەکەی خەریکی نەقاڕی یە لەگەڵ بەردی ڕەقو تەقدا .. جەندرمەکان بۆی ئەچنو ئەبێتە مشتو مڕ ... حاجی لەپەناوە دەمانچەکەی ئامادەیە جەندرمەکان پەلاماری نەقار ئەدەن .. نەقارەکەش پێکەکەی بەسەری یەکێکیاندا ئەکێشێ .. حاجی گوللە بەنەقارەوە ئەنێو ئەیکوژیت .. پەلاماری جەندرمە بریندارەکە ئەدەنو ئەیبەن ..]

هیوا : بەڵێ ... حاجی بیتاقە ... دەرگای پێ گرتوونو لە ماڵو جێی کارو کێڵگەو ... تەنانەت لە مزگەوتیشدا .. چەندان پیاوی هەژارو ڕەنجدەری بێ تاوان کوژرانو سەرەنگووم کرانو چەندان ماڵو ژنو منداڵ سەرگەردان بوون .. گرینگ ئەوەیە لە تەنیا یەك هەفتەدا ئەمەندەی لە دەست بێ .. ئاخۆ تا ئەمرێ چیهای تر بکات ؟!

ئەی دوای خۆی !! بێگومان بێچووەکەیشی ... ئەوتا لە ئێستاوە پرۆڤە ئەکات ... بەهەر حاڵ ... تا حاجی بیتاقە دێتەوە سەرشانۆ بۆ وەرگرتنی هەقدەستەکەی .. زۆری پێ دەچێ ..

[بۆ ئافرەت] دڵسۆزخان با ئەم کاتە بەفیڕۆ نەڕوات ... ها فەرموو [بیتاقەییکی بۆ ڕائەگرێ] تۆ بیتاقەییکت هەر لێ وەرنەگرتم ؟

ئافرەت : هیوا .. تکا ئەکەم ... شانۆ جێیەکی پیرۆزەو .. جێ بیتاقەو قومار کردن نی یە ..

هیوا : دڵسۆزخان شانۆ بەفیکرو بەرهەمی مرۆڤایەتیانەی پیرۆز پیرۆز

ئەبێت ... جاران وا نەبوویت بەرامبەرم .. ئەگەر زەهرم بۆ ڕابگرتیتایە لە دەستت وەرئەگرتمو ئەتخواردەوە ... ئێستا بیتاقەییکم بۆ راگرتوویت .. لێم وەرناگریت ؟!

ئافرەت : [بەتووڕەییەوە] هیوا !! ووتم ئێرە جێگەی بیتاقە فرۆشتن نی‌یە .

هیوا : [بەهێمنی] دڵسۆزخان! کێ ئەڵێ من بیتاقە ئەفرۆشم ؟!

ئافرەت : ئەی گوایە وەك گوێزەبانە ئەیانبەخشیتەوە !!

هیوا : بەڵێ ... وەك گوێزەبانە ئەیانبەخشمەوەو بەر لەوەی بێمە ئێرەش بەناو ئەو جەماوەرەدا بەخشیمەوە .

ئافرەت : ئەمە ئەچێتە ئەقڵەوە ؟!

هیوا : بەڵێ دڵسۆزخان ... چونکە بیتاقە فرۆش نیم ..

ئافرەت : ئەی چی ئەکەیت ؟! کارو کاسپی‌یەکەت چی‌یە ؟!

هیوا : بە دوای کارێکدا ئەگەڕێم .

ئافرەت : ئەی قوتابخانە ؟!

هیوا : تازە!! قوتابخانەی چی ؟! خۆت ئەزانی نەیانهێشت پۆلی ییکەمی کۆلێژ تەواو بکەم ... خۆت ئەزانی نەقاریکی چاکم ... لە باوکمەوە فێری بەردتاشی بووم .. باوکیشم لەباپیرمەوە فێر بوو ... ئەوە بوو باپیرم لەسەر کار بەگوللەی ناپاکێ کوژرا ... باوکیشم بەناچاری لەسەر کار بوو هاتن بۆی‌و پیلانەکەیانی ئەزانی ... بۆیێ هەڵات .

ئافرەت : [بە پێکەنینەوە] هیوا !! ئەی کە نەقاڕی‌و بەرد تاشیتان بە ویراسەت بۆ مابێتەوە ... بۆ دەستت داوەتە بیتاقە فرۆشتن .. [بەجدی] هیوا تۆ لەکوێ‌و ئەم پیشەیە لەکوێ .. جاران شتێکی تر بوویت .

هیوا : هەر هیواکەی جارانم بەزیادەوە ...

دڵسۆزخان .. بەیادی ڕۆژانی ڕابردوومان ... هەر بۆ ساتێ وابزانە ئەو سەردەمەیەو نامەییکی دڵداریم لێ وەرئەگریت ... مەترسەو بیگرە ... بۆ میوانەکانمانی بخوێنەرەوە ...

ئافرەت : [بەسڵەمینەوە وەری ئەگرێ] ... شتی لەسەر نووسراوە ؟!

هیوا : مەترسە ... بیخوێنەرەوە ... ئەبوایە ئێوەی هونەرمەند ئەم ئەرکەتان لە ئەستۆ بگرتایەو هەقیقەتتان بۆ خەڵکی ئاشکرا بکرایە ...

ئافرەت : [بەسۆزەوە ئەیخوێنێتەوە]

هۆ ڕابەرە خۆ فرۆشەکان ...!
هۆ شاعیرە ساختەچی‌یەکان ..!
لەژێر سایەی بیرو هۆشی پووچ و ئفلیجی ئێوەدا
هەموو ڕۆژێ بێ شەرمانە
بەدزی‌یەوەو بە ئاشکرا
هەزارەها ئافەرین و دەستخۆشانە
لە جیاتی نەفرەت و تۆڵە ... لە جیاتی تف
هەزارەها دەستخۆشانەی نامەردانە
لە جەللادو پیاو کوژ ئەکرێ ...
لە کچ کوژو ژن کوژ ئەکرێ
لە قەمەو لە خوێنمژ ئەکرێ ..
ئەوەی نامەو بروسکەیان بۆ نەنێرێ ...
ئەوەی چەپڵەی ئافەرینیان بۆ نەکوتێ
ئەوەی نەیانکاتە بتێ ..
ئەوەی سەری نامەردی‌یان بۆ شۆڕ نەکا
زەحمەتە بواری بدەن ... پاروە نانێ پەیدا بکا ..

کۆرس : [سێ کەسن ... لەپشت شانۆوە ... دێتە ناوەڕاستی شانۆ]

هەوڵو ڕەنج و تێکوشانمان
تەنیا بۆ پاروە نان نی‌یە .
بەڵکو لەپێش پاروە ناندا
کەرامەتی زەتکراوەمان ئەوێتەوە
بیرو هۆشی بەنج کراومان ئەوێتەوە

(١) لەکۆرس : دەنگێ کە دەنگی ویژدانی جەماوەرە
(٢) لەکۆرس : وادێتە گویم و پێم ئەڵێ :

) له كۆرس : عیززەتێ نەفسم وەهایە ئاسمان بارانەکەی
بێ بەمنەت بۆم بباریٚ شەرتو عەهدە نامەوێ ..[1]
وا : [بیتاقەیێك لێ ئەکاتەوەو ئەیخوێنێتەوە]
بۆ ئاگاداری ... بۆ ئاگاداری

هاورێکانم :
کێشەکەمان ... کێشەی مرۆڤە ... ئەمجا خاك .. بەلام ئەوە بزانن .
مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە شێرو بێچووە شێرو پلێنگو هەلۆی ئاسمان نین ..
رس : بەدرۆ هەژارو سەرگەردان ...
بەدرۆو بوختان
ئێمەی هەژارو سەرگەردان
گشت کراینە شێری مەیدان
خراینە ڕیزی ئاژەلی درندەوە .. چەشنی حەیوان .
وا : بۆ ئاگاداری ..
هاورێکانم : ئەم نیشتمانەش بەهەشتی سەر ڕووی زەمین نی یە .. مشتێ خۆلو بەردو دارە ... بست بە بستیشی .. بە تاپۆی ڕەشەوە .. بە بڕوانامەی ڕەسمیو ناڕەسمی یەوە مولکی چەند کەسێکە ..

رس : مولکداری بەجاریٚ عەیشی تال کردووین
نیشتمان کەی هی ئێمەیە
تا ڕێیدا بژین .. بمرین
لەهەر کوێیەك کارمان هەبێ ...
لەوێ ئەبین .
یوا : بۆ ئاگاداری ..
کۆمەلێ مرۆڤی لە کاروان جێماوین .. هەرچی تواناو چەکمان هەیە .. لەسەر پێیە ... بەرامبەر زانستو بیرو باوەڕی مرۆڤایەتیو ڕەوشتو شارستانێتی .. ئەزانن بۆ ؟!
چونکە لەو بڕوایە دایم کە هەرچی لە ئامێزی کاروانە جێماوەکەماندا سەر

) میرزا مارفی شاعیر

هەڵنەدات .. ئەوە لە ئەستێرەییێکی ترەوە هاتووەو چی مووشەکی زەمین بە هەواییمان هەیە تێی ئەگرین ... بیرو ڕەوشتو ڕەفتاری کە ڕوو هەڵهێناوی خۆمان بە کلووری زانستو فیکرو ڕەوشتی جیهان ناگۆڕینەوە ..

(١) کۆرس : ئازایەتی لە فەرهەنگی چروکاماندا کوشتنە
(٢) کۆرس : ئابروو ناو گەڵ .. سەر بەرزێتی خوێن ڕشتنە
(٣) کۆرس : زیرەکیو دیپلۆماسیەت ... خۆ دۆڕانە . خۆ فرۆشتنە

کۆرس (پێکەوە) :

ئەی ئەو مرۆڤە ڕەنجدەری
بەنرخترین سەرمایەیتو
بەشت گوللەو قەمەو جوێتە
بە بیری مەزنانی مێژوو ...
کلپەی شۆڕشی هەقیقی هەڵگیرسێنە .

هیوا : [بیتاقەییێك لێ ئەکاتەوەو ئەیداتە دەست دڵسۆز]
ئافرەت : هۆ شاعیرە شەهیدەکان ... هۆ پێشەوا شەهیدەکان هۆ ڕابەرە دڵسۆزەکان

بە گژ تەورو کۆڵەوژو مشاری کولدا چوونەوە
بەگژ درەوشو کیلو زەردەواڵەدا چوونەوە
هەتا ئێستاش خوێنی گەشتیان
بەوێنەی کانیی چواروەرزە
بەڕووی قەمەی فرۆشراوا ... هەڵئەقوڵێ
بەگشت بێ ئابڕوان ئەڵێ

کۆرس : دەستی زۆردار سەر ئەکاو ناکاتە دڵێ ..
دەستی زۆردار سەدسەر ئەکاو ناکاتە دڵێ[1]

هیوا : [بیتاقەییێك ئەخوێنێتەوە]

هۆ ڕابەرە دڵسۆزەکان .. هۆ پێشەوا شەهیدەکان
هۆ شاعیرە نەمرەکان
ئەی ئەوانەی ووشەی « بەڵێ »ی سەرشۆڕیتان

گۆڕی بە « نەء»ی ڕاپەڕین
بەبیری نویّ ... بەدەرسی مرۆڤایەتی
کێشەییێکی نوێتان خولقاند
تۆوی هەقیقەتی ئاڵی ململانێی چینایەتی
لەنێو چاوانەی بریني کۆن و نوێی ئەم خەڵکەدا چاند

(١) **کۆرس** : ڕێی هەقیقەت بگرە تاماوی نەکەی لادەی لەهەق

(٢) **کۆرس** : هەق بڵێ ناهەق مەڵێ .. نەکەی لەهەق سەرف نەزەر

(٣) **کۆرس** : ئاخری هەر ئەمکوژی نابێ لەدەستت دەربچم

هیوا : ئەمکوژی جار بەجەهەننەم وەی بەفیناری سەقەر[٢] .

کۆرس (پێکەوە) : **ئەوەی بەدرێژایی مێژوو**
بەهێز لێمان زەوت کراوە
بەبێ سێ و دوو
وەك چارەنووسێکی حەتمی
دەیسێنینەوە بۆ هەموو ..

(١) **کۆرس** : ئەوسا ئیتر کۆمەڵگاییێك پێك ئەهێنن

(٢) **کۆرس** : لەبەرهەم و داهێناندا ..

کۆرس (پێکەوە) : هەر هەموومان هونەرمەندبین
[بەرەو دوا ئەکشێنەوە]

ئافرەت : هیوا ... بەسە...

هیوا : دڵسۆز ئەترسی ؟!

ئافرەت : ئەی چۆن ناترسم ؟! وا دیارە تۆ هەر لەسەر فاك وفیکی خۆتیت .

هیوا : دڵسۆزخان ئەمە ناو ئەنێی فاك وفیك ؟! زۆر هەڵەیت .. ئەمە هەر ڕێبازو کاروانەکەی پێشوومانە ... لەبیرتە ؟!

ئافرەت : [خەیاڵاوی ئەدوێ]
هیوا .. سەیری دنیا کە ... بڕوانە چەند گۆڕاوە ... لەو شەش ساڵەدا کە تۆ لە تاریکاییدا ئەژیایت ... هەموو شتەکان گۆڕاون ..
[دێتەوە سەرخۆی] کەچی تۆ هەر وەکو خۆتیت .

---

(١) **گۆرانی مەزن**

هیوا : من هیچ شتێ نابینم گۆڕابێ ... گۆڕانی هەقیقی ئەوەیە بنەڕەتەوە خۆمان ئەیگۆڕین .. دڵسۆزخان تۆ هاتوویتە سەر ئەم شانۆیە ... تا خەڵکی وریا بکەیتەوە ؟ یان سەریان لێ بشێوێنی !؟ ببورە .. من واهەست ئەکەم تۆ گۆڕاوی !

ئافرەت : هیوا ! ئەم قسە ڕەقانە چی یە تێم ئەگریت ؟! وام ئەزانی بۆ پیرۆزبایی لێکردنم هاتوویت .

هیوا : پیرۆزبایی چی؟! ئۆهـ .. دڵسۆزخان دوای پێشکەشکردنی شانۆگەری یەکە .. بێگومان پیرۆزبایی دەورەکەت لێ ئەکەم .

ئافرەت : [بەپێکەنینەوە] کوڕەکەی مەبەستم ئەوەیە .. ها ... ها ... ها .. دیارە نەتزانیوە [ئەڵقەی پەنجەی دەستی ڕاستی پیشان ئەدات]

هیوا : [بەماتی یەوە] کێ هەیە نەیزانیبێ کە قەشەنگترین ئاهەنگی دیاریکردنت بۆ کراوە !؟

ئافرەت : چۆنت زانی ؟

هیوا : دایکم .. [بەماتیەوە] ... دایکم کە دواجار هاتە سەردانم .. هەواڵی پێگەیاندم .

ئافرەت : لەبەندیخانە پێی ووتیت !؟ باشە لەو شوێنەدا پەلە پەل ئەم هەواڵەی چۆن دایتێ ؟! سەیرە ... دیارە چاوەڕوانی ئەوە نەبوویت ...

هیوا : دڵسۆزخان .. هەواڵی شووکردنەکەت ئاسایی بوو .. بەڵام ... بەهەر حاڵ کاری من لێرە تەواو بوو ... دیارە مانەوەم ئەبێتە مایەی دڵتەنگیت ..

ئافرەت : نا ... هیوا .. تۆ هەرگیز نەبوویت و نابیتە مایەی دڵتەنگیم .. نازانم ... هەست بەشتێ ئەکەم .. ئەتوانی ناوی بنێی شەرمەزاری .. خۆ ئەگەر پیرۆزبایی شووکردنەکەشم لێبکەیت ... ئەوە زیاتر شەرمەزار ئەبم .

هیوا : نا ... نا ... پیرۆزباییت لێناکەم ... تا ئەو ڕادەیە گێل نیم .. ناشمەوێ درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆمدا بکەم ..

ئافرەت : هیوا ... تۆ هەر هیواکەی جارانمی ... بەڵام ... [ئەوەستێ] بەڵام بەتەمای ئەوە نەبووم بەربیت ... [ئەوەستێ] تۆیش هێندە سەربەگوێبەندی ... [ئەوەستێ] ئەوی ڕاستی بێ ... نازانم بڵێم چی .

هیوا : [لێی دوور ئەکەوێتەوە ... بەماتی یەوە گۆرانی (تاوان) ئەڵێ][1]
ئەی نازەنین ... ئەی بەرگ ئەرخەوانی
ووتەی گەرمم لەگەڵ تۆیەو ئەیزانی
سەوداسەری ئەو گفتوگۆ دێرینەم
سووتاوی ئەو یێکەم دەستگوشینەم
لەو دەمەوە تۆم کردووە بەتاسە
بێ مەودایە کۆی دووکەڵی هەناسە
بێ دواییە .. ئەشك باسوورو سوێر بێ
نایە لەبن ئەگەرچی دیدە کوێر بێ
ئیتر بۆچی ئەم دەیتەبەر تیغی دەم
هیچ ناترسی بتسووتێنێ هەناسەم
ئەی نازەنین .. ئەی دوور لەنووکی ڕێباز
لەو دەمەوە تۆم کردووە بەهامڕاز
هێجگار سەیرە ... هەر وەك ترازوو وایە
هەڵسەنگاندن لەلای ئەم دنیایە
دنیا سەیرە .. سەر شێواوە بۆ کێشان
قورس بۆ زەوی ، سووك ئەچێ بۆ ئاسمان
زەهر شیرە ... مار ئەهێنن بۆ بێرە
گالەشۆخیو خاوەن خەرمان بۆ گێرە
گورگ پاسەوان .. شوان دانی لەگۆشت جیرە
مر بۆ چەقەڵ مل درێژە بێ قیرە
ئەی نازەنین .. ئەی بەرگ ئەرخەوانی ..
ووتەی گەرمم لەگەڵ تۆیەو ئەیزانی .. هتد ...

ئافرەت : [بەکەمێ توورەییەوە] هیوا ... من تاوانم چی یە ؟!

هیوا : [بەهێمنی] ... خاتوون .. تۆ ئەتەوێت لەسەر ئەم شانۆیە کێشەیێکی پیرۆزو گرینگ بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە ... بەلام ستەمە وەك هونەرمەندێك هەر قسەی ڕووتتان هەبێو لە ژیانی خۆتاندا ڕەفتاری پێوە نەکەن .

---

(١) شیعری محەمەد سالح دیلانی شاعیر .

ئافرەت : [بەتوورەییەوە] ئەمە تاوانە ئەیدەیتە پاڵم . چیم کردووە ؟!

هیوا : [بەتوورەیی] ئەزانی دەسگیرانەکەت کێیە ؟!

ئافرەت : ئەی چۆن نازانم ؟!

هیوا : ئەشزانی چی بەسەر باوکو باپیرمو خێزانەکەمان هاتووە ؟

ئافرەت : هەمووی ئەزانم

هیوا : باشە هەر هەموو سەرگەدانیەکەمان بەهۆی حاجیو بێچووەکەیو ئەمسالی ئەوانەوە نەبووە ؟!

ئافرەت : ئەمجا ئەمە چ پەیوەندییەکی بەدەسگیرانەکەمەوە هەیە ؟!

هیوا : ئەی جەنابی دەزگیرانەکەت وەچەی ئەو بنەماڵەیە نییە ؟! [بەتوورەیی] ها ؟!

ئافرەت : [بەتوورەیی] هیوا ! جەنابت وائەزانێ پیاو خراپی بە ویراسەتە ؟!

هیوا : [بەهێمنی] دڵسۆزخان . کەی من ووتوومە پیاوخراپی بە ویراسەتە !؟

ئافرەت : ئەی کەواتە بۆ پلارم تێ ئەگریت ؟

هیوا : [بەهێمنی] دڵسۆزخان .. من تەنیا ساڵێك لە کۆلێژی پزیشکی لەگەڵ تۆدا خوێندوومە .. خۆشوکور تۆ کۆلێژت تەواو کردووە ..

ئافرەت : بۆچی وائەزانیت زانست ئەڵێ هەواڵدزی بە ویراسەتە ؟! نەخێر ... زانست ئەوەی سەلماندووە کە شێوەی لەشو ڕەنگی پێستو چاوو هەڵکەوتی ئەندامی مرۆڤ بەوێراسەتە ... بەلاّم ڕەفتاری جوانو ناشیرین بەوێراسەت نییە ... تێگەیشتی ..

هیوا : باوانەکەم ... زانستو ژیان ئەڵێ ... ئەوکارو ڕەفتارە جوانانەی !! لە بنەماڵەی دەزگیرانەکەت دەوەشێنەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پەروەردەکردن وفێرکردن و لاسایی کردنەوەوە هەیە .. واتە دەوروبەر کارێکی مەزن ئەکاتە سەر ڕەفتارو بیرو باوەڕ ..

ئافرەت : [بەخۆهەڵکێشانەوە] ئاخر هیوا .. دەزگیرانەکەم وەك ئەوان نییە .. ئەم ڕۆشنبیرە .

هیوا : باپیرەگەورەیشی لەسەردەمی خۆیدا ڕۆشنبیرو تەنانەت شاعیریش بوو ...

ئافرەت : [بەتوورەیی] یەعنی ئەتەوێت پێم بسەلمێنی کە ئەمیش هەواڵدزێکی پیاو خراپە ... گوێ بگرە . هیوا .. حەزناکەم لە ئیشی تایبەتی خۆمدا خۆتی تێ هەڵقورتێنی .

هیوا : سوپاس خانم .. ببورە [دێتە نێو بینەرانەوە] ببوورن ئێوەش ببورن .. بیتاقە .. یانسیب .. دەرئەچێ .. [دابەشی ئەکات]

ئافرەت : [بەماتی یەوە] .. هیوا .. تۆ .. [لە خوار شانۆوە ئەوەستێ]

هیوا : [لە پشت بینەرانەوە] دڵسۆزخان . ئەوە حاجی هاتەوە خەریکی ئیشی خۆتان بن .. بیتاقە .. یانسیب ..

« دیمەنی هەشتەم »

حاجی : [بەپرتاو دێت و بێچووەکەیشی بەدواوەیەو لاسایی ئەکاتەوە] ئەوە کوا ... ئەوە چی لێ هات ؟!

مێجەرسۆن : [لەسووچێکی شانۆوە دێتە پێشەوە .]

حاجی : [بەشادی یەوە بەرەو رووی ئەچێ] ئەوەتا .. خۆیەتی ..

هەموو دوژمن لە ترسی تۆو تیژی ئەم جووتە چاوانە
وەنەوز ناچێتە پێڵوویان ، حاڵیان گەلێ پەریشانە
هەرچی ورتەیەکیان لێ بێ .. دەیگەیەنم بەزیادەوە
فیدات بم فاتیحی دەربەند ، عەجەب لەو شەوکەت و شانە .

سۆن : ها ... حاجی .. ئەم شیعرە خۆشانەش ئەزانیت ؟!

حاجی : قوربان ئەوە پارسەنگی موخلیسیمە بۆ جەنابتان .. گوێ بگرە :

لەحوسنا یووسفی سانی .. لە ئەحکاما سلێمانی
لە عیلما بەحری عەممانی .. بەحیکەت عەینی لوقمانی
هۆ مێجەرسۆن .. هۆ شیرازی .. باوکم بکەم بە قوربانی

مێجەرسۆن : ئەڵڵا .. ئەڵڵاە .. لەگەڵ ئیشەکەتدا شیعریش بڵێ ... زەرەر نادا ...

[پارچە کاغەزێك دەردێنێ]

حاجی : گەورەم ئەوە شیعرەکانم ئەنووسیتەوە ؟!

مێجەرسۆن : نەء مەلا .. من زۆر لێت ڕازیم .. پیاوانە جێ بەجێت کرد .. ها .. [کاغەزەکەی ئەداتێ] .. ئەوە سەدو پەنجا ڕوپێیە بچۆ لە خەزێنە سەرفی کە .

حاجی : لە خەزێنە !! [دوودڵە] یەعنی لای قادرەفەنی ئاغا عەبدوڵڵا ؟!

سۆن : [بەتوورەییەوە] ئەڵێم لە خەزێنە

حاجی : توورە مەبە قوربان .. ئەزانم .. یەعنی لای قادرەفەنی . وەڵڵاهی هەر ئێستا ئەم شیعرەم بۆ هات .. سوبحانەڵڵا ئیلهامی شیعر وەختو سەعاتو مەکانی بۆ نی یە .. گوێ بگرە :

من کە موخلیسی قادرم .. نۆکەری غولام شیرازیم
لەبەحری بەخشندەییتان .. بەزاتی خوا گەلێ ڕازیم
کەشتی موعجیزەی ئێوەیە .. کە بۆتە مایەی شانازیم ..

سۆن : ئافەرم حاجی .. قافیەکەی بە قووەتە .

حاجی : خوا حافیز [بێچووەکەی بەدوایەوە .. بەدەم ڕۆشتنەوە ..] بەزاتی خوا.. گەلێ ڕازیم .. کەشتی .. بەحری .. قادرەفەنی .. ئاخ .. بۆتە مایەی شانازیم .. چیمکرد بەخۆم .. شانازی چی .. چۆن بچم ؟! سوبحانەڵڵا .. ئەوڕۆژە بۆ وام پێکردن ؟!
[بەدەنگیبەرز] هەی ئەحمەق ... هەی جاهیل .. هەی نەفام .. هەی کەر کوڕی ..

بێچوو : من چیم کردووە ؟! هەر لەخۆتەوە جوێنم پێ ئەدەیت !؟

حاجی : هەتیو بەتۆ ناڵێم ...

بێچوو : ئەی بەکێ ئەڵێی کەرو ئەحمەق ...

حاجی : هەتیو .. بەخۆم ئەڵێم .. ئا باشە هەتیو تۆ لە خۆتەوە بۆ قسە ئەکەی ... سوبحانەڵڵا ... تۆ هەر سەیرکەو گوێ بگرەو شت فێربە ..

بێچوو : من چیم ووتووە ؟! ئێ چی فێر بم ؟! جا ئەوە چی یە ؟! هەمووی فێربووم .. ئەسڵەن لە تۆش باشتری ئەزانم ...

حاجی : ئەڵێم : دەمت لێك نێ [لەبەرخۆیەوە] .. ئەبێ ئەقڵو بیری خۆم بەکار

بێنم ... ئەبێ چارەسەری ئەم موشکیلەیەش بکەم ... ئەمە ئەقڵو ماریفەتی گەرەکە .. [ئەڕۆن]

ئافرەت : [ئەیەوێ بدوێو ناتوانێ ... ئەمجا] ببوورن .. ئەڵێی .. ئەڵێی دەمم بەتەڵەی تەقیوەوە بووە .. خۆشەویستان .. لەوانەیە هەندێ جار ئێمەی هونەرمەند ... زۆرشت بەپێچەوانەوە بخەینە ڕوو .. یان هەڵەی فیکریو زانستی بکەین .. بێگومانم لە نێوانتاندا کەسانێکی وا هەن ... هەڵەکانمان ڕاست ئەکەنەوە .. ئێمە نەمان ئەزانی ئەم ڕەفتارو کردارە بەدو چرووکانە بەمیراتی لە باوکەوە بۆ کوڕ ئەمێنێتەوە .. واتە تێکەڵی کرۆمۆسۆماتەکانی ئاوەلەی نێو سکی دایك ئەبێت !؟ یان بەپەروەردەکردن ئەمێنێتەوە ؟! .. بەلام ئەوەبوو وەکو دیتان هیوا .. [هەناسەییێك] ... هیوا بەرچاوی ڕوون کردینەوە .. ئەوەی لە ئامێزی ئەم بنەماڵانەدا پەروەردە بێت زەحمەتە بتوانێ پەیڕەویان نەکات .. یان هەر هیچ نەبێ بەوە جاخ کوێری نامێنێتەوە.. بەڕێزان .. ئەم باسە مشتو مڕێکی زۆر هەڵئەگرێ ... بەلام ئەوەی هەقیقەتە ئەوەیە کە تەنانەت سیفاتەکانی ئەندامی لەشی زیندەوارانیش لە بنەڕەتدا بەهۆی کارتێکردنی دەوروبەرەوە بووە ..

« دیمەنی نۆیەم »

حاجی : [دێتو بێچووەکەی بەدواوەیە .. قادرەفەنی دانیشتووە .] من

موخلیسی قادرەفەنیم .. نێرراوی غولام شیرازیم

لەبەحری بەخشندەییتان .. بەزاتیخوا گەلێ ڕازیم

ئەسسەلامو عەلەیکوم قادرەفەنی .

قادر : لەبەری هەڵئەسێو سەرسامە] عەلەیکەسسەلام ... مامە حاجی ...

حاجی : تو زاتی خوا دانیشە .. مەحجووبت کردین .

قادر : فەرموو ... فەرموو .. دانیشن .. گەورەت کردین ..

حاجی : خوا بەرخوردارتکات ... باوکت چۆنە ؟! خوا عەلیمە زۆر موشتاقی ئاغای باوکتم .. خوا بەوسەرەوە شایەتە .. سەرقاڵیو مەشغەلەت

مەجالی نەدام .. بەزاتی خوا ناساغیش بووم ئیتر پیری وهەزار عەیب .. توخوا زۆر سەلام لە باوکت بکە .

قادر : تەشەکور ... مەمنوون مامە حاجی .. [سەرسامەو ئەخولێتەوە .. ئەچێتە نزیکی حاجی یەوە] .. حاجی ئەوە خێربوو تەشریفت هانی ؟!

حاجی : [دەست بەباخەڵیدا ئەکات وکاغەزەکە دەردێنێ]

فیدات بم فاتیحی قاسە .. عەجەب کورێکی جوان خاسە

خەزێنە گشتی پۆلایە .. کلیلی عەینی ئەڵماسە

نەیکەیتەوە بۆ ئەوکەسەی .. بێ ئیمان و خوا نەناسە .

قادر : مامە حاجی خۆ ئەوەی فەرمووت لەشیعرئەچێ ..

حاجی : کوڕەکەم .. من لەمێژە شاعیرم .. مەخطووطەم زۆرە ... بەڵام ئەڵێی چی دەرفەتم نەبووە طەبعیان بکەم ..

قادر : ئەو کاغەزەش شیعری تیایە ؟

حاجی : نا کوڕەکەم ... ئەمە لە باوکی شیعر خۆشترە .. لەعیلم و هونەر موهیمترە .. لەڕۆح وگیان ئازیزترە ... ها فەرموو بیخوێنەرەوە بزانە خیلافی هەیە .

قادر : [وەری ئەگرێ و ئەیخوێنێتەوە] سەدو پەنجا ڕوپێ .. ئێ ئێ .. لێتدا .. بۆت دەرچوو .. ئەم طامغەو ئیمزایەش هی ...

حاجی : هی مێجەرسۆنە بەگە ...

قادر : حاجی تێناگەم ... تۆو مێجەرسۆن کوجا مەرحەبا !!

حاجی : کوڕی ئازیزم .. تۆ هەقت بەسەر ئەم حەل و فەسڵەوە نەبێ چاکە .. تۆ مەئمورێکی حوکومەتیت ... کاری خۆت بکە .

قادر : ڕاست ئەفەرمووی .. بەڵام ... [بیر ئەکاتەوە] ... بەڵام ئەو پارەیەی لە خەزێنەدا ماوەتەوە ... هەمووی ..

حاجی : [بەپەلە] هەمووی چی ؟! هەمووی چی !؟ هەمووی سەدو پەنجا ڕوپێ نابێ !! حوکمەتێکی زەبەلاح و موعەظەمە سەدو پەنجا ڕوپێی پێ ئەدبیر نابێ !؟ .

چۆن ئەو بەحری ئیحسانە

ئەو گەنجینە ئاوەدانە

لەو مەبلەغە هاکەزاییە دەستەوسانە

خەریکە ئیلهامی شیعرم وشك ئەبێ ..
بەزاتی خواو ئەو قورئانە ..

قادر : جوانە ... جوانە .. [پێ ئەکەنێ] .. مامە حاجی مەخسەدم ئەوە نەبوو ... هەیە .. شوکر هەیە .. زۆرە ..

حاجی : [دەست بەدڵییەوە ئەگرێ] .. چووزانم ... « إن بعض الظن إثم » خەریك بوو بەنگی جەرگم بپچڕێت .. هەناوم بەر بێتەوە ... ئەی باوکی باوکم بەقوربانت بێ مەخسەدت چی‌بوو ؟!

قادر : مامەگیان .. مەخسەدم ئەوە بوو عەزری جەنابت بکەم .. کە هەرچی پارەی ئەوقاف و هی حەلاڵو لە خەزێنەدابوو ، لەسەر فەرمایشتەکەی جەنابت .. لەبیرتە ها .. ئەو ڕۆژە !؟

حاجی : ئێ دەکوڕم بیرم مەخەرەوە ... ئەڵێی چی شەیتان پێی‌کردم .. [تفێ لە بێچووەکەی ئەکات] تف شەیتان بەلەعنەت بێ ..

بێچوو : [ڕائەپەڕێ] ئێ دەمن گوناحم چی‌یە !

حاجی : هەتیو .. ئەبوایە پێت بووتمایە .. قەیناکە .. ئێستا شوکور هیچ نەبووە ... ئێ قادرەفەنی ... پارەی حەلاڵی خەزێنەت چی لێکرد ؟!

قادر : لەسەر فەرمایشتەکەی خۆت هەموویمان کردە مەعاش وموچەو باربوویی خەڵك‌و خواهـ .. ئێستاش تەنیا پارەی تیاترۆخانەکەی تێداماوە .. ئەگەر ئەفەرموویت .. هەر ئێستا لەو پارە حەرامەی کە ئەڵێی چڵکی سەگە ... مەبلەغەکەت بۆ ببژێرم ...

حاجی : وا نەڵێی .. بۆ خاتری خوا .. تۆ بزانە .. قاصەکە بگەڕێ ..لە پەناییکدا .. لەژێرەوە .. لەسەرەوە .. لەم‌لاوە .. لەولاوە .. باش بگەڕێ ...

قادر : بەسەری مامە حاجی تەنیا ئەوەی تێداماوە کە لە چڵکی سەگ حەرامترە .. ئەگەر سەبریش ئەفەرموویت .. ئەوا بێك دوومانگی تر .. هەرچۆنێ بێ لەبەر خاتری ئەو قورئانەی لە سنگتایە .. پارەی حەلاڵت بۆ لا ئەدەم ...

حاجی : [لەبەرخۆیەوە] بێك دوو مانگی تر !! چۆن ئەبێ .. تا دوومانگی تر مێجەرسۆن بەگ دوو ئەوەندەی ترم بۆ ئەنووسێ ..

[بۆ بێچووەکەی] وا نی یە ؟!

بێچوو : دە ئەوەندەی تریشت بۆ ئەنووسێ .. بۆ منیش ئەنووسێ .. ئەرێ وەڵڵا وایە .. بۆمنیش ئەنووسێ .

حاجی : [بۆ قادر] کوڕم .. دوومانگی تر هەر نەو ..

قادر : ساوەڵڵا ئیتر کەیفی جەنابتانە [بەدەم قسە کردنەوە ئەچێتە لای قاسەکەوەو پارە دەردێنێ و ئەیژمێرێ] ئەگەر ئەمر ئەفەرموویت لەم پارەی تیاترۆیانە ... بۆت ئەژمێرم .

حاجی : [لەگەڵ بێچووەکەیدا زمان ئەلێسنەوە]

کوڕەکەم .. تۆ وامەلێ .. ئەوە پارەیە .. مەصدەرەکەی موهیم نی یە ..

پارە هەزار دەست ئەبینێ و هیچی لێ نایەت .. نەحەڵاڵ و نەحەرام ...

ئەوە موهیم نی یە .. موهیم ئەوەیە ... [دان بەووشەکاندا ئەنێت و زمان ئەلێسێتەوە] موهیم ئەوەیە چۆنی حەلاڵ ئەکەیت .

قادر : ئەشەمبیللا مامە حاجی ئەم فەرموودەیەت هەقیقەت کوڕی هەقیقەتە .

حاجی : نا کوڕم ... حەقیقەت موئەنەسە.. ئەبێ بڵێی کچی هەقیقەتە ..

قادر : [بۆنی پارەکە ئەکات] ساوەڵڵا مامە حاجی ڕاست ئەکەیت پارەکان بۆنی سووراوو سپیاویان لێ دێت [ئەیژمێرێ]

حاجی : کوڕم باشی بژمێرە ... [زمان ئەلێسێتەوە]

ئەوەی من وەری ئەگرم

هی عەزێت و ڕەنجی شانە ..

بێچوو : [زمان ئەلێسێتەوە] هی ئارەقی ناوچەوانە

حاجی : گەرچی پارەی تیاترۆکانە ... [زمان ئەلێسێتەوە] توبی خووا قادرەفەنی ..

با دەستم بەریان نەکەوێت

بۆم بخەرە ئەم گیرفانە .. [گیرفانی بۆ ئەکاتەوە]

بێچوو : نا بیخەرە ئەم گیرنانە [گیرفانە بۆ ئەکاتەوە]

قادر : [پارەکەی بەدەستەوەیە لە بەینیاندا دێت و ئەچێ]

بێ قەزا بن مامە حاجی

ساغی کەنەوە بۆ کامتانە

بێچوو : تۆ بیخەرە ئەم گیرفانە

ﺎجی : نا بیخەرە ئەم گیرفانە
[لەگەڵ بێچوودا دەست ئەدەنە یێك ..]
ێچوو : ئەبێ بیخاتە ئەم گیرفانە ..
ﺎجی : کەری ئەحمەق بەشت ئەدەم ..
[بۆ قادر] بەناوی منەوە نوسراوە
بوّم بخەرە ئەم گیرفانە ..
ﺎدر : ئەمە سەدو پەنجا ڕوپێ ..
نەزیادەو نەنوقسانە .. [ئەیخاتە گیرفانی حاجییەوەو پێ ئەکەنێ]
ێچوو : [ئەمسەرو ئەوسەر ئەکات و خۆی بۆ ڕاناگیرێ]
ئەی من ؟! هەر ئێستا منیش دەست پێ ئەکەم .. ئەوە چییە ؟ خۆ من باشتری ئەزانم .. [ئەیەوێ بڕوا] ئەڕۆم ...
ﺎجی : هەتیو .. وەرە ... پەلەمەکە ..
ێچوو : نا ... ئەڕۆم ... ئەوە چییە !؟ منیش ئەتوانم بیکەم تەنانەت ئەزانم ئەو شیعرانەش دانێم ... بزانە بوّری توّش ئەدەم یان نا .. [ئەڕوا]
ﺎجی : هەتیو .. مەڕۆ ... مەڕۆ ... [لەبەر خۆیەوە] ئەترسم ئەم هەتیوە خۆی بەقەڵبەییکدا بدات ... [ئەڕوا بەدوایا] هەتیو ! پەلە مەکە ... مەڕۆ ... واهاتم ..
ﻫیوا : [دەنگی دێت] ... بیتاقە ... یانسیب ... دەرئەچێ ..
ﺎفرەت : هیوا گیان ... ئەوە توّیت .. نەڕوّشتوویت
ﻫیوا : [بەرەو شانۆ] ... نا ... نەڕوّشتووم ... تا پیرۆزبایی دورەکەت لێ نەکەم ناڕۆم ...
[بۆ بینەران] هاوڕێکانم :

ڕەنگە بپرسن .. ئایا ئەنجامی ئەوانە بەچی ئەگات ؟!
ئایا توّڵەی خەڵکی بێتاوان و سەرگەردان ئەسێندرێت ؟!
بێگومانین ئەسێندرێت ... بەڵام کەی ؟ نازانین کەی ..
ئەوەتا ئێمە لەسەر ڕێبازو لەگەڵ کاروانە مەزنەکەدا بەردەوام ئەڕوّین .

ئافرەت : هەموو ڕۆژێ ... هەموو ساتێ تاوان بەلێشاو ئەبینین ... بەلام سزاکەی نابینین ... بەڵکو پاداشتی تاوانبار ئەکرێ ..

هیوا : هەروەها هەموو ڕۆژێ ... هەموو ساتێ سزا بەلێشاو ئەبینین ... بەلام تاوانەکەی نابینین ... چونکە تاوان نی‌یە بێ تاوانە سزا ئەدرێ ...

ئافرەت : [دێتە تەنیشت هیواوە ... ئەڵقەکەی توور ئەدات و دەست ئەخەنە دەستی یێکترو پێکەوە سروودی کۆتایی ئەڵێن]

کاروانمان هەر بەردەوامە
ئاسۆی ئاڵو ڕووناك دیارە
گەرچی ڕێباز مەرگ و زامە
بەلام ئەنجام یێك ئەنجامە
تا بێ‌تاوان سزا بدرێ
تا ڕەنجی شان بەزۆر بخورێ
تا ئەو ڕۆژەی تاوانباران
لەسەر زەوی گەسك ئەدرێ
کاروانمان هەر بەردەوامە
گەرچی ڕێباز پڕ هەڵدێرە
بەلام ئەنجام یێك ئەنجامە
ئاسوودەگی‌و خێرو بێرە ..
کاروانمان هە ..

[یێکە یێکەو دوو دوو .. هونەرمەندەکانی تر بۆ سلاوی جەماوەر دێنە سەر شانۆ لەگەڵ بەردەوامی وتنی سروودەکەدا ...]



ـــان كـــوخ

يعرى:
ـمد عمر عثمان

ـليمانى
ەوى ٧/٥/١٩٨٤

ـرچی تەمێکی ڕەشی قەترانیی..
ـسۆی ژیانی خستبووە نێو مشت
گیانێکەوە وەك گیانی مەسیح..
مویست دەرگای نور بخەمە سەرپشت

* * *

ـەرسوڵا)ش دەرگای لەڕوو داخستم..
ـکڵپەی دڵم.. دڵی سپس نەکات
ـشەش پێی وتم: مەیە کەنیسە..
ـڵاوەکانت جێ‌وڕێ پیش ئەکات

* * *

ـڵاوەکەشم وەك خۆم بریندار..
ـش بوو لەتۆزاو بەگەرمای تەمووز
ـفری مزگێنیم ئەباراندە سەر..
ـێکارانی ناوکانە خەڵووز

* * *

کەناری سۆزی هەژاران بووم و
لە (سیۆ) زیاتر کەسێ نەبوو کەس
باوەشی هیوای هەمیشەیی بێ..
چرای ئومێدم بخاتە سەر دەس

* * *

خۆو (کای)یش جارجار مەیلی ئەدامێ..
خەم نەدایە دەست شەهوەت و گڕی
گڕێ لەدڵا نێڵەنێڵی بوو..
بەبەفری خەڵوەت گۆونایم سڕی

* * *

فڵچەم لەخوێنی خۆم هەڵ‌ئەکێشاو
دەریایەك بووم شێت.. شەپۆلم زەبەنگ
خۆراکی لەشم قاوەو دوکەڵ بوو..
خۆداکی گیانیش.. بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ

* * *

له تابلۆکانما خۆرم ڕاوو ئەکرد..
کەشەو دائەهات.. خۆری ئاوابوو
لەو تابلۆیەدا کەئەمبردەوە
تازە لەکۆشی کازیوەدا بوو

* * *

کەپشکۆی هاوین بەپێستما ئەچزا..
خۆم نەئەخستە ژێر باڵی بەفر
کەزستان نوقمی بەفرو ئاو ئەیووم..
هانام نەئەبرد بۆ کولبەو چەتر

* * *

کەپایز داری ڕووت ئەکردەوە..
حەزمەکرد پێستم بکەمە بەری
پاڵتۆ سەوزەکەم بدەم بەشانیاو
شەپقە شڕەکەم بکەمە سەری

* * *

لە تابلۆوی شەوا.. هێشوی ئەستێرەم..
بەخشی بەچڵی شەوی بێدوایی
کەچی ژوانی یاد نەیزەکێ بوو..
کشاو مامەوە لەگەڵ تەنیایی

* * *

ئاخ (کریستین)یش لێك جیابووینەوە..
سۆزانی نەبوو.. لەلای من خوابوو
وەکو من پایز چەقۆ زەردەکەی..
لەداری سەوزی گەردنی نابوو

* * *

پایزی ڕەنگ زەرد.. مایەی دڵتەنگی..
کردم بەڕەمزی ئومێد.. من ڕەنگی
خۆم ڕاهیب.. ڕەنگی زەردیش پەرسگا..
قەت خامۆش نەبووە لەگوێما زەنگی

* * *



داخی (گۆگان) بوو.. من گوێی خۆم بڕی..
یاخود بەتەنیا خواستی (ڕاشیل) بوو
دەرگای شێتخانەم بۆ کەوتە سەرپشت..
بەردەبارانی خەڵکی کلیل بوو

کەخوێنی خۆمم ڕشتە تابلۆوە..
کەزانیم ئیتر خۆرلێم هەڵنایەت
من گوللەی مەرگم نا بە خۆمەوە..
چونکە(بەدبەختی کۆتایی نایەت)

* * *

پەراوێز:

١ ـ شەخصیەتی ڤنسنت ڤان کوخم لەم شیعرەدا وەک قناعێك بەکارهێناوە.. ڤان کوخی وێنەکێشی هۆڵەندی لە ١٨٥٣/٣/٣٠ لەهۆڵەندە لەدایك بووەو لە ١٨٩٠/٧/٢٩ لە تەمەنی ٣٧ساڵیدا خۆی کوشت.

٢ ـ ئەرسوڵا: یەکەم ئافرەت بووە کەڤان کوخ حەزی لێکردووە.

٣ ـ سیۆ: برا بچوکی ڤان کوخ کە شەش مانگ دوای ڤان کوخ کۆچی دوایی کرد..

٤ ـ کای: کچی مامی ڤان کوخ.

٥ ـ نەیزەك: ئەو بارستاییە خۆڵو بەردەی ئەکەوێتە هەوای زەویەوە گڕ ئەگرێو کە شەوان ئەیبینین لای خۆمان ئەڵێن ئەستێرەیەك کشا.

٦ ـ کریستین: ئافرەتێکی سۆزانی بووە.

٧ ـ گۆگان: وێنەکێشی فەرەنسی بەناوبانگ ماوەیەك لەپاریس لەگەڵ ڤان کوخا پێکەوە ژیاون.

٨ ـ ڕاشیل: ئافرەتێکی سۆزانی بوو کە ڤان کوخ گوێیەکی بڕاووی خۆوی پێشکەش کردووە.

٩ ـ وتەی ناو کەوانەکە (بەدبەختی کۆتایی نایەت) وتەی ڤان کوخ خۆیەتی.

ئازاری دەروون

- محمەد بەدری -

١ -

تۆش وەك من بوویت
لەدۆزەخی گڕی دەروونتا ئەسووتای
چاوەکانت باڵندەی بێهێلانە بوون
تەنیا هاژەی لێوانت بوو
خەمی دڵیان بەڕێ ئەکرد بەئۆف و ئای
تۆش وەك من بوویت
حەزت ئەکرد ببی بەگڕ
ببی بەتەم
ببی بەدڵۆپەی ڕۆشنایی و
تیشکەکانت
بەسەر ڕۆژگاری مەینەتما ببارێنی
حەزت ئەکرد
لەم ئازارە بێ پایانە میوانم بی
لەم دەشتە ساردو ماتەدا
شەوچەرەی دیوەخانم بی

٢ ـ كە ئەتۆرایت
کاروانی‌بیر
لەسەر شانۆی نامۆییمدا ئەبوو بەپرد
بەرەو رۆژانی رابووردو کۆچی ئەکرد
تۆش وەك من بوویت
دەستەکانت کورەی ژان بوون
پەنجەکانت
گیروودەی مان‌و نەمان بوون
گەشتەکانت
غەرقی دەریای کوێرەوەری‌و
یەخسیری ئەفسانەکان بوون

٣ ـ
تۆش وەك من بوویت
حەزت ئەکرد
بۆ تینووەکان ببی بەئاو
بۆ کوێرەکان ببی بەچاو
بەڵام گیانە نەتدەزانی
ماسی هەرگیز ماڵی نابێ
ئەوەی ئازاری نەدیوە
لەوانەی ئازاریان دیوە
حاڵی نابێ ...

کاتێ
کە گڵ
ئەبێتە ،
هیمۆگلۆبین !

شیعری محمد ئەمین پێنجوینی

* * *

بەمناڵی گڵم ئەخوارد ...
لەناو خۆڵا خۆم ئەتلاند ....
زیخ و ووردە بەردم ئەژمارد ...
خۆڵم ئەخوارد ، گڵم ئەخوارد ...!
لێیان ئەدام ...
بە « شەولەبان » ،
ترس و خێویان ئەنامە بەر ...!
فەلاقەیان بۆم دا ئەنا ...
زۆر لاسار بووم ، عارم نەنا ...!!
بەمەقاشی سوورەوە بوو ،
چزیان لە پێستم ، هەڵ ئەسان !
چون ، وەك شەكر گڵم ئەخوارد
وەكو مەل چینەم لێ ئەكرد
خۆڵە پەتانێم پێ ئەكرد
ئەم ئەزانی لەبەرچی یە ،
بەم شێوەیە :
من هۆگری خۆڵ و خاكم
گەر دوور لە گڵ بم غەمناكم !

* * *

[illegible]

[illegible]

لە [illegible] [illegible] [illegible] ...

بۆیە ئەڵێم [illegible] [illegible] بێ .

[illegible] [illegible]

تا [illegible] [illegible] .

تا [illegible] [illegible] [illegible]

لەگەڵ خوێنما [illegible] بێ ...

بێتە [illegible] ی [illegible] !

لە [illegible] [illegible] ... !

تێبینی

ئەم شیعرە لە [illegible] سەد ساڵەی شاری سلێمانی‌دا لە لایەن شاعیرەوە [illegible]رایەوە کە لە ڕۆژانی ١٥ تا ١٨ی ئەیلوولی [illegible]دا لە لایەن یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد [illegible] سلێمانییەوە سازکرا .

موتوربه

سەباح رەنجدەر

٣ ـ ٥ ـ ١٩٨٣ : هەولێر

من ئاشقی خۆری دوورمو
پشکۆی سووری
ئاگردانی تەزووی سرم
لە ئامێزی سەهۆڵبەنڎانی بێدادی
هەڵدەلەرزم
نامۆیێکی رەشو رووتی بێداڵدەمە
بە هەورازی ژانەکانی تەمەنی خۆم
سەر دەکەوم
قەیرە کچە گەڕۆکەکەی بێ ناونیشان
تۆ وێڵی چیت ؟
تا دوو بەتڵی شەو رادەکشێ
لە دەواری قژی فێنکی شۆڕە جافێك
بەیتی بێداری حەسرەتــی
سپێدەی روونی شیرینم
دەڵێمەوە
چاوم نەوتی چارەنووسی تێدازاوە
وەك چراخان
لەچوار گۆشەی ژووری زیندان
گەش.. گەش چەشنی
ئاگری شوانی لا پاڵەکان
بە ئارامی لە نێوانی درزی شیشە
داگیرساون
تا درەنگ دەبریسکێتەوە

* ● *

دڵدارەکان
لە دامێنی ژوانی مەرگی کتوپڕدا
دوای تێکخزان
هەنگاو... هەنگاو
دەکشێنە ئەو بنارانەی
ڕەزی مێژووی تێدا سەوزە

* ● *

من دڵنیام...
هەر شەپۆلی ڕەوتی هەڵچووی
ئۆقیانووسی هەرێمی ساردی تەریکم
تاڵ... تاڵ کەزی پەرتی مانگی
لە شانایەك دەگرێتەوە
ڕەوە قەلی نەیاری ژین
بەشا باڵی ترسناکی
سێبەر لە روانگەی روانینی دیدەم دەکاو
کلۆرۆفیلی چرۆی ساوام دەخواتەوە

* ● *

دێرازەمانە
هەورێکی خۆڵەمێشینی ڕەنگداریژراو
بەشەکانی ئاسۆیی زیندووی
سینگی شۆخە کەژاوە نەدیـتوە کەمی داپۆشیوە
خورپەی دەروون
بازنەی تاریکی دەشکێنێ
لە ئۆردووگای چەقی چەرخی ڕەهێڵەورك
تێدەپەرم
رووبار ئاسا
کە سەرە ڕۆ ناڕۆم... ناڕۆم

بەو ناوەختە
سەری کۆچێکی شێتانەی هەڵگرتووە
دەڕوە   دەڕوە بێ پشوودان
تا ئاوێنەی شاری تیشک
ڕاناوەستە
لە باوەشی دەریای مەنگ
لە خەودا بووە پەلیان بەستە

* • *

چەپکێ گزنگ
دەر بە تاریکیەوە دەدات
ڕەگی قووڵ بیری پەسیاو
لەناو نیشتمانی مێشکی پاکی مندا
زیاد ڕۆ چووە
پەرژینی چڕی تووترکی
باخچەی دڵم دەپچڕێنێ
بەمیوانی ڕوشنایی ڕۆژ
لەو مەڵبەندە شەو کۆچ دەکات
لا دێییەکان
باسک لە یەکتر وەر دێنن
پەساپۆرتی پەڵە هەورێکی زامداریان
هەڵگرتووە
شۆڕەبییەکان
موتوربەی ئەزەڵ دەبن
کوپکەی تازەی داری حەزەخۆر ماچ دەکات
تێر بەسییە تینووەکانی
شنەی بەیان هەڵدەمژێ و
کۆترەشینکەی هەموو دونیا
لە تاکوڵ نوقرە دەکرێ
جوانترین پەلکە زێرینەی دوایی باران
بۆ جیهانی نوێی مرۆڤ
گۆرانی ئاسایش دەچڕێ



لەیلان

صدیق خالد هروری

لەیلا نا من
چەند هێژایێد هێژا مرن
ئەز نەکریم
چەند عەزیزێد دلا مرن
ئەز نەکریم
وەلێ بوتە..
لەیلانا من
بشەڤ و روژا
بدل و چاڤا
ئەزێ دکریم

* * *

لەیلانا من
تو یا ساخی و
تویا مری ؟!
لەیلانا من
ئەڤە تویا دچاڤێد مندا و
ئەزێ دنیڤا چاڤێد تەدا
تو ئەڤەیی و
تویا بری ؟!
لەیلانا من
رابە لهێداڤا سەرێ من
سێ جار جارا وەرە و هەرە
بو دەردێ خو
بو بەردێ من
ستڕانا مانێ بستڕە
مەلوو رینە و
مەکە کری ؟!

* * *

لەیلانا من
تو یا دبینی
تو دزانی
بیهنا دهێتن
بێهن کو زێرا پرچا تەیە
ئێدی تبلێد من ج شەکەن ؟!
لەیلانا من
رەنگێ چاڤێد تە کهوڕی
رەش و سپیکا تێکەل کری
ئێدی چاڤێد م لێ سەیرکەن ؟!
لەیلانا من
خەما نەخو
من ناڤ و دەنگێ تە هەیە
من تو هەیی
لەیلانا من
لەو هەر تویی و
مانا منی
شێرێ مە بهێلینی مەیی
هەلزا بەر لاتێد چیا
هێنکێ ملێین
دەمێ بهێ

پێنج دەنگ

خالد حسين

(١)

گەر ئەڤروكە
ئەڤ پەيڤاهە
خوە لەرزاندو وێ خوە [illegible]
روژا بێتن
يان ئەڤروكە
ڤێت ئەڤ پەيڤە
بكە كەنی
ما نە وەيە
پەيڤا شيرين ؟
دێ ڤی گریو ، كولو خەما
ژ ڤا ژارا
هەر هەر رەنی .

(٢)

شيرين
دل دەرتينە
د گڤێشە
ڤينا ئەڤێ ژينێ ژێ تێ
كولێن ژينێ
پێ دكەوينە .

(٣)

[illegible] خوە
[illegible]
دو [illegible] ئەوێ دشێڤت
داكو ژينەك مەزن
مو ڤی [illegible] ڤرێكەتن
ژكويراتييا ئەو بستينت .

(٤)

گول جوانييێ
بشكوژێن رەنگ
ب ژينا خوە
خوەيی دكە
داكو كەو و پەليتانكێن

(٥)

لرەخێ خوە ... بجەمينت
روژ .. هناڤێت خوە
دكەلينت
دسوژينت
دا رون كەتن
ريكا هەژارو كەتييا
و ... تارييێ ڤەمرينت .

شاعیرێکی رەنگ بۆرێژراو

حەسیب قەرەداخی

لە ناو لەپی جەپڵەیەکدا خۆی با ئەدا
شەنی لێ گرت بەدەستەوە
کاودانی خۆی بە باکردو
زێرابی ماڵە کەورانە
دەمو کەپووی خۆی رائەدا
ـ ئای کە حەیفە نیوە شیعرێك
دنیا نەکات بە ئاگرو
رووی دوو رووان نەسووتێنێ
نیوەکەی دی رەهێڵەیەك
بۆ سەر پەلەی شارانی خەم
نەبارێنێ.ـ
بۆیە وتم..
کوڕە کابرا ئەتۆ ئاگات لە خۆ نی‌یە،
لە دەرباری زۆر داراندا
لە بازاڕی بێ باراندا
وشەکانت وا خەریکن دەرپێکانیان دائەکەنن
ئەی دەن بەسەر شانی تۆدا !
هەروا زۆڵەو فرتەیان دێ
لەناو نوێنی ژانی تۆدا.

شانۆی ڕۆژگار

حەسیب قەرەداخی

سۆزانییەک لەسەر لەپی شانۆی ڕۆژگار
وەکوو دۆلفین لەناو گۆمی ڕووناکیدا خۆی بائەدا.
بە لایەکی سەرزەلی خەمەی حەورەمەکی دائەدا
بۆ ماقوولانی ناو هۆلیش..
تاوێ پێش و تاوی پاشی بۆ هەڵ ئەدان،
بەدا هێشتی مەمکانو هەڵلێنی یوورتو ڕانی قورسو سووکی لە کەڵ
ئەدان.
زریکانی..
قووی کرد بەناو هۆڵ خەستا. شلەژانی
دەستی داهێشت بۆ ناو کەڵ
ـ ئێرە جێگە سوجدەمتانە.
لەناو پێکی بەردەمتانا هەرچی هەیە
لێرەوە بۆم تێ کردوون، ئاوە، مەیە ـ
لەبەرپێیدا بوو بە هەلا..
ـ ئێمە چاکین.
ئێمە پاکین
تۆ وەک بووکە منداڵانەی
بە تەوژمی پارەی ئێمە هەڵ ئەقونیت
لەقکە شامیت
ئارەزوومان هەڵ ئەچنیت
جارێک بانت ئەکەین بەژێر
جارێک ژێرت ئەکەین بەبان
جارێک بەنان تۆ ئەسێنین
جارێکی تر ئەتدەین بەنان
تۆ هەر پێشی، تۆ هەر پاشی
تۆ ئاو دەستی تۆ کلاشی ـ
کلرامە بوو
پاشی خۆی بۆ دەرپەڕانن
هەرچی پاقی هەشەو هووشەی
هۆڵی مۆڵ بوو
بە بایەکی بۆی دڕانن !

٧

«ماڵ ئاوایی»

شیعری: سیامەند محمد

لە دەفتەری بیرەوەری ژیانما
ئاواتی دوور، خەوی وەنەوشەیی بلوور
خراونە چاڵ.
تەنها جارێ هەڵئەکراوە، مۆمی ئاهەنگی سەری ساڵ.
وا سەعاتی ماڵ ئاوایی ژیانی من لێ ئەدا
گەردەلوولی ڕۆژگاری سەخت وونم ئەکا
● ● ●
هەر باڵدارەو، بە ئاسمانی شینی جوانی بێ سنورا مەلە ئەکات.
هەر دڵدارەو، دەسگیرانی بۆ جێ ژوانی
تازەی ئەبات.
وا سەعاتی ماڵ ئاوایی ژیانی من لێ ئەدا.
گەردەلوولی ڕۆژگاری سەخت وونم ئەکا.
بەڵام کاتێ، کە ئاگری بەرزی ئەوین
شاڵاو دێنێ
گڕ لە هێلانەی خەم بەردەداو ئەیسوتێنێ.

١٩٨٤ سلێمانی

پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی لوتفی[1]

نەورۆز

ئەم شیعرە لە بەڕێز کاک عوبێد کوڕی شاعیر شێخ لەتیف بەرزەنجی دەستم کەوتووە کە ساڵی (١٩٥٩) وتوویەتی:

ئامادەکردنی
محمد زەهاوی

نەورۆز ئەوا هات دونیا ڕازاوە
بەفرو زقووم و شەختە تواوە
ڕوبارو کانی گشتە کەوتە خرۆش
بولبول ئەخوێنێ دڵی پڕ لەجۆش
دارو درەختی گۆی چەم ژیاوە
چیاو دەشت ودەر بەگوڵ رازاوە
نرگس و بوبیوون کەنیرەو نەسرین
یاسەمەن لەگەڵ وەنەوشەی ڕەنگین
دارو دەوەنی خاکی کوردستان
جوان و ڕازاوە وەك باغی ریزوان
لەم ڕۆژە خۆشە لەم فەصڵە جوانە
کە ڕۆژی جەژنی پیرو لاوانە

١

کۆچ و گەڕانەوە

حەمە ڕەجەب شوانی

هەنگاوی پڕ لە ئەشك و ژان
لە پڕێکا تێپی دەدەی...
لە تاسێزی چیاو دۆڵ و ووێنك
لە گەڵ ئەندێشەی ئازادی ڕادەخەی
پشکۆی ئازارەکانی هیوامان
لە قەد پاڵ حەزت گڕی دەدەی
ژانی منداڵی ئاوارەو تینو
لە گڕی فرمێسکت تك تك بوون
گریانێکی بێ دەنگ و زیلەمۆ
تاسەی حەزی ومنەوشەییت
چاوەڕوانە...
وەك گۆیژە باریکەی کوێستان
لە ئاسمانی ڕەشی هەڵگەڕاو
بەڕێ بەرد بچۆی
تا لە قەد پاڵ شاخێك هەواری هەڵدەی
لەنگەرسەت لە شەوی تاریك
گڕی بلوەکەی گڕەی تێ بەردەی
وەك بوودباری سیروان ئاشە بەردی جوێبار
بێ سەھوو بەجاری ماچ کەی
هەرچی دڵداری سوورتارە
وەك پێبواری ماندوو لە پاڵ دەسرەوی
لە نێو ماتەمێنی دووکەڵ ژان...
پشتەکەی تاتێوی کاژاوەکاند

بە بووکانێکی بەهێز و گریان
دەمکەیتەوە
چەرخی زەمی ، و ئاوارەیی بەرەو بەرسەمەی
وات لێ دەکا
گۆرانی بێژی بۆ دار بەڕوو ... بۆ چیا
بۆ کەمەڵ بڕسی بێ دڵ و ئاو
بۆ تێژی و بۆ ژیانی بە ئەشیا
بە دەنگی بەرز بێژێتی
لە سەر شاخێکی سەدەی پێشمەرگە
بچێتی
دابمووە، بیم
بۆ لای ئەوەی هێشتووەکەی عەشق
بیم، بیم

١٩٨٤

منیش وەك تۆ،
ئاشقی خۆشەویستیو ژیانم..
ئاشقی ئەو شتانەی پیێی مەستم..
ئاشق بە شینایی ئاسمان.
منیش وەك تۆ،
خوێن لە ناخم دەچۆڕیێو،
زەردەخەنە لە چاوەکانم.. دەبریسکێتەوە.
ئەو چاوانەی، فێری تنۆکی فرمێسکن.

منیش دەزانم، دنیا، رەنگینە
دەزانم، شیعر، وەکو نان وایە
لە پێناوی هەمووانداد، لە دایك دەبێ
خوێن بە تەنیا لە جەستەمدا ناسووڕێ
بەڵکو خوێنم، وەك رووبارە
دەچێتە ناخ دەماری جەنگاوەرانەوە..
لە پێناوی خۆشەویستی وژیان..
لە پێناوی شتە جوانەکان..
لە پێناوی ئاسمان..
لە پێناوی شیعرێ- بۆ هەمووان

شیعری:
روکیە دالتۆن- سلفادور
••
«شێرزاد عبد الرحمن»
کردویە بەکوردی

شیعر
بۆ
هەمووان

ئەی نـــــــــــازدار

شیعری فاضل قصاب

«پێشکەشە بە کەریم و ڤیان»

ئەی نازداری گڕ هەناسە!
ئەگەر سێوی دڵی ماندووم
بگریتە دەست،
گەر ئەستێرەی بەختی نوستووم
لێت دەرکەوێ،
ئەگەر کەشتیی پیرۆزەیی چاوەکانت
ڕووەو دەریای
خەمی غەریبیم سەرکەوێ،
گەر ئاسمانی ئەفسانەیی
هەواری تارم نەیبکەی،
لە دەرباری خانمێتیو
لە دوورەوە
شازادەیی پڕ نوورەوە
عەسای فرمانت هەڵئەدەی
فریشتەی سۆزت تاو ئەدەی:
- بڕۆ کێوەکان ببڕە.
- بڕۆ عەتری هەناسەم

له دەریاکانا برژە.

- برۆ بە تاڵی پرچم، گەردی ئەستێرە بسرە.

★ ★

ئەی شازادەی هەناسە گڕ!

ئەی ساماڵی کانونی تۆف!

تۆ ڤینۆسی‌و

منیش شێت و بەندەیەکی دەرۆزەکەر

تۆ ئاسمانی‌و

منیش سەربازو قەلەندەر

من بەهیوام لە تەلارو لە دەرباری

نازو عیشوەت بێیتە خوارێ

بەیانی‌یەك تا ئێوارێ

نووری چاوانتم تێ‌بگری

بارانی عەشقت دابکاو

تەنها جارێ

گڕی سینەت بە جەستەما

بێتە خوارێ.

فایدە

1985/5/21

و لە تاریکی ئەستێرێ زینا ئەشتێم هەمیشەیی ی کوێرانە
تەنیا بەدەستی ئەوەم بینێ لەملاو ئەم کۆیەم وێرانە

ئەمجارەشیان
کوێچکەم بەر دەنگی فریشتەی خەمەکان کەوت
ئەو دەستە بووی
دەروازەی دڵی تەنگمت
والا کرد ... و
هەر هیچ نەبێ بە شیعرێکی ڕەنگ ئاسۆیی
چرایەکت لە تاریکستانی ناخی ناخما هەڵکرد
تۆ خۆت خەمی
خۆت لەگەڵ ژانا هاودەمی
کەچی هەموو ئان و ساتێ
بەلێنی هاو دەنگی خۆت نوێ دەکەیتەوە و
دەنگی نەبەردی بیرەکەت
لە هەر کوێیەك بم ئەمگاتێ و ... هەر ئەمگاتێ

● دیرە شیعری ئەحمەدی هەردی شاعیرە

شـــــيعرێك و
شـــــاعيرێك

وەرگێران و ئامادە کردنی
حسین احمد جاف

توماس هود... شاعیریکی ئینگلیزی بەناوبانگە. سـاڵی ١٧٩٩ زاینی لە
شاری لەندەندا لەدایك بووەو ساڵی ١٨٤٥ زا کۆچی دوایی لـــە هەمان
شاردا کردووە. ئەم شاعیرە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرەکانی قوتابخانەی
(ڕەمزی کۆمەلایەتی) کە هەمیشە دژ نەریتە بۆگەنەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری
دەوەستاو بووچی دەکردەوە.. بەلام ئەم پارچە هۆنراوەیەی شاعیری ناوبراو..
کە لەم دێرانەی خوارەوە دەقی وەرگێڕانی هاتووە، مۆرکی قوتابخانەی
ڕۆمانسیزمی بەزەقی پێوە دیارە.

ڕابوردوو ئیستا

هـەر لەبـیـرمـە.. هـەر لەبـیـرمـە
ئەو خانووەی کە چاوەکانم تێیدا هەڵهێناوە
ئـەو دەلاقە بچکۆلەیەی کـە تـاڵە خـاوەکـانی
بـرچی ڕۆژ بـەنـاکـاوی سـەری پیا ئـەکرد
لەگـەڵ یـەکـەم گـزنـگـی بـەیـانـدا

[illegible]

* * * *

لە [illegible] لە [illegible]
کوڵەکان [illegible] [illegible] [illegible]
وەنەوشە [illegible] [illegible] [illegible]
ئەو کوڵانەی کە لە ڕووناکی دروست کرابوون و
ئەسڵەکانی (لەیلا)[illegible]
هەر لەو شوێنەدا کوکوختێکەکانی
هێلانەیان بنیات دەنا
لەو شوێنەی کە براکەم شۆڕەبییەکەی
لە ڕۆژی لە دایک بوونیا ڕواند
ئەو درەختە هەتا ئێستاش شەنگ و شۆخە

* * * *

هەر لە بیرمە.. هەر لە بیرمە
ئەو میلویەی کە جیلم و جوڵانێم پێ دەکرد
لەو چرکانەدا دڵم وەک پەڕەسێلکەی کاتی فرین
شلکەشکەی دەکرد و
گیانم لە خۆشیدا ڕوووەو
ئاسمان بەرزەفڕ دەبوو
بەڵام ئەو بیرەوەریانە ئێستاکە
بوونەتە هۆی شەو نخوونیم و
ئەو یاریانە ئێستا تلێیکم لێ دێنن
کە هەموو ڕووبارەکانی دنیا
هێندی ناکەنەوە.

* * *

هەر لەبیرمە هەر لەبیرمە
ئەو درەختە (تەنوبە)[٢] بەرزانەی
کە لە سەوزیدا ڕەش دەنوێنن
هەمیشە خەونم بەو ترۆپکە سەرکەشانەیەوە
دەبینی کە شەڕە قووچیان لەگەڵ
کەشکەڵانی فەلەكدا دەکرد
ئەو خەونانەم ئاوێنەی پاکی سەردەمی
منداڵی بوون...
منداڵی کەسێك کە ئێستا پاش دەزانێ
ئەوساکە لە ئاسمانەوە گەلێك نزیك تربوو
لە ئێستادا

---

١ ـ لەیلاك جۆرە گوڵێکی جوانە
٢ ـ تەننوب جۆرە درەختێکی بەرزە

ژ ڤەریژا جەنگا مەزن

پیرا بدلیسی ژ برایێ خوە شاهین
ئێ کو پشکداری دجەنگا یەکەما جیهانیدەکری ،
بهیستیە .. من ژی ل روژا ١٩٦٧/٨/١٤
ژ زاردەڤێ وێ نڤیسیو کێمەک ژ ئاوایێ
خوە لیێ وێ گڤراند ئەڤ شێوازێ
ون دبینن ژێ دەرکەت .

● سەبری بوتانی ●

ژ چار سەدان ئەم شێست و هەشت کەس ژ کوشتنێ ڤەرەستبوونوئەو سێ روژ بوون خوارن ژی بدەڤێ مە نەکەتی .. زك و پشتێن مە بهەڤە نووسابوون . زابتێ مە حکمەت ئەفەندی هاتوگوت :

- « دژمن مە بکوژن بلا .. مرن ژی بلا ... لێ پر فهێتە ونەدروستە ژی ئەم خوە بمرینن ... لاونو خوە مەسپێرن ڤێ مرنا کرێت .. ئەڤە ئەزیەک ، چەند نەفەرەك دن ژی ناڤێ خودێ بینن رابن ئەم خوە بەردن ڤێ دولا درێژ ئان خوە بگەهینن ناڤسەرا ڤی چیایێ مەزن . خودێیە بابێ رەحمێیە . بەلکی بەرازەکی ، پەزکوڤیەکی ، هوڤەکی ، هەما خودێ چکر قسمەت ئەم ژ خوەرە نێچیر بکن » .

حكمەت گەلە گۆتنێن وەك ڤێ ، دو جار و شەش جارکر ، لێ ژچار نەفەران پێڤە دەست بلند نەکر .. نێچیرڤانێن مە چوون ، لێ مە باوەر نەدکر کو ئەم و ئەو جارەك دە هەڤ ببینن ... رەپرپا دلێ مەیە و دەستێ مە پێڤەیە .. و مە « ئایەتا کورسی » ژی دخووند و پف دکرە خوە و چیایێ بلند ، و ژخودێ دخوەست کو نێچیرڤانێن مە بساخی لە ڤەگەرێن و نێچیرەك بەرکەتی ژی ئانیبن .. قەنج بوو هێژ روژێن مە و وان ژ دنیایێ هەو نەببوون . بەژنەك روژ مابوو هاتن و هرچەك مێ لپەی خوە رادکێشان وەك گاکی بوو ئەو نەفەرێن ژار و سار لتەرمێ هرچا خوە وەرهاتن وەك بچووکێن هوور خوە لدورێ هـلاڤێتن . هەزار یـاهێ یاهێ لنێچیرڤانێن خوە باراندن .. حکمەت دزانی کو نیڤەك ژ نەفەرێن مە گـوشتێ هرچێ ناخون ، لێ ئەگەر بخون ژی ، دێ پێ تادار ببن ـ نساخ بکەڤن ـ ژلەو گازی مەلایێ مە کر و گۆتێ :

- « خۆجە ... خۆجە ... ئەز خولامۆ خۆجە ، لەزکە وەرە گۆشتێ ڤێهرچـا خودێ لە حەلالکە » .

مەلایێ نیڤ مرۆڤ بکۆتەکی خوە کەناند و گۆت :« ئەزێ چـاوا حەلال کم ؟!! ما بەرخە ئەز حەلال کم ئەفەندم ؟! »

حکمەت ئەفەندی تیقەتیق ژخوە ئانی و گۆت : ما کو بەرخ بوویا « فەتوا » تە ژبو چ بوو سەیدا !؟ .. پا تو چتۆڤ مەلایی ! مە هزر دکر تو سەیدایەکی ژیر و زانایی .. مەلا ئەو مەلایە ل تەنگاڤیەك وەك ڤێ رێیەکێ ببینێ و ناڤێ خودێ لێ بینێ . ما نەوەیە ئەسکەرنۆ ؟. ون ژی تشتەکی بێژن ، شەریعەتا من و مەلایێ خوە بکن »

هنا گۆتێ : تو خوەش دبێژی ، هنا ژی گۆتێ : بخودێ ئەم بمرن ژی ، هەتا خۆجە ئەفەندی « فەتوایێ » لسەرنەدت ، ئەم دەڤ لێ نادن . مرنا مە گەلە خوەشترە ژخوارنا گۆشتێ ڤێ هرچا پیس .. خۆجە کو دیت دێ دل نەخوەشی ژێ چێبت و هەم ژی ئاگر بەردبوو هناڤێ وی کو ئەسکەرێ بێ خوارن ددیت ، دلێ وی رانەگرت ، رابوو سەرخوە و ناڤێ خودێ ئانی و گۆت :

- « لاونۆ های ژێ هەبن ، نەهێلن ، دلۆپەك تەنێ ژی ژ خوونا وێ برژێ ، بەری هەر تشتی پیانەکێ ژێ داگرن بینن دا ئەز سەر پشێ خوەدە کم . کەزەبا وێ ژی بینن ئەزێ بخاڤی و نەشۆشتی . بخوم ... پاشێ ژی لەزێ لبـراژتنا گۆشتێ وێ بکن و قاقبەکێ ژی ژێ بکەلینن بلا خوەشمێرێن مە هناڤێن خوە پێ

گەرم و نەرم بكن .. چ خوارنا هەبت بهزرا دورستی و حەلالیێ راهلێنێ و بێگومان بخون ، دا ل وە بگڤرێ . گوشتێ ڤێ هرچێ ژی وەك یێ بەرخەكی ل وە حەلالە ، وەك شیرێ دایكێن وە ل وە دورستە ناڤێ خودێ لسەر بینن و ژدل بخون » .

ئەڤدوكێ جزیری ، كو « چەپوكێ سەرمەزن » ژی دگوتنێ ، ژكێفادە خوە هلاڤێت و گوت : ئهەی تو چاڤێ سەرێ منی مەلا ، سەر بەختێ من تو دوزدە « علمی » .

تـــو مـفـتـیـیـێ زەمـانـی
بـكـەفـیـل و دەمـانـی
ئـەڤـە ژنـوو مـن زانـی
تـشـتـەك نـیـنـە نـەزانـی
پـڕ بـدەڤ و ئـەزمـانـی
مـەلایـێ ئـالی ئـوسـمـانـی
تـو كـەوی هـەم كـەمـانـی
مـاكـا كـێـف و خـەمـانـی
شـارەزایـێ قـورئـانـی
« فـەتـوا » ژبـۆ مـە ئـانـی
تـو هـەڤـاڵ ژارانـی
لـمـە نـەكـر بـار گـرانـی

•

چەند نەفەرەك زك ڤالا ببایێ بەزێ راهێلانێ ، هرچا خوە بخەنجەر و قامەیێن تیژ كەڤلاندن ، ئەو گوشتێ تەڕ و پڕ و قەلەو چاڤ ژێ تێر نەدبوو ، ژەڤ دەرانین و پەرچە پەرچە كرن .. حكمەت ئەفەندی بقورەتی هاتە پێش و گوت :

– « دەون بزانن كائەم ئیرو چ شێرن و چ نێچیرڤانن ژی ، ما نەوەیە ؟ توچاوا دبینی مەلایێ من ؟ »

مەلایێ نیڤ مری و ژخوە هەو ، دیسا بكوتەكی خوە كەناند و گوت :

– « ون دبینن ڤێ هرچا ژمن بەخت رەشتر ، چاوا ئەڤ حكمەت ئەفەندی لسەر سەرێ مە كر ئەسكەندەر ؟! تو دبێژی ڤەی تەختێ ڤەیسەر ستاندییە ! » .

حکمەتێ بەژن بلند و ئاز و چل سالی ، سەرێ خوە هەژاند و ژ هەمی دلێ خوە گوت :

– « سەر بەختێ منێ بەری ڤێ جەنگێ ، ئەڤ نێچیرا مە ژبۆ حالێ مە یێ ئیرۆ گەلە ژ ستاندنا تەختێ قەیسر و یێ سولتان ژی چێترە »

چەپۆکێ سەرمەزن خوە نێزیك کر و گوت :

– « خوەزی وە ئەڤ هرچ خانم نەکوشتا ، هەکە وە بساخی ئانیبا منێ لخوە مەهر بکرا ، ئەو دەست بشکێ یێ ئەڤ خانما چیایی کوشتی »

ئەو نەفەرێن مەلۆل و برچی هەروەکی قەت برچی نەبووبن ئان ژی برچی بوونا خوە ژبیر کرین . گازی هەڤ کرن : « بخون بخون هەر بخون ، گۆشتێ ژنا چەپۆ بخون »

پشتی هنگێ بسێ رۆژان ، بفەرمانەك ئەسکەری ، مە ئەو جهێ خوە بەردا و ئەم چوون جهەك دوورتر ، و خوە دکۆرتەك پان و درێژدە چەپراند ، ل هێڤیا هاتنا « بێلۆکەك » ئەسکەر ، کو ئەم و ئەو هەڤرە بچن بگهن « فرقە »یا خوە ، یاکو خوە ژبۆ ئێریشەکێ بەرهەڤ دکر ... چەپۆکێ سەرمەزن کو ئەڤ زانی ، هەردو دەستێ خوە رابەری ئەسمانی کر و بدەنگەکی بلند گوت :

– « خودێ یووو.... ئەز گۆری یوووو ... رەڤ ژمە نابێ ئەو بەرێ مە ددن ئێریشێ »

حکمەت ڤێ جارێ ژ دل خوە ئەنراند و گوتێ :

– « کورۆ چەپۆکێ چەپەل ، بەس بڤان گۆتنێن خوە دلێ ئەسکەر ژ ئەسکەرییێ سارکە . من نەچار مەکە تە ژ ڤان گۆتنێن پۆچ و ڤالا پەشیمان کم »

چەپۆ رابوو وەکە شێر ، بوی دەنگێ خوەی بلند ، گۆتە زابتێ ئوسمانلی :

– « ئەفەندم ... مائەز نەهەقم ؟! دە هێشکۆ مە نیڤ تێر کن پاشێ داخوازا ئێریشێ ژمە بکن ... مە نان نینە ئەو فیشەك و بەرکێن تۆپان ژمەرە رێدکن ... شکر ژ خودێ رە تە بخوە ژی دیت پێر چار نەفەر دچەپەرێ هنداڤ دەڤێ گەلی دە ژ برچا مرن ، دەکا لهەوران بنێر ، ئەوژی ژبەر ڤی حالێ مە خەمگینن ، هاها دێ روندکان ببارینن »

حکمەت ژ چەپۆ حەز دکر ، چونکی ئەسکەر بتناز و یاری و ترانێن وی کێف خوەش دبوون ، هینی خوراگرتنێ دبوون ... لێ مخابن گەلەك دلۆڤانێ دەولەتا

ئالى ئوسمان بوو ، چەپەر چەپەر و چادر چادر دچوو ئەسكەرێ خەمكين شيرەت دكر ، كەسێ سل و برسی هاش دكر ... حكمەت ئەفەندى كو زانی ئێريش نێزيك بوويە ، ئەسكەر لخوە جڤاند و گۆت :

- « ئەم بێ نان و دەرمانن راستە .. ئەم دل شكەستينە راستە ... ڤێ جەنگا مرۆڤ هێر ترسا مرنێ ئانیيە بەر چاڤێن مە ، ديسا راستە ، لێ باوەر بكن كو دژمنێ مەژی مينا مەيە ، و پڕ ژمە ترسيايە ژی چكو مە چاڤ شكاندی كريە ... ڤێجا قەت خوە تەنگاڤ مەكن ، هاها خودێ لهەڤ ئانی ، سێ - چار - پێنج رۆژ دن ، نان و گرارێن گەرم و نەرم و خوەش لهێڤيیا مەنە ، هنگێ ڤێجا بخون ڤەخون و ژ خودێ بخوازن كو سەردەرا سولتانێ مە بلندتر بكت ... بزانن ژی كو دنێڤبەر وێرەك و نەوێرەك دە، تەنێ هەر مۆيەكەو بەس »

چەپۆ سەرێ خوە راكر و گۆت

- « ئەو بەحشتا كو حكمەت ئەفەندی ژێ دبێژت ، خێرا خودێ یە و ژ ڤيز و بووكێن ئوروسان داگرتییە ، هەرنێ و خوە گير مەكن . لێ ترسا من ئەوە كو هەر كەزیزەركێ سمبێل سوورێ خوە هەبت .... خودايۆ تو هەقێ مە وندا نەكی ، ژ وی بستينی ، یێ ئەز دزانم » .. ئەڤ گۆتنا چەپۆ گەلە ل خۆجە خوەش هات و گۆت : ئامين يارەب » تو ڤێ داخوازا چەپوكێ نيڤ منافق بجی بكی » ... هەمی كەنين وگۆتن ئامين ئامين .. خۆجە ژ حەنەكا حەز دكر - هندەك ژ حەنەكێن چەپۆ نەتێ - حكمەت هەرچەند دهزركرنا خوەدە ژ وان جودايە ، لێ دچاخێ ئوسا دە « وەريس ژ رەخێ خوەڤە سست دكر » وی ژی وەك وان دگۆت و دكر ژی دا خوە ژێ نەدن پاش و بگۆتنا وی بكن . لەوژی بەرسڤا چەپۆ نەدا . لێ وی بسەر گۆتنا خۆجەڤە زێدەكر ، گۆت « ئەز ل بەختێ تەمە سەيدا ، تو ژ بهايێ چەپۆ كێم نەكی ، چەپۆ ، يەك و نيڤە ، نە نيڤە ، مينا كو تە كەرەم كری »

چەند رۆژەك دن ژی سەرڤەچوون ، پەرگالا مە هێژی وەك خوەيە و ديارە كو دێ هەر وەلێ بمينت ژی ، ئەگەر خرابتر نەبت ، نيشانا ڤێ پەرگالێ دوان گوندێن نيڤ وێران و نيڤ بەردايیرە دياربوو ... چ گوندێ ئەم دچنێ ڤرت و ڤالايە ، هەكە تەك تەكێن مالان هن ژن و زارۆك و كەسێن ژكاركەتی تێدە هەبوونا ژی ، ئەوژی وەك مە شەپرزە بوون . ئوسا ژی ئەم نەچار دبوون تشتنە خوارنێ ژوان بستينن .. رۆژەكێ ژ سێ گوند مەزن ، مە پازدە كلۆر ئانين ، هەر شەشا ژمە

نانەك و نیڤ بەركەت .. چەپۆ ژ كۆرفەلاقی هودهودەك ب رێڤە گرتبوو ، ژكێڤادە ستراند :

تەیركۆ بالەفڕۆ خودێ ئەز تە بەرنادم
كەس نەكریە و ئەژی ناكم
ڤی زكێ ڤالا برسی ناكم
هودهودۆ هێلین وێرانۆ
خەلك و شێنی دبێژن
تو قازدێ پەلقیس و سلێمانی
بەخت رەشۆ ئەز چ بكم كو ڤێ ئێڤارێ
تو ژ جانێ ئەڤدۆكێ جزیری‌رە خوەش دەرمانی
ئەزێ بناڤێ سولتانێ خوە تەبخوم
دا شەڕێ مسقۆفا بكم ب زكێ تێر و قەهرەمانی

چاڤێ حكمەت ڤێكەت و گۆتی :

« كوڕۆ چەپۆ ئەو چیە زۆ بەردە ما تو ژخودێ ناترسی تە ئەو چۆچكێ دلۆڤان گرتی‌یە ؟ . ما تە نەزانی‌یە پۆستەچی‌یێ سلێمان پێغەمبەر و پەلقیسێ‌یە ؟ »

بەرسڤێن چەپۆ هەردەم حازر و ئەنتیكەنە ،

گوتێ : پاب خـودێ ئەو كـوڕێ سلێمان پێغـەمبەر بت ئـەزێ وی ل بنێ زكێ خوەدم ... چبكم « ئەفەندم » دەرمانێ زكێ ژارە ، جایی نان و گرارە »

سێ رۆژ دن ژی بۆرین ، ژ سێ سالان درێژتر . بێلۆكا ئەسكەرێ مە هێ نەهاتیە ، هاتنا وێ « ئەهتوبەهتە » لێ هەكە هات ژی ، كی نابێژە كو نەفرێن وێ نەژمە برچی‌تر و رەبەن‌ترن ؟....

دەردێ مە جامیری و مرۆڤاتی‌یا حكمەت ئەفەندی‌یە ، ژدل حەژ ئەسكەر دكر ، لەو نەفەران ژی شیرەت و گۆتنێن وی نەدشكاندن و سەرێن خوە بۆ ڤێ رەوشا رەش دچەماندن ... گەلە رۆژان ئەسكەر بێ « تایین » دما ، رۆژا خێر و بەرەكەتێ شۆربەكا رۆن بوو « ئاف ژ رو ، بەرەكەت ژ خودێ » ، كەفچی ل بنێ لەگەنێ دگەراندن تشتەك نەدكەتێ ، رەنگێ خوە ژی ژ رەنگێ هەر گیایێ هشكێ ژ چۆلێ دكرنێ دستاند ... ئوسا ژی نەفەرێن ژار كێف و سەما ژێرە دكرن . ڤێ

خوارنا کەس نەدیتی گەلە پەستە و سترانێن خەمۆکی و کەنۆکی ژ چەپۆکێ جزیری چێدکر :

هـەی وەرنـێ وەرنـێ وەرنـێ
ئـەسـکـەرنـۆ وەرنـێ وەرنـێ
هـەی وەرنـێ وەرنـێ وەرنـێ
گـەدەنـۆ زۆ بـگـەهـنـێ
ژەهـرا سـەرێ مـارانـە
خـودێ بـکـی دەرمـانـە
لاونـۆ وەرنـێ سـەیـرانـە
گـەدەنـۆ زۆ بـگـەهـنـێ
ڤـەرەشـانـا کـتـکـانـە
خـێـرا سـەرێ سـولـتـانـە
کـەسێ نـەخـوت پـۆشـمـانـە
گـەدەنـۆ زۆ بـگـەهـنـێ
هـەی وەرنـێ وەرنـێ وەرنـێ
سـێـویـنـو وەرنـێ وەرنـێ
هـەی وەرنـێ وەرنـێ وەرنـێ
بـرسـیـنـۆ زۆ بـگـەهـنـێ

مە ئەو رۆژێن هشك و گران بکێف و سەما دبۆراندن ، مە خوە پێ دخاپاند و شەرێ مرنێ دکر ، بێلۆکا ئەسکەر ژی هەر نەهات و نەهـات .. هنەك دبێـژن نەهاتنا وێ چێترە ، و هنەك ژی دبێن هاتنا وێ چێترە . چونکی - بەلکی - کەدەك بوانرە هەبت .. چەپۆ چارێ ژ ئەزمانێ خوە ناکت ، دیسا وەك هەرجار درێژکر و گۆت :

- « بلا ئەوژی بێن ڤێ سەنتەنەتێ ببینن و ژڤی شەکری بخون ... باوەر بکن ئەوژی نهو تاما دەڤێ خوە بمە خوەش دکن هەروەکی ئەم بهاتنا وان تاما دەڤێ خوە خوەش دکن « مشۆ وەرە جەم بابێ خوە »

هلما گرارەك وەك يامروڤا لە بوويە « خوونا سياهۆش » . تا ئێڤارەكێ ، ئەو مەديت ژ نشكێڤە قەلەويزێ سەرێ ملێ گازی كر : « بزانن ئەو چ رەشە » ژ دوورڤە ديار و بەر بكنارێ وە دلەزينت ؟ »

راستە ... رەشەك ديارە ؛ لێ ئەمێ چاوا بچاڤێن كو ژبێ خـوارنی و بێ زوهمی تاری ببون بزانن چيە ؟ ... چاوەيشۆكی مە ب دووربينێ تەماشا كر و گۆت :

– « مزگينیيێ بدنە هەڤ ، زەلامەكە و ل دەوارەكی سوارە ، ئان كەرە ئان هێسترە ، لێ ئەگەر كەر بت ژی مينا هێسترەكیيە »

هنا گۆ دو – سێ « ئولچە » گەنمێ هێرايی ژمەرە ئانیيە . هنەك دی دگۆ پۆستەچیيێ بێلۆكێيە .... چەپۆكێ تم حازر گۆت : « ە، كێ : بلا ئەوبت ، مانێ هەر بێ باج ژنێڤ لەپێ مە دەرناكەڤت »

سوارێ كەرێ گەور هات و سلاڤ كر : « سەلا و تەلەيكوم گەلی بڕايێن ئەسكەر » .. چەپۆ سەرێ كەرێ وی گرت و گۆتێ :

– « وەی تو بكەرێ خوەڤە ســەر سەرێ من و يێ هــەفت بابێ من هــاتی سوارۆ ... ئەم لئەسمانا لتە دگەڕن ، تول ئەردێ كەرەم دكی بــەر دەستێ مە ... هەكە خودێ ددە نابێژە تو كوڕێ كی ديهلێيی ؟ »

كەرێ وی ژێ ستاندن و هەرە تو بخێر بچی ، هەرە لخوە مەكە شەڤ و دەرەنگی ... مێركێ رەبەن ، بەلەنگاز و رێوی دەڤ ب لاڤان كر :

– « ئەمان يەمان ، ژبۆ خودێ ، ئەز مرۆڤەكی ژار و پەريشانم ، لسەر دارێ دنيايێ ژڤی نێرەكەری وێڤەتر ئەز بیر پێ نابم و من توخمێ دەوار نينە ، و برايێ من ژی مينا وە ئەسكەرە و ئەڤە دو كت سالە ئەم ژێ بێ خەبەرن ژی ...

نەهەرێ ، ڤێ لاڤە لاڤا وی نەسەر گرت و نەبەر ، قە ستاندنێ ژخوە دوور كرن ... دچوو دچوو ديسا لخوە دزڤری ، لێ كەسی نەدێتێ وەرە كەرێ خـوە ببە ... تەنێ دلێ مەلايێ مە خۆجە ئەفەندی پێ شەوتی و گۆت :

– « بدن خاترێ خودێ و يێ من ، كەركێ بدنێ ، ئەڤە ئەز ، لشوونا كەرێ وی من سەرژێكن بخون »

حكمەت ئەفەندی خوە ئەنراند و گۆتێ :« تو خودێ سەيدا ، مايێ خوە تێ مەكە ، بلا دلێ تە بمە ژی بسۆژت ، ئەو يەكە و ئەم سەدن ، مەژی وەك تە دل پێڤەيە ، لێ ئەم چ بكن چارە نينە ، ئەردێ مە هشكە و دەولەتا مە هشكتر »

مەلایێ مە پلمێ خوەکر و ب دلێ شکەستیڤە بەر ب چادرۆکا خوە چوو ...
چەپۆ گازی خودانێ کەری کرو گوتێ :« تە دلێ مەلایێ مەژی ژمە هشت ، تو دچی هەرە ، تو نەچی ئەڤە ئەز هاتم تە ژی بینم بکم قەلی ـ قاورمە ، ڤێجا هەما هەرە لخوە مەکە دەرەنگی چێترە ، بشیرەتا خێرخوازێ خوە چەپۆکێ جزیری بکە »

مێرك رەڤا خودی رەڤی ... نەفەرێن نیڤ مرۆڤ کەرێ گەور لئەردێ دان و سەرژێکرن ، زۆ زۆ پارچە کرن و لخوە لەیڤەکرن ، کرن سێزدە پشك ، هەر پشکەکێ ژ هەفت ـ هەشت نەفەرارە . سەرێ وی ژی ژ چار کەسان رە و کیر و هەردو گون و پارچەك . لەغەر ژی دانە مە چار کەسان ، لێ مە قیما خوە پێ نەئانی و گازندا خوە مە بر بەر دەستێ حکمەت ئەفەندی :
- « ئەفەندم ـ مەگۆتێ ـ خودێ قەبوول ناکت کو ئەو سەرێ مەزن ژ چار کەسان رە بت و ئەڤ کیر و گون و پچکا چەرملاق ژی بۆ مە چار کەسان بت ... باشە ، لێ تو ب وژدانا خوەکی ئەڤ وژدانە ؟! هەما بۆ خودێ بێژە !! .. نێ نێ ـ هانێ برێنێ هەما ئەزمانێ وی تەنێ ژ ڤی کیرێ مە چێترە . دەهەما قەنە دوسێ پۆستەك ریڤی ژی بدن مە .

حکمەت ئەفەندی خوە لمە مرێتۆیی کر و گۆت : « وژدان !!! .. وژدانا چ !! « ئوغلم » هەکە وژدان لدنیایێ هەبوویا ئان مابوویا ئەڤ جەنگ هلنەدخستن و ئەڤ بسەرێ مە ژی نەدهات و مەژی ئەڤ زور و ستەم نەدکر . ماکەنگی ئەڤ وژدانە ، مە کەرێ وی ژاری بداری زۆرێ ژێ ستاند و کرە د زکێ خوەدە ؟ »

مام خدر ناڤەك قەفقاسی گۆتنا حکمەت بری و گۆت : ئەی خودا ، لباژاران خەلك و شێنی نانێ گەنم و گۆشتێ بەرخان ، باقسمات و کوتلك و کادا دخون . ئەم ل ڤێ چۆلا کەس نەناس ژبو چینیك گۆشتێ کەر . و هرچان سەر و دلێ هەڤ دشکێنن . ما مرن ژی نەژڤی حالێ مە خوەشترە ؟ »

چەپۆ زانی کو دلێ حکمەت بڤێ گۆتنێ شکەست ، ژلەو بەرسف ژجەم خوە دا : « هەی بابێ من ، مام خدرێ زانا ، ئەوێن خوارنێن خوەش دکەرفن ، نە ئێن وەك من و تەنە ، ئێن وەك مە ل هەر جی گۆشتێ مشك و ماران ژی ڤێکا لوان هزرەتە ، پشتی کو سەوکتك هەوکرین .. بێژە « هنەك » ، مەبێژە « شێنی » ، شێنی شێنی یە و هنەك چەند تەرەسەکن »

حکمەت ئەفەندی کێف بگۆتنا چەپۆ هات و دەلیڤا خوە دیت و لوان هەیتاند : « ڤی دەرگەهی داخن و ئێدی ڤەنەکن ، بزانن کو گۆتنا راست (یاساقە) ...

ئەڤ گۆت و هەر هات و چوو ، شێورا خوەکرن ، هلانین .

- دانین دوّڤك ژی ئاڤێتن بەرمە !!.. هێ نیڤ پژ مە راهێلایێ - بخون هەربخون - مە بهنا خوە پێ دەرکر ... باوەر بکن تا هنگێ هێژ مە خوارنا وەك وێ خوەش نەخواری بوو . تا نهو ژی کو تێ بیرا من ، خوەشییا تاما وێ تێ دەڤێ من ... چەپۆ ئەم راکرن گۆڤەندێ وکرە پەستە وب ئاوازێ « لێ لێ کنێ » مە خوە لبەر هلاڤێت .. هنگێ ژنوو م زانی کو ئەم کورد ژهەمی خەلکی ڤێ دنیایێ خوەگرتر و کەیفیترن ، چونکی هەر تەنێ کورد بوون دیلان دکرن .

بخون بخون لێ لێ لێ
خوەش کەبابە وای وای
کەسێ نەخوت لێ لێ لێ
ئەو سەبابە وای وای

چاویشوکەك هەڤێرکی - تۆری - مە هەبوو هات و گۆت : راستە کو دبێژن « ڤۆنا تازی تەمبۆرێ دخوازی » ، یاراست دلێ من ژی دچتێ لێ ئەز چ کم خودێ مالا خودانێ ڤێ جەنگا چەپەل وێران کێ ، ئەز کریمە وەك مرۆڤێ کنۆژ ، دبێژن « مرۆڤێ کنۆژ زۆ ناری دە زۆ برچی نەبێ » لازمە ئەم ژی ولۆ بکن .

حکمەت ئەفەندی - نە ژدل - کێفا خوە دیارکر و گۆت : « هەرچەند راستە کو ئێش و ژان لهەرجی هەیە و ئەم بێ دختۆر و دەرمانن ژی ، لێپا ماشەللا وەلێ ژی نەفەرێن مە هەمی ئازن ، تو دبێژی قەی بەلکی هەرۆژ سێ دان گۆشت و برنجێ « قەرەج داغێ دخون » .

چەپۆ دیسا چارە ژخوە و زمانێ خوە نەکر و گۆت : « ئەفەندم هەی ئەزبەنی ، ئەڤ گۆتنێن ڤالا مەتێر ناکن و دلێ مە ژی خوەش ناکن ، ما تە گوهـ لێ نەبوو چاویشێ مە ناری دە زۆ برچی نەبت ؟... یاقەنج ئەوە کو ئەم هەرن مە لایێ خوە هاش کن ئان ژبیرا تە چوو یە ؟

حکمەت ئەفەندی نەدزانی چ بکت و چاوا راگرت .. هەما گۆت : سەر بەختێ کەرێ من بت ، تو ژمە هەمیان چێتری ... چوون ... لێ چ بچن ؟! و چ ببینن ؟!... دیتن کو ئەڤە مەلایێ رەبەن چوویە بەر رەحما خودێ و بستکا گۆشتێ کەرێ گەور وەك خوە دەست و دەڤ لێ نەدایی مایە ... حکمەت ئەنییا وی ماچ کر گۆت :

— تە گەلە « یاسین و ئایەت » لسەر مری و کوشتییان خوەندن ، لێکو تو بخوە مری کەسەك نەبوو ئایەتەکێ بتەڤە بخوینت ... تە هەر دگۆ « خوەزی جارەك دن بساخی ئەزل زارۆزیچێ خوە زفریم و بسەربەستی وەك جاران خوەیتی ل زەڤیکا خوە و رەزکێ خوە کری » لێ تو مری چوویی و تە نەدیت »

سالوخا مرنا خۆجە بدەنگی چەپۆل وێ شکەفتا دەڤێ گەلی دەنك ڤەدا :

— « هەی هێیێی ...... مەلا ژی سولتان خوەش ..... « فاتیحێ » بخوینن .

ژبل وی نۆبەدارێ راسەری دەڤی گەلی کەس نەما ، هەریەکی ژجهێ خوە قەستا چادرۆکا خۆجە ئەفەندی کر . هنا « فاتیحە » دخوەندن و هنەك ژی ل بستکا گۆشتێ کەرێ گەور وەرهاتن ... نەفەرەکی چللەك !!! راهژتێ و رەڤاند ... هەڤالێن وی لپەی لەزاندن . چەپۆ ژبنێ پێیا کر هاوار و قیرەك دا :

— « لاونۆ بگەهنێ ... بگرن ... بەرمەدن ... ژێ بستینن .. دەست مەکنێ ، ئەزێ ژ رەحمەتی رە بکم خێر .

ئەفەندم : ئەزبەنی

یاهێ : سپاس و ئافەرین

پیان : ترار ، تاس

قاقب : قازانا مەزن

گڤراندن : الاندماج المنسجم ، التفاعل

کۆرفەلاقی : هەر تشتێ ژ نشکێڤە بکەڤی ددەستێ مرۆڤدە ، ئان وەك دبێژن « کەو ل داری کەت ، نە دار ل کەو »

نیڤ پژ : نیڤ پژیایی ، نیڤ براژتی

ژ خوه هەو : ژ خوه خلاس

ئاف ژ رۆ ، بەرەکەت ژ خودێ :

گۆتنەکا پێشیانە یانی ئاف ژ روبار و .... تد ، یانی خوارنەکا رۆن و کێم زادە ، چ ژ بەلەنگازی و چ ژ کنۆژی بت .

مشۆ وەرە جەم بابێ خوە : کورتە چیرۆکەك کوردییە ، یانی ژ خوەرە خوەش دبێژی ، خوەش دکت .

خوونا سیاهۆشی : یانی پەیدا نابی وەك تو بێژی « شیرێ چۆچکێ ئان شاخێ هوشترێ .

ئولچە : پیڤانەك ترکییە ، ژ دار و دەپان چێدکن و گەنم و جەو گلوس ... تد .. پێ دپیڤن ، تا بەری چەند سالەکا ژی هێژ مابوو .

پلم ، پلمێ خوەکر : رووێ خوە گەمۆر کر ، خوە ترش و تاڵ کر .

قەرەجداغ : چیاکی ناڤدارە لدەڤەرا ئامەد ، ناڤێ وی د گەلەك ستران و داستان و سەرپێهاتیاد هاتیە و برنجێ وی مینا یێ ئاکرێ خوەش و ناڤدارە .

چیرۆك

منو ..... تو

● احلام منصور ●

دوێنێ وەکو ئیمرۆ ، هەر وەکو سبەینێش هەموو شتێك تێك ئالاوە پەرژینەکەی جارانیش !!

یەکەم شەو هەر کە چاوم بەتۆ کەوت ووتم :

- **ئەزانی هیچ پەردەێ لە نێوانی منو تۆدا نی یە**
- پەردەییکی توولە ، دەتوانم بەپەنجە هەڵگرم ، تارایە ..

- یەکەم شەوبوو بۆ یەکەمجار یەکترمان دۆزییەوە رۆیشتیت سەرنجەکانم بەدواتەوەبوون ، هاتیت سەرنجەکانت ڕێگە تاریکەکانتی تەمەنمی ڕووناك دەکردەوە ، ئێستایش نازانم لە کوێیت ، ماوی مردووی ؟ ڕەنگە ئێستایش هەردوو دەستت خستۆتە ژێر سەرتەوە ، یەکە یەکە ئەستێرەکان دەژمێریت قومێ لە جگەرەی لێوەکانت ئەمژیت و دووکەڵەکەی سینگت پڕ دەکات و ، ناو بەناو بەکۆخەییێك ، بە هەناسەییێك ئاهی نامۆی ئەم چەن ساڵە ئەم چەن مانگ و ، چەرخە دەرئەکەیت .

- **خۆتیت ...**

- وەکو خەوێکی دوور چاوەڕێم ئەکردیت لە ئاسمانەوە وەکو باران بباریتە سەر نێوچەوانمەوە ، بڕوام نەکرد لەپڕ ئەژنۆت دەشکێ جاران بەڕاکردن هەنگاوی خێرات دەنا چرکەچرکی دڵیشم چەن هەنگاوێ دوای ئەخستم ، هەنگاوەکانمان لەخاك تۆرا ملی خۆشەویستیمان بەرەو دەریاکە ناو ڕۆیشتین .

- خۆتیت .

- مووە سپی یەکانی سەرتم پشکنی چەن تەڵە موویەکم ژمارد ئاوێنەی تەمەنم هێنا بەسەرنجەکانت و وتت .

- پیر بوویت .

- نەموێرا بە تاراکەم برینەکانت ببەستم .. دەمزانی خوێنت تك تك ئەکەوێتە سەربرینەکەمەوە .. جاران ، هێندە بێکەس و کڵۆڵ بووین بەچەشنێ نووکی قەڵەمەکانمان ڕستەکانی دووبارە دەنووسییەوە ، کەس نەیدەزانی بەیەکەوە دەگرین کەس نەیزانی بۆ تەنها خۆت لەمێژووی ژیانت تۆراویت .

ئەڵێن : وشك بووینەتەوە !

ژیانیشمان زۆر تاریك بووە بڕوامان نەدەکرد کە مرۆڤین .. بەتەمای سبەینێ نەبووین بەجادە تۆراوەکاندا دەرۆیشتین لە ئاوارەیی زیاتر هیچمان نەدەدۆزیەوە ، نامۆیی ببووە تاقە هاوڕێیەکمان و لەبەر دەرگای بێدەنگی دا دادەنیشتین چاوەڕێی بووین سەرتاپا تەڕبووین ، بارانە نامۆکەیش تۆرایەوە دوو قۆڵی بەرەو دۆزەخی ژیانمان هەنگاو ئەنا پەراسووەکانمان تێکەڵی یەکتر بوون و لەژێر سێبەری نوێژەکانمان بەیەکەوە دەگریان و فرمێسکی تاوانەکانیشمان دەسڕی یەوە.. نەکەی بتۆرێی پەرژین نابێتە دیواری

نیشتمان دەبرد ، نیشتمانیش هەموو شەوێ هەموو ساتەکانی دابەش ئەکردە سەرمان ، سەرمان قورس دەبوو ئاوێنەی ڕۆژگاریش پشتی لێ ئەکردین ، خۆم و خۆت لەنێو دەریای خۆشەویستی‌دا نووقووم دەبووین ... خڕکەی خوێنمان تێکەڵی دەریای خۆشەویستمان دەبووو ئاوێکی خویناوی دەبووە ئەلوەن و بەرەو گۆڕستانی شارەکەمان دەچوو .

* * *

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر سەرتاسەری تەمەنم ، فرمێسکەکانم ئەوانەی کە باریونەتە سەر سینگتەوە یان ئەوانەی کە باریونەتە سەر سینگمەوە ببوورە ئەو فرمێسکانەی کە بەدزی‌و خۆیان لەتۆ ئەشاردەوە ، ڕێگەی نهێنیدا ملیان ئەناو ئەڕۆیشتن .. ئا ئەگەر بتوانم هەنگاو بنێم‌و ئەو ڕێگە نهێنیانە بدوزمەوەو تیایان‌دا ون نەبین .. بەڵکو کلیلی دەرگای نهێنییکت بۆ بێنم ئا ئەو کاتە لام وایە « دەچوویت » ئەم ئەرکە قورسەت بەجێ ئەهێناو پێش ئەوەی پرسیارم لێ بکەیت‌و بڵێی ـ بۆکوێ ؟ هەمیشە ئەتم‌نارد هەمیشە پێتم دەووت :

- بڕۆ .

تۆویش ئەڕۆیشتیت‌و ماوەییکی دوورو درێژت پێ‌دەچوو . شەرمت دەکرد بەدەست بەتاڵی بگەڕێتەوە ، ناچار دەبووی کلیلی دەرگای دەروونت دەخستە نێو مشتمەوەو دەتووت : فەرموو

لەپڕ بێ‌دەنگ دەبوویت‌و دەهاتیت‌و فرمێسکەکانت چاوەکانتی جێ ئەهێشت‌و منیش ناچار دەبووم بیانمژم ، تامی فرمێسکەکانت لە تامی فرمێسکە وون‌بووەکانی خۆم نەدەچوو بەلام ناچار دەبووم دڵت بدەمەوەو پێت بڵێم :

- هیچ جۆرە فەرق‌و جیاوازییێک لەنێو فرمێسکە سویرەکانت‌و فرمێسکە تاڵەکانم‌دا نییە .

ناچار دەبووم درۆت لەگەڵ بکەم‌و فرمێسکی تاڵ بە فرمێسکی سوێر بگۆڕم ، هیچ نەبێ گەشتەکەت .

دەشتدەزانی فرمێسکی تاڵ بە فرمێسکی سوێر ناگۆڕی تۆیش بۆ ئەوەی دڵم بدەیتەوە رازی دەبووی‌و بێ دەنگیش دەبووی کلیلی ئەم بێ دەنگییەی هەردووکمان باش‌بووهەر لە نێوەی قاسەکانمان بوو ، بەبیرت چووئەوڕۆژەی کە پێتم ووت : ڕێ بۆئێمە نییە ... شوێن بۆئێمە ... تەنیا لەسەر لاپەڕە ئەژین .

* * *

وا دیسانەوە شنەبا لاپەڕەکانمی هەڵدایەوە ... هیچ ڕۆژێ نەهاتەوە یادم داوای شتێکت لێ بکەم تەنانەت هەڵتم دەبژارد بۆ ئەوەی کراسەکەت داکەنیو لەسەر شاخێ بووەستیو پشتت بکەیتە لاپەڕەییێکی مێژووییو منیش بە چەقۆ هەموو نووسینەکانمی لەسەر بنووسم یان بیکەیتە تابلۆیەكو نەخشەی ژیـانی خۆمی لە سەر بکێشم هەمیشە بێ دەنگ بوویت نەتدەووت بە ڕەنگی بەرد ، یان ئاو ، یان دەرخت ، یان شەو ، نەخشەی جیهـانت بکێشە ، منیش منێکی بێ ویژدان لەسەر شانە تابلۆکەت بە چەقۆ نەخشەی هەموو گووناهەکانم دەکێشا .. دەمسڕیەوەو دووبارە دەمکێشاو دەمسڕییەوە بێ دەنگ دەبوویت لە جیاتی من بەردە باران دەکرایت ، من « مریەم » نەبووم تۆیش « مەسیح » نەبوویت کەچی گووناهەکانم دەکردە بەرد دەمدایە دەستی ئەمو ئەو ، بەردە باران دەکرایتو خۆیشم لە دوورەوە تەماشاتم دەکرد .

نەم دەووت :ـ بەسە وازی لێ بێنن

ووردە ووردە خوێنی شانەکانت تێکەڵی ئارەقی ڕەنجت دەبوو ، دەتوانەوە ، وەکو باران دادەبارینە سەر قاچەکانت دەست نوێژت دەگرتو دووبارە لەسەر شاخە بەرزەکە دەگەڕایتەوە منیش ئارامتم دەبڕیو دیسانەوە بۆ ئەوەی بوارت بدەمێ سەرت ، نەخێر ، تەڵەموویێکی سەرم بکەمە دیـاریو بتبەخشمـەوە خێرا بـە بێدەنگی دەڕۆیشتی سەر دەکەوتیو سەر لەنوێ منیش بە زمانی قەڵەمەکەم مێژووی شارەکەم دیسانەوە لەسەر تابلۆی پشت ئەنووسییەوە ، بۆ ئەڵوەن ڕێم خۆش دەکرد لەپڕ دەمارەکـانت ئەتـەقییەوەو ئـەڵوەنی خوێنت هـەزار لقی لێ دەبووەوە منیش لە جۆگەیێ مەلەم دەکردو دەمو چاووم دەشۆردەوە ، خوێنت خوڕ وەکو تاڤگەیێ لوتکەی شاخەکەی دەشۆردەوە ، تۆش لەپڕ وام ئەزانی بەر ئـەبییتەوە یـان قاچـەکانت ئـەخلسکێ نەخـێر دەگـەڕایتـەوە چـەپـەڕییێکیت هەڵدەبژاردو دەگەڕایتەوەو سەر لەنوێ ڕاستەڕییێکت هەڵدەبژارد ، بەم هاتو چۆیە نەم دەووت .

هەتاوم ئەوێت .

تۆیش دەبوویتە دەرختێ چۆڵەکە بریندارەکانی وڵاتەکەم لەسەر لقەکانت هێلانەیان دەکرد ، منیش کراسەکەم ئەدڕیو دەمکردە « نەزر » نەمدەتوانی سەرکەوم بە تاوانەکانم دەووت :

- ئا ئەم پەڕۆیە ببەستن لقەکانی بپێچن ئا بەم شێوەیە پاڵەوانەکانم لە ژێر سێبەرتدا دەژیان منیش لاپەڕەیێکی ترم ڕەش دەکردەوە ، لاپەڕەیێکی تۆم ڕەش دەکردەوە ، خۆم هەر وەکو دەزانی لاپەڕەم نەماوە ڕەشی نەکەم ، ناچار دەبووم هەر کە گەڵا زەردەکانت ئەوەریٚ ، یەکە یەکە کۆیانم دەکردەوە دەیانم خستە نێو داوێنم ، ئەیانم شاردەوە لەخۆم ، نەم دەتوانی پەنجەکانمی بۆ درێژکەم نەوەك ووردو خاش ببنەوە لەنێو لەپەکانی دەستدا مانگ بە مانگ ساڵ بە ساڵ ڕۆژ بەرۆژ ، سات بە سات ، هەرچی گەڵای زەرد هەبوو بەسەر سەرمدا دەبارییەوە ، بە تۆزی بێ دەنگییت دەمو چاو زەرد دەبووەوە گەڵا زەردەکانیش دەبوونە فەرش ، بۆ خۆم دادەنیشتم بییرم لەوە دەکرد ئەمجارەیان بۆچی هەڵتبژێرم ؟

* * *

خۆمم دۆڕاند وا ئەڵێن بێ دەربەست بووی بڕوا بوون و نەبوونت تێکەڵی یەکتری بوون بەلایانەوە . بێ دەنگ بوویت پرسیارت نەکرد ڕاستە ؟ درۆیە !؟

لەنێو ڕێی ڕاستو چەپ وەستای ، ڕاستم ڕاستم کردە چەپ چەپیشم کردە ڕاست هەردوو ڕێگەکەیشم لە ژێر قاچەکانت ڕاکێشا ، هەنگاوت بەرەو ڕاستو چەپ ئەنا نەخشەی هەنگاوەکانت تاوانەکانمی ئەسڕییەوە ، لەسەر یەك هەر دەمووت :- بۆ . تۆیش ئەڕۆیشتیت .. منیش داوی هەردوو ڕێم دەکێشا .. قاچەکانت نەدەخلیسکان ووردە ووردە پەنجەکانم بەو دوو داوە پەنجەکانی دەستی ڕاستم باریکە ڕێی چەپم دەبەستەوە پەنجەکانی دەستی ڕاستم بەدوای باریکە ڕێی چەپم دەبەستەوە .

ئا ئەو کاتە کوێر دەبووم ئەو کاتەیش تیشکی هەتاو دەبووە ڕێت بۆیە وون نەدەبووی ئاوڕیشت نەئەدایەوە ، تیشکی هەتاوێکت ئەهێنا ، لاپەڕە زەردە وەریوەکانی تەمەنت سەوز دەبوون چاوەکانم دەکردەوە خۆم لەهەشتێکا دەبینی ، ئا بەم شێوە ڕاهاتمە سەر گوناه زۆر جار بێ ئەوەی پرسیاریٚ لە لێوە ووشەکانمەوە بباریٚتە سەر زارت خێرا وەڵامت دەدایەوە .

بێ ووشە ، بەبێ دەنگی دەمزانی ئەم جارەیش بۆم هەیە هەڵت بژێرم بۆ شتێکی سەیر .

* * *

لە کەناری دەریا دادەنیشم لە دوورو نزیکەوە تەماشای شەپۆلی دەریاکەم دەکرد ، درۆییکم دەکرد کەشتێك تۆیش دەتزانی و بێ دەربەست بوویت نەمدەووت توش ڕەشە بایێ یان زریانێ دەبیت نەهەنگ قوتت ئەدا ، ماسییە گەورەکان ئەتخۆن و پەراسووەکانتم بۆ دەنێرن ، یەکە یەکە بەردەکانم ئەژمارد یاریم بە قومو ریخ دەکرد پێم ئەووت بێسەوڵ بڕۆ ئەڕۆیشتیت حەزم دەکرد بەسەر دەریاکەدا . بڕۆم بێ ئەوەی توێی قاچەکانم تەڕ بن ... نەم دەتوانی ، دەمزانی دەخنکێم و لافاوی درۆکانم ، شەپۆلی تورە بوونم ئەم سەرو ئەوسەرم پێ دەکات ئەڕۆیشتیت منیش لە کەناری دەریاکە چاوەڕێتم دەکرد ... ڕەنگی دەریاکە سەوزو شینو سپیو سوورو ڕەش دەبوو ... ڕەنگی سێبەریشم وەکو خۆی دەمایەوە پێش وەخت دەمزانی نهێنیی دەریا کلیلی وون بووە ، لە گیرفانمدا نییە ...لەپڕ ماسییە بچووکەکان ئەگریان ، دەمزانی کەشتیی درۆ فێڵی لێ کرد و لە نێو دەریاکە وون بووی ، دەمویست فێری مەلەوانی بیت لەپڕ ماسییەکان بەرەو کەناری دەریاکە مەلەیان دەکرد دوو مراویان بۆ دەهێنام .

تەماشایانم دەکرد دەمزانی چاوەکانتە !

***

لەگەڵ هەموو باڵندەکانی گەردووندا باڵت دەگرت دەگەڕای دەگەڕایتەوە نەبوومە هێلانەت نەخێر هەر کە هەوڵت دەدا بە باڵەکانت نزیکم بیتەوە ، دەبوومە ڕاوچی بێ فیشەك تەقەییکم لێ ئەکردی ، نەمتوانی ببمە هێلانە بۆیە هەڵتم بژارد بمنێژی ئەو کاتە کە جەستەم ئەخەیتە نێو گۆڕەکەت بەلێ ، پێت سەیرە کە دەڵێم گۆڕەکەت ئەگرێی بۆ چاڵێ ، بۆ گۆڕێ ، بۆ هێلانەیەك ... هەرکاتێك دەستت کەوت وەسیەتەکەم بۆ هەموو باڵندەکان داوای مەرگێکی خوێنم بۆ بکە .

***

لەنێو مانگو ڕۆژا گۆڕی هەیە ناونیشانی گۆڕەکە نازانین هەمیشە شەڕی لەسەر ئەکەین .. تۆ ئەلێی :

- **ڕۆژیمنە ، گۆڕی منە**

منیش ئەڵێم :ـ **مانگی منەو گۆڕی منە ...**

لەسەر یەك گۆڕ شەڕمان ئەكرد ، هەمیشە پاڵم پێوە ئەنای و هەمیشە پاڵت پێوە ئەنام ببورە چاڵێ نەبوو ، گۆڕستان نەبوو گۆڕی هەردووكمان بوو ، نەماندەتوانی جەستەكانمان تیایدا بنێژین خۆی هەستی هەردووكمان ڕەنجی تەمەنمان ئارەقی نێو چەوانمان تیایدا زیندەچاڵ ببوو .. سەرمان هەڵگرت ، تۆ بەرەو مانگ و من بەرەو ڕۆژ تیشكی هەتاووت بۆ نەهێنام

تریفەی مانگم بۆ نە هێنای لەنێو تیشك و تریفەدا جارێكی تر زیندە بەچاڵ بووین .

گرێی دەروونی

زیاد پیربال قەساب
هاوینی ١٩٨٤

(سەرەتای مێژووی هەموو مرۆڤایەتی بەبرسێتیو خۆشەویستی دەستی پێ کردووە).

بوزا

ـ بەیانیەو شنه بایەکی زۆر ساردی هەڵ کردووە، بەپێچەوانەی هەموو رۆژێك زۆر زوو لەخەو بەئاگا هات.. نازانێ بۆ ! ئایا لەبەر خەمو پەژارەو قورِ بەسەریەکەی بوو.. کە ئاوای لێ کرد لەخەو وا زوو بەئاگا بێت ؟ یان دەمەو بەیانیەکی زۆر سارد بوو.. یان خەونێکی زۆر ناخۆش و ترسناکی دیبوو.. سەیرێکی ئەم سەربانو ئەو سەربانی کرد، ژمارەیەکی زۆر لە چوارپایەیی رەنگاو رەنگی بینی.. برینی یادەکەی وەك ئیمرۆو دوێنێ تازە بۆوە کزەیەکی یەکجار گەورە بەسەر دلی داهات، بیری لە خۆیو ئەم ژیانە تەنیایەو.. ئەم ژیانە کەساسیەی دەکردەوە ئەوە سەری بیستو چوار پایزە هەر تەنیایە.. تەنیایەکی بێ کۆتاییە... «هەموو شتێك جووت دەبێت، ئەی بۆ من هەر تەنیام ؟!. جگەرەیەکی داگیرساند زۆر وورد بۆوە لە ژیانیکەساسی خۆی.. ژیانی مندا! لەپرێکا بەشاری رەشی پڕ یادگارە تاڵەکانی وەك ئیمرۆی مندالی گەڕایەوە، ز چۆن منالان بە دوایی ئەکەوتنو گاڵتە یان پیئەکرد...

ـ هۆی هالاڵە

ـ هۆی هالاڵە

بیر لەو ووشە نەگبەتیە دەکاتەوە کە لە منالیەوە پێی، لەناخەوە مردووە.. لەپڕ رستە ناسکەکەی دایکی لە گوێی زرنگایەوە وەك چۆن هەموو جارێك پێی ئەوت...

ـ کورِم حەمە خەم مەخۆ.. با ئەو منالە زوڵانە بۆ خۆیان ئاوا بڵێن.

ـ ئم، ئم

جگەرەیەکی تری هەر بەو جگەرەیە داگیرساندەوە.. خەمێکی قورس دڵی گرتوە.. لەپڕ بیرێکی ڕەش بۆ لا هات.. لە خۆیەوە برینی یادەکەی تازە بۆوە بوو بە خەمێکی گەورە.. بیری لە سەردەمی منداڵی و ئەو کچە جوانکیلەیەی دراوسێکەیان دەکردەوە.. کە ماوەی مانگێك بوو ماڵەکەیان هاتبووە دراوسێی ماڵی خۆیان.. هەموو بەیانیان و ئێواران لەبەر دەرگا، یان لەسەربان بەبیانووی جل هەڵخستن، حەمەی ئەبینی پێی پێ ئەکەنی و خەندەیەکی جوانی ئەهاتێ.. دەستی بۆ لای قژی بەرز ئەکردەوە لە جیاتی سەلامی نەهێنی حەمە زۆر دڵخۆش ببوو.. زۆر جار منالانی گەڕەکە بۆرەکەی خۆیان قسەیان بەو کچە دەوت، حەمە خەریك بوو شێت بێت.. حەمە زۆر جار ئاوا بیری دەکردەوە...

- «بۆچی لەو هەموو منالە بێ کەموو کوڕیانەی گەڕەکەکەی خۆمان منی خۆش دەوێ.. تەنها بەمنێك پێ دەکەنێ.. ئاخ خوا ئەو ڕۆژە بگرێ کە دایکت لەماڵەوە باسی منی بۆ ئێوە کرد بوو..».

- توخوا گوناه نیە، ئەو منالە جوانکیلەیەی دراوسێمان، حەمەی ناوە زمانی نیەو لاڵە ؟!..

«تۆ لە جێگای خۆتەوە ڕاچەنی بووی و شڵەژا بووی.. ئاخ لەو ڕۆژە بەولاوە هیچ تۆم نەئەبینی، کەمنیشت دەدیت ڕات دەکردە ژوورەوە.. نەم ئەزانی بۆ !.. کەچی منیش هەستم بە هیچ هەڵەیەك و کردەوەیەك نەدەکرد کە بەرامبەرتم کردبێ.. یان کەموو کوڕیەکی ڕوخساریم هەبێت بەرامبەرت، بەلام لە دواییدا بۆم ڕوون بۆوە کەتۆ تاکو ئەو کاتە نەتزانیبوو کە من لاڵم وە مرۆڤێکی ئاسایی نیم.. بەلام بڕوا بکە دەروونی من و.. خۆشەویستی من بۆ تۆ گەورەترو پیرۆزتر بوو مرۆڤێکی ئاسایی.. ئەو بوو بووە گرێیەکی یەکجار گەورەی دەروونی من تاکو ئێستاش پێی دەتلێمەوە..»

دوو جووتە کۆتر برینەکەی حەمەیان تازە کردەوە.. بیری هاتەوە وەك چۆن ئەوە سەری دوو مانگە حەزی لەو کچە جوانکیلەیە کردووە بێ ئەوەی تاکو ئێستا هیچ پەیوەندیەك لە نێوانیان ڕوو بدات..

- «ئاخر چۆن ڕوو بدات ؟ ئاخ گەر بزانم ناوت چیە ! باشە چۆن ناوت بێنم ؟ چۆن قسەت لەگەڵ بکەم ؟!.. دەترسم زۆریش دەترسم.. لەوە دەترسم گەر وەك چناری کچە دراوسێی منالیم زانیت لاڵم ئیتر سەیرم نەکەی.. ئێستا زۆرم پێ خۆشە کە سەیرم دەکەی.. کە دەست بەرز ئەکەیتەوە بۆم بە بیانووی قژ چاك کردن لە جیاتی سەلامی نەهێنی بۆ منی شەیدای تۆ.. ئەزانم حەز ئەکەی بێم بۆ لات و پێتی بڵێم «خۆشتم ئەوێ» بڕوا بکە منیش خەریکە شێت ئەبم.. بەلام چۆن ؟! ئاخ لەم یاسا نەگبەتیەیی ئێمە.. هەر لە وولاتی ئێمە ئاوایە.. کە کور

کرنۆش بەرێتە بەردەم ئافرەت، هەر ئەبێ کوڕ بڕوخێ بۆ ئافرەت.. هەر ئەبێ کوڕ بچێ بۆ لای ئافرەت و پێی بڵێ.. خۆشتم ئەوێ.. بەلام گیانەکەم گەر تۆش هاتی کە من هیچ وەلامێکم نەبوو ئەوسا چی بکەم.. دووبارە ئەزانی کە من لالم.. ئاخ لە نەگبەتیم.. با هەلسم پەلەکەم بەیانیە کاتی چوونە قووتابخانەیەتی، ئێستا لەمال دەردەچێ.. بابچم فریاکەوم.. باتێر سەیری دوو چاوی بکەم، ئەوچاوە زەردە پاییزیانە.. ئەو چاوانەی کە چەند سەیریان بکەم لێیان تێرنابم..».

حەمە وەك هەموو ڕۆژێك نزیکی لای گەڕەکەکەی شۆخەکەی کەوتەوە.. گەڕەکێکی پڕ لە منال و پڕ ئاژاوەو برسیەتی...

- «ئەوەتا لەسەری کۆلانەکەی خۆیان دەرکەوت، ئەبێ ئاگاداری من بێ ؟.. ئەی چۆن ئاگادار نیە.. هەموو ڕۆژێك لێ ڕاهاتووە» ئاوڕێکی لە حەمە دایەوەو بەدەمیەوە پێکەنی.. وورده وورده بەدوایا ڕۆیشت.. جار جارەش ئاوڕێکی دەدایەوە تاکو بەردەم قووتابخانەکەیان.. لەوێشەوە سەیرێکی تری حەمەی کردوو. پێکەنی، حەمە خەریك بوو لە خۆشیان بال بگرێ.. وورده وورده بەردەم قووتبخانەکەیانی جێ هێشت، بەدەم بیرو ڕۆیشتن و خەیالی عیشق و خۆشەویستی خۆیەوە.. خۆی لەبەر دەرگای مالەوە بینیەوە.. مالێکی چۆل و تەنهاو حەوشێکی بچووك و دار مێوێکی زڕو ژوورێکی پڕ لە ناخۆشی و پڕ لە یادگاری تال و.. ژوورێك پڕ بێت لە کۆست و نەبوونی و دل ساردی، پڕ لە نەبوونی خۆشەویستی...

- «ئاخر بۆ ئاوا بێ بۆ ؟.. دایکە بۆ ئاوا زوو جێت هێشتم، تەنها تۆ بووی سەبووریم، هیوام، بەتووە مرۆڤ مابووم لەناو ئەم کۆمەلە بۆگەنە، تەنها تۆ بووی کە هیوات پێ ئەبەخشیم لەم ژیانە..

. کوڕم حەمە گیان.. هیچ خەم مەخۆ شوکر بۆ خوا گەنجێکی جوانی سەد کچ سوپاسیشت دەکەن ئینجا شووت پێ ئەکەن.

بەلام دایکە گیان ئەمزانی تۆ لەبەر سۆزو خۆشەویستی، دایکایەتیت ئەم قسانەت پێ ئەوتم، نەت دەوویست - هەست بەکەم و کوڕی خۆم بکە.. دایکە بەلام نەئەبوایە کردگار تۆی تەرخان کردبایا بۆ نەمان.. ئاخ دایکە گیان بۆ ئاوا زوو جێت هێشتم چونکە تەنها تۆ بووی وات لێ کردم کە هیوام بەژیان هەبێت.. و نرخی مرۆڤ و خاك بزانم بۆ ئاوازوو جێت هێشتم دایکە گیان بۆ..».

دووبارە ڕستە ناسکەکەی دایکی هاتەوە بیر وەك چۆن پێی ئەوت...

- کوڕم حەمە گیان.. خۆزگە ڕۆلە ملم بشکایە ئەو سەفەرەم نەدەکرد کەتۆ ئاوا هیت بەسەر هات لەم ڕووداوە نەگبەتیە.. خوا شوفێری ئەو ئوتومبیلە بگرێ.. ئەگینا ئێستا تۆش وەکو هاورێ کانت قووتابخانەت تەواو دەکرد.

حەمە جگەرەیەکی داگیرساند.. بەدەم جگەرە کێشانەوە بیری لەم چارە نووسە ڕەشەی خۆی دەکاتەوە.. وەك چۆن نەژیاوە وەك هەموو مرۆڤێکی ئاسایی ئەم جیهانە..

- «باشە وا دیارە گەر مرۆڤێك کەموو کورپەکی هەبێت ئیتر نەژیت و کۆرپێك هەڵکەنێت و بچێتە ناویەوە.. ئاخ لەم ژیانەی ئیمرۆی تیا دەژین..»

لەپڕ یادگارێکی تاڵی تری هاتەوە بەرچاوی.. وەك چۆن دایکی خوا لێ خۆش بووی چوو خوازبێنی کچێك بۆی وتبووی حەمە خوێنەوارە.. شەشی سەرتایی تەواو کردووە، ئەتوانێ لە شوێنێك ببێتە فەرمانبەرێك، وە هەندێك پارەی باوکە خوا لێ خۆش بووەکەشی بۆ ماوەتەوە.. ئەتوانێ ماڵ و منال بەخێو بکات.. ئەوانیش وتبوویان...

- ئێمە چۆن کچی خۆمان دەدەینە پیاوێکی لاڵ.. پەیوەندی نێوانیان تەنها دەبێتە کاغەز و قەڵەم.. ئەوە چ مێرد کردنێکە، بۆچی پیاو لە دونیا نەماوە ؟!.

- «دایکە گیان.. وا دیارە ئەوەی کەموو کورپەکی هەبێت بەپیاو نازانرێ لەم کۆمەڵە.. ئاخ دایکە گیان، خۆزگە منت نەدەهێنا بۆ ئەم ژیانە سەخت و ناخۆشە بۆ ناو ئەم هەموو خەڵکە دەروون تەسکە..».

خۆر ناوەڕاستی ئاسمانی حەمەی گرتووە.. لەگەڵ زەنگی کات ژمێرە کۆنە هەڵواسراوەکەی خۆیان ڕاچەنی.. لە بیرکردنەوە پچرا.. بەبیری هاتەوە، زۆری نەماوە ببێتە کاتی دەرچوونی شۆخەکەی، بیری کردەوە هەر وەك جاران بەڕێی بکات تاکو بەر دەرگای ماڵەکەیان حەمە وەك هەموو ڕۆژێك لەسەر هەمان بەرنامە بەردەوام بوو بەدەم خەیاڵی خۆی و خۆشەویستەکەی و جگەرە کێشانەوە.. خۆی لە سووچێکی ئەو بەری قووتبخانەکەیان بینیەوە.. ڕووخساری پەشۆکاوە، چاوەڕوانی ئەو چاوانەیە کە خەون و خۆشی هیوا و ئاواتی خۆی تیا بەدی دەکات...

- «ئەوەتە، ئەبێ باسی من نەکات بۆ هاوڕێکانی ؟!..»

سەیرێکی حەمەی کرد وەك هەموو جارێك.. هاوڕێکانیشی دەسیان کرد بە پێکەنین...

- «کێ ناڵێ گاڵتەم پێ ناکەن..؟ ها، نا بڕوا ناکەم چۆن.. ئەبێ پاش ئەو هەموو ماوەیە پێم ڕابوێرێ ؟ نا. نا چۆن وا ئەبێ..».

ئاوڕێکی تری لە حەمە دایەوە و خەندەیەکی جوانی هاتێ، ووردە ووردە نزیکی ماڵەکەی خۆیان ئەکەوتەوە.. دووبارە وەك هەموو ڕۆژێك حەمە بەدڵ ساردی گەڕایەوە ماڵە بێ نازەکەی..

ئێوارەیە و خەمێکی قورس دڵی حەمەی گرتووە.. بەدەمجگەرە کێشان و پیاسەی شۆستەکانی دووری شار، حەمە خەیاڵی ڕۆیشتبوو.. بیری لەم ژیانە

تەنیایی یەو لەم ژیانە کەساسیەو ئەم چارەنووسە ڕەشــەی خۆی دەکـردەوە، بەدەم خەیاڵەوە بەسەرەسم لە بەردەکانی سەرشەقام هەڵدەدا.. لەپڕ لە گەڵ هۆڕنی ئۆتومبیلێکی کوڕی کابرایەکی خوا پێداو.. خەیاڵەکەی پچرا.. ڕاچەنی، بە بیری هاتەوە وەك چۆن ئەو کوڕە قۆزە پێست سپیە، وەکـو ئەبـوو بردیـان بۆ دەرەوەی وولات، ئیستا چاك بۆتەوە.

«خۆ ئەویش وەکو من بەڕووداوی ئۆتومبیل ئاوای بەسەر هاتبوو.. ئەی چۆن چاك بۆوە ؟.. ئاخ لە نەبوونی و هەژاری..» جگەرەیەکی داگیرساندو نەرمە کۆکەیەکی هاتێ.. بەدەم بیرکردنەوەوە بە بیری هاتەوە.. وەك چۆن مرۆڤ لەبەر تەنیایی.. خۆشەویستی بۆ پشیلەیەکی کزو برسی دەچێت.. ئەو پشیلەیەی کەوا کوڕی کابرایەکی دەوڵەمەند قێزی لێ دەکاتەوەو دەڵێت ئاوە گڵەو پیسە.. لە پڕ شانی بەر شانی ئافرەتێ کەوت.. ڕاچەنی.. نەیتوانی چی بلێ، باشە چی بلێو چۆن ؟ بەدەس و چاو داوای لێ بووردنی لە ئافرەتەکە کرد.. کەچی ئافرەتەکە بە دەمێکی زۆر کراوەوە ووتی...

- خۆ ئەو خەڵکە دەڵێی کوێرن.

ئەویش بەشەرمەوە ملی ڕێگای گرت بۆ ماڵە بێ نازەکەی، وەك کۆلیتێك دیار بوو لەناو ماڵان.

شەوەو حەمە خەمبارە زۆر بێزارە لەم ژیانە سەختەی کە تیایە دەژی.. بە دەم سەیر کردنی ئەستێرەکانی شەوەوە لەسەر جێگا شڕەکەی پاڵ کەوتووە.. بەدەم بیرکردنەوەوە خەیاڵی ڕۆیشتووە...

- «ئەوە بووە سەری دوو مانگ بوەچی ؟! لەوانەیە ئەویش قەڵس و بێزار بووبێ لێم.. ئێستا لەوانەیە بڵێ بۆ نایێ پێم بڵێ «خۆشم ئـەوێ» بەلام گیـانەکـەم، چۆن ؟.. چی بلێم، دەترسم گەر زانیت لاڵم سەیرم نەکەی.. نا باهەر ئاوا بێت توخوا، ئەگینا گەر سەیرم نەکـەی، گەر پێم پێ نـەکەنی.. گـەر دەست بەرز نەکەیتەوە بۆم لە جیاتی سەلامی نەهێنی ئەمرم.. با پەیوەندیمان هەر ئاوا بمێنێ نەوەکا ڕاکەی ئاواش هەر خۆشە تو خوا..».

بەدەم بیر کردنەوەیەکی زۆردا.. خەریك بوو شێت بێت، نەیئەزانی چۆن بتوانێ وا لەو کچە بگەیەنێ کە خۆشی دەوێت، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاری کەوا لە پارچە کاغەزێك دا بۆی بنووسێو.. بیداتە دەستی دووبارە لە دوایی دا دەزانێ لاڵە هەر ناخۆشە و ئیتر سەیریسشی ناکا، ئەی ئەوسا چی بکا.. ئێستا هیوایەکی بـەوەوە هەیـە ئەوسـا هیوای بـە چی بێ.. زۆر ووردە بۆوە بیـری دەکـردەوە لەم گێرەو کێشــەی دەروونی خۆی، لەپـڕ ڕستەیـەکی کـوڕێکی ڕۆشنبیری هاتە بیر...

- خۆ هەموو کچێك یەك دەروون و یەك جۆرنین !. «خۆی لەوانەیە ڕاست بێت، بۆنا بۆی دەنووسم لەپارچە کاغەزیکا.. بەڵکو گەر منی خۆش بوێت بە هەموو جۆرێك ڕازی دەبێت.. گەر بشزانێ کە من لاڵم و مرۆڤێکی ئاسایی نیم.. لەوانەیە لای شتێکی زۆر ئاسایی بێت..».

بەدەم سەیرکردنی ئاسمانی شەوو ئەستێرە دوورەکانەوە حەمە ووردە ووردە چاوانی بەسەر یەك کەوتن، وەك بەردێکی زۆر قورس و گران کەوتە بن گۆمی خەوێکی قووڵ. بەیانی لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا حەمە بە ئاگا هات.. لەسەر هەمان بڕیاری خۆی ماوە.. بەدوای کاغەزێك و قەڵەمێکدا گەڕا لەناو سندوقە کۆنەکەی کاتی قووتابیەتی.. لەپڕ کاغەزێك و قەڵەمێکی بەر دەست کەوت، بە دەست و پلیکی زۆر لەرزۆکەوەتیایا نووسی «خۆشم ئەوێ‌ی گیانەکەم».

حەمە ئێستا لە سەر ڕێگای هات و نەهاتدا وەستاوە، دڵی حەمە ئەو دڵە بێ نازەی بەبێ ئارام لە لێدانە.. زۆر بە پەلە.. نازانێ بۆ، لەپڕ شۆخەکەی وەك هەموو ڕۆژێك لەسەری کۆڵانەکەی خۆیانەوە دەرکەوت ووردە ووردە نزیکی حەمە ئەکەوتەوە.. دڵی حەمەش ووردە ووردە لە لێدان زیاتری دەکرد.. خەریکە حەمە وا ئەبوورێتەوە، خەندەیەکی کەمی هاتێ و سەیرێکی حەمەی کرد.. حەمە تۆزێك هێور بووەو هەستی بە شتێکی زۆر سەیر دەکرد، ئەویش ئەیزانی ئیمرۆ حەمە تۆزێك ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوەو کاغەزێکی بچووکی لە دەست دایە، نزیکی کەوتەوە.. حەمە دەستی درێژ کرد بۆی، شۆخەکەشی وەستا سەیرێکی ڕەنگ و ڕووی حەمەی کردو بە پێکەنینەوە.. یەك دوو هەنگاو نزیك کەوتەوە.. کاغەزەکەی وەرگرت، بەشەرمەوە.. خوێندیەوە تۆزێك وەستا.. سەری ڕەزامەندی نواند لەپڕ ووتی...

- تۆ ناوت چی یە ؟

حەمە تێك چوو.. زۆریش تێك چوو، ووتی...

- ك. ح. ك. ح

- چی مانای چی ؟! مانای ئەوەیە تۆ لاڵی.. بۆ گەنج نەماوە لەسەر دونیا ؟

بەدەمێکی پڕ لە شۆڕشەوە حەمەی ڕیسوا کرد، حەمەش دایە پرمەی گریان، دووبارە بەدڵ ساردی گەڕایەوە ماڵە بێ نازەکەی و ساردو سڕەکەی.

ئێستا پاش ساڵێك حەمە بێ هیوایەو بێ ئاوات ئاخۆ کچێك و هیوایەکی تر.

چیرۆك

نامــــــۆ

نووسین
دانا علی سعی
سلێمانی ـ ۹۸۵



هێشتا لەگەڵ کازیوەدا دەستەویەخە بوون، گرمەگرم کارگە کەوتە گەڕ..
پەڵە هەورێکی ڕەش ئاسمانی کارگەکەی تەنی.. بۆنی نەوت و گاز دەم و لووتی
هەمووتانی پڕکرد.. هەراوهاواری کرێکارەکان وەك چەخماخەی سەرەتای
بەهارێکی تەڕ، بەناو گرمەگرمەکەدا ڕەتدەبوو.. هەزار سمایل لەپاڵتا بەدەستی
باوکێ سەربڕدرێ پێی نازانی و لایەکی ڕەحمەتی لێناکەیتەوە.. مامکەریمیش
پشتێنە سورمەیی یەکەی لەکەمەر توندکردووەو بەخۆی و خاکەنازەکەیەوە وەك
حەوت شەو حەوت ڕۆژ ئێشکگر بووبێ و خەو لەچاوانی نەکەوتبێ گێژوشەکەت
دەچوو.. تۆیش بەهێمنی چاوەکانت لەدیمەنەکە بڕیوەو لەکەلایادەکانتا
جیهانێکی تایبەتیت خولقاندووە.. ئەم کابراسادەیە لاتبووەتە چەند ماددەیەکی
سەرسامکەرو لەتاقیگەی بیرو لێکدانەوەتدا دەیهێنی و دەیبەی.. بۆ دوومانگ
ونیو دەچێ پێکەوەن.. زیاتر لەپانزە ساڵە لەم ئیشەدایت وبەهەزاران
خەڵکی جیاوازت ناسیوە، بەلام کەسیان وەك مامکەریم لەژێر تیشکی
سەرنجەکانتدا بێ وەلام نەماوەتەوە.. ڕۆژی چەپکێ پرسیاری بێ وەلام لە
بانیژەی مێشکتدا کەڵەکەدەبن.. چەند سەیری دەکەی سادەوساکارە.. کەدەم
دەکاتەوە دڵەبچکۆلەکەی دەکاتە مشتتەوە.. کەچاوەکانیشی هەڵدەهێنێ جیهانی
سەرنجی خۆشەویستی میهرو پاکی تیادەبینی.. بەلام ئەوەی تۆی لەگێژاوی
بیرکردنەوەدا خنکاندووە. بۆئاشنانابێ و تادێ کێوی تر دەبێ ؟..

یەکەم ڕۆژی هاتنی مامکەریم وەك ئێستە لەپێش چاوتە.. یەك پارچە نەزاکەت وڕێزبوو.. بەلای هەرکەسێکدا تێدەپەڕی دەستەکانی دەگوشی و یەك هەزارجار بەقووربانی دەبوو.. تەنانەت کرێکارەکانی هاوڕێی بەچاوی بەڕێوبەرەوە تەماشادەکرد.. بگرەزیاترو گەورەتریش.. لەئاست برغوو پارچەئاسنەکانیشدا ڕێزو ستایشی خۆی دەنواند.. خۆگەر یەکێ سلاوێکی لێبکردایە وەك برای حەوپشتە دەبووە کلۆیەك بەفرو لەنێو دەستە گەرمەکانیدا دەتوایەوە.. زۆلێەتی یەکەی ئەحەی فیتەرو شەریفی سایەق هەردوو دەرکیان بەمەکردوو بووە ماددەی پێکەنین و ڕابواردنیان.. ڕۆژی پەنجاجار سلاویان لێ دەکردو ئەویش هەمووجارێ لەجاری پێشووتر گەرمترو سووتێنەرتر وەلامی دەدانەوە..

دلسۆزیەکەی چووەتە ڕادەی بێئەدەبی.. هەموئیشی کارگە بەئیشی خۆی دەزانێ.. لەهەموو کارێ خۆی هەلدەقورتێنێ.. لەشێکی سووك و زمانێکی شیرین.. ئامادەیە لەجیاتی پانکە باوەشێنی کرێکارەکان بکات.. لەدابەش کردنی کار هیچ نازانێ و خۆی بەلێپرسراوی هەمووکارەکان دەزانێ.. چەو تێکردن و قیرکۆکردنەوەو برغووبەستنەوەو سازکردنی ئاوی ساردو گسك‌دان بەپیشەی ڕەوای خۆی دەزانێ..

یادی چوارهەم ڕۆژی هاتنی لێوەکانتی ترازان و قاقایەکی لە زارت دەرپەڕاند.. لەژوورەکەی ئەحەی فیتەر هەشت نۆیەك کۆبوونەوەو قسەی زلتان دەکرد، لەنا کاو مامکەریم خۆی‌کرد بەژووردا و پارچە ئاسنێکی قوورسی ڕزیوی بەدەستەوە گرتبوو، وەك ڕۆنی لەدیزەیا دیبێتەوە، ئازایەتی خۆی پێشان‌دەدا کە چۆن لەدەشتەکەی خوارکارگە دیویەتی و نەیهێشتووە بەفیرۆ بڕوات و هێناوی‌یەتی‌وە. ئێوەش هێندەی ماندووبوونەکەی ئەو ماندووبوون لەپێکەنین، ئەمەبووە باس و نوکتەی هەفتەیەکتان.. یان‌بابلێین هەفتەیەکیان.

هێشتا مانگێ بەسەر هاتنیدا تێنەپەڕی‌بوو، یەك پارچە کرێکارەکان نارەزاییان بەرامبەر مامکەریم دەردەبڕی.. هەموو لێی بێزاربوون.. خۆهەلقورتاندن و لێپرسینەوە لەکاری ئەم و ئەو بەتەواوی ناشرینی کردبوو لەپێش چاویان.. کەبووە مانگ و نیوێك کار لەمەترازاو گەیشتە لێپرسراوان ئەندازیارو بەڕێوبەری کارگە.. سکالای کرێکارەکان لەگرم وهوڕی کارگە بلندتربوو.. ئەمەبووە هۆی سەوزبوونی ڕق وکینە لەنێوان مامکەریم و کرێکاراندا..

بەلام تائێستا تۆ هەرتەماشاکەریکی و هیچی‌تر.. هەردوولا بەڕەوا دەانی.. هێندە سەرنجی مامکەریمت داوە لەخۆت باشتر دەیناسی.. خۆیشت

لەڕاستی یەکانی سەرومەسەلەکە گێل - کەی.. ووریای.. بەهێمنی سەرنجەکانت بڵاودەکەیتەوەو بەبەرڕۆشنابییان دەخ یت.. گلۆلەیەك یادی ڕابدوو دواڕۆژێکی چاوەڕوان نەکراو پێوەری مەسەلەکـەیە لای تـۆ.. هەرگیـز دانیشتنەکـەی ئەو ڕۆژەی مامکەریم و قسەکانی لەیاد ناکەی.. ووردو درشتی ڕووداوەکانی ژیانی و بەسەرهاتەکانی کردە چیرۆکێك و خوێندی یەوە.. باسی خێزانە هەشت کەسی یـە-
-کەی و ژیانە ساکارەکەی.. کاتێ خاوەنی ڕەزو باخ و دێبەربووە، وەك باسی دەکرد پاشایەکی بێسەربازبووە.. پاش ئەوەی.. ئێستایش..؟! مەگەر هەرتۆبزانی ئەم دڵە برینارەی مانکەریم چـەند بێفێـل و پاکـە.. ڕووداوەکەی دوێنێ لەنێـوان تیشکی سەرنجەکانت و مامکەریمی لانەتەریودا وەك شاخ قووت بۆتەوە.. گەر چاوەکانت هێندەی قەوارەی مامکەریم نەسمێ هەرگیز بەدی ناکەی.. مافی هەموو خەڵکی کارگەو مافی مامکەریم لەتەرازووی لێکدانەوەتدا وەك یەکەو قـوورس و سـووکی تیابـەدی ناکـەی.. ئەوان ڕەوان یـانـئـەم.. دەمـارەکـانی مێشکت گـرژکردەوە.. زیـاتر.. زیـاتر.. چـاوەکانت نـووقانـدو سەرەتـۆزاوی یەکـەت چەندجارێ هێناوبرد.. بەرگەناگری.. وەك شریتێکی تـۆمارکـراو ڕووداوەکەت هەڵکردەوە، بوویتە تەماشاکەرێك و چاوەکانت تی بڕی.

لەگەڵ شەپۆلی گڕەی نیوەڕۆدا کرێکارەکان کۆمەڵیان بەستووە.. نزیکەی نیوەی خەڵکی کارگە لێك ڕژاون.. هەرکەسە فریای ئەوە دەکەوێ چەند ووشەیەك بکاتە ڕستەیەك و دەری پـەڕێنێ، دەنگە دەنـگ و لۆغانێکـە بووەتـە ئەوڕۆژەی قەرەوەیسی تیا کوژرا.. لەلای چەپی کرێکارەکانەوە کاك هوشیـاری لێپرسـراو بـەخـۆی و چـاویلکـە ڕەشـەکـەیـەوە بـەرەوڕووی کـرێکـارەکـان بـەهێمنی هـەنگاوی دەنـا.. مـامکـەریمیش لەراستی حـەشـامـاتـەکـەوە، هـەرچـاوی بەودیمەنەکەوت بەهەڵەداوان خۆی گەیـاندە شـوێنی ڕووداوەکەو لەنـزیکەوە چاوەکانی زەق کردنەوەو گوێکانی هەڵخست.. پاش ئەوەی جەنـابی لپێرسـراو لەباسەکە گەیشت، ئەیویست بەدەنگە ناسکەکەی هەراوهاوارەکە کپ بکاتەوە.. (کاکە لەمەوداو خۆم سەرپەرشتی چێشتخانەکە دەکەم.. ئەم جۆرە گلەییـانە دوایی دێت.. دابەشکردنی خواردنەکەیش هەرخۆم چارەسەری دەکەم.. جارێکی تربەم جۆرە دووبارەنابێتەوە..) وەستاعەباس بەدەنگێکی بەرز وەك ئاوبەئاگرا بکـەیت دەنگەدەنگـەکەی خـامۆش کـرد.. کـەوتـەبـاس کـردنی کـەم وکـوڕی لەخـواردنەکـانداو چـاودێری نـەکردنی پـاك وخاوێنی.. پـاشان گلەیی کـردن لەلپێرسراوان کەگوایە لەسەرچاوەوە مەسەلەکە لێل ونادیارە.. ئەمەیش سەری مەسەلەکەی بۆچەند بابەتێکی تر ڕاکێشا.. ئەمەیان نا.. ئەوەیان وا.. لەبەرچی وابێ.. بووەدرێژدادری و هێنـان وبردن.. لەنـاکاو مـامکەریم وەك مـووی لووت

هاتەنێوان هەردوولاو دەستی‌کرد بەڕاوێژکردن.. (کورەعەیبە.. کەی‌خواردن ئەوەدێنێ.. هەر شورەیی‌یە لەسەر خواردن پیاو دەنگی‌دەربێ.. باوکم ئەوەشمان ناوێ‌وزیادە.. لەمڕووە هەر کەسە بابۆڵەیەك نان‌و هەرچی خوادابووی لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ‌و لێرەبیخواو تەواو...).

وەك شەقێ لەتۆپە خڕەکەی ڕۆژ هەڵدەیت‌و بەودیو زەوی‌دا گلۆری بکەیتە، تروسکایی لەچاوی کرێکارەکاندا نەما.. چۆن ئەمان پووشووبن‌و قسەکانی مامکەریمیش ئاگر، هەموویانی گرتی‌بەردا.. لێشاوێ قسەی ساردو سووك‌و ناشرینیان بەسەر مامکەریمدا ڕۆکرد.. گەر کۆمەڵێکیان ترسی خوایان لەدڵدا نەبوایە ئەوا دووان سیانێکیان خوێنیان دەکردە کاسەو بەونوێژی نیوەڕۆیە وورگیان ڕائەدا..

لەوەدەچێ هەزارجاری تر ئەم‌شریتە هەڵکەیتەوە، ناتوانی‌ئەم‌ئەرازووە بەلایەکدا بخەی.. دووهاوکێشەی هاوسەنگ‌و وەك‌یەکن.. کابرایەکە لێی نازانێ‌و کتوپڕلەم ڕێ‌وڕەسمە ناگات، گۆڕانێکی خێراو بێ‌بنچینەیە.. ئەوانیش وەك لەچاوی مامکەریمەوە دەبینرێن نەمردوون لەبرسا، مافێکی ڕەوایەو دەبێ وەرگیرێ.. ئنجاوەرە ئەم دووخێڵە لێکدی بگەیەنە.. دووجیهانی تایبەتی‌یەو لەمێشکی تۆوا ئاوێتە نابن.. هەردووکیان جێ‌وڕێی تایبەتی خۆیان دەوێ.. گەربنەمایەکی ڕاست بۆ مەسەلەکە نەبینی‌یەوە، تۆیش دەبیتە بەرەی‌سێ‌هەم.. بەلام‌وەك دەردەکەوێ مامکەریم دەبێتە مەرەکەی بری‌سمایل. ڕووداوەکان شانۆیەکەو لەپێش چاوەکانتدا بەددەوامە.. وەك گوێز ڕووداوەکان دەشکێنی‌و کاکڵەی هۆکانیشی دەردەهێنی.. گرنگ ئەوەیە وێنەکان وەك‌خۆی ببینی.. ئەمڕۆ خەریکە وێنەی ئەوکابراسادەیە ڕووناکی چاوەکانت‌بەشی‌نەکات.. سەرنجەکانت وەك سێبەر لێ‌ی‌جیانابێتەوە هەمووشتەکان بەئاشکرادیارن..

مامکەریم نامۆیەو ئاشنا نابێ.. تادێ چاوەکانی مۆڕترو سیمای ناشرینتر دەنوێنێ.. ئەوخەڵکەی خۆشی ویستن‌و خۆشیان دەویست کەم‌بووەوە.. ئێستا بی‌کەسە.. بێ‌ئاشنایە.. جیاوازی‌یەکی گەورە لەنێوان خۆی‌و ئەواندا بەدی‌دەکات.. وەك دووشاخ لەنێو جامانەشڕەکەیەوە دەرهاتبێ واخۆی‌دەبینێ.. هەروەك باڵندەیەکی بێنەوا دەخولێتەوە.. ڕقی لەهەموو شتەکان‌دەبێتەوە.. ڕقێکی تووڕەو ترسێنەر.. بەهەمووشتێ نامۆیە، تەنانەت بەخا کەنازەکەی دەستیشی هەرنامۆیە.. ئەمڕۆ ڕابردووی بووەتە خوێن‌و دڵە کەولکراوەکەی تەڕ دەکاتەوە.. داهاتووشی حەزێکی پیرۆزەو لەدۆزەخی خەمەکانیدا تواوەتەوە.. هەموڕۆژێ دڵەبچکۆلەکەی چەپکێ خۆشەویستی‌و حەزو زەردە دەچنێ..

مـامکـەریم ئێستـا دووکـەسـە.. دوودیمـەنی جیـاواز لەسیمـایـدا خـۆی دەنـوێنێ.. مـامکـەریمی مسـوگـرو ڕازیو بـەختـەوەر بـەژیـانێکی ئاسایی وگران.. لەگەڵ مامکەریمی کزۆڵو کابرایەکی نەفرەت لیکـراوو بێزارو قێزەوە.. ئەڵێن بەرد لەشوێنی خۆی سەنگی هەیە.. ڕاستە.. ئەمڕۆ مامکـەریم واهەست دەکا سەنگی خۆی لەوێ جێهێشتووە.. ڕۆژبەڕۆژواری لاوازتر دەبێو ڕیوەڵەتر خۆی دەنوێنێ.. ئەمەیە ئەو ڕاستییە پیرۆزەی تۆ لەسەرو شتەکانەوە بەدییان دەکەیت.. بۆیە لای تۆ مامکەریم لەوە گەورەترە کەدیارە.. تـۆ سەنگی ڕاستەقینەی شوێنی خۆی لەتەرازووی هەڵسەنگاندنتایـە.. ڕەوشتو سیفاتـە سـادەکانی مـامکەریم ڕێ بـەچاوەگێلەکـان دەدات خەرمـانێ تانـەوناتـۆرە بەدیبکەن.. بەلام گرنگ چاوەکانی تۆیە شتەپیرۆزەکانت لەلانەڕەوێتەوە.

چیرۆك

بەدامێنی شاخێکەوە

أحمد سید علی بەرزنجی

لە وەرچەرخانێکدا بۆ لای چەپ وەك گابەردەکەی لایەوە تل بداو بەسەریدلبێ ئاوا تابۆی کرا قەلەمبازێکی داو لە تولەرێگاکەوە بەرەو ئەوبەر خۆی ئەمبازی پەلی دارەبەنێك کردو وەك نێچیرێکی ساردەوەبوو یەك دوو جار بەپەلەکەوە ئەمسەرو ئەوسەری کرد، دەستی بەرداو لە ئاستی خۆی رەپ کەوتەوە سەرزەوی، لە جێی خۆی چوار مەشقی دانیشتو یەخەی مراخانیو کراسەکەی ترازند ، فێنکییەکی خۆشی دای لەسنگی، قایشەکەی پشتی بە دوو کون بۆ پێشەوە شل کردەوە، ویستی بە پشتا راکشێ، بەلام:

- نەکەی لە هیچ جێیە ئەمین بی، وەك ماران گاز لە خشەی مارو مێرو سڵ کەرەوە، خۆت مەدەرە دەست رێکەوت.

دەستە سڕەکەی هێشتا تەڕی ماوەیە لەمەو بەری پێوە مابوو کە لەسەر کانی خەیاران لامل و ناوچەوان و لاجانگی پێ تەڕکرد. کردی یەوەو بە لەپی دەستی هێنای بە ڕویدا، نەی دەزانی ئەوە چی بوو لەپڕ تووشی بوو، هەموی جگەرە کێشانێکە ئەم شتە پەڕیوەتە مێشکی.
- شێخ گۆڕەکەی پڕ لە نور بێ، هاتبووە ئەشکەوتە کانی پشت ئاوایی، شەوێ ناردی بەدوماو بۆ ڕاسپاردەیەك ناردمی بەو دیوا... بۆ (وەیسە)، ڕاستت دەوێ منیش لە ڕود امام و شەرمم کرد داوای کەسێك بکەم لەتەکما، هەربەو شەوە پایزە، نمە نمە باران دەباری کە من بەرداو بەردو دەوەن بە دەوەن بەم کەلە سەختەدا هەڵ دەزنام، لای کانی یەکەوە تێ پەڕیم و گوێم لێ بوو بانگیان دەکردم، بەناوی خۆم هاواریان لێ دەکردم !!، ڕۆیشتم، هەنگاوەکانم خێراتر کردو فیشەکێکم هێنایە پێشەوە... ئاوڕم نەدەدایەوە؛ بڕۆن بەلەعنەت بن، چیتان لێم دەوێ، نەوەستام. ئەو ڕێگا دورو سەختەم لەخۆیەوە لێ تەواو بوو، کاتێکم زانی گوێم لە سەگوەڕی ئاوایی یەکە بوو و چراکانیماڵەکانیش کز کز پەرش و بڵاو وەك خاوەنەکانیان وەنەوزیان دەدا.
ئا، هەر ئەم خەیاڵە بوو، بەم ڕۆژی روناکە ئەمەی هێناوەتە مێشکی و لە ناسەی خۆی گومان دەکات.

هەستاو ڕێگاکەی گرتەوە بەر، سمۆرەیەك بەدارێکدا سەرکەوت و قۆڕی یەك لە درزی بەردێکەوە سەرەتاتکێی بوو: (کێ ئەڵێ ڕۆحیانەتەکەیان نەچۆتە ئەم شتانەوەو ئاوا خۆیانم پیشان نادەن... بۆ ؟ نابێ ؟!)
- بە پێی تیوری تەناسوخ، ئەم گیانەی ئادەمی هەردەمێنێ، ئەگەر پیاوچاك بوو ئەوا لە شێوەی گیان لەبەرو ئادەمی چاکدا دەنوێنێ و پێچەوانەکەشی ڕاستە.
- سەرهەڵدانی ئەم باوەڕە چ لایەك بوو ؟
- ڕۆژ هەلات، هیند تا میسۆپۆتامیا.
کچەکەی بەردەمی عاشق بوو، لەباتی گوێ گرتن لە بابەتەکە بەقەڵەمەکەی وێنەی دڵێکی گەورەی کێشاو ئیتر ناوەوەی بە دڵی وردتر پڕ کردەوە.
لای بۆ کردەوەو:
- گوێ گرە، ناترسی بمری.
- ئێمە نامرین، عاشق هەر زیندووە.
وشەکەی دوایی ئەو کچە تینێکی دایە، هەرچەند ساڵێك بەسەر ئەم قسەیەدا تێ پەڕیبوو بەڵام زوو زوودەهاتەوە بیری، لەگەڵیشیا خەم و ترسی دەڕەوانەوە.

هـەنجیرە کێـویلەیەك بـەلاپاڵی روخـاوی ڕێگاکـەوە وەك بـەزۆر خـۆی هێشتبێتەوە ئاوا لقەکانی شۆڕ ببوونەوە، لە نێوان گەڵاکانیدا بەرەکـەی رەش دەچۆوە، لایداو دەستیکرد بە هەنجیر خواردن، لەوەدا بـوو دەست هەڵگـری هەستیکرد کەسێك ئەمەندە لێی نزیکە گوێی لە هەناسەکەیەتی، دەستی لە کەمەندی تونو کردو گورج ئاوڕی دایەوە، لقی هەنجیرەکە کەوتە ژێر چەناگەیو گەڵا زبرەکە بەرچاوی گرت، وازی هێناو ڕۆی، بەڵام تاماوەیەکیش هەر تەپەی دڵی دەهات.

ویستی ئەو خۆفە لەبیـر خۆی بەرێتەوە، جەمسەری بیـر کردنەوەی گرتو ترازاندیە روکارێکی تر؛ (خۆشەویستی رواڵەتێکی تری ئەو بەربەرەکانیەیە کە گیان لەبەر بەرامبەر مردن دەینوێنێ، هەنگاوێکە بۆ جوت بوون، لە ئـەنجامی ئەمەی دواییشدا بووەیەکی نوێ دێتە کایەوە... ئەمەیان لوتکـەی زاڵ بوونـە بەسەر مردندا... مردن دەیەوێ بوون نەهێڵێو بوونیش بە گیاندارێکی نوێ مل ملانێی لەگەڵ دەکات).

خۆشی نەی دەزانی بۆ لە هەمو بابەتەکانی خوێندن تەنیا فەلسەفەی بەلاوە بـەتـامو سـەرنجـاوی بـوو، چـونکـە لە گـەردونو بـوونو ژیـانو دیـوی نادیاردەکۆڵێتەوە ؟ چونکە زۆر رۆدەچووە خوارەوەو پەنهانیـەکانی ئەم گیانە بزێوەی دەردەخست ؟ یان بەدوای شتێکی نا دیاردا وێڵ بوو ؟ وەیان چونکـە (سازگار) حەزی لێ دەکرد ؟

تەنیا یەکێك لەمانە نا، هەموی بە کۆمەڵ، هەر ئەم فەلسەفەیەش بوو، بووە پردی بەیەك گەیاندنی ئەمو ئەو، چونکە لەهۆڵی دەرسەکەدا چالاك بوو، ئەویش حەزی دەکرد لە پەنایەکدا تەریك بنو تەنیا بۆ ئەمی باس کات.

کە چاوی ورد بوونەوەی لەدەریای روانینی ئەودا تەی دەکرد، هەرچی پانایيو بەرینی ئەم دنیاو گەردونو پاشکۆکانیەتی دەبوونە کونی دەرزییەك، دەبوونە خاڵێکی وردی یەکێك لەو وشە زۆرانەی سەر لاپەڕەی (مەلزەمەکە).

- ئاگادار بە، خەیاڵت نەڕوا.

- بە من دەڵێی، تۆ خۆت !

بزەو گەشیی سەرو سیما ئاوێتە بـوو، مەلزەمـەکەی داخستو ویستی شتێك بڵێ، بەڵام ئەو گورج لە دەمیسەندەوە:

- فەیلەسوف بی خۆشە، بەڵام پەراگـەندەییو تـەریکیو گۆشـەگیری من لە گەڵیدا نیم.

- سازگار، بەئەستوری هەمو کتێبەکـانی ناو ئـەم کتێبخانـەیە، من لەمـەدا لەگەڵتام.

- منیش بە بەرزایی هەمو بیناکانی ئەم ناوە.
- کاممان دەیبەینەوە.

تریقانەوەیەکی بێگەردو چە نماخەی حەزێکی شێت لەپڕ هێنانیەوە سەر خۆیان.

لەپی دەستی نوسان بە پشتی دەستی‌یەوە، سەری‌پەنجەکانی یاری بەجوتە بازنە ئاڵتونەکەی دەستی دەکرد، ئەو چاوی لەهاتنی دوو قوتابی بوو، دەستی دەرهێناو:
- با بڕۆین، پێت‌کرا عەسر دێم.

عەسریش لەو جێیەی دەستی لەسەر دانا وردە وردە پیاهات، ئەم لە دنیای (ئەبیقۆرو کەلبی‌یەکان‌و بوزاو لائوسی)یەوە هەتا (مانی)و دوای ئەوانیش‌دا گەشتی دەکرد، تاسەی شەپۆلی یەك لە دوای یەك نێوانێك بوو بۆهەر بیرەوەریەك، قژی رەشی خاوی کەمێ زبری تێکەڵ بە روی ئەویش ببووە، ئارەقەیەکی لینج‌و خەستیش وەك کەتیرە ئەو دوو لەشەی لەو ئاستانەدا لەیەك دەدا کە لێکیان دابوو، فێنکی‌و گەشکەیەکیش دوای لێك بەربوون وەك شەپۆلی ئاوازی ریکۆردەکەی لایانەوە بەسەریا دەهات.

زۆر جار جڵەو بەردەبووو دەکەوتنە لێژی، بەربەرەکانی مردنەکە لەوەدابوو روبداو (سازگار) وریاترو زرنگتر بوو، وەك سورە ماسی‌یەکی سرك‌وخز خۆی دەفرتاندە لاوە:
- چی‌یەکەی ؟ لەسەر خۆ !!

لادەکەوت بەڵام ئەو دوو گیانە هەر تێك ئاڵا بوون، لەشەکان جیا بوون، هەریەك لەسەر گازی پشت هەنسکە بڕکێی بوو، بە دەست ئارەقەی لە نێوچەوانی، لاجانگی، لاملی دەسڕی‌یەوە، بەڵام زۆری نەدەبرد، ئەوەندە لاسار بوون، هەرچی (ناشێ، نەکەی، چۆن، نەخەڵەتابی) ئەو چەند ساڵەیە فەرامۆشیان دەکردو دەکەوتنەوە نەرمە غارێکی خۆشی، بەگوتی دەریای فەلسەفەی ژیان‌و مان‌و نەماندا، بەسواری ئەسپێکی رەشی قەترانی ناوچەوان سپی‌یەوە بەبێ ئەوەی یەك پارچە پەڕۆیان پێوەبێ، پاژنەی پێیان لەبەر ورگی توند دەکردو ئەسپەش دەیحیلان‌و دەکەوتە چوار ناڵە، جڵەویان رادەکێشایەوە... دەکەوتنەوە نەرمەغار... دیسان چوار ناڵە... نەرمە غار... چوار ناڵە... نەرمە...

ئەمە لە خۆیدا رواڵەتێکی سەردەمەکەی بوو. لەپێچی تولە رێگاڵەدا، لەبن بەردێکدا لاشەی رێویەکی تۆپیو کەوتبوو، لێی ورد بۆوە، نیوەی رزیبوو، (ئاخۆ چ ئازارێ، فیشەکی کام راوچی، ساچمەی کام رێبوار، پێوەی داوەو بەو بریناریە خۆی خزانۆتە ئەم بن بەردە... ئای ژیان، مانەوەو رزگار بوونی خۆی لەم ژێر

بەردەدا دیوە... بەڵام)... ملی ڕێگاکەی گرتەوە، قورسایی‌یەکەی شانی چەپی دابەشانی ڕاستیا، دەستێکی کرد بە گیرفانی شەر واڵەکەیداو دڵنیابوو لەوەی کە نامەکەی تێدایە.

- دنیای ئەمڕۆ هەروەك جارانە... گەلحۆکان وەك خۆیانن... تاوانێکی گەورەو لێفەیەکی شڕ.

- شتەکان زۆر ورد دەکەیتەوە...

- ئەمڕۆوا پێویست دەکات.

لە ملەکەوە داگەڕایەوە بۆ باسکەکەی ئەوبەر، لەبن دەوەنێکدا جوتێ کەوفجوقیان کرد بەرەو ئەو بەر بوونەوە، کپی و بێ‌دەنگی، سێبەرێکی کەڕ، شنەیەکی فێنك، بۆنی کوێستانێکی خۆشی دەدا بەڕودا... تاتوانی هەناسەیەکی هەڵمژیو سنگی کردەوە، هەردوو باسکی بەرەلاکرد، وەك ئەو سروشتە بەرزە بگرێتە باوەشی یا بچێتە باوەشی.

شاخەکە فراوان بوو، بەرزتر بوو هەتا بووە کێویکی مەزن‌و ئەو وەك خاڵێکی بریسکەدار بەدامێنی‌یەوە سەردەکەوت.

لەپێ دەشتەکەشدا، هەمو شتەکان بەڕونی‌و بێ‌پەنهانی، وەك لە ژێر زەرەبینێکدا بن ئاشکراو دیار بوون، تێ ی دەڕوانین‌و لێکی دەدانەوەو دەشی زانی سەرەنجامەکەی چی‌دەبێ... ئەمە بەلایەوە ئەوەندە ئاسان بوو، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە سەری ساڵ بەلای سازگارەوە بێستونێك بوو: (دوو ئەلەکترۆن لە ئۆربیتالێکدا هاو بارگەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بارگەکانیان نێگەتیڤە ئەتوانن بژین... بۆچی ؟ چۆن ؟!).

قاقا پێ‌کەنی، هەمو ماسولکەکانی جمان، دڵو دەرونی بەئەندازەی دەشتە بەرینەکەی شارەزوری خواریەوە مزاوان بوو... دیسانەوە سەری داوەکانی کەوتنەوە دەست‌و گرێ کوێرەکانی دەکردەوە، ئەو داوە بەو نامۆنەبوو، جارێکی تر لەوە بەر، باوکی، داوێکی تری ئاوای کرد بۆوەو ئەمیشی فێر کردبوو.

دەستێکی دایەوە لەلا ڕانی، بۆ گیرفانی شەرواڵەکەی‌و دڵنیا بۆوە... ئیتر هەنگاوی نا بەڵام بە ئاگایی‌یەکی بێ ئەندازەوە، دەیڕوانی‌یە هەر بنچکێ، ژێر دەوەنێ، لاپاڵێ، بن بەردێ هەتا لای دەکردەوە بۆ ویزەی هەنگێکیرش.

چیرۆك

شەڤۆ

نڤیسینا: نور الدین أنور بۆتانی

دنیا هاڤینەکا درەنگی‌یە... ها.. تو نەمایە، پشتی چەند ڕۆژێن دن ئەمێ داکەڤن پاهیزێ. لێ پا هێش دنیا کەلە کەلە وتینا گەرمێ ناهێلە خوهدان ژئەنیا مرۆڤی زوهابە، تنێ بەشەڤ قاسەك هونك دبە، لەورا ژی هەرشەڤ بایەکی هێن ژچی‌یێ بەر بگوند دهات... گوندێ مە ژی لەدە شتێ‌یە وقاسێ سەعەتەك ڕێ ژچی‌یێ دوورە.

هەلبەت ئەم ژی مینا هەمی خەلکێ گوند، مە (دەهـ ـ دوزدە) سەرێن پەز هەبوو، شڤان ژی لگوندێ مە تو نە بوو، تنێ مالا ئاغێ شڤان هـەبوو، لەورا گوندی هەرکەس بخوە چاڤ دێری لەپەزوسەوالێن خوە دکر، (شەڤو) ژی کورێ من نێ مەزن هەرۆ پەزێ دبر ئاقار ودچێراند.

ئەز ژی سالێ (دوو ـ سێ) پەرچە ژڤادێ ڕادکم وتوڤێ خـوە لێ دەچینم، لەورا ژی (دوو ـ سێ) پەرچێن ڤادێ بزۆر ئابوریا مال وزارۆکێن من پێ دهات، هەر چاوا بە مە دەباریا خوە پێ دکر.

ئێڤاردکێ ژبەری ڕۆ ئاڤابە، (ڕەوشێ) خەباتا شیڤێ دکر، (شەڤۆ) ژی هێش ...ڤا. نەهات بوو. ئەز ژی دئۆرتا حەوشێ‌دا دگەل زارۆکێن خوە ڕونشتی بووم ئو

(تەمۆ) کورێ من ئێ بچوك گۆ: باڤۆ ئەز برچی مە ؟.. من ژی دەنگێ ل (ڕەوشێ) کر.

ڕەوشێ.... ڕەوشێ.... دەزوو بە لێ، ئەڤ چ بەتە هات، کا شیڤا مە ؟..

(ڕەوشێ) بەرسڤا من دا وگۆ: ها.... ئها.. تو نەمایە چاڤێ من ئەزێ ژوەڕا بینم، ما قەی وون برچی بوونە ؟.. کا ڕابە (کۆچەرا) من ئامانان وەرێن، دەنگ لکەچا من ئا مەزن کر وگۆ:

ئەرێ «جامێرۆ».. وەلا گرارا مە ژی کێم بوویە ئو تو زانی کو ئیسال مە چ گەنمێ پاقژ نینە بۆ خوە ڕاکن، نێ من سەد جارا دگۆ: ڤی گەنمێ قەندهاری لزەڤیا پێش گوند مە چینە، قادا وێ گەلەك بدەخەلە.

دی بلا ڕەوشێ، تشتەك نابە، بلا ئیسال ژی بخێر هەرێ، سالەکا دی ئیشەللا ئەزێ زوو دەست هلدم شوڤا خوە باژۆم ئو ژ (دەهـ) تغارێن گەنمی کێم تر ناچینم، مانێ (ڕەزۆ) یێ پسمامێ من ژکەرەما خوە وێ هێسترەکا خوە ژمنڕا بشینە، ئەز جوتێ خوە پێ بکم.

ئەرێ... ئەرێ.. (ڕەوشێ) تنازێن خوە بمن کر وگۆت:مانێ تە سالا پار ژی دگۆ ئەزێ (دەهـ) تغارێن گەنمی بچینم، ما قەی تو ژی بوویە (میرزۆ) یێ سۆڤی (حەسۆ) ؟... (دەهـ ـ دوزدە) تغارێن گەنمی بچینی هێشتا هەر پاهیز !...

تەق.. تەقا... دەری هات وخولامێ ئاغێ بزۆر کەت.

سلاڤ دا ومن سلاڤا وی ڕاگرت.

من گۆ: کەرەمکە برا ڕوونە ؟.

گۆ: خوەدێ ژکەرەما تە کێم نەکی برا، لێ ئەز بلەزم ودڤێ هەرم ناڤا گوند ئو ژگوندیاڕا بێژم کو ئاغای دڤێ وون تەڤ ئیشەڤ وەرن دیوەخانێ.

مگۆ: سەر چاڤا برا، ئەز ژی شیڤا خوە بخوم وئەزێ وەرم.

دەستورا خوە ژمن خواست وچۆ.

ڕەشێ گۆ: (چەکۆ).. ئەو کی بوو وەها بلەز چۆ ؟.

مگۆ: (سموێ) خولامێ ئاغێ بوو.

گۆ: دیسا (سمۆ)....!. نێ مە پێر دیکلەك دابوێ ژئاغێ ڕابربوو، ئیرۆ بونا چ هاتە ؟

مگۆ: بونا دیکلێ نەهات بوو، لێ ئاغای دڤێ کو ئەم تەڤ ئیشەڤ هەرن دیوەخانێ ووێ چەند پرس وگۆتنا ژمەر بێژی.

گۆ: پرس وگۆتنا چاوان ؟.

مگۆ: ما ئەز ژکو دزانم..

ردونسی گو... هی... (چەکو).. ب سەری کەکێ خوە کم، هەبە تو نەبە، گوند ژنا وسەر کانی‌ییە !....
دگو گوتنا چی کەچێ ؟
گو پا سوبێ چاخێ ئەز چو بووم سەر کانی‌یێ، من بهیزت بوو پیرا (سیڤێ) دگوتە (خەجوکا) ژنا سورو کو دوهی یەکی پەزێ خوە بەردایە بوستانێ ئاغێ ئەوێ دبەر گوندرە.

ئەز کەتم گومانا ودلێ من ژی پر دترسا چاخێ من ئەڤ بهیزت.
ئاخر... من شیڤا خوە خوار وبلەز رابووم ئو من لنگێن خوە لبایێ بەزێ خست وپیرا دەرکەتم بو دیوەخانێ، ئەز گهام دیوانێ، من سلاڤ دا جماعەتێ ووانا سلاڤا من راگرت و بخێرهاتنا من کر، گوندی تەڤ لور بوون، تنێ ئاغا ومەلایێ گوند نەهات بوون، قاسێ نیڤ سەعەتێ ئەم مان، من هەو دی ئاغا ومەلایێ گوند ژی بزور کەتن، ئەم تەڤ ژبەر وان ڤە رابوون ئو مە سەرێ خوە ژوان را چەماند.
ئاغا رونشت سەرێ دیوانێ وگو:

گەلی جماعەتێ... دوهی یەکی پەزێ خوە بەردایە بوستانێ مەیێ دبەر گونددە، ڤێجە ئەز ومەلێ مە تولا ڤێ یەکی دانی‌یە کو ژ (پێنج)سەرێن پەز و (دەهـ) تغارێن گەنمی کێم تر نەبە، لەورا ئێ پەزێ خوە بەردایە بوستانێ مە، دڤێ سوبە ب خوە تولا مە بینە، ژبەری ئەز وەتەڤان سوند بدم وبزانمە ئەوکی‌یە.
جماعەتێ...
یەکی گو: وەلا ب سەرێ شێخ کم نە پەزێ منە.
یەکی گو: ئەز بەنی، پا دگوتن دوهی شڤانێ وە لور بوو.
یەکی گو: وەلا من دوهی (سێ ـ چار) چێلەکێن سوڤی (حەمو) لور دی بوو.
یەکی گو: پا لاوێ مە دگو: دوهی (شەڤو) ژی لور بوو.
هەر یەکی گوتنەك کر.
دەبەسەلوووو.. بەسە. هەما مە ئا خوە گوت ڤێجە کی پێ نە خوەش ژی بە، بلا ژڤر بارکی وکودا هەری بلا هەری.
ئەم قاسەك مان وپاشێ یەکو ـ یەك رابوون بەر بەمالا خوە زڤرین.
ئەز گهام مال (رەوشێ) هات پێشی‌یا من و گو:
خێر بە چەکو، ئەڤ چما تو ولو ب خەمی، ما تشتەك هەیە ؟
مگو: رەوشێ خوەدێ ئالیکارێ مە بە، کاشەڤو ژئاقار هاتە ؟.

گۆ: بەلێ وێ لسەر بان ڕازایە.
من دەنگ ل (شەڤۆ) کر، کا وەرە لاوێ من.
(شەڤۆ) هات ودلێ من ژی هێش پڕ دترسا.
من گۆ: کی دوهی پەزێ خوە بەردایە بوستانێ ئاغێ لاوۆوو ؟.
گۆ: وەلا باڤۆ دوهی ئەز گەلەك وەستیایی بووم، ئو لاشێ من ژی پڕ دێشا قاسێ (پازدە ـ بیست) دەقیقەکا ئەز ڕازا بووم، ئەز شیار بووم من هەو دی پەزێ من لور نەمایە !.. من هۆ نێری... هۆ نێـری لێ من تشتەك لوان درا نـەدی، جارکێ من هەو لێ نێری من کەریەك پەز دنێڤ بوستانێ ئاغێ دی........
ئەز هێرس بووم ومن شەقامەك لبنێ گوهێ (شەڤۆ) خست، من کر ئەز شەقامەك دن ژی لێ. بخم، لێ ڕەوشێ نەهێلا.
گۆ: دە بەسەلۆۆۆ.. هێرس مەبە، ما قەی تو دێ کرڕك ژی بكوژی ؟.
بڕاستی ژی ئەز گەلەك هێرس ببووم، پاشێ من هزر کر ئەز ڤەگەرم مالا ئاغێ وهیڤیا ژێ بکم بارێ مە پیچەك سڤك بكی ژبەر کو ئەم خزانن ونکارن ئەو تۆلا ئاغا دخوازی بجی بینن، ئەز لبەر بووم بچم من دی (شەڤۆ) بدەنگەکي نزم گۆ: باڤۆ نێ ئەو کەریێ پەزی نەیێ مە بوو.
م گۆ: پا پەزێ کێ بوو لۆ ؟
گۆ: پەزێ مالا ئاغێ بوو، نێ شڤانێ وان ژی لچۆلێ ڕازا بوو ئو پەزێ مە ژی ژبەری بگهێژە بوستانێ ئەز پێڕا گهام ئو من زڤڕاند.
ئەز گەلەك پوشمان بووم چاخێ من ئەڤ بهیزت.
م گۆ: لاوێ من لمن مەگرە، من نەزانی بوو ئو من ئەو شەقام لتە خست.
شەڤۆ بکەنێ بەرسڤا من دا وگۆ: خەم ناکی باڤۆ، تشت تو نە بوویە، ما قەی ئەڤ جارا یەکێیە تو شەقاما لمن دخی ؟..
ئەز مام وێ شەڤێ دگەل خەما وێ شەقاما من ل (شەڤـۆ) خست بوو، چەندی من دکر ئەز ڕازم لێ خەوا من نە دهات جارنا ژی لبەر تاڤا هەیڤێ من بەرێ خوە ددا شەڤۆ ئو من لێ دنێری کو ڕازایە....

هونەری «شانۆیی»

مالین ماککوکین

وەرگێڕانی:ـ ئازاد بەرزنجی

گەر بمانەوێ هەر کارێکی ئەدەبی بە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنەوە بخوێنینەوە، ئەوا دەبێ لە پێشدا بزانین نوسەرەکە دەیەوێ بڵێ چی ؟ چونکە زانینی ئەوە یارمەتیمان ئەدات ئەو ئامانجە بدۆزینەوە کە نوسەرەکە مەبەستێتی.

شانۆیی ئەو تێکستە ئەدەبی یەیە بۆیە دەنوسرێ تا لە سەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێ و وەکو هەر هونەرێکی دی ڕێساو بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، بەلام نوسەری شانۆیی پا بەستە نیە بەو ڕێسایانەی کە مێژوو نوسێك یا بایـوگرافی نوسێك پێویستە پەیڕەویان بکات. ئێمە داوا لە دراما نوس ناکەین دەقاودەق خۆی بە حەقیقەتە مێژوو‌ییەکانەوە بەند بکا وەك چۆن ڕوویان داوەو داوای ئەوەشی لێ ناکەین خۆی بە بیرو هزرو ڕەفتاری شەخسیەتێکی مێژووییەوە ببەستێتەوە، بەڵکو سەر بەستی یەکی تەواوی هەیە بە پێی داوا کاریەکانی هونەرەکەی دەسکاری لە بابەتەکەدا بکات، چونکە وەکو وتمان مێژوو نوس نیە تا وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیانی ئەو چاخەمان بۆ بخاتە ڕوو.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستەش شانۆیی ی «یۆلیۆس قەیسەر»ی دراما نوسی مەزن ولیام شەکسبیر بە نموونە دەهێنینەوە، بۆ نوسینی ئەم شانۆیی یە نوسەر پەنای بردۆتە بەر مێژوو نوسی ڕۆمانی «پلۆتارك» بەلام بەوەوە نەوەستاوەو زۆر گۆڕانکاری تێدا کردووە، دەبینین کە دیمەنی دووەم لە پارتی یەکەم لای پلۆتارك پێش دیمەنی یەکەم ڕوودەدا، ئەمە تاقە ڕووداویش نی یە کە شەکسپیر بە

شتێك سەربەستی یەوە دەسکاری کرد بێ، تەنانەت وتارەکەی پروتوس دوای کوشتنی قەیسەر بە ڕۆژێك دەخوێنرێتەوەو لە ماوەی بیست ڕۆژیشدا دوو جەنگ لە نێو ریزەکانی سوپادا لە فیلیپی ڕوو دەدات. هەر وەها شەکسپیر لە هەندێ وردو درشتی ژیانی ڕۆمانیدا بە هەڵەدا چووەو هەندێ خوو و تۆرەی لە مێژووی ئەلیزا بینێ یەوە وەرگرتووەو بەسەر ڕۆمانی یەکانیدای سەپاندوە وەکو بەرز کردنەوەی کڵاوەکان لە لایەن ڕۆمانی یەکانەوەو هەروەها یولیوس قەیسەر لە بری ئەوەی بەرگی ڕۆمانی بپۆشێ سەدریەی کردوتە بەرو پیلانگێرەکان تا سەر گوێیان کڵاوەکانیان هیناوەتەوەو کاسیوس بە کاتژمێر باسی کات دەکات و ئەمە بێجگە لەوەی کە ناوی بازاڕ لە مەیدانی ڕۆمانی دەنێ و سەکۆی وتار بێژی بە مینبەر ناو دەبات و لاشەی قەیسەر کفن ئەکرێ و پروتوس پەرەیەکی کتێبەکەی هەڵدەداتەوەو ئینجا دەیەوێ لەگەڵ شەیتان بدوێ، لە کاتێکدا کە ڕۆمانی یەکان نەزانیویانە کڵاو چی یەو نە سەدریەو نە کاتژمێرو نە مینبەرو نە کتێبیش.

بەڵام ئەم هەڵانە زادەی مەزنایەتی ئەو دراما نوسەبووەو بەڵگەن بۆ لێهاتوویی لە کاری شانۆییداو شتێك نین بەرچەپ و هاو دژ بن لەگەڵ هونەری شانۆییدا، هەر وەها هونەری ناوبراو لە سەر ململانێ یەکی ناوەوەیی ڕۆدەنرێ و پێویست بە بوونی کاراکتەرێکی سەرەکی دەکات کە ناحەزی هەبێ، لە شانۆیی ی یولیوس قەیسەردا گەر پروتوسمان بە کاراکتەری سەرەکی دانا کە دەیەوێ پارێزگاری کۆماریەتی ڕۆما بکا ئەوا دەبینین کە قەیسەر هاو دژەکەیەتی و دەیەوێ تاجی شایەتی لە سەر بنرێ، نوسەری شانۆییش نایەت وەکو مێژوو نوسێك هەموو هۆیەکانمان پێ بڵێ و ڕای خۆی تێ هەڵکێش بکا، بەڵکو ئەو لە خیلالی ڕووداوە شانۆییەکانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەڵام دەبێ نوسەر ڕۆڵی ڕاستەقینەی خواست و ئارەزووەکان و ئیرادەی مرۆڤ لە خیلالی ڕووداوەکانەوە بخاتە ڕوو.

ئێمە نامانەوێ بە دیتنی شانۆیی ی «یولیوس قەیسەر» مێژووی ڕۆما فێربین بەڵکو دەمانەوێ ململانێ نێوان دوو کاراکتەر کە قەیسەرو پروتسن لە خیلالی ئەو ڕووداوانەوەی کە لە سەر تەختەی شانۆ ڕوو دەدەن ببینین.

بەڵام نوسەری شانۆیی پا بەستەی هەندێ کۆتەو پێویستە لە سەری پێوەی بەند بێ، «فۆرم» لە گرنگترین ئەو کۆتانەیەو نوسەر ئەو شتانەی کە دەیەوێ بیانڵێ بە هۆی ـ ڕووداو ـ و ـ ئاخاوتن ـ هوە گوزارشتیان لێ دەکا، ئەو ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەر وەکو چیرۆك‌نوس پێمان ڕابگەیەنێت کە فڵانە کاراکتەر وا بیر دەکاتەو وا ڕەفتار دەکاو وا دەڕوانێتە ژیان، بەڵکو دەتوانێ وامان لێ بکات لە کاراکتەرەکە بگەین کاتێك پەیڕەوی ئەمانەی کرد:ـ

١ ـ کاراکتەرەکە لە بارەی خۆیەوە بدوێ.
٢ ـ کاراکتەرێکی دی لە بارەیەوە بدوێ.
٣ ـ کاراکتەرەکە بێتە سەر شانۆو بەشداری ڕووداوەکان بکاتو بواری ڕادەبڕین و ناسین بۆ تەماشا کەر دابنێ.

جۆری دووەم لەو کۆتو پێوەندانە، کۆتو پێوەندی بەدەنین، نوسەر بەستراوە بە توانای دیاریکراوی مرۆڤانەی ئەکتەرەوە بە هەڵسانی بە کارەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لە سەر تەختەی شانۆ. کۆتی سێیەمیش «کات»ە، نوسەر دەبێ لە ماوەی دوو کاژێر یا سێ کاژێردا شانۆییەکەیمان پێشکەش بکات بە پێچەوانەی چیرۆکنوسەوە کە سەربەستی‌یەکی تەواوی هەیە لە دیاریکردنی کاتی چیرۆکەکەی یا ڕۆمانەکەیدا، هەروەها نوسەری شانۆیی پابەندە بە یەکەی ڕووداو و کاراکتەرەوەو پێویستە سروشتی کاراکتەرەکان لە گەڵ ئەو شتەدا بگونجێ کە پێی دەڵێین «سروشتی مرۆڤایەتی».
ئەمە لە لایەکەیەوە لە لایەکی دیشەوە نوسەری شانۆیی هەندێ ماف تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە بۆی هەیە تەختەی شانۆ بکاتە قەلایەك یان گۆڕەپانی جەنگێك یان ڕووی پاپۆڕێك و بۆی هەیە بەشەش کەس سوپایەکی تەواو پێك بهێنێو دەتوانێ بەو شێوەیەی کە بە گونجاوی دەبینێ دەسکاری ڕووداوەکان بکاتو وا لێرەیشدا لە هەندێ مەسەلەی گرنگ دەدوێین کە پەیوەندی‌یەکی ڕاستەو خۆیان بە هونەری شانۆییەوە هەیە:ـ
١ ـ شیرازە «الحبکة»:ـ
شیرازە پەیوەندی‌یەکی ڕاستەو خۆی هەیە بە یەك بە دوایەکدا هاتنی ڕووداوەکانەوە، بێگومان هەر یەکێك لە ئێمە بەسەریدا تێ پەڕیوە گوێی بۆ چیرۆکێك ڕادا شتبێ یان خوێندبێتی‌یەوەو بەلام لێی بێزار بوو بێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێنەهاتوویی چیرۆکنوسەکە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بە شێوەیەکی دروست تا بگاتە ئەو خاڵەی کە کارتێکردنی داوا کراو بدات بەدەستەوە، لێرەشدا مەبەست لەو خاڵە «ترۆپك» یان «لووتکە» یە لە شانۆییدا، بۆیە دەتوانین پێناسی شیرازە بەوە بکەین کە یەك بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکانو ڕێکخستنیانە بۆ هێنانە بەرهەمی «ترۆپك».
لە ڕاستیدا ڕووداوەکان لە نێوان یۆلیۆس قەیسەرو پرۆتۆسو ئەنتۆنیدا پەرشو بلاون، بەلام شەکسپیر هاتو ڕێکخستنێکی پێدان بە جۆرێك کە لەگەڵ مەبەستیدا بگونجێ، وەك لە پێشدا ئیشارەتمان بۆکرد دەبینین دیمەنی دووەم کە ڕووداوەکانی پێش دیمەنی یەکەم ڕوودەدەن شەکسپیر خستوویەتی‌یە دوای دیمەنی یەکەمەوە تا وەکو بە هۆی ئەو دیمەنەوە مادە بنەڕەتی‌یەکەی شانۆییەکە

به بینه‌ران بناسێنێ‌و بیکاته بناغـه‌یه‌ك بـۆ ڕووداوه‌كانی دوایی، بـۆیه تیـایدا جه‌ماوه‌ری ڕۆمانی ڕاڕاو هه‌ڵه‌شه‌مان پیشان ده‌دات‌و بایه‌خمان ده‌وروژێنی‌و به هۆی ڕووداوه‌كانی دوای ئه‌وه‌وه ورده ورده بۆ «ترۆپك» مان ده‌بات‌و هه‌ندێ جار ئه‌م هه‌ست سه‌رخستنه به چه‌مكه درامی‌یه‌كه پێ ی ده‌گوترێ «ڕووداوی بڵندڕۆ» چونكه تا بێت سه‌رنج‌و بایه‌خمان به ململانێكه له خیلالی ڕووداوه‌كانه‌وه بڵند تر ده‌بێ‌و چاودێریمان بۆ كاراكته‌ری سه‌ره‌كی زیاد ده‌بێ، جا گه‌ر بێتو له «یولیوس قه‌یسه‌ر» دا پرۆتوس به كاراكته‌ری سه‌ره‌كی دا بنێین ئه‌وا «ترۆپك» كاتێك دێ كه ئه‌نتۆنی وتاره‌كه‌ی ده‌خوێنێته‌وه‌و پـاشان كـه‌مێك ده‌وه‌ستێ تـا كاریگـه‌ری ی وتاره‌كه‌ی له سه‌ر ڕۆمانی‌یه‌كان بزانێ، چونكه ڕووداوه‌كان هه‌ر له سه‌ره‌تـای شانۆییه‌كه‌وه تا ئه‌م خاڵه له خزمه‌تی پرۆتـوسدان، بـه‌لام له‌م ساتـه به‌دواوه ڕاگۆڕین‌و شێواوی بیرو باوه‌ڕی جه‌ماوه‌ری ڕۆمانی ده‌بینین‌و كۆتایی ی پرۆتوس‌و كۆماری‌یه‌كه‌و شانۆییه‌كه به‌گشتی ده‌زانین، ئـه‌و ڕووداوانه‌ی كـه له‌و خاڵه‌وه ده‌ست پێ ده‌كه‌ن‌و به‌رده‌وام ده‌بن پێیان ده‌گوترێ «ڕووداوی نزمڕۆ»، پاشانیش مردنی پرۆتۆس دێ كه به «كاره‌سات» ناو ده‌برێ‌و دوای ئه‌ویش به ماوه‌یه‌كی كه‌م «پایان» دێ.

شانۆیی ناوبراویش «تراجیدیا» یه چونكه كاراكته‌ری سـه‌ره‌كی تیایـدا هه‌ره‌س ده‌هێنێ، و له‌گشت تراجیدیاكانی شه‌كسپیـردا كاراكتـه‌ری سه‌ره‌كی ده‌كوژرێ.

٢ ـ یه‌كه‌ی ڕووداوی شانۆیی:ـ

یه‌كه‌م كێشه كه ڕووبه‌ڕووی نوسه‌ری شانۆیی ده‌بێته‌وه هه‌ڵبژاردنی ئه‌و ڕووداوانه‌یه كه له شانۆییه‌كه‌یدا به‌كاریان ده‌هێنێ، شه‌كسپیر هه‌ندێ ڕووداوی له (پلۆتارك)ه‌وه وه‌رگرتووه‌و نه‌هاتوه هـه‌موو ڕووداوه‌كـانی وه‌ربگرێ چـونكه ئامانجی نوسینی نمایشنامه‌یه‌ك بووه نه‌ك مێژوونامه‌یه‌ك، بنچینه‌ی شانۆییش ملمـلانێ‌یه، بـۆیه تـه‌نها ئـه‌و ڕووداوانه‌ی وه‌رگـرتووه كـه‌یارمـه‌تی ململانێ درامی‌یه‌كه ئه‌ده‌ن‌و سه‌رنجی ته‌ماشاكه‌ر ده‌وروژێنن.

ئه‌و مه‌بـه‌سته‌ی نـوسه‌ر ئـامانجێتی له ڕووداوه درامی‌یـه‌كان یـه‌كه‌ی ڕووداوی شانۆییه، گه‌ر سه‌یری تیپێكی تۆپی پێ بكه‌ین ده‌بینین ئه‌ندامه‌كـان هه‌موو بۆ بردنه‌وه‌ی یاری‌یه‌كه هه‌وڵ ئه‌ده‌ن‌و زۆرجار ده‌ڵێن كه فـلانه تیپ وا یاریان ئه‌كرد وه‌ك ئه‌وه‌ی یه‌ك كه‌س بن، به‌لام گه‌ر بێتو یه‌كێكیان بۆ خۆی یاری بكات، ئه‌وا ئه‌نجامی تیپه‌كه باش نابێ، ئه‌م نموونـه‌یه بـه‌سه‌ر ڕووداوه‌كـانی شـانۆییـدا ته‌تبیق ده‌بێ، هـه‌ر ڕووداوێـك ده‌بێ له‌گـه‌ڵ ڕووداوه‌كـانی دی ی

شانۆییەکەدا بگونجێو زیاد لە پێویستو لە سنووری دیاریکراوی خۆی زیاتر بایە خی نەدرێتیو لە بابەتە سەرەکی‌یەکە دەرنەچێ تا بەشداری بکات لە ڕاکێشانی سەرنجی تەماشاکەران بۆ ململانێ سەرەکی‌یەکەو بەس. هەندێ ڕووداو هەن کە خزمەتی مەبەستێك زیاتر ئەکەن بەلام ئەبێ ململانێ سەرەکی‌یەکە یەکێکیان بێ، بۆیە وا پێویست ئەکا نوسەر ئەو ڕووداوانە هەلبژێرێت کە خزمەتی هێلە درامی‌یە سەرەکی‌یەکە ئەکەن، ئەبینین وتارەکەی (کاسیوس) لە شانۆیی‌ی «یۆلیۆس قەیسەر»دا خزمەتی ئەو مەبەستە ناکات کەنوسەر مەبەستێتی و هەر وەها تەماشاکەر گەیشتۆتە نزیکەی «ترۆپکی شانۆییەکە» و نوسەریش دەیەوێ ترۆپکەکە توندو تیژ بێ بۆیە تەنها بەوەوە وەستاوە وتارەکەی پروتوس میسالی ڕاشکاو کە لە گەل گیانی نیشتمانی ڕۆمانی‌یەکان دەدوێو وتارەکەی ئەنتۆنی خۆپەرستو زمانلووس کە ئاراستەی سروشتە چەپەلەکەی ڕۆمانیەکانی دەکا بەکار دەهێنێ، بەلام وتارەکەی کاسیۆس هێندە گرنگ نیەو خزمەتی ڕووداوەکان ناکاتو بگرە ڕەنگە لە خێراییو ئیقاعی شانۆییەکە بهێنێتە خواریو ئاگای تەماشاکەران بپچرێنێ، کە واتەیەکەی ڕووداو ئەوە دەگەیەنێ کە هەر ڕووداوێکی بچووك دەبێ لە زیاد کردنی بایەخو سەرنجدان بەململانێی سەرەکی لە شانۆییەکەدا بەشداری بکات.

٣ ـ فرەمەبەستی ڕووداوەکان:ـ

وتمان ڕووداو ڕەنگە خزمەتی دوو مەبەست یان زیاتر بکات، ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆلێکی گرنگ لە خێرایی ململانێ سەرەکی‌یەکەدا دەگێڕن پێیان دەوترێ «ڕووداوە سەرەکی‌یەکان» بەلام ڕووداوەکانی دی «ڕووداوە لاوەکی‌یەکان»، گرنگیان کەمترە بەلام زیان بە یەکەی ڕووداو ناگەیەنن بەلکو هەستی خرۆشان زیاتر دەکەن، ئێمە دەزانین کە هەندێ لە کاراکتەرەکان لە «یۆلیۆس قەیسەر» هەوالی پیلانگێڕانەکەیان بیستووە بەلام لەگەل ئەوەشدا بە خۆمان دەلێین تۆ بلێی ئارسیمیدورس لە ئاگادرا کردنەوەی قەیسەردا سەرکەوێ.

هەندێ ڕووداو حەسانەوەیەك بە تەماشاکەر ئەدەن لەو گوژی‌یەی لە ئەنجامی ڕووداوی سەرەکی‌یەوە دووچاری دێن بەلام لە هەمان کاتدا یارمەتی بلند چوونی ڕووداوەکە ئەدەن وەکو ئەو دیدارەی نێوان پرۆتوسو پورشیا لە دیمەنی پیلانەکەدا یان هەلچوونی پروتوس لەگەل لوسیوسدا، وهەندێ دیمەنی لاوەکی یارمەتی‌ی نیشاندانی تێپەبوونی کات ئەدەن وەکو دیمەنی سێیەمی پاری سێیەم یان دیمەنی دووەمی پاری پێنجەم کە چۆنێتی بەردەوامی جەنگی نێوان دوو سوپاکە ڕوون دەکاتەوە.

٤ - پەیوەندیی شیرازە بەکاراکتەرەوە:-

پەیوەندیی نێوان شیرازەو کاراکتەر لە شانۆیی یولیۆس قەیسەردا ئاشکراو ڕوونە. لە تراجیدیادا ڕووداوەکان لە ئەنجامی کاری کاراکتەرەکانەوە گەشە دەکەن نەك لە ئەنجامی ڕێکەوتەوە، ئەمەشە کە لە ڕۆمانی جودا دەکاتەوە، لێرەشدا مەبەست لە ڕێکەوت ئەو ڕووداوەیە کە لە دەرەوە خۆی دەسەپێنێو یاریدەی نوسەر ئەدات.

بۆ نموونە نوسەری ڕۆمانێکی خەم ئامێز پاڵەوانەکەی بەدخواز «شریر» پیشان ئەداتو هەندێ کردەوەی بەدی ئەداتە پاڵو پاشانیش سزاکەی بە خنکاندن یان شێلانی بە ئوتۆمۆبێلێك یان شەمەندەفەرێك ئەداتو یاخود وەکو دیکنز بە سووتان سزای ئەدات و هەرحاڵ مردنی پاڵەوانەکە لە ئەنجامی کاروکردەوەی خۆیەوە نابێ، بەلام لە شانۆییەکەی شەکسپیردا بەزینی پروتوس وەکو ئەنجامێکی کارو کردەوەی خۆی دێو لە بەر ئەوەی ئینسانێکی میسالییەو هۆشمەندی ڕامیاری لانییەو وەك ئەوەی لە سەر زمانی یەکێك لەکاراکتەرەکانەوەدێ کاسیۆس تەماشای خەڵکی بەو جۆرەدەکات کە لە واقیعدا هەن بەلام پروتوس وا تێیان دەڕوانێ کە دەبێ چۆن بن، شانۆییەکەش ئەنجامێکە بۆ کالفامی ڕامیاری پروتوس، دەبینین کە ناهێڵێ ئەنتۆنی بکوژرێو ڕێی پێ ئەدا لە بەردەمی جەماوەرەکەدا بە ئارەزووی خۆی بدوێو ئەمەش دەبێتە هۆی فەشەل پێهێنانی کاوو مرادەکانی پروتوس. هەر وەها نموونەیەکی دیش لەم بوارەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێ قەیسەر قایل نابێ پێشبینەکە بناسێو لێی بکۆڵێتەوەو ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی. ڕەنگە ڕۆمان کۆتاییەکەی بە شادی بێت بەنیسبەت پاڵەوانەکەوە دوای مردنی هاودژەکەی، بەلام لە شانۆیی یولیۆس سیزەردا ئەمە ڕوو نادات لەبەر ئەوەی مەسەلەکە تەنها مردنی قەیسەر نیە بەڵکو ڕزگار کردنی ڕۆمایەو دەبینین خەڵکەکە بەشانو باڵی پروتوسدا هەڵئەدەنو قایل ئەبن بیکەن بەقەیسەر، واتە کوشتنی یولیوس قەیسەر بێهودە بوو و هیچ بەرامبەری ناوەستێتەوە عەزابەکەی پروتوس نەبێ کاتێك خۆی بەسەر شیرەکەیدا ئەداتو خۆی ئەکوژێ.

٥ - ڕاستبێژی لە ئافراندنی کراکتەری شانۆییدا:-

لەگەڵ ئەوەدا کە نوسەری شانۆیی نەبەستراوە بە گواستنەوەی وردو درشتی حەقیقەتە مێژووییەکانەوە بەلام دەبێ ئەو کاراکتەرەی پێشکەشمان دەکات سروشتی لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا بگونجێ، هەندێ جار ئەمە

بەهەڵە لێك دەدرێتەوەو وا دەزانرێ کە دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەشدا کەسێك هەبێ نوسخەی دووەمی ئەو کاراکتەرە بێ لەناو خۆماندا بێ، بەڵام مەرج نیەو ڕەنگە هەواڵێ ڕۆژنامەیەك ببێتە بەڵگەیەك بۆمان کە ئەو کاراکتەرە لە ژیانی واقیعیشدا هەیەو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نوسەر ڕاستبێژ دەبێ لە ئافراندنی کاراکتەرەکەیدا کاتێك سروشتی لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا دەگونجێ.

وەك نموونەیش لە سەر ئەوە با بپرسین:ـ ئایا قەیسەری ڕاستەقینە دەتوانێ وەکو ڕەفتاری قەیسەری شانۆییەکە ڕەفتار بنوێنێ ؟

یان ئایا جەماوەری ڕەمەکی وەکو جەماوەری شانۆییەکە هەڵوێست دەنوێنێ کاتێ سزای سینای شاعیریان دا هەر لە بەر ئەوەی ناوی لە ناوی یەکێك لە پیلانگێرەکان دەچێ ؟ گەر وەڵامەکە بەڵێ بوو ئەوا وێنەکە وێنەیەکی ڕاستگۆیەو تەباو گونجاوە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا.

هەروەها سیفەتێکی دی هەیە پێویستە کاراکتەری شانۆیی خاوەنی بێ ئەویش تاکێتی یە، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە کاراکتەرەکان هەندێ نموونەی دەقاو دەقی نێو ژیان بن، بەڵکو لە خۆمان بپرسین:ـ ئایا کاراکتەری شانۆییەکە لە کاراکتەرێك دەچێ کە بیناسین یان لە بارەیەوە خوێندبێتمانەوە ؟ بێگومان پروتوس لە زۆر کاراکتەر دەچێ بەڵام هەر خاوەن تاکێتی خۆیەتی و بەوە دەناسرێ کە میسالی یەك بوو لەو بڕوایەدا بوو تاقە دەستێك دەتوانێ کۆیلایەتی لە ناو بەرێ و لە نیگار کێشانی ئەو کاراکتە ـ رەدا شەکسپیر سەرکەوتنێکی مەزنی وەدەست هێناوەو تەنانەت لە کاراکتەرە لاوەکی یەکانی نێو شانۆییەکەیشدا وەکو مادولوس و فلافیوس و کاراکتەرە ڕۆمانیەکانی دی.

بەراووردێکی وێژەیی

لە ناوەند چیرۆکی

(مەم و زین)و چیرۆکی (ئیلیادە)دا

نووسینی: شاکر فتاح

ئەم نووسراوە

لە ساڵی ١٩٦٩دا نووسراوێکی خۆمم بڵاوکردەوە، ناوم نابوو (چیرۆکی مەم و زین لە تەرازوودا). لە ساڵی ١٩٨٣دا نووسراوێکی ترم بڵاوکردەوە، لەژێر ناوی (ئەلیادە)و (ئۆدیسە)دا کە بە هی (هۆمیرۆس) دانراوەو، لە عەرەبی یەوە کردبووە کوردی. لە ساڵی ١٩٨٥یشدا لەلایەن (زانکۆی سەلاحەددین)ەوە داوام لێکرا کە لە کۆڕی (بەراووردکردنی وێژەیی)دا، هاوبەشی ی (وەرزی رۆشنبیری)ی زانستگای وێژەیان بکەم. منیش بە هەلمزانی، لەژێر ناوی [مقارنة أدبية بين قصتي (مم وزين)و (إلياده)]دا نووسراوێکی خۆمم بە زمانی عەرەبی پێشکەش کردن، کەلەو کۆڕەدا بیخوێنمەوە. ئەوانیش نووسراوەکەمیان چاپکردو بەسەر گوێگرانی کۆڕەکەدا دابەشیان کرد. جا بۆ ئەمەی (خوێندەوارانی بەڕێزی کورد) لەو نووسراوەم بێبەش نەمێننەوە، گۆڕیمەسەر زمانی کوردی و پێشکەشم کردن، هیوادارم کەڵك و خۆشی ی لێبینن.

هەرچی نووسراوی [ئیلیادە]یە، چیرۆکێکی ئەمەندە ناوازەو نایابە، شاهکارێکی (هۆمیرۆس)ی یۆنانی دادەنرێ، کە ئەمە (٣٠٠٠) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. کەچی هێشتا لەناو وێژەی جیهانیدا نرخ و گرنگی ی خۆی ...ن نەکردووە.

هەرچی چیرۆکی (مەموزین)ی خانی‌یە، تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٩٤ی زایینی. بەلام ئەمە نزیکەی سەدەونیوێکە ڕۆژهەلاتناسان و ویژەوانانی جیهان بایەخی پێ‌دەدەن و بە زمانەزیندووەکان پەرچقەی‌دەکەن و بلاوی‌دەکەن و ویژەدۆستان ئەمیش بە شاهکارێکی ناوازەو نایاب دادەنین.

● (ئی. ئا. ئوربلی) کە ڕۆژهەلاتناسێکی ڕووسە دەلێ: «ئەحمەدی خانی، لەڕێزەی (روستاولی)ی گورجستان و (فیردەوسی)ی ئێراندایە. ئەم بوێژانە هەرسێکیان دۆست و دلسۆزی نەتەوەی خۆیان بوون». دیسانەوە دەلێ: «ئەحمەدی خانی لەناو هەموو کوردستاندا ناوبانگی بلاوبۆتەوە تێکرا هەموو کوردێکیش ئەحمەدی خانی بە بوێژو ویژەوان و دۆستی نەتەوەی کورد دادەنێ».

● (قانات کوردۆ) کەمامۆستایەکی ویژەی کوردی‌یە لە زانکۆی لینینگراددا لە پێشەکی‌ی نووسراوی (مەموزین)دا کە لەلایەن (م، ب. ڕۆدنیکۆ) و چاپکراوە بە زمانی ڕووسی دەلێ: «لە ساڵی ١٩٣٣دا لە (یەریڤان)دا کۆنگرەیەکی (کوردناسان) گیراو بڕیاریان‌دا کە چیرۆکی (مەموزین)ی ئەحمەدی خانی بە تیپی لاتینی بۆ (کوردەکانی سۆڤێیت)لە چاپبدەن».

● (دوکتۆر بلەچ شێرکۆهـ)، لە نووسراوە بەنرخەکەیدا: (القضية الكردية) لە ساڵی ١٩٣٠دا، دەلێ:

«ئەحمەدی خانی، زانایەکی گەورەو بوێژێکی دلدار بووە. بێجگە لە هۆنینەوەی هۆنراوە، هۆگری‌یەکی تەواویشی بە هونەرە جوانەکانەوە بووە. چیرۆکی (مەمو زین) یش کە زۆر بەناوبانگەو بێ‌وێنەیە لە بابەتی خۆیدا، مەگەر (ئیلیادە)ی (هۆمیرۆس)ی بگاتێ، هی ئەوە».

● منیش، هەروەك لەم لێکۆلینەوەدا، کە پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزی کوردی دەکەم، بۆم دەرکەوتووە: چیرۆکی (مەمو زین)ی (ئەحمەدی خانی)، لە چیرۆکی (ئیلیادە)ی (هۆمیرۆسی) یۆنانی، گەلێك بلندترە، بەکەلك ترە بۆ خوێندەواران، چونکە فێری خوداناسی و ڕەوشت و خووی شیرین و، کردەوەو کاری بەرزو پیرۆزو؛ مرۆڤ‌دۆستیمان دەکات، کە ئەم بابەتانە لە چیرۆکەکەی تردا نین و دەرناکەون.

● ئیتر ئەمەندەو خوێندەوارانی بەڕێز، ئاراستەی خوێندنەوەی لێکۆلینەوەکەم دەکەم کە ناوم‌ناوە: [بەراووردێکی ویژەیی لە ناوەند چیرۆکی (مەمو زین)و چیرۆکی (ئیلیادە)دا]. هیوادارم بەدلیان‌بێ و کەلکیشی لێ‌وەربگرن

شاکر فتاح

«خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد..»

سلێمانی: ١٣/٥/١٩٨٥

پوختەیەکی مێژوویی لەبابەت ئەحمەدی خانیو بەرهەمە ناوازە زیندووەکەیەوە کە ناوی مەمو زینە

(ئەحمەدی خانی) لە ساڵی (١٦٥٠)دا لە شاری (بایەزید)دا لەدایك بووە، کە کەوتووەتە (کوردستانی تورکیا) وە. لە ساڵی (١٧٠٦)یشدا مردووە. باوکیشی کە ناوی (شێخ ئەلیاس) بووە، لە خێزانێکی خانەدان بووە، کە سەر بە هۆزی (خانیان) بووە، کە لە نزیك شاری (بایەرید)ەوە نیشتەجێبوون. زانستەکانی ئایینو زمانەکانی کوردیو عەرەبیو فارسیو تورکیو ویژەکانیان لە خوێندنگاکانی ئایینیی شارەکانی (ئورفە)و (ئەخلات)و (بیتلیس)دا فێربووە. چووەتە (سووریە) و (میسر) و (ئەستەموول)یش. بەرهەمەکانی (نیزامی)و (جامی)و (مەلای باتی)و (مەلای جزیری)و (عەلی حەریری)و (فەقێ تیران) یشی خوێندووەتەوەو کە لکی لێوەرگرتوون. دوایی کراوە بە وانابێژ لە (مزگەوتی مواردیی‌یە)، لە شاری (بایەزید)دا. پاش ماوەیەك پێگەیشتووەو بووە بە زاناو ویژەوانو بوێژو ڕاستیپەرستو خوداناسێکی گەورەی (سۆفی). بە زمانانی کوردیو عەرەبیو فارسیو تورکی‌یش بەرهەمی داناوە. لە زمانی کوردیدا سێ بەرهەمی هەن کە بە ناوبانگن: (١) : فەرهەنگی (نەوبەهار) کە لە شێوەی هۆنراوەدا بە زمانی کوردیو عەرەبی دایناوە. لە ساڵی ١٦٨٣دا تەواوی کردووە. (٢): نووسراوی (عەقیدا ئیمانێ) کە بریتی‌یە لە (٧١) هۆنراوە. (٣): بەرهەمەناوازەکەی: (چیرۆکی مەمو زین) کە لە ساڵی ١٦٩٤دا تەواوی کردووە. ئەم چیرۆکی خانی‌یە بۆ گەلێك زمانی زینوو پەرچڤەکراوە، وەك زمانانی ڕووسیو ئەلمانیو فەرەنسزیو تورکیو فارسیو ئەرمەنیو عەرەبی وهەموو جۆرە شێوە زمانەکانی کوردی. یان هەمووی یان بەشێکی زۆرتر لە بیست جار چاپکراوە. ئەوەیش پێویستە بڵێین کە (چیرۆکی مەمو زینی نەتەوەیی، چەند سەدەیەك پێش (ئەحمەدی خانی) لە ئارادا بووە. وەك دەڵێن کارەساتی چیرۆکەکە لە ساڵی ١٣٩٢ی زایینی‌دا قەوماوە. بەلام (ئەحمەدی خانی) هێناوێتی چیرۆکەکەی سەرلەنووێ دارشتۆتەوە هەموو زانین و چێژکەو شارەزاییی هونەریی خۆی تێدا بەکارهێناوە، تا توانیویتی لە بیروباوڕی پڕولووچ پاکی بکاتەوەو بیکاتە چیرۆکێکی زیندووی وەها، کە لە دڵو دەروونی کووردەواری هاتبیتەدەرەوەو، چێژکەی ڕاستو دوروستو، هۆشی تێ - گەیشتوویش پەسەندی‌بکات. چیرۆکەکە بریتی‌یە لە (٢٦٧٣) تاکە هۆنراوە، کە دابەشکراون بەسەر (٩٥) بەندا. لە چوار بەندەکەی سەرەتایدا لەبابەت

ڕێزگرتن و پیشـاندانی گـەورەیی ی خوداو ڕێـزگرتن لە پێغـەمبەر پـاڕانەوەوە دەدوێ. لە دوو بەندەکەی پاش ئەوبەندانەدا لەبابەت ڕەووشت و خوو نەریتی کوردەواری یەوە قسەدەکات، لەگەڵ باری زرنگ کاری و کۆمەلایەتی یدا. (خانی) لەوێدا هۆی پاشکەوتوویی و سەرگەردانی ی (نەتەوەی کورد) دەردەخات لەگەڵ هـۆی پێشکەوتنی و زاڵ بـوونی بەسـەر گیروگـرفتەکـانیـدا. کـوردەواری یش ئاراستەدەکات بۆ ئامانجـەبەرزەکـانی، کە ئـەگەر پێـیان گەیشت خـۆشی ی سەربەستی وو ئازادی و سەربەرزی و کامەرانی و تەندوروستی و خۆش گوزەرانی دەچێژێ لەگەڵ ئەندارەی هەرە تەواوی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی دا. هـەرچی بەندەکانی تری چیـرۆکە کـەیشن لە بابـەت چیرۆکـەکە خـۆیەوە دەدوێن. لە بڕانەوەی چیرۆکەکەیشدا، خانی، پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەی ئاراستەدەکات بۆ پەناگاهی خودا، بۆ ئەمەی (نەتەوەی کورد) بە هۆی بەکارهێنانی فەرموودەکانی بەرزو پیرۆزی خوداوە، لە ژیانی خۆیدا، بتوانێ بگات بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی. ئەمـەیش پێویستـە بڵێین کـە (خانی) لە گێـڕانەوەی چیـرۆکەکـەیدا، دەمانناسێنێ بە (پێشکەوتوویی) و (ڕۆشنبیری) و (شارستانێتی) یەکی ڕەسەنی (کوردەواری).

چیرۆکەکە بە کورتی

چیرۆکی (مەم و زین)، چیرۆکی دڵداری یەکی پاک و بێ گەردە، پیس نەکراوە. لە ئەندازەیەکی هەرە گەورەدا دڵسۆزی و خۆبەخت کردنێکی هەردوو دڵدارەکە بۆ یەکتری دەردەکەوێ. یەکێك لە دڵدارەکان ناوی (مەم)ە، کە ڕازنووسی میـری جزیرو بۆتان (میر ژینەددین) بووە. دڵدارەکەی تریش ناوی (زین)ە، کە خوشکی ئـەو (میرزەینـە ددین)ە بووە. نیـازی (میـرزەینـە ددین) یش وا بـووە، کـە خۆشکەکەی خۆی لە ڕازنووسەکەی خۆی مارەبکات. چونکە (مەم) دوستایەتی-یەکی گەرم وگوڕی هەبووە لەگەڵ زاوای (میر زەینەددین) دا کە ناوی (تاژدین) بووەو، یەکێکیش بووە لە پاڵەوانە هەرە خوشەویستەکانی میرنوشینی یـەکەی. بەلام یەکێکی ناچیزەی دڵ پـڕ لە قین بـەرامبەر (تـاژدین)، کە نـاوی (بەکـر مەرگەوەڕ) و پەردەداری (میر زەینەددین) دەبێ دەست فڕێ دەداتە کارەوە. لە هەلێکدا کە میرزەینەددین ئاگای لە خۆی نابێ، کار لە دڵی دەکات و خراپ لە دژی (مـەم) و (زین) دەیبزوێنێ. دوایی مـیر زەینەددین وای لێ دێ کـە لە هـەردوو دڵدارەکە هەڵدە گـەڕێتەوەو، بڕیاردەدات کە لە یەکتری مارەنەکرێن. (مـەم) دەخاتە بەندیخانەوەو، (زین) یش تـا سالێکی خشت لەنـاو ژوورەکەی خـۆیدا

کەنەفتدەکات، ئنجا کە دۆستە دڵسۆزەکەی (مەم)، واتا (تاژدین) لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەدا کە بریتیبوون لە براکانیو خزمەکانیو دۆستەکانی، شۆڕشێکی توندو تیژیان بەرپاکرد لە دژی (میر زەینەددین)، لەسەر ئەو زۆرستەمەی کە کردبووی لە (مەم)و (زین)، میر زەینەددین هاتەوە هۆشخۆیو، ڕێگایدا (زین)ی هۆشکی مارەبکرێ لە (مەم)و، (مەم)یش لە زیندان دەربهێنرێو، ئاهەنگێکی گەورەیشیان بەو بۆنەیەوە بۆ بکرێ، هەر بۆ ئەمەی دڵی هەردوو دڵدارەکە بدرێتەوە. بەڵام تا ئەوە ڕوویدا، کار لە کار ترازابوو. چونکە هەردوو دڵدارەکە، تازە کەڵکی ئەوەیان پێوەنەمابوو بژین، ئەوەندە کزو لاوازو نەخۆش بووبوونو، خەمو خەفەت کاری لێکردبوون. یەك دوو ڕۆژێکی پێنەچوو مردن. ئەوەندە هەبوو (زین) وەها داوای (زەینەددین)ی کاکی کرد کە لە دوای مردنیان ئەو ئاهەنگە بگێڕێت، بەڵام بە مەرجێ هەفتەیەکی تەواو درێژەی پێبدرێتو، تاساڵێکی تەواویش لە پێناوی دڵ ڕاگرتنی خوداو کەڵکی خۆیو مێردەکەیدا، کردەوەو کاری چاك بنوێنی بەرامبەر ئەوانەی لە زینداندانو، ئەوانەی هەژارو داماوو سەرگەردانو هەناسەساردو لێقەوماون. میریش پێی نا لە گناهەکانو زۆرستەمەکانی خۆی کە بەرامبەر ئەو دوو دڵدارە کردبوونی، کە دی هەردووکیان لەو شێوە پڕئازار ناخۆشییەدا مردن، دەستی کرد بە هەڵڕشتنی فرمێسکی خوێنین. لەبەرئەوە (زین)ی خوشکی هەرچییەکی لێ داواکردبوو، بۆی جێبەجێکرد. هەرچی (بەکر - مەرگەوەڕ)ی نارەسەن بوو، لەلایەن دۆستە خۆشەویستەکەی (مەم)ەوە، واتا (تاژدین)ی مەردو دلێرەوە دەستبەجێ کوژرا. ئیتر ئەمەندەو چیرۆکە کە بەوە دواییدێت کە (خانی) پاڵەوانانی چیرۆکەکە ئاراستە دەکات بۆ پەرستنی خودا.

پرشنگێ بەرامبەر چیرۆکی مەمو زین

ئەو چیرۆکی (مەمو زین)ەی خانی داینـاوە، چیرۆکێکی نەتەوەیییە، تایبەتییە بە (نەتەوەی کورد). چونکە (ئەحمەدی خانی)، خوداناسییەکەیو، هۆگری یەکەی بە یاسای خودایییەوە پاڵیان پێوەنابوو، کە نەتەوەکەی خۆی واتا (نەتەوەی کورد)و، نیشتمانەکەی (کوردستان)و، (مرۆڤایەتی)ی هەموو، خۆشبوێ. ئەوەیش بوو بە هۆی ئەم (چیرۆکی مەمو زین)ە، لە شێوەیەکی تازەو ناوازەو پەسەنددا دابڕێژێ، کە هەرچی کێشەیەکی زرنگکاریو کۆمەڵایەتی هەیە لەناو (کوردەواری)دا لەگەڵ ئاواتو ئازاری نەتەوەکەماندا تێیدا پیشانبدات.

بێجگەلەوە لە چیرۆکەکەیدا جوانیی سوروشتی کوردستان‌و، جوانیی کچان‌و کوڕانی کوردەواریمان پیشان دەدات، لەگەڵ ژیانی چینی سەروودا کە پڕە لە کامەرانی‌و خۆش‌گوزرانی‌و، ژیانی چینی خواروودا کە پڕە لە ڕەنج‌و ئازار هەروەها ئەو کردەوەو ڕەووشت‌و نەریتی کوردەوارییەمان پیشان دەدات، کە پڕن لە چاکەو پیاوەتی‌و بەخشندەیی، لەگەڵ ئەو کردەوەو ڕەووشت‌و نەریتەمان کە پڕن لە کەم‌تەرخەمیی‌و کەم‌وکووڕی. بێجگە لەوانە ڕۆشنبیری‌و شارستانێتیی کوردەواریی ئەو سەردەمە یشمان پیشان دەدات.

هەرچی (مەم)و (زین)ن، بریتین لە کوڕو کچێکی دیمەن جوان‌و کردەوە جوان هەردووکیان خاوەنی دەروونی ئازادو، بیروباوەڕی سەربەستن. ئەو دووانە نموونەی نەتەوەی کوردن، کە خانەدانە لە جوانی‌و ئازایەتی‌و مەردایەتی‌دا، لە خۆشەویستی‌و دۆستایەتیی پاک‌و بێ‌گەرددا، لە گفت‌و بەڵێن بەجێ‌هێناندا، لە چاکەدانەوەدا، لە سەرو سامان بەخت کردندا لە پێناو بیروباوەڕی بەرزو پیرۆزدا، هەروەها لە هیواو ئاواتداو، خەبات‌کردنیش لە پێناوی ئازادی‌و سەربەرزی‌دا.

هەروەك (مەم)و (زین)، تووشی نەخۆشی‌و سەرگەردانی‌و ماڵ‌وێرانی بوون بە هۆی زۆروستەمی (میرزەینەددین)، میری (جزیروبۆتان)ەوە، کە نەیهێشت بە کامی خۆیان بگەن‌و ببنە ژن‌و مێردو، سەربەستیی ژیانی ژن‌ومێردیی لێ‌بارکردن، کە ئەوە بوو، ئەمەندە تووشی خەم‌و خەفەت و ئازارو نەخۆشی بوون ئەنجامیان بە مردن گەیشت... هەروەها (نەتەوەی کورد)یش لە سەردەمی (ئەحمەدی خانی)دا، هێزەداگیرکەرییەکانی (تورکی عوسمانی)و (فارسی)و، زۆرداریی میرەکانی کوردستان، بە دەردێکی وەهای بردبوو، کە ژیانی کامەرانی‌و خۆش‌گوزەرانی‌و ئازادی‌و سەربەرزیی لەدەست چووبوو.

ئەو هەژاری‌و نەخوێندەواری‌و نەخۆشی‌یەی ئەو سەردەمی تووشی نەتەوەی کورد بووبوو، (خانی) پەیی پێ‌بردبوو، کە لە زۆرو ستەمی داگیرکەرەکان‌و زەبروزەنگی میرەکانی خۆمانەوە پەیدابووبوون. (خانی)یش، لەبەرئەوە، ئەو زۆروستەمانە، لەناو چیرۆکەکەیدا کە ناوی ناوە (مەم‌و زین)، لە شێوەیەکی ئاشکراو دیاردا دەردەخات. (خانی)، زۆرداریی (میرزەینەددین)و، دڵەڕەقەکەی‌و، تێ‌نەگەیشتنەکەی‌و، خۆپەرستی‌یەکەی‌و، ترس‌ولەرزەکەی لەشێوەی ئازاردانەکەی و دڵ‌شکاندنەکەی (مەم)و (زین)دا بە ئاشکرا پیشان دەدات. هەروەها خەباتی پاڵەوان‌و جەنگاوەرەکان: (تاژدین) و (عارف) و (چەکۆ) کوڕانی (ئەسکەندەر)و دۆستە دڵسۆزەکانیان پیشان دەدات وەك: (مەم)و (زین)و (ستی)و (حەیزە بوون)و (گورگین)ی کوڕی میرزەینەددین‌و،

پشتیوانە کانیان لە دڵسۆزانی جەماوەرانی کوردەواری، کە ئەوە بوو هەموویان پێکەوە بڕیاریان دابوو: ببن بەیەك و، یارمەتی ی یەکتر بدەن و، خۆشەویستی بەرامبەر یەکتری بنوێنن و، بە هەموو هێزو هەڕەتێکی خۆیشیانەوە دژی زۆرو ستەمی (میر زەینەددین) بوەستن.

(میر زەینەددین)، کە گوێ ی نەدەگرت لە ئامۆژگاری یەکانی پاڵەوانە ئازاو مەردو تێگەیشتووەکەی خۆی، (تاژدین)، کە مێردی (ستی)ی خوشکی بوو کە بێجگە لەوەیش خاوەنی هێزو دەسەلات و پشتیوان بوو، دەچوو گوێی لە قسەکانی (بەکر مەرگەوەڕ) دەگرت، کە خاوەنی دڵێکی پڕ لەقین و زمانێکی بەدگۆ بوو. بێجگە لەوە کابرایەکی خۆپەرست و ناپاکیش بوو، دڵی هەر بەوە ئاوی دەخواردەوە کە کەسانی بێتاوان ئازاربدات وەکو (مەم)و (زین)و (تاژدین)و، ئاگری ئاژاوەو شەڕوشۆڕیش هەڵبیگرسێنێت لەناوەند کەساندا، یاخود قسە هەڵبەستێ بۆ کەسانی ترو هانەهانەیان بدات بۆ خراپەکردن.

(میر زەینەددین) یش کە لەم کەینەوبەینەیەدا دڵڕەق خۆی نوواندو، خۆی لادا لە خوداو، لە دادپەروەری و، لە ڕەفتاری زانستی یانە، نەویست ڕاوێژ بە کەسێك، یاخود پرس بە کەسێك بکات لەبابەت ئەم گیروگرفتەوە کە کەوتبووە ناوەند خۆی و (مەم)و (زین)، یاخود ناوەند خۆی و (تاژدین)ەوە. لەبابەت چۆنیتی ی کردەوەی ئەو دوو دڵدارەیشەوە هیچ لێکۆڵینەوەو پرسیارێکی نەکرد، هیچ چەندوچوونێکی نەکرد. لەجیاتی ی ئەوانە، لەخۆیبایی بوو و، هەڵەشەیی ی دەست پێکرد بەرامبەریان. ئەوە بوو (مەم)ی سەرگەردانی ڕەوانە کرد بۆ ناو زیندان و، خوشکە بەسەزمانەکەیشی، (زین)ی لەناو ژوورەکەی خۆیدا هێشتەوە بە تەنیایی، کە تا ساڵێکی خشتی خایاند. ئەم کردەوە نەنگەویستانەی (میر زەینەددین) بوون بە هۆی ئەوەی ئەو دوو دڵدارە بەسەزمانانە لەناو خەم و خەفەت و سزادا بمێننەوەو، نەگەن بە کامی ژن ومێردی پێکگەیشتن، هەتا وایان لێهات ها ئێستا بمرن ها تاوێکی تر. بەلام ئەو (میر زەینەددین)ە، هەر خۆی، ناچاربوو، لەژێر باری تەنگەتاو کردنی (شۆڕشی کاریگەری نەتەوە)دا، کە بە سەرکردایەتی ی، پاڵەوانی جەنگاوەر (تاژدین)ەوە لە دژی ئەو هەڵگیرسابوو، ناچار بوو سەر بۆ ماف ڕەواو دادپەوەری و ڕاستی و دوروستی بنەوێنێ. ناچار بوو ئازادی بداتەوە بە هەر دوو دڵدارەکە: واتا بە (دەم)و (زین). هەروەها ناچاریش بوو کە لە بەردەمی (زین)ی خوشکی و (مەم)ی ڕازنووسی خۆیدا پێ لە گوناهەکان و زۆرو ستەمەکانی خۆی بنێ و، داوای (بەخشین) یشیان لێبکات. هەروەها ناچاریش بوو بە دەستی خۆی گوناهەکانی خۆی بشواتەوە: ڕێی دا خوشکە بێ تاوانەکەی خۆی،(زین)، لە ڕازنووسە بێگوناهە دڵسۆزەکەی خۆی

(مـــەم)، مـــارەبـكـــرێت. كـــە هـــەردوو دڵدارەكـــەیش مـــردن دەســتی كـــرد بەجێبەجێكردنی ئەو ئامۆژگاری یانەی كە (زین)ی خوشكی لەبەردەمی ئەودا كردبووی. (میر زەینەددین) بە دەستی خۆی لاشەكەی (زین)ی هەڵگرت وخستیە تەنشت (مەم)ەوە لەناو گۆڕەكەیدا. داوی ئەوە لەپاش مردنی هەردووكیان چەند ئاهەنگێكی ناوازەو نایابی گێڕا، بە بۆنـــەی ژنومێردیی هـــەردووكیانـــەوە، كە هەفتەیە كی تەواویان خایاند. ئنجا دەستیكرد بە چاكەكردن لە گەڵ هەژاران و بەش بڕاوان و سەركەردانان و سكسووتاوان و بێباوكان و بەندییان و دیلاندا، كە ئەوانەیش ساڵێكی تەواویان خایاند. (میر زەینەددین)یش كە ئەمـانەی كـرد، لەسەر ئارەزوو، و خواستی (زین)ی جوانەمەرگی خوشكی كردی. لەڕاستیدا (مـیر زەینەددین) لە ســەرەتای كـاردا پیاوێكی گـەورەو تێگەیشتـوو و ئازاو، بەخشندەو، دڵفراوان و، دڵپاك و زمان پاراو بوو. ئەوەندە هەبوو، جاری وا هەبوو، ســەری لێتێكدەچـوو، باش لە شتی نــەدەكۆڵی یــەوە، دڵیشی نــاســكبـوو زوو تێكدەچووە ئەمە بێجگە لە خۆپەرستی یەكەی كە لە مندالیدا نازدار فێركرابوو، جا ئەمانە هەموویان، جاری وا هەبوو، پاڵیان پێوەدەنا بۆ هەڵەكردن. یەكێك لەو هەڵانەیشی ئەوە بووكە پیاوانی خراپی دەكرد بە فەرمانبەر. (بەكرمەرگەوەڕ) یش یەكێك بوو لەو پیاوخراپانە. كە كردبووی بە پەردەداری دیوانەكەی خۆی. میریش وا خۆی دەپەڕاندەوە لەو هەڵانە كە كاروبار هەڵسووڕاندنی میرنوشینی یەكەی، جاروبار، پێویستیی بەو جۆرە پیاوخراپانە هەیە !؟.. بەڵام لەڕاستیدا وا نیە. فەرمانبەری خراپ بە كەڵكی هیچ فەرمانڕەوایی یەك نایەت. هیچ میرێكیش كەڵك و چاكەی لەو جۆرە فەرمانبەرە خراپانە دەستناكەوێت ڕاستییەكـەی ئەوەتـا: پێچەوانەی ئەو بیروبـاوەڕەی (میر زەینــەددین)ە ڕاستە. چـونكە ئــەو جۆرە فەرمانبەرە خراپانە. نەك هەر بـە میرنشینییــەكە، بــەڵكو بــە جەمـاوەرانیش زیــان دەگەیێنن. ئــەم جۆرە هــەڵانەیش هــەر لە كوردستــانی نیشتمانمــانــدا ڕوونادەن، تەنانەت ڕەنگە بڵێم، لە هەموو لایەكی جیهانیشدا ڕوودەدەن. (میری جزیرو بۆتان) یش، كە (بەكـرمەرگـەوەڕ)ی كردبـوو بە پــەردە داری دیوانی میرنوشینییەكەی خۆی، دوایی ئەنجامی هەڵە گـەورەكەی خـۆی چێشت. بە واتایەكیتر. میر، ئەوەی دوورییەوە كە بە دەستی خۆی چاندبووی !.. داخەكەم ئەنجامیش بەوە گەیشت كە میر، ئەو خوشكە جوانە شەنگوشۆخە بێهاوتایەی خــۆی، (زین)ی لەدەستچـوو. هــەروەهــا (مــەم)یش لەدەستچـوو، كــە ڕازنــووسێكی دڵسۆزی چـاكەخــوازی ســەڕاستی بــوو. بێجگـە لەو دووانــە خۆشەیستی و ڕێزی سەرلەشكرەكەی خۆی، (تاژدین)و هەموو برا وكەس و كارو دۆستانی (تاژدین)و جەماوەرە شۆڕش گێڕەكانی كوردی میرنوشینی یــەكەیشی

لەدەستچوو !.. تەنانەت کە هۆشیشی هاتەوەبەرخۆی، وریایش بووەوە، لە توانج و تەشەروڕیسواکردنی (مەم) و (تاژدین) و، (زین) و (ستی) کە هەردووکیان خوشکی خۆی بوون ڕزگاری نەبوو !..

هەرچی (بەکر مەرگەوەڕ) بوو، ئەنجامی بەوە گەیشت کە لەسەر دەستی (تاژدین)دا کوژرا. تاژدین کە بیستبووی (مەم)ی دۆستە خۆشەویستەکەی لە زینداندا مردووە، ورووژابوو، هەموو جیهانی لێ هاتبووە وەیەك، لەداخاندا هورووژمی بردبووە سەر (بەکر مەرگەوەڕ) وکوشتبووی. چونکە بەدگۆیی ی ئەو، (مەم)ی بەو دەردە بردبوو...

شۆڕشە توندوتیژەکەی جەماوەرانی کوردیش، ئەوەندە گڕی سەندبوو، ئەوەندەی نەمابوو، تەخت و تاراجی میرنووشینی یەکە تێك بدات و، (میر زەینەددین) خۆیشی بکوژرێت !..

جا (ئەحمەدی خانی) لەم چیرۆکەدا، پەندێکمان پێشکەش دەکات، کە ئەویش ئەوەتا: کە هەتا میرەکان و سەرکردەکانمان جۆش و خرۆشی دڵ و خۆپەرستی یان بیانبەن بەڕێوە، هەروەك ئێستا هەن، لە ڕاستیدا دەرگای پشێوی و ئاژاوەو چاوڕاو و، دووبەرەکی و شەڕوشۆڕ لەبەردەمماندا دەکەنەوە، کە هەتا هەین لە زیانیان ڕزگار نەبین. کە شەڕو ئاژاوەیش لەناوخۆماندا بەرپابوون، داگیرکەرە ـ بێگانەکان بە یارمەتی ی زۆردارەکانی خۆمانەوە، دەرگایان بۆ دەکرێتەوەو، دەتوانن بە ئاسانی بێنە نیشتمانەکەمانەوەو داگیری بکەن. کە ئەو داگیرکەرانەیش گەیشتنە ناو خاکەکەمان و گرتیان، دەست دەهاوێژنە ناو کاروبارو ئەو بابەتانەوە کە بەکەڵکمان دێن، پەنجە دەوەشێنن لە دوا ڕۆژمان و سەرئەنگرێمان دەکەن. کە ئەو داگیرکەرانەیش نیشتمانەکەیان کەوتە ژێر چنگیان وە وزۆردارەکانی خۆشیمان یارمەتی یان دان، ئیتر پێ ی ناوی بیڵێین هەرسێ دەردەکە، واتا: (نەخوێندەواری) و (هەژاری) و (نەخۆشي) لەناوماندا بڵاودەبنەوەو، پەرێشانمان دەکەن. جا بۆ ئەمەی بتوانین (کوردستان) لەم سەرگەردانی و ماڵوێرانی یە، ڕزگاربکەین و، ژینێکی پڕ لە ئازادی و کامەرانی و خۆشگوزەرانی بۆ (کوردەواری) یەکەمان پێك بهێنین، پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا، گیروگرفتەکانی فەرمانداری ی خۆیی ی خۆمان چارەسەربکەین. پێویستە فەرمانداری یە خۆیی یەکەمان لەسەر بنچینەی (دادپەروەری) و (یەکسانی) و (سەربەستی) دابمەزرێنین. دوای ئەوە پێویستە هەوڵ بدەین بۆ ڕێك کەوتن و یەك بوون و خۆشەویستی و، یاریدەدانی یەکتری لەناوەند هێزەکانی (نەتەوەی کورد) دا، ئەویش بە شێوەیەکی وەها کە هەموومان مل کەچ بکەین بۆ (دەستوورێکی دادپەروەر) و (پێشنەوایەکی

نیشتمانی ی دادپەروەر تێگەیشتوو)، کە پەتی ی (یاسای خووایی) بجوولێتەوە. دوای ئەوەیش خەبات بکەین دژی دوژمنەکانمان و، (کوردستان)یش ڕزگاربکەین لەدەست زۆرداری و دیلێتی. کاتێکیش گەیشتین بەم ئامانجانەمان، پێویستە بەرەنگاری ی (نەخوێندەواری) و (هەژاری)و (نەخۆشی) بکەین تا هەموویان لەناودەبەین. ئەمەیش بۆ ئەمەیە کە (نەتەوەی کورد) ژیانێکی سەربەست و ئازادو سەربەزانە بژێ و. (کوردستان)یش ئاوەدان ببێتەوەو پڕ ببێ لە چاکەو فەڕو خۆش گوزەرانی.

هەرچی (بەکر مەرگەوەڕ)ە، بۆیە کا ناوی هاتووە لە چیرۆکی (مەم‌وزین) دا، کە پەنجە بکێشرێت بۆ ئەو ناپاکی و پوول پەرستی و خۆپەرستی یە ناپەسەندەی، کە ئێستا لەناو نەتەوەو نیشتمانەکەماندا بڵاوبۆتەوە، کە بە هۆی ئەوانەوە (کوردەواری) یەکەمان تووشی سووکی و ڕیسوایی و لەناوچوون هاتووە هەروەها ئەوە پەنجەیش بۆ ئەوە دەکێشێت کە چاووڕاوو، چەواشەکاری و، گەلەکۆمەکێ لە ئارادا هەن، کە (داگیرکەرەکان)و (زۆردارەکانی ناوخۆ) هەڵیان دەسووڕێنن لە دژی نەتەوەکەمان.

هەرچی کوشتنی (بەکر مەرگەوەڕ) یشە لەلایەن سەرکردەی شۆڕشەکە (تاژدین) ەوە، ئەویش پەنجە بۆ دواڕۆژی (نەتەوەی کورد) دەکێشێت، کە لەناو نیشتمانپەروەرانی کورددا، کەسانی وا خاوەن کردەوەی بڵندو مەردایەتی هەڵدەکەون، کە بتوانن بەسەر پیاو - خراپانی ناو کوردستاندا زاڵ‌بن و لەناویان ببەن. هەروەها ئەوەیش دەگەیێنێ کە دوایی هەر(دادپەروەری) بەسەر (زۆرداری) و (داگیرکەری) دا سەردەکەوێ. بێجگەلەوانە، پەنجەیش بۆ ئەوە دەکێشێت کە نەتەوەی کورد ئەو دەستکەوتانەی دەستی کەوتوون وەك (ئازادی) و (کامەرانی) و (خۆش گوزەرانی) بە هۆی ئەوەوە بووە کە پەیڕەوی ی ئەو (ڕەووشتی مرۆڤایەتی) یەی کردووە کە (یاسای خودایی) پەسەندی دەکات.

بەم ڕەنگە، ئەم جۆرە دەست نیشانکردنەی (ئەحمەدی خانی)، کەلەچیرۆکی (مەم‌و زین) دا پیشانمانی دەدات، هیواو ئاواتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی ی وەهامان پێدەبەخشێ کە لە نرخ نایەن. چونکە ئەو گەلەی خەبات بکات لەپێناوی ئامانجەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی ی خۆیدا، لەشێوەیەك پاڵەوانانەو گیان بەخشانەو مەردانەی ڕاستەقینەدا، بێ‌گومان دەگاتە ئامانجە بڵندەکانی خۆی، لەمەیدانی سەربەرزی و پایەبڵندی‌دا.

هەرچی پەشیمانبوونەوەی (میر زەینەددین) یشە لە کردەوەو کارە خراپەکانی خۆی کە بەرامبەر (مەم)و (زین)ی کڵۆل کردبوونی و،

بەزەیی هاتنەوەی بزووتبوو پێیان و هەرچی خواستێکی ئەو دوو دڵدارە هەبوو بۆی جێبەجێکردبوون، ئەوە دەگەیێنێ کەئەو گەلەی لە پێناوی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی خۆیدا خەبات بکات و لە سنووری ژیری و تێگەیشتوویی و ئایین و پیاوەتی ی ڕاستەقینەو سەربەرزی نەچێتەدەرەوە، بێگومان سوروشتی سەرداران و پێشەوایان وسەرکردان وەهایە، کە بەناچاری بۆ (ڕاستی) و (دوروستی) و (دادپەروەری) سەردادەنەوێنن و، دەگۆڕێن و بەپێی خواست و پێویستیی یە ڕەواکانیشی دەجووڵێنەوەو ڕوویش دەکەنە چاکەخوازی و پیاوەتی و بەخشندەیی، بەرامبەری. ئا بەم ڕەنگە نرخی چیرۆکی (مەموزین) ی (ئەحمەدی خانی) و گرنگی و کەڵکیمان بۆ دەردەکەوێ، چ لە کۆڕی (زرنگەکاری) دا، چ لە کۆڕی (ڕۆشنبیری) دا، چ لە کۆڕی (کۆمەڵایەتی) و بابەتانی تردا.

چیرۆکی (مەموزین)، چیرۆکێکی وەهایە، کە هەر وەک گوڵێکی جوان و بۆنداربێ، چاومان پێی دەگەشتێوە، بە واتا زۆرە بە نرخەکانیشی دڵمان دەبووژێتەوە. هەموو دەمێکیش دەتوانین کەڵک و خۆشی ی لێوەربگرین. چونکە واناکانی ڕەووشت و خووی بەرزو پیرۆزو، کردەوەو کاری چاك و پاك و، ڕەفتاری پەسەندمان فێردەکات. هەروەها ڕایشمان دەهێنێ بە (گیانی نیشتمانی) و (بەکارهێنانی یاساکانی خودا) و (پەیڕەوی کردنی کردەوەو کاری مرۆڤایەتی) یەوە.

ئای چەند چیرۆکێکی بەنرخە !

پوختەیەکی مێژوویی لەبابەت چیرۆکی (ئیلیادە)و (هۆمیرۆسی) خاوەنیەوە

لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا (بیزستراتوس)، فەرماندار ی [ئەتینا] فەرمانیدا لیژنەیەکی ڕۆشنبیری یان لە چەند وێژەوان و بوێژێك پێكهێنا، بۆ ئەمەی چیرۆکی [ئیلیادە]و چیرۆکی [ئۆدیسسە] لە دەمی چیرۆك بێژان وەربگرن و بینووسنەوە. بەم کارە هەردوو چیرۆکەکە چوونە ناو مێژووی وێژەوە. پێش ئەو دەمە چیرۆکەکانی (ئیلیادە) و (ئۆدیسە) یان لە دەمی [هۆمیرۆس] بیستبوو، کە ئەویش پیاوێکی چیرۆك بێژو سەرگوزەشتەگێڕەرەوەبوو، دەنگێکی خۆشیشی هەبوو، دەگەڕا بە ناو شارو گوندەکانی یۆنانستاندا و ئەو دوو چیرۆکەی بە گۆرانی یەوە دەگوت بۆ جەماوەران، کەوانجەکەیشی لەگەڵدا لێدەداو دڵی

گوێگرانی پێ خۆش دەکردن. هەردوو چیرۆکەکەیشی بە هۆنراوەوە دەگوت. تائێستاکەیش ئەو دوو چیرۆکە لە شێوەیەکی جادووگەرانەدا کار لە دڵمان دەکەن. چونکە بە جوانی ی واتاکانیان و زمان پاراوی و ڕۆشتی و ڕەوانی و سووک و سادەیی یان، سەردەمی مندالی ی مرۆڤایەتی مان بۆ بەرجەستە دەکەن. هەردوو چیرۆکەکە نەتەوەیین. لە بەناوبا نگترین چیرۆکانی یۆنانی و جیهانی دەژمێررێن. لەڕووی وێژەو چیرۆکی لاسایی و هەنەرەجیهانی یەکا نیشەوە بە سەرچاوەیەک دادەنرێن. هەرچی (هۆمیرۆس) ە پیاوێکی کوێر بووە. هەندێك هەن بە دانەری ئەو دوو چیرۆکەی دادەنێن. گوایا لە نزیکی ساڵی (٩٠٠) ی پێش زاییندا بە هۆنراوە هەڵیبەستوون. کەسانی تریش هەن لەسەر بوون و نەبوونی (هۆمیرۆس) و، مێژووی دانانی ئەو دوو چیرۆکەو، شوێنی دانانیان، کەوتوونەتە دەمەقالێیەوە. بەلام ئەم جۆرە دەمەقالێیانە لە نرخی ئەودوو چیرۆکە کەمناکەنەوە. چونکە ئەمە نزیکەی (٣٠٠٠) ساڵە بەسەر دانانی ئەو دووچیرۆکەدا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا لە نێوان وێژەوانان و وێژە دۆستان و ناسیاوانی وێژەدا نرخ و زیندوێتی و گرنگی ی خۆیان پاراستووە. هەرچی (جەنگی تروادە) یە، کەبە هۆی کارەساتی ئەوەوە و، ئەنجامەکانی ئەوەوە، هەردوو چیرۆکەکە دانراون، مێژووی قەومانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی یانزەهەم و دەهەمی پێش زایین، کە ئەوساکە (شارستانێتی ی مرۆڤ) لە هەڕەتی هەرزەکاری یدا بووە.

پوختەی چیرۆکی ئیلیادە

چیرۆکی (ئیلیادە) پڕە لە کارەساتی دڵداری و جەربەزەیی و شەڕو شۆڕو، ناکۆکی و، دووبەرەکی ی ئاشکراو، بەربەرەکانێ لەناوەند پاڵەوانەکانی (ترواده) و (یۆنان)دا، و خوداکانیان و پەیڕەوەکانی خوداکانیاندا هەروەها پڕەلە کارەساتی سەهندەو سامناک و، سەخت و، سەرسوڕهێنەر لەگەڵ ژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ و، بیروباوەڕانی وەها، کە هۆشمان زوربەیان پەسەندناکات و، سەریشمان دەهێننە سەرسوڕمان. ئەم چیرۆکەیش لە شێوەیەکی پان و فراواندا ناوبانگی سەند، تەنانەت گۆڕرایە سەر گەلێك زمانی زیندوو لەجیهاندا، کە زمانی کوردی و عەرەبیش دەگریتەوە. چیرۆکی ئیلیادە خوێندەوار ئاگادار دەکات، لە شێوەی گوزەران و ژیانی خاکەکانی (یۆنان) و (ترواده) و بیروباوەڕو، جۆری

فەرمان - داری‌یان. نزیکـەی دە ساڵێـك شەڕوشـۆڕ لەناوەنـد یۆنـانستان‌و ترواده‌دا درێژەی‌سەند. هۆی ئەمەیش ئەوە بوو کە کردەوەکانی شـاهزادەی خاکی ترواده کە ناوی (پاریس) ی کوڕی شاه (پریام) بوو پڕ بوو لە سووکی و ڕیسوایی‌و، هەڵشەیی، لەچێژکەی مەردانە پەسـەندی دەکـرد، ئە مـەندی‌و زرنگی، نە دادپەروەری، نە چاکەدانەوە. نە ڕەووشتی‌ڕێزگرتن لە کەسـانی‌تر. شاهزادە (پاریس) بە خۆی‌و دەس‌وپێوەندیەوە، لە ناکاو سواری کەشتی‌یەك‌بوو، و دەستی‌کرد بە گـەشت وگوزار بـەناو دەریـای یۆنـان‌دا. زۆری پێ نەچـوو گەرداوێکی توندوتیژی تووش‌بوو، خۆیان‌و کەشتی‌یەکـەیانی سـەرەوژێرکـرد. کـاتێکیش (پـاریس) هـۆشی‌هـاتـەوەبـەخـۆی، خـۆی دی بـە ڕووتی‌یـەوە فڕێ‌دراوەتەسەر پارچە زەوی‌یەك، لە کەناری زێی یۆناندا نە کەسی لێ‌یە، نە دەس‌وپێوەندەکانیشی دیارن. بەڵام بەختی یار بوو چەند ئافرەتێـك لە خێزانی شاهی (ئیسپارتە) بە لایـدا تێپەڕین هـەندێ پـڕوپیتاڵیـان پێ‌بەخشی، تـوانی لەبەریان‌بکات‌و لەشی خۆی داپۆشێ. دوای ئەوەیش بردیان بۆ بەردەم شـاهی ئیسپارتە، کەناوی (مینیلاوس) بوو. شاهی ئیسپارتەیش بە دڵ‌فراوانی‌یەکەوە پێشوازی‌ی کرد، میوانداری‌یەکی جوانی کرد ڕێزێکی وایشی لێ‌گرت کە شایستە بێ لە شاهێکەوە بۆ شاهزادەیەکی خاکێکی تر بکرێت.

کەچی شاهزادەی ترواده، پێچەوانەی ئەو جووڵایەوە. بەرامبەر ئەو شاهە چاکە، (مینیـلاوس)، ناپـاکی‌ی کرد. لە جیـاتی‌ی چاکـەدانـەوەی، چـوو ژنـەکـەی شاەمینیلاوس، (هێلین) ی هـەڵفریـواندو، فـڕاندی لەگـەڵ خۆیـداو، چووەوە خاکەکـەی خۆی، (تـرواده)، کە لە (ئـاسیای بچـووك) دابوو. (پـاریس) بەم کردەوەیەی، بۆ هەموو لایەك خـۆی دەرخست، کە پیـاوێکی سپڵەو خوێـڕی‌و کردەوە نەنگە، لەوانەیش نیە کە چاو لە تاوانەکانی بپۆشرێ. هەرچی شاهژنی ئیسپارتە، (هێلین) بـوو، ئەمـەندە جـوان‌و شەنگ‌و شۆخ بوو، هەزاران دڵی گرفتاری ئەڤینی خۆی دەکرد. شاهی ئیسپارتە (مینیلاوس) زۆر خۆشی دەویست. لەبەرئەوە ئەم کارەساتی ژن هەڵگرتنە، کە ناپاکی‌ی ژن‌ومێردیی لێ‌دەنکاو، بۆ دڵداری‌یەکی نەنگ‌و هیچ‌وپووچ قەومابوو، دڵی هەموو خونکاران‌و فەرمانداران و، جەماوەرانی یۆنستانی وورووژاند، بۆ کەڵکی (شاه مینیلاوس) تەنانەت هی ئەوانەیش کە ناکۆك‌و ناحەزی یەکتری‌یش بوون. هـەموویـان بە زەیی‌یـان بە مینیلاوسی بەسەزماندادەهاتـەوە. لەبەرئـەوە لەشکرێکی گـەورەی بێ‌شومـار ئامادەکراو، لەهەزار کەشتیدا سوارکران‌و ڕوویان‌کردە خاکی (ترواده)، تا بچن بە گژیداو، سزای‌بدەن‌و، (هێلین) ی شاهـژنیشی لێ‌بستێننەوە. لەپـاش چەنـد شەڕێکیش کە نزیکەی دە ساڵی خایاند و، دوامین شەڕیان ناوی (شەڕی ترواده)

بوو شاری ترواده داگیرکرا و کەوتە دەست یۆنانی یەکان و، شاهژن (هێلین) ی لێ سێنرایەوە. بەڵام تا ئەمە پێك هات بە کلوور کەس لە هەردوولا کوژرا و، شاری ترواده وێران کرا لەگەڵ شارەکان و گوندەکانی تەنشتیدا و، دانیشتووەکانیان ئازاردران و ڕیسوا کارن و زیانیان لێدرا. هەروەها تاڵان کردن و ئافرەت بردنیش لە هەموو لایەکی ئەو خاکەدا ڕووی دا.

پرشنگێ بەرامبەر چیرۆکی ئیلیادە

● هەرچەندە لەپێش ڕوودانی کارەساتی چیرۆکی ئیلیادەدا بە چەند سەدەیەك ئایینەکانی ئاسمانی هاتوونەتە خوارەوەو پێغەمبەرەکانی خودایش پەیدابوون، هەروەك لە ناوەرۆکی ئەو چیرۆکەدا دەردەکەوێت. خاکی یۆنان هیچ بیروباوەڕێکی تێدا پەیدا نەبووە لە بابەت تاك و تەنیایی ی (خودا) وە. کەواتە نابێ سەرمان لەوە سوڕ بمێنێ کە گەلێك (خودا) و (خوداژن) لە ناوەرۆکی چیرۆکی ئیلیادەدا ببینین وەك: (زێفس) کە گەورەی خوداکان بووەو، (ئەتینا) کە خودای تێکەیشتوویی بووەو، (ئەفرۆدیت) کەخودای جوانی بووە. (هیرا) ی خوداژنیش، ژنی (زێفس) بووە، (ڤۆلکان) یش کوڕی (زێفس) و (هیرا) بووە. هەرچی (تیتس)یشە کەبە فریشتەی زریێ دادەنرێ دایکی یەکێکە لە پاڵەوانانی چیرۆکەکە و، خونکارێکی یۆنانی کە ناوی (ئەشیل) بووە. بەڵام [ئارس] بە خودای جەنگ دانراوە.. یۆنانی یەکانیش باوەڕیان وابوو، کە خوداکان و خوداژنەکان کردەوەو ڕەووشتیان وەك هیی مرۆڤ وایە. هەرئەوەندەجیاوازن لە مرۆڤ کە هەر زیندوون و هەرگیز نامرن، هێزو دەسەڵاتیشیان لە هی مرۆڤ زۆرترە، لەمەیشەوە تێ دەگەین کە ئەو خوداو خوداژنانە کردەوەوکاری چاکیشیان لێ دەوەشێتەوەو، کردەوەو کاری خراپشیان لێ دەوەشێتەوە، کە نە دەبوو لێیان بوەشایەتەوە. هەروەك لەم چیرۆکەدا چاومان پێ دەکەوێ، ئەو خوداو خودا ژنانە، لە کاتی شەڕەکاندا، دەست دەکەن بە دوژمنایەتی و، پیلان دانان بۆ یەکتری. هی وایشیان تێدایە، کردەوەو کاری هەرە خراپ و هەرە پیسی لێ ـ دەوەشێتەوە، وەك (ئارس) کە خوادی جەنگ بووە.

ئەوەندە هەیە، هەرچەندە ئەو خوداو خوداژنانە، لە بابەتانی دروست کراوو هەڵبەستراو دادەنرێن و، لە ڕووداوو لەڕاستیدا لە ئارادا نەبوون، بەڵام دوور نیە کارەساتی (شەڕی ترواده)، لەڕاستیدا ڕوویان دابێ، چونکە تەنانەت

ئەو جێ‌ماوانەی کۆنیش کە تازە دوزراونـەتەوە لە ژێـرگڵدا، پەنجـە بۆ ئـەوە دەکێشن کە ئەو شەڕە قەومابێ.

هـەرچەنـدە فڕانـدنی ژنی شاهی ئیسپـارتە، (هیلین)، لە لایـەن شاهـزادەی خوێڕی‌یەوە، (پاریس) بـەتاوانێکی گـەورە دادەنرێ‌و هـەر سەر بـە خونکـار (مینلاوس) دانانەوێنێ، سەر بە هەموو یۆنانی‌یەکانیش دادەنەوێنێ، بەڵام‌من لەو باوەڕەدام، کە خونکار (مینیـلاوس) دەیتوانی تـۆڵەی خۆی لەو شـاهزادە بەدخووە (پاریس) و ئەو ڕەدووکەوتووەناپاکە (هێلین) بکاتەوە، بێ‌ئەمەی‌بچێتە ناو ئەو جەنگانەوەکە نزیکەی دەساڵیان خایاندو، بە دەیان هەزاران‌کەسیان تێدا کوژرا بێجگە لە کاوول کردنی شاران‌و گوندان‌و، فڕاندنی ئافرەتان‌و گرتن‌و بردن‌و تالانی‌و زۆرو ستەمانی‌تر کە لە ناو هەردوو خاکی‌دروسایی‌ی یەکتردا کران.
هەروەها خونکار (پریام) یش دەیتوانی سزای‌کوڕەدڕندەکەی خۆی (پاریس) بـدات‌و (هێلین) ی ڕفێنراویش بنێـرێتەوە بـۆ کن مێردەکـەی خۆی کـەنـاوی (مینیلاوس) بوو، لە گەڵ پیشاندانی‌پەشیمانی‌و خەم‌و خەفەتدا بۆئەو کارەساتە ناهەموارەی کە کوڕە هەرزەکارەکەی قەوماندبووی‌و، پێشکەش‌کردنی هەندێ دیاری‌ی ناوازەکەشایستەی خونکار (مینیلاوس) بێ. ئەویش بۆ ئەمەی تۆڵەبۆ خونکاری یۆنان بکاتەوەو، مـەیدانی جـەنگیش نەدات کـە بقەومن لە نـاوەند هەردوولایاندا، تائەو هەموو خوێنانە نەڕژێن‌و ئەو خاکانەی هەر دوولایشیـان ئەوەندە وێران نەبن.
جاچونکە هیچ کامێکیان ئەوەیان نەکرد، هەردوولایان بە بەرپرسیار دادەنـرێن بەرامبەر ئەو حوێنانەی ڕژان لە هەردوولاداو، ئەو زیانە گەورانەی کـەوتن لە هەردوولایان. چونکەهەردووکیان بە دوو خونکاری خۆپـەرست دادەنرێن، کـە کەڵک چاکەی خۆیان‌و گەورەیی‌یە بۆش‌و بەتاڵەکـەی خۆیـان، پێش کەڵـک‌و چاکەی نەتەوەکانی خۆیان خست. بۆچ نەدەکرا ئەو گیروگرفت‌و گێشەیـە، لە شێوەیەکی بێ‌وەیدا چارەبکەن‌و، بەهۆی چەنـد خونکـارێکی چاکـەخوزاو بێ لایەن‌و بەڕێـزەوە، ناوبژی‌ی هەردوولایان بکەن ؟!..

● هەوێنی ئەم چیـرۆکە بـریتی‌یە لەو دڵداری‌یـەی کە پـەیدابـووەلە ناوەنـد شاهزادەی سپڵەو خوێڕی‌دا، (پاریس) شاەژنی ناپاك (هێلین) دا. بەڵام‌ئەمـە چۆن دڵداری‌یەکە کەبگاتە ئەوەی داوێن‌پیسی‌و ناپاکی‌و سپڵەیی‌ی لێ‌پەیدابێ، کە لە سەر دەستی هەردوو دڵداردا روویان‌داوەو زیانیان بە خونکارێکی میوان نەوازو چاکەخوازو، مێردێکی خۆشەویست‌و دڵسۆز گەیاندبێ ؟!
ئـایا خـونکار (مینیـلاوس) یش چۆن دڵی بـەرایی‌یدا، ژنێکی وا سپڵەناپـاك سەرلەنوێ بگێڕێتەوە بۆ خۆی‌و، لەتروادی‌یەکانی بسێنێتەوە ؟!.. کەتەماشای

چیرۆکەکەیش دەکەین، هیچ لەو بابەتەوە نـادوێ کەلەپـاش ئەمـەی (هێلین) دراوەتەوە دەست خونکار (مینیلاوس) ی مێردی، چی ی لێکراوە، یاخود چی ی بەسەر هاتووە ؟! بەڕاستیی ئەمەشتێکی سەیرە، پیاو سەری لێ ی سوڕدەمێنێ !..

هەروەها لە چیرۆکەکەدا چارەنووسی شاهزادە خوێڕی یەکە، (پاریس) پیشـان نادات، کە چی ی بەسەرهاتووە. ئەوەندەهەیەلە چیرۆکەنەتەوەیی یەکانی ترەوە ئەوەتێ دەگەین، کە (پاریس) ئەمەی بە دزی یەوە، پاڵەوانەیۆنانی یەکە، (ئەشیل)، دەکوژێ، خۆیشی لە پاش ماوەیەکی کەم دەکوژرێتەوە.

بەراووردکردنێکی وێژەیی
لەناوەند چیرۆکی (مەموزین) و چیرۆکی (ئیلیادە)دا

(١) : هەوێنی هەردوو چیـرۆکەکـە (دڵداری) یە. بـەڵام ئەو دڵداری یـەی لە چیرۆکی (مەموزین) دایە، دڵداری یەکی پاك و بێگەردە پیس نەکراوە. بەلام ئەو (دلداری) یـەی لە چیرۆکی (ئیلیـادە) دایە دلداری یـەکی نەنگــو گەنگــو ناپەسەندە. چونکە فڕاندن و ناپاکی ی ژن و مێردی و داوێن پیسی ی لێ پەیدابووە. (دڵداری) لە چیـرۆکی (مەموزین) دا بــووەهۆی ئــەوەی: ئارامو ئـاسـایش و سەربڵندی و چاکەکردن لەگەڵ هەژاران و سەرگەردانان و لێقەوماوان و داماوان و دیل و بەندی ی لێ پەیدابێ لەگەڵ چاکەی گشتیی دا. بەڵام دڵداری لە چیرۆکی (ئیلیادە) دا بووە هۆی ئەوەی: جەنگ و ناوبانگی حراپ و ریسوایی و کوشتنی دەیان هەزاران لە هەردوولای لێ پەیدا ببێ لە گەل کاوول بوونی خاکی هەردوولادا بێجگەلەبردن و گرتن و تالانی وژن بەدیل گرتن.

(٢) : لە چیرۆکی (مەمزین) دا خودایەکی چاکی پاکی تاك و تەنیاو بێ هـاوتا دەبنین، کەهەر بووەو هەر دەبێ و، دوورە لە هەموو کەموکــووڕی یەکــەوە، بە چنگەو خاوەن دەســەڵاتیشە بــەسەر هــەموو ئـافەریـدەکراوێـدا، گەورەیــەو سەرچاوەی چاکەوفەرەبۆهەمووڵایەك. دادپەروەری دەنوێنێ و، بەزەیی ی بەکزو بێچارەو داماو و هەژارو لێقەوماواندا دێتەوەو، دەکەوێتــەفریـایان. هــەروەها بەرەنگاری، زۆرو ستەم و ناهەمواری دەکات. بەڵام لە چیـرۆکێ (ئیلیادە) دا، گەلێك خوداو خوداژن، دەبنیین کە لە ڕاستیدا نەبوون و نین. کــردەوەو کاری

چاکیان هەیەو، کردەوەو کاری خراپیشیان هەیە، چەشنی مرۆڤانی سەرزەمین، بەلاملەو جۆرە خوادایەنین کە دەسەلاتیان بەسەر هەموو شتێکدا هەبێ، یاخود دووربن لە کردەوەو کاری خراپو ناپەسەندەوە. ئەوخوداو خوداژنانەی لە چیرۆکی ئیلیادەدا ناویان براوە، دەستێکی بالایان هەبوو لە وێرانکردنو زۆرو ستەمو تالانکردنو ژن داگیرکردنی جەنگەکانی (ترِوادە) دا. ئەوانە بە زیندوێتی دەمێننەوە بەلام زۆر کۆن نین، لەسەرەتای ژیاندا نەبوون.

(٣) : هەردوو چیرۆکەکە بە زمانێکی وێژەپی ی پێشکەوتووو شیرینو خۆش نووسراون، مروڤ کێش دەکەن بۆ خوێندنەوەیان. هەرچی چیرۆکی (مەموزین)ە، بریتی یە لە (٢٦٧٣) تاکەهۆنراوە، کە دابەش کراوە بەسەر (٩٥) بەنددا. (ئەحمەدی خانی) کە یەکێك بووە لە دانیشتوانی شاری (بایەزید) لە کوردستانی تورکیادا، لە سالی (١٦٩٤)ی زایینیدا، لەسەر بنچینەیەکی زانستو راستیی پەرستیو هوشو رووداو، کە دووربێ لە بیروباوەری پروپووچەوە، تەواوی کردووە. دوایی ی چیرۆکەکە بەوەدەهێنێ، کەرێزو گەورەیی ی ئەو خودایەپیشان دەدات، کە پالەوانە خوداناسەکانی ناوچیرۆکەکە لە خەمو خەفەتو، ئازارو، خوێنرشتنو، سووکیو ریسوایی رزگاردەکات، کەبەهۆی ئەوەوە جەماوەرانی کورد لە میرنوشینی ی (جزیر وبوتان) دا کەلكو فەرێکی زۆرگەورەیان دەستدەکەوێ. (مەموزین) چیرۆکێکی کوردی یە، لە دلی جەماوەرانی کوردو، چاکەی گشت لایەنیانەوە هەلقولاوە، کارەساتەکانیشی وەکو دەلێن سالی (١٣٩٣) ی زایینیدا قەومان.

هەرچی چیرۆکی (ئیلیادە) یە، چیرۆکێکی یونانی یە، کارەساتەکانی، وەکو دەلێن لەناوەند سەدەکانی یانزەهەمو دەهەمی پێش زایینیدا قەوماون. بەلاملەسەدەی پێنجەم پێش زایینیدا تۆمارکراوەو ناوی چووەتە مێژووی وێژەوە. وەكدەلێنلە لایەن گۆرانی بێژێکی کوێریشەوە دانراوەکە ناوی (هۆمیرۆس) بووە. لەم رووەوە دووبەرەکی کەوتووەتە ناوەند نووسەرانو وێژەوانانەوە، لەبابەت بوونی کەسایەتی ی هۆمیرۆسو، ئەو سەردەمەی چیرۆکەکەی تێدا دانراواەو، ئەو جێگایەی چیرۆکەکەی تێدا دانراوەو، ئەو سەردەمەی چیرۆکەکەی تێدا دانراوەو، ئەو جێگایەی چیرۆکەکەی تێدا دانراوەو، ئەو کەسەی چیرۆکەکەی داناوە. چیرۆکەکە بریتی یە لە (١٦٠٠) تاکەهۆنراوە. کەدابەشکراون بە سەر (٢٤) بەشدا، بە شدا، بەزمانی یونانی یش دانراوە. کارەساتی چیرۆکە کەیش لە خاکی یونانو خاکی (ئیلیۆن) دا قەوماون کەکەوتووەتە ناوپارچەزەوی یەکەوەناوی (ترِوادە) بووە. چیرۆکەکەیش پرە لە قسەی پروپووچو رێژگاوی، بەوەیش داویی ی دێت، کە هەردوو خاکەکە وێراندەبنو،

خوێنیکی یەجگار زۆریان تێدا دەڕژێ‌و، خوێنیکی یەجگار زۆریان تێدا دەڕژێ‌و، سسوکی‌و ڕیسوایی‌یش بەر هەردوولایان دەکەوێ. هەروەها چیرۆکەکە پڕەلە دووبەرەکی‌یەکی گەورەو، گیروگرفتێکی پڕ ئاژاوەو تەنگ‌و چەلەمە، لەناوەند پاڵەوانانی چیرۆکەکەو خوداکان‌و ژن‌خوداکان‌دا کە یە جگار زۆرن. لە ناوەرۆکی چیرۆکی (ئیلیادە) یشەوە دەردەکەوێ کە جاماوەرانی (یۆنان)و جەماوەرانی شاری (ئیلیۆن)، هیچکەڵك‌و چاکەیەکیان پێ‌نەبڕاوە. بە پێچەوانەوەهەرچی ئازارو سەرگەردانی‌و، خوێن‌ڕشتن‌و ڕیسوایی‌و، هەموو زۆرداری‌یەك هەیە، کە بۆسەر ئابڕوو، و سامان‌و نیشتمان کراون تێ‌یاندا ڕوویان‌داوە. ئەمانەیش هەموو بە هۆی خۆپەرستی‌ی (پاریس) ی شاهزادەو، (هێلین) ی شاهـژن‌و، (مینیلاوس) ی شاهی ئیسپارتەو، (پریام) ی خونکاری (تروادە) وەڕوویان‌داوە.

(٤) : لە چیرۆکی (مەم‌وزین) دا (میرزەینەددین) مان وادێنەپێش چاو کە دوو فرمانی پێچە وانەی یەکتری جێ‌بەجێ‌دەکات. یەکێکیان ناڕەوایە. ئەویش‌ئەوەتا کە (مەم) دەخاتە زیندانەوەو، (زین) یش ئەو ماوە درێژە کە ساڵێك دەخایێنێ کەنەفت دەکات. یەکێکیشیان ڕەوایە، کە ئەوەتا: مل کەچ دەکات بۆ فەرمانی ئایینی ئیسلامی کە دادپەروەری‌و بەزەیی هاتنەوەو، راستی‌و دروستی‌و، کەڵکی گشتی دەگرێتەوە، لەگەڵ خوشك‌و برایەتی‌دا. ئەنجامەکانی ئەم کردەوەیەی دوایی‌ی (میرزەینەددین) کەڵك‌و خۆشی‌و کامەرانی‌ڕکی زۆری بەخشی‌بە (مەم)و (زین) و جەماوەرانی کورد. هەرچی هەڵوێستی خونکاری (ئیسچارتە)، مینیلاوس‌و، خونکاری‌ترواده (پریام)و، شاهزادەی ترواده (پاریس)و، شاهژنی یۆنانی ڕەدووکەوتووە، (هێلین) بوو، هەموو ناڕەوا بوون. لەبەرئەوە ئەنجامەکانیان بەوەگەیشتن کە ئازارێکی زۆرو زیانێکی زۆرتووشی جەماوەرانی (یۆنان)و (ئیلیۆن) بێن.

(٥) : فڕوفێڵی هونەری‌ی ناسك‌و جوان، لەهەردوو چیرۆکەکەدا دەردەکەون. لە چیرۆکی (مەم‌وزین)دا، (مەم) و (تاژدین) جلی خۆیان دەگۆڕن‌و جلی ژنان لەبەردەکەن، لەکاتی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا. هەر لەو ڕۆژەیشدا بە ڕێکەوت (زین)و (ستی) ی خوشکیشی جلی خۆیان دەگۆڕن‌و، جلی پیاوان لەبەر دەکەن. هەروەها (حەیزەبوون) یش کە دایەنی (زین) و (ستی) بوو جلی خۆی گۆڕی‌و، جلی پیاوانی لەبەرکرد، خۆی خستە شێوەی پزیشکێکی پیاوەوە. ئەنجامی ئەم کردەوانەیش بە دڵخۆشی‌و سەرکەوتن‌و کامەرانی گەیشت بۆ هەموویان. چونکە ئەوفڕوفێڵە ڕەنگینانە کە هونەرمەندی‌یان تێدا ئاشکرا بوو، بوون‌بەهۆی ئەوەی، ئەو دوو کوڕە لاوەو، ئەو دوو کچەهەرزەکارە. یەکتری ببینن‌و یەکتریبناسن‌و،

بپارێزن لە براکوژیو، کاوول‌بوون‌و، نەتەوەکەمان‌و میرنوشینییەکەیشمان سەریان بەرزببێتەوە.

هەرچی چیرۆکی (ئیلیادە) یە،ئەسپێکی دارینەی گەورەی لە لایەن هونەرمەندانی یۆنانییەکانەوەتێدا دوروستکراوەو، پاڵەوانەیەکانی تێدا شاراوەتەوە. ئنجا یۆنانییەکان بەفێڵ خۆیان واپیشان دەدەن، کە دەگەڕێنەوەبۆ خاکی خۆیان ئەو ئەسپەیش بەجێدەهێڵن بۆ (تراودەیی) یەکان. تراوادەییەکانیش بەبابەتی تالانیو سەرکەوتني خۆیانی دادەنێن کە ئەسپەکە دەبەنەناو شارەکەیانەوەکە (ئیلیۆن) بوو. ئەم‌فێڵەیش بوو بەهۆی گرتنی شاری تروادە لە لایەن لە شکری یۆنانەوەو، کاوول کردنی شارەکەو. کوشتنی دانشتووەکانیو سەرگەردانیی تروادەیی یەکان‌و سەکەرتنی یۆنانییەکان‌لە گێرانەوەی شاهژنە داوێن‌پیسەکەیانداکە هێلین بوو. جا هەر وەك لەپڕدوو چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ، فڕوفێڵە هونەرییەکان لە چیرۆکی (مەم‌و زین) دا چاکەو خۆشییان لێپەیدادەبێ، کەچی لە چیرۆکی (ئیلیادە) دا زیان‌و خۆشییان لێپەیدادەبێ.

(٦) پاڵوانەکانی چیرۆکی (مەم‌و زین)، پەردەداری میر، (بەکر مەرگەوەڕ) ی لێدەربچێ، هەموویان خاوەنی کەسایەتییەکی بە هێزو هەڕەت‌و، جوامێریان هەیە، کە خوێندەواران دەهێننەسەرسوڕمان. چونکە کردەوەو کاریان جوانەو، دەروونیان پاکەو پیرۆزەو خۆیشیان بەخت‌دەکەن لەپێناوی کەڵكو چاکەی کەسانی ترو گشتییدا لەبەرئەوە شایستەی ڕێزو نازگرتنن‌و، هەڵیش‌دەگرن خوێندەوارانی چیرۆکەکە چاویان لێبکەن.

بەلام پاڵەوانەکانی چیرۆکی (ئیلیادە)، کردەوەو کارەکانیان پڕن لە نارەواییو خۆپەرستیو زۆرداری چونکە بوون بەهۆی ئەوەی دوو خاکی گەورەی پێشکەوتوو کاوول‌ببن. لەبەرئەوە هیچیان لەوانە نین هەڵبگرن خوێندەواران چیرۆکەکە چاویان لێبکەن.

(٧) : ئنجابە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەمەوپیش کردمان، من لەو باوەڕەدام کە چیرۆکی (مەم‌وزین)، لە ڕووی گیانیو، وێژەییو، زانستیو، ڕۆشنبیرییەوە، لە چیرۆکی (ئیلیادە) بارستاییی بەرزترەو، بەکێشانەیش گرانترە. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە چیرۆکی (مەم‌و زین) ڕاستگۆییو، چاکەدانەوەو، خۆبەخت‌کردن لەپێناوی فرمانی پێویست‌داو، هۆگربوون بە هەموو کردەوەو ڕەووشتێکی پاكو پیرۆزو بەرزەوەو، پەیڕەویکردنی (ئایینی پاکی ئیسلام)و،

پاراستنی کەڵک و چاکەی گشتیمان فێردەکات. کەچیی ئەم جۆرە کردەوەو کارە باش و پەسەندانە لە چیرۆکی (ئیلیادە) دا نابینین، بە پێچەوانەوە، هەر گیانی تۆڵەسەندنەوەو، خۆپەرستیی و، زۆرداریی و، چاوچنۆکیی و، چاوچڵیسیی و، داوێن پیسیی و، پشم و قین و، دوژمنایەتی دەبینین.

سەرچاوەکان

(١) : نووسراوی (چیرۆکی مەم و زین لە تەرازوودا) ـ شاکر فتاح
(٢) : نووسراوی (ئیلیادە) و (ئۆدیسسە) ـ هۆمیرۆس ـ پەرچڤەی شاکر فتاح
(٣) : نووسراوی (مەم و زین) ـ أحمد الخانی ـ ترجمة محمد سعید رمضان نثراً باللغة العربیة ـ سنة ١٩٥٧ مطبعة الترقی ـ دمشق.
(٤) : نووسراوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) ـ عەلائەددین سوجادی چاپخانەی مەعاریف، بەغداد ساڵی ١٩٥٢ ز.
(٥) : نووسراوی (الألیاذة) هومیروس ـ ترجمة عنبره سلام الخالدی نثراً الی اللغة العربیة ـ الطبعة الخامسة ـ بیروت ـ دار العلم للملایین ـ سنة ١٩٨٢ م.

کورتە چیرۆک

برسیەتی

حیدر حیدر

وەرگێڕانی
ئەسعەد عەدۆ

سپێدەیەك مندالەکە بەدایکی وت: دایە بڕوانە ئەم پاپۆڕانە، دەریاکەیان قووتدا! ئەی لە کوێ مەلە بکەین ؟

دایکەکەی دایە قاقای پێکەنین.. مندالەکەش لە پرسیار کردن بەردەوام بوو، دایە ماشێنەکانی سوپایی لە ژێر دارەکان نوستوون! ئەی چۆلەکەکان لە کوێ دەخەون ؟!

دایکی ڕووی گرژ بوو، هەردوو برۆکانی لێك نزیك کردنەوەو هاواری کرد: کوڕە ئەو چ دەلێی ؟

کوڕەکە گوتی: دایە، باوکم وتی ئەو گەنمەی بۆ تۆدانی زەویەکەمان هەلگرتووە، دەیکەمە ئارد.. ئەگەر وایکرد لە ڕۆژانی بارانا زەویەکەمان چ لە باوەشیدا دەگرێ ؟

دایکە ڕایکردە ژووری ناندینو بە هەناسە سواری پەنجەرەکەی کە کەوتبووە سەر دەریاکە.. والای کردەوە.

* * *

کوندەبوێیەك بەدڵدارەکەی وت: لەبەرچی مێردم پێناکەی ؟

دڵدارەکەی گوتی: باڵندەیەکی ترم خۆش دەوێ !

کوندە بوێیەکە وتی: بەڵام من زۆر خۆشتم دەوێ !

دڵدارەکەی گوتی: تۆ هەژاری، جگە لەم کاولە خانووەو دوو چاوی زەق‌و دوو باڵی بەتین هیچی تر شك نابەی !

کوندەبوێیەکە بە مەلولیەوە وتی: من ئەم کاولە خانووە خۆشەت پێشکەش دەکەم، بۆ ئەوەی بەخۆشی تیایا بژین، ئەی دەزگیرانە دەوڵەمەندەکەت چیت دەداتێ ؟

دڵدارەکەی باڵەکانی خۆی لێك کردەوە، بەفیزەوە پێکەنی، ها.. ها.. ها، خۆشەویستە دەوڵەمەندەکەم شارێکی پڕ کاولە خانووم پێشکەش دەکا ئەگەر خوا تەمەنی خاوەن شکۆ درێژ بکا !

کوندەبوێیەکە لە شەقەی باڵیدا.. لەوکاتەی چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بوون، بڵند بوو، وتی: وا لە شاری خاوەن شکۆ دەچمەدەر، چونکە خۆشەویستی تیا بەدی ناکەم، بەڵام ڕۆژێك دادێ نەبەردێك نەپەلە دارێك بەدی ناکەی لە سەری هەڵبنیشی، ئینجا یادم دەکەیتەوە.

* * *

لەگەڵ ڕۆژئاوادا پیاوەکە لە کارکردن بە ماندوویەتی گەڕایەوە ماڵ، دەم‌و دەستی خۆی شوشت‌و داوای لە خێزانەکەی کرد کە خواردنی بۆ ئامادە بکا..

خێزانەکەشی نانێکی تیری‌و کەمێك زەیتوون‌و هێلکەیەکی کوڵاوی لە پێش دانا. پیاوەکە لەسەرخۆ دەستی کردە نان خواردن..

ئافرەتەکەی پێی گوت: ئەوە بۆوەك جاران هەواڵی (وافد) ناپرسی ؟

پیاوەکە هوشیار بۆوە، بەڕاستی ئەمڕۆ ماندووم.. ئەی کوا ؟

- نوستووە، بەڵام لێی دەترسم !

- بۆ ؟

- قسەی ترسناك دەکا، یاسین تۆ بڵێی گیانی ئادەمیزاد بیپەڕێتە ئادەمیزادێکی تر ؟!

یاسین زەردەخەنەیەکی هاتە سەر لێوی، لەوکاتەی کاوێژی بە پاروە نانێك دەکردو گوتی: ئەم پرسیارە بێ مانایە چیە ؟

ئافرەتەکە وتی: وافد منداڵ نیە، بەڵام قسەی وا دەکا زۆر لە خۆی زل ترە !

باوکی وافد دەستی لە نان خواردن هەڵگرت‌و دەمی سڕیەوەو گوتی: هەموو منداڵێك وا بەزەحمەت گەورە دەبێ.

* * *

دزەکان

لە هێرشێك لە هێرشە دڕندەکانی دوژمن بۆ سەر شارو گوندەکاندا، فڕۆکەوانی قارەمان (جەرجس حەنناوی)، شەڕە فڕۆکەیەکی مەردانەی لەگەڵ فڕۆکەکانی دوژمندا کرد.. لە ئەنجامدا وەك (باز) کەوتە سەر لووتکە چیاکانی نزیك دەریاکە.

تەرمەکەیان بە ئاهەنگێکی گەورە هێنایەوە گوندەکە.

لە پێش دەرگای ماڵێکی دەشتەکی هەژار، باوك و دایکی ڕاوەستان و تلیلەیەکیان لێدا !

پیاوێك پرسی: سەیرە، بڕوانە چۆن تلیلە لێدەدەن.. وەك بڵێی بووك گواستنەوەیە !

پیاوێکی ترگوتی: ئایا دەزانی ئەم جەنگاوەرە تاقانەیەو لە خانەوادەیەکی هەژاری ئەم گوندەن ؟! دەڵێی بۆ ئەم ڕۆژەیان پەروەردە کردبوو.

پیاوەکەی تر گوتی: لەم ڕۆژە زیاتر چی ؟ گونیە ئاردێك بە پەنجا لیرەیە !
پیاوەکەی تر بە پێکەنینەوە: دەگاتە سەد لیرە گەر خوا تەمەنی خاوەن شکۆ درێژ بکا !

ڕێژنە گوللەیەك بە بۆنەی ناشتنی شەهیدی پاڵەوان هاوێشترا، بەڵام گوللەیەك شوێنی خۆی لە پشتی پیاوە دەم بە پێکەنینەکە کردەوە !

*　*　*

بازاڕی شارەکە بازاڕێکی پان و درێژ بوو، لەو سەری تائەو سەری شارەکەی گرتبوو.. مزگەوتێکی گەورەو بەرزیش لە ناوەڕاستی بازاڕەکە بوو. لە بازاڕ هەموو شتێك هەبوو بۆ فرۆشتن تا ئادەمیزادیش !!

جوتیاری هەژار بەترسەوە بەدوای کوندەبۆ دەگەڕا، هەر جارەی پرسیاری دەکرد گاڵتەیان پێ دەکرد ! پرسیاری لە پیاوێکی کۆچەری وەك خۆی هەژار کرد: دەبێ لە کوێ باڵندەی بەند کراو بفرۆشن ؟

کۆچەرەکەش دەستی بۆ پێچی شەقامی بازاڕەکە درێژ کرد، بەرەو پێچەکە ڕۆیشت، کاتێ لە پێچەکە سووڕایەوە ڕوو بە ڕووی کۆگایەکی گەورە بوو، کە لەبەر دەرگاکەی ئەم ئایەتەی پێ هەڵواسرابوو [المال والبنون زينة الحياة الدنيا] چووە ژوورەوە، چاوی بەچەندان قەفەسی شوشەیی و ئاسنی کەوت، چەندان باڵندەی ڕەنگاو ڕەنگی تیا بەند کرابوو، هەر وەك کۆگاکە بە کۆتاڵی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازا بۆوە.

بۆ بەیانی باوکی وافد بەرەو کاری خۆی دەڕۆیشت.. وافد لێی پرسی:
باوە، ئایا باوکەکان درۆ دەکەن ؟!
باوکەکەیشی وتی: نەخێر.
وافد گوتی: ئەوە هەفتەیەکە پێم دەڵێی کوندەبۆیەکت بۆ دێنم و کەچی تا ئێستاش هیچ !
- رۆڵە چیت لە کوندەبۆیە ؟
- دەنگیم پێ خۆشە !!
باوکی وتی: من لە کوێ کوندەبۆت بۆ بکڕم.. لەو کاتەی برسیەتی لە دەرگای هەمووماڵێك دەدا ؟
منداڵەکە وتی: لە نێو بازاڕی شارەکەمان بەند کراوە، تۆیش لە بەندیخانەی رزگار دەکەی !
باوکی هاواری کرد: چۆن دەزانی...؟
وافد گوتی: چونکە شەوان لەسەر دار زەیتوونەکان ناخوێنێ !
باوکەکەی بەزەردەخەنەیەکەوە کوڕەکەی لە باوەشدا گرت و بۆنی کردو گوتی:
بۆتی دێنم گیانەکەم.. بۆ گەیشتنەوەیەکی تر..
منداڵەکەش بەدەستە ناسك و بچکۆلەکانی خواحافیزی لێ دەکرد.. ئەگەر ئەم جارەیش درۆم لەگەڵدا بکەی، لە دوای باوکێکی تر دەگەڕێم !

جوتیارەکە لە بازرگانە قەڵەوەکەی پرسی: کوندەبۆتان هەیە بۆ فرۆشتن ؟
بازرگانەکەش وتی: هەموو جۆرمان هەیە !
- نرخی چەندە ؟
- بۆ تۆ پەنجا لیرەیە، بەڵام بۆ یەکێ تر حەفتایە، چونکە وا دیارە پیاوێکی هەژاری و پێویستە کۆمەك بکرێی.
جوتیارەکە سەری سووڕما ! لە دڵی خۆیدا قینی لە منداڵەکەی هەڵساو گوتی: ئەو منداڵانە گڕنە لە شت دەگرن.
لەو کاتەدا ئەفسەرێك هاتە کۆگاکە، بازرگانەکەیش لەسەرپێ ڕاوەستاو بەخێر هاتنی کرد: بەخێر بێیت، گەورەت کردین، کۆگاکەت رووناك کردەوە، فەرموو لەخزمەتین، کۆگاکە کۆگای خۆتە، کورسییەکی بۆ داناوو بانگی منداڵە خزمەتکارەکەی کرد: وەرە کوڕە بڕوانە گەورەت چی گەرەکە.. فەرموو قوربان سارد، گەرم ؟
ئەفسەرەکەیش بەفیزەوە گوتی: نسکافە

بازرگانەکە وتی: بەڕاستی شەڕێکی مەردانە بوو، بەخوا گەورەم سەرت بڵند کردین.. خوا تەمەنی خاوەن شکۆمان درێژ بکات.

ئەفسەرەکە سیگارێکی (کەنت)ی، داگیرساندو گوتی: فڕۆکەمان زۆر کەوتو زۆریشمان لێ کوژران، بەڵام نەمانهێشتن بگەنە ئامانج !

یاسینی جوتیار وەکو بەرد ڕاوەستابوو، گوێی لە قسەکان ڕاگرتبوو، نسکافە هاتو خواردرایەوە، لە دواییدا بە دوو قوڵی چوونە ژوورێکی تری کۆگاکە.. کەمێك مانەوە، ئینجا بە پێکەنین هاتنەدەر، کەل و پەلی بەنرخ نێردرایە نێو (مرسیدس)ە، ڕەشەکەی پێش دەرگای کۆگاکە !!

ئەفسەرەکەویستی بڕوا..

لە پێش دەرگاکە ڕووی وەرگێڕا.. بینی کوندەبۆی بەستەزمان لە نێو قەفەسەکەدا نوستووە، گوتی: حەسانی کوڕم داوای کوندەبۆیەکی لێم کردوە، داخوازی ئەو مندالانە سەیرە ! نازانم بۆ باڵندەیان خۆش دەوێ ؟ بازرگانەکە بەسەر خزمەتکارەکەی قیڕاند: کوڕە ئەو قەفەسە بخەرە نێو ماشێنی باوکی حەسان !

جوتیارەکە بەم دیمەنە زیاتر سەری لێ شێوا، کاتێ بینی کوندەبۆی بەندکراو لە کۆگاکە دەرچوو، دڵی زۆر تووند بوو، لەپێش خۆیدا وتی: باڵندەیش وەردەگرن !

* * *

پیاو کوژەکان

وافد یاسین گەورە بوو، بووە قوتابییەکی کۆلێجی چەکی ئاسمانی لەو بەشەی کە بە نێوی شەهید جەرجس حەنناوی بوو، لە دوای سێ ساڵ بوو بە فڕۆکەوان.

هەموو ڕۆژێك لە ئاسمان مەشقی بە فڕۆکەکەی دەکردو خۆی بە هەڵۆ دەهاتە بەر چاو، بەڵام ئەو هەڵۆیەی کە هیچی نەئەبینی جگە لە بازاڕو کۆشکی خاوەن شکۆ.

لە ڕۆژێکی سامالْدا هەلۆ بە فڕۆکە جەنگیەکەی بەرز بووە بۆ ئاسمان، چەند جارێك بەسەر شارەکەهاتوو چۆی کرد، خۆی پێ ڕانەگیرا، بەرەو بازاڕ هاتە خوار.. بەردوومانی کرد ! ئینجا بەرەو کۆشکی خاوەن شکۆ خزی ئەویشی وێران کردو بلْند بۆوە.. لە کاتی هەلْسانەوەی چوار فڕۆکە بەرانگاری بوون و داوایان لێ کرد کە خۆی بداتە دەست بەلاّم بۆی نەسلماندن، بەرەو شاخە بلْندەکان ڕۆیشت بۆ ئەوەی خواحافیزی لە باوکی بکا..

لەو کاتەی بەسەر لووتکە شاخەکانی لێوار دەریاکە دەفڕی، کەوتە بەر لوولەی سارۆخی دوژمن، فڕۆکەکەی پێکاو لە ئەنجامدا سوتا، وەك هەلۆیەکی بالْ شکاو بەسەر شاخەکانی لێوار دەریاکە کەوتە خوارەوە.

لە کۆمەلْە چیرۆکی «الفيضان»ی
حيدر حيدر
وەرگیراوە. وزاره الاعلام -
دار الحريه للطباعه ١٩٧٦

«بازنەی ڕۆژانی هەینی»

هاشم ئەحمەد سەڕاج

تەكانی دایە خۆو.. ئەمجارەیان بە سووكی كەوتەسەرگازی پشت.. یەكسەر هەستی بەوەكرد كە هەینەی ئارەقەداری هەتا دێ زیاتر بروسكە ئەكاو پەنگر ئاسا تا ووزەی گەرمایی ئەبەخشێتە گیان و لەشی.. بەڵام خۆی ڕاتەكاندو بەزەبری پێیەكانی بەتانیە قاوەییەكەی هەڵماڵی.. دەستی چەپەی درێژكردو توند پاكەت و شقارتەكەی هەڵگرت.. پەشتەماڵە مۆرەكەش هەر بە گەچراویەوە...

مارانە برینەکەی سەر گەردنی پەنهان کردبوو... هەڵسایە سەر پێو کەمێ لە ڕۆحی شتەکان وردبووەوە... ئەوەی کە زیاتـر سەرنجی ڕاکێشـا.. کاتـژمێرە هەڵواسراوەکەی سەر ڕووی دیـواری ژورەکەبـوو... دێر زەمـانێکە.. بـەدەم هـەشتو نیوەوە نـووستـووە.. کێ دەڵێ ئـامێـرە وردیـلانـەکـان ژەنگیـان هەڵنەهێناوەو نەسواون.. لەوەتەی هەم ئەم میلە زەبەللاحەو ئەو سەعات ژمێرە قوتو قاوەیی‌یە دەخولێننەوە.. هۆدا.. دەبا ئێمەش ڕۆن پژێنیان کەین..؟ نەء.. دڵم کاتژمێری لەشی شەکەتمەو کاتژمێری پیرۆزیش قەت سڵ ناکات لە ئەژماردنی تەمەنی شەکەتانو ناسرەوێ.. هەندێ لە ووشەکان تامو بـۆی خەوی دوێنێ شەویان لێ ئەتکا.. خەریك بو هەلاژێ.. بەلام هەتا بەر هەیوانەکە گیر نەبو.. لە نکاوڕا لە باوەشی ئەسکەملێکی پلاستیکیا ڕوونیشت.. چاو خەواڵو بوو.. بۆنو بەرەکەتی بێداریو شەونخونی لا ڕوومەتەکانی تەڵخ کردبوون.. زۆر بەهێمنیەوە پـەشتەمـاڵەکەی خستـە بن ئـانیشکی و ئـازارەکـانی سـەربـەست بـوون.. جگـەرەیەکی داگیـرسانـد.. دوو مـژەی بـەقـەوەتی لێداو.. خستیـە نێـوان پەنجەکانیەوە.. دیسان بە هێمنیەوە لە توێژی قەدی دار (زەردەلو) ەکەی نزیك بن هەیوانـەکە ڕامـا، سێ کەلێنی کـەوتبووێ.. شـارە مۆرانـەش لە سەمـای ژەهراوییانەیان نەدەکەوتن.. سەعات (هەشت) ی ڕەت کردبو.. چرە دووکەڵ داو کلافەیان دەبەستو ڕووەو تـەوقەسـەر ئاوا دەبـوون.. خۆی گـۆڕیو بەدەم ئاوێنەکەدا ڕاوەستا.. سەیری ناو چاوەکانی خۆی کرد.. سوور هەڵگەڕا بوون.. کەوتە قژ داهێنان.. پەیوەندیەکی هەمیشەیی لە گەڵ شانـە بازنـەیی‌یەکـەیدا هەبوو.. گورج هەر گۆرەوی‌یەکانی دوێنێی لەپێ هەڵکێشا.. بە پارچە پەڕۆیێ تۆزو گەردی ڕووی کەوشەکانی داماڵیو بەڕێ کەوت.. لە دورەوە لمووزی ماشێنە پرتەقاڵی‌یە بیستو... نەفەری‌یەکەوە دیار کەوت... ووڕوژا.. هـەرکە ستـۆپی کردو نەکرد.. یەکسەر خۆی تێکوتاو بە خوڕتی لە بەرامبەر شوفێرەکە دا نیمچە شوێنێکی داگیر کرد.. هەردوو چاووی ئاراستەی جوولەی دەستو سووکانەکەو لەرینەوەی گوڵە نایلۆنە کەسكو سوورە هەڵواسراوەکان کرد.. بیرۆکەی قەد بڕی ڕێگا گەماروێ دا.. تێر تەماشای میلی کاتژمێرەکەی کرد.. مۆرکی شێتایەتی لێ بەدی دەکرا.. نمرەیەك تەنگی‌ی قایشەکەی شلکردەوە، مەچەکی حەسایەوە.. لەو لاشەوە ڕستە تەسبیحێکی دنکە قەزوانی ملوانکە ئـاسا.. ڕووەو دەفـەی سینگی سفتو سپی‌ی (خواژنێ) شۆڕ ببـووەوەو قوتـە ئیمامـۆکەی بـە لیچە ئارەقەیەکی سیکۆتینی بە پێستی چەرموڵەیی وەنوسـابو... شـەقڵو سیمـای گەردانەیەکی خوایی ئەنواند.. هۆگری کوشێنی ماشێنەکە ببو... بست بە بست ئـاشنایـەتی لەگەڵ بـەرگە جـەلاتینە نـەرمو شلکەکـانا کـرد بـوو.. چـەنـد

هەڵوێستەیەکی کردو ڕەوتی گواستنەوە بەردەوام بو.. زۆر بە دیقەت تەماشای ڕیزە دووکانەکانی بەردەرکی حەمامەکەی کرد.. گڕی دەروونی هێور نەبووەوە.. وەك هەموو ڕۆژانی تر (قەبرستان) پێشوازی لێ کرد.. ئەمجارەیـان لە دڵ ڕا ئاخێکی بۆ هەڵکێشاو چپاندی:

مسئەستێرەی تڕۆپ بەیداخی قەفەس.. ژەنگداراە ئێستاکە.. سێهـەمین کەس بوو لە گۆڕەپانەکەدا دابەزی.. هەراو زەناو جەنجـاڵێو بازاڕی جگـەرە فرۆشان کەللەی سەریان کاس کرد.. خەریك بو بـە چوستی لە بـواری جاددە بپەڕێتەوە.. گڵۆپە سوورەکە هەڵگیرسا.. دوو هەنگاو بەرەو دوواوە گەڕایەوە.. ئەمجارەیان پێی لێ ناو هەتا دوورِ چاخانەکە ڕانـەوەستا.. سـەیرێکی ڕاستو چەپی خۆی کردو لەبنە بانێ هەڵتروشکا.. بەلەز ئاوڕێکی بەرەو دەستە چەپ دایەوە گڵۆڵە پارە چەکەرەی دەکردو لێزمە سوور دەچووەوە... دیارە گەرمەی قومارە.. دەڵێی مرۆیەکانی جارانن.. بەڕاستی کەشکۆڵێکی سەیرو سەمەرەیە.. جۆرەها بەرگو پۆشاکی گرتۆتە باوەش.. هەوێنی بەختەوەریی دوا ڕۆژی لەناو بۆتەی گیانی هەڵگرتووە.. خەفەت مەخۆ.. مۆرە هەڵباوێ.. سەیری دەستو پلی خـۆکـەو.. دوو سبـەیش هـەر مـۆرە هـەڵبـاوێ ـ ئـاگـری حـەز تـەنگی پێ هەڵچنیون هەر کە سەری هەڵبڕی.. بنمیچە مێژوویییەکە درزی کەوتبوێ.. زۆر بەووردی لە تاقو دینگەکان ڕاما.. غوربەتی هاتێ.. دەیزانی هەرامەو قنکە جغارە بەر کورسی یەکانی تەنیوەتەوە.. لە وشەی چاوی وێنـەی ناو چـوار چێوە زەبەللاحەکەدا زەردە خەنەیێ سوور دەبریسکایەوە، ڕەنگی ناو سكو دەمارە لولپێچەکانی کرمی ڕەشو ووردیلەی بن پێڵوە تەنکەکانیـەتی هێڵـنجی هاتێ.. وەخت بوو بڕشێتەوە هەر چابو چەند سێبەرێکی بەدی کرد.. ئاوەژوور.. کەوتن.. زۆر چاکە بازنەی ئیمڕۆش تەواو دەبێ.. هەمان دابو نەریت.. دووبارە بۆوە.... لەو لاشەوە هەتا دەهات قەوارەی گڵۆڵە گەورەتر دەبووە... بەڵام سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا.. وەك گیانی گەرمی تاقو بنمیچە کۆنینەکان.. دەمەتەقێ دەستی پێکرد.. مشتو مڕێکی سەیرە.. لە نێو قەدەوە دەس بە باسەکان دەکرا.. گوێ ڕایەڵ بوون.. مۆسیقای دەردەنگی ووشە بەرەو ئەو دیو هەڵدەکشا.. هەردوو بازنە لە قولایی دەریاچەی (کات)ێ مەلەیان دەکرد.. جار جار ڕازو نیازی دڵیان بۆیەکدی هەڵدەڕشت.. جاریش هەبوو دوو چاری کشو مـاتیەکی کـوشندانـە دەبوون.. زۆری نەخایاندو توویژێکی دوو قوڵی هاتە کایەوە:

- چما لێرەی ؟.. دەمێکە

- دووکەڵ هەناسەی لێ بڕیوم، هەر وەختە چاوم دەرێ..

ـ سـوور هەڵگـەڕاون، زەرتکی جغارە دەپـار زنن.. تەمـەن دریژی بـوتنە، زەرەندی دەخوازن..
ـ دوور مەبینە.. چاوانت ببن بە فلتەرە جغارەو نەشیزانین.
ـ ئەوەندە تروسکاییان تیاماوە.. پەتای شەو کویری ببەزینن.
ـ دەنا با سووریّ بدەین..

هەتا دەهات هەردوو بازنەکان ڕیّك و پیّکتر دەبوون.. پلەی تیرە برکیّ لە چەقەکاندا یەکسان بوون.. جار جار لووتکەی ڕیّکی دەهاتەکایەوە.. لەولاشەوە جمکە ئەلقەلیّك هەڵدەشاخـان، چڕی دەرداوی نـەزۆکی تیر تـر دەبوو.. زرەو زرینگەی پیاڵەو سەمای کەوچك جوانی بەخش بوون.. هۆگریەتی لە تەختە ڕەقی کورسی یەکان و تیلمە حەسیری پەڕاگەنـدەو بریقـەی ووشکایـەتی ڕووی میزو خوانەکانەوە دەسپیّدەکات.. شارە عومریّکی حەشار دراون.. پەیتا پەیتا لەگەل خڕەی زارەکانا گلۆڵە بچووك دەبووەو چیّوەی بـازنەش بـەك پەتـاقە زاریکی شەشپالۆی بچکۆلانە دا دەپچراو زریزە بۆشاییش جیّ و شویّنی دەگرتنـەوە.. ئینجا خشەی مالین و ترپەی پیّ تیّکەلاوی یەکتر دەبوون.. تەقەی (پەنجا) فلس تیّ گرتن لە سینیە برۆنزیەکەیا.. ئاوازیّکی ڕەسبـەن بو.. مـۆسیقای دابـڕان.. بەشەقامەکان وەر بوون.. ئەوانیش بە جووتە چەق و چیّوەی بازنەی خولانەوەیان بڕی بوو.. ئیّستاو ئیّستاش نەگەڕاونەتەوە.. ئاگری جغارە پەشتەماڵە مۆرەکەی بەرباد کردبوو.. هەر بەقەد پولە دۆمینەییّ پیّجامە هیّلدارەکەی سووتاندبوو.. بۆ سۆکاری لە مۆخی کردبوو.. لە پڕ ڕانی گەرمایی گەیشتیّ و ڕاچەنی.. لە کەلیّنی دار زەردەلوەکەدا هەموو شتیّ ئاشکراو ڕوون بوو.. جـووتیّ پیرۆزە شینـەی شیّدار.. ئاگریّکی کەسك و پاقژی ئەفسووناوی وەك ئەوەی لە مس و قورقوشمی تواوە هەلبقولیّ.. تیایان دەیسکایەوە.. چ چاو برکیّ یێ.. خەریك بو گیانیان هاو پارچە بیّ.. کەرویّشکەکەش لەتەك میّرگی سەوزە فریزەکەدا لەززەتدار بوو.. زوبانی عاردی دەماڵیّ و جار جار مووی سمیّلی زبری لە کەلیّنی تویّـژی قەدی درەختیلەکەیا دەسووی هەتا داکەسیّ.. ئینجا بە جاریّ دەروونی حەسایەوە.. چونکی لە چەمکی زۆر شتان حالّی بو.. جا لە سەرەخۆ هەر بەئاگری پیّجامەکەی سەرە نووکی (نیو) جغارەکەی داگیرساندو ئینجا بە گوژمی ڕانەکانی لە ڕۆحەوە دایمرکاند.....

١٩٨٤/٤/٨

خۆزگە خوازی

نووسینی
عثمان حمد احمد
١٩٨٥/٨/٢٥
بەغدا

هێندەی برسی بوو، خۆی بۆ نەگیرا تاکو دایکە پیرەی نانی بۆ بێنێ... سەر شێتانە نانێکی تییری کردە دوو پارۆو قووتی داو لگەنێکی شلە سواری فرکرد، بە پەلە پەل شەلوارە پینە کراوەکەی لە بەرکردو سوولە هەلپچڕاوی لەپێی کرد، ڕێی قوتابخانەی گرتە بەر... بە درێژایی ئەو ڕۆژە لە دەریای ئەنجام وەرگرتندا مەلەی دەکرد، بە سەدان جۆر بیری دەکردەوە (خوا نەخواستە)... نا نا... زۆر باش وەلامم داوەتەوە، سەرکەوتنم مسۆگەرە .

ئیش و کاری سێ مانگەی پشوودانی هاوینە قوڕ کاری بوو... هەر ڕۆژەی هەزار خشتی دەبڕی... هەستی بە گەرمی و ساردی نەدەکرد، ماندو بوون لە شیا سڕابووە...!!

لە چاوەکانیا دەیەها وێنەو تابلۆ بەدی دەکرا... لە جیهانێکی سەیر هەنگاوی لێک گرێ دەدا، بەوبایە باڵی بگرتایەو لە ژووری بەرێوەبەر بنیشتایە...!! بە سەدان بەڵێن و وەعد، لە مێشکی چینگلەی دەکرد... چڵەی درەختەکانی قەراخ شەقام بە لارو لەنجەوە سەمایان سازدابوو. دۆست و هاو دەمی یەکتر بوون چەندین یادگارو رازو نیاز لە ژێر هەر درەختێکە نەخشاندرا بوو...!! هەریەکە دەیویست بۆ ژێر سێبەری ڕای بکێشێت و پشووەک دەر بکات، زیاتر لە ڕۆیشتندا خوی توندتر کردو دەیووت :... ووشە بە نرخ و جوانەکانی باوکم قەت لەیاد ناکەم، (کورم هەموو ئاوات و خواستم ئەوەیە خوێندن تەواو بکەیت و ببیت بە مووچەخۆرو مرۆڤێکی سود بەخش لە نێو کۆمەڵدا).

- دوور نیە ئێستاکی «نەحشین» لە ژووانی دێرینا چاوەڕوانی تێپەڕبوونم بێت... بۆ ئەم ڕۆژە لەمن بە جۆشترە نا هەقی ناگرم دەردی عاشقی گرانە، یا خوا کەس تووشی نەبێت... بە دەیەها بروسکەی هەمە جۆر تیژ بە مێشکیدا تێپەڕ دەبوون.

لە نەخشەی دڵە پڕ خواست و ئاواتەکەیدا وای دانابوو، پێش هەموو شتێك باوکە نەساغەکەی چارەسەر بکات و ئەو چەن ساڵەی کە ماویەتی بحەسێتەوە.

- (چۆن ئەو ڕۆژە ڕەشەم لە یاد دەچێتەوە کە باوکە بێ هێزەکەم لە ڕۆژانی ساردو زوقمی زستاندا بۆ کرێکاری دەر دەچوو، لە ژێر لێفە دڕاوەکەمدا زەینم دەدایی، چۆن نانە ڕەقەیەکی دەئاخنە گیرفانی پاڵتۆیە بێ قۆڵەکەی... داخەکەم کە زستان دادەهات هەرچی یەکی هەی بوو لەبەری دەکرد...!! چۆن بۆچەژن تێر برنج و گۆشتمان دەخوارد، خوا کاری خەڵکی ئاوایی ڕاست بێنێ، بە درێژایی تەمەنما یەك دانەکەوشی هەبوو ئەویش نیوەی قاچی لە دەرەوە بوو ؟! خۆ دایکە هەش بە سەرەکەم هەر هیچ...!!

باوکم گەلێ گەلێ لەو پۆشتەتر بوو، بە خەیاڵم نایەت ڕۆژی لە ڕۆژان دایکم جل و بەرگێکی تازەی پۆشیبێ. دونیایەکی سەیرە...!! ئەم چەشنە مرۆڤانەش پێیان دەڵێن مرۆڤ... تەنانەت بە دیمەن مرۆڤن...!! هاوینان چۆن چووجەڵە لە قەپێلك دەر دەچێت ئێمەش ئاوا لە لێفە کۆنەو جل و بەرگە شڕو دڕاوەکانمان دەر دەچووین... پێچکەلە سەدان دەردە سەری ژیان و ڕۆژگار. خۆزگە سەد خۆزگە بە ئاوات و خواستی باوە دەگەم... مەرج بێ بە شارەزاترین پزیشك نیشانی بدەم هەموو پەیداویشتێکی ماڵەوە بە زیادەوە دابین بکەم... پیاو نەبم ئەگەر جل و بەرگێکی کوێخانەی لەبەر نەکەم... دایکە بەسەزمانەکە) دەبێ ببێتە پۆشترین ئافرەتی گەڕەکەکەمان، ئاغا ژن بۆ ئاغا ژن...!؟ دوای ئەم هەموو خواست و ئاواتانە نۆرەی نەخشین دێ، ئەو گوڵەی کە بە سەدان شەو بە ئاواتی یەوە سەرم ناوەتەوە، دوو دڵ بە ڕازو نیاز دەگەن... قسە خۆشەکانی ژێر، درەختەکان سەوز دەبەن و ڕەگی ئەبەدی دەڕوێنن. کاکە لاو لەم ئەندێشە پڕ ترس و لەرزەدا هەنگاوی دەنا، نەیدەزانی چۆن ڕێ دەکا، لە ناوکاودا دوو هاوڕێی بانگیان کرد.

- کاکە لاو هەواڵێکی دڵتە زێنمان بیستووە... ئایا تووش بیستووتە.؟
- نەخێر ئەم هەواڵە چۆن هەواڵێکە ؟!
- دەترسین ڕاستەو ڕاست بیدرکێنن..!!
- ز ووکەن بیڵێن دڵم تووقی !؟
- نەخشین تۆ خۆش.

هەرکە ئەم ووشە دڵتەزێنەیان لە دەم دەرچوو دونیای ڕووناکی لێ بووە شەوو کەوتە خوارەوەو لاتێکی زەوی گرت.

* * *

عبدالله صالح شارباژێڕی

هەر کە دانیشت، لە بەردەمما
تەزویەکی سارد، هات بەسەرما
دانیشتنی، سستی کردم
هۆش و هەست و بیری بردم
نەرمۆڵەو جوان، وەکو پەری
دەستی خستە، سەرکە مەری
بەچاوی ڕەش، خەندەی سەرلێو
حاڵی کردم، سەرسام پەشێو
وەك فریشتەی، زەوی و ئاسمان
هێواش، هێواش، هاتە زمان
وتی ـ بەسە، غەم و پەستی
تۆ مرۆڤ و، خاوەن هەستی
پەل بهاوە، بۆ گشت لایە
ژیان بێ ژان، قەت پێك نایە
هەست ڕاگرە، بۆ گوفتارم
سەرنج بدە، لە گوڵزارم
ئەو گوڵزارەی، وەك بەهەشتە
پڕ سەمایەو، پڕ لە گەشتە
تیر بڕوانە، بۆ خەت و خاڵ
ئەشنێ بۆ تۆ بەشنەی شەماڵ
بۆنی خۆشتر، لە گوڵاڵە
شێخ و مەلا، بۆی عەوداڵە

ئێستا هانام، بۆت هێناوە
ئەم جوانییەی من، بەهۆنراوە
وەك ملوانکە، بیکە ملت
هەر بۆ یادگار، تامردنت
منیش پەردەی، شەرمم دڕی
لەبەرگەرمی، کڵپەی گڕی
پەڕوو باڵم، وەك پەروانە
هەلکوڕووزا، بەو، ووشانە
ووتم ـ ئەی شۆخ، دڵ و گیانم
ئەی فریشتەی، خەمەکانم
خۆت ئەزانی، کەشێتی تۆم



٢٤/ حوزەیرانی/ ١٩٨٥

بۆت ئەسووتێم، هەروەکو مۆم
وەك پەروانە، بۆ جوانی تۆ
دڵم پڕە، لە ئاخ و سۆ
وێنەی بولبول، عاشق بەگوڵ
بۆ تۆ ئەگریم، بە سۆزی دڵ
وەکو لاو لاو، بەرەو باڵات
هەر هەڵئەزنێم، دەکەمە لات
لەپەنجەی پێت، تا تەوقی سەر
خۆم پەخشئەکەم، وەك خێرو شەڕ
کە ئەمبینی، ئەز غەمبارم
لەم ژیانەش، کە بێزارم

خواردن و خەوم، گشت کات غەم
ئاسۆی ژینم، پڕ لەتەمە
بێ ئارامم، لەم ژیانە
باوەڕ بکە، توخوا گیانە
کێ بێ ئەمڕۆ، غەمی نەبێ ؟
تووشی قۆرت و، هەڵدێر نەبێ ؟
بەڵام گیانە، تۆ بزانە
هۆشی شاعیر، پڕ ویژدانە
غەم و سۆزی، بۆ هەموانە
بێ ئارامە، لەم جیهانە
هەتا گشت لا، سەربەست نەبێ
گەل و کۆمەڵ، ئازاد نەبێ
ژیان لای ئەو، غەم و ژانە
هەستی منیش، وەك ئەوانە
ڕووەو ئاوات، ڕائەوەستێ
بەگشت تواناو، سۆزو هەستێ
جاپەیمان بێ، خۆشەویستم
گەر هاتەڕێ، گشت مەبەستم
گەش و سەوز بێ، شاخ و کێو
خەندە نەبڕێ، لە سەر لێوم
بەوێنەی بت، ئەت پەرستم
بە هۆش، بەگیـان، بە گشت هـ

لەچلەی جوانەمەرگی
▪ زمانی کوردی ▪
غازی فاتح وەیسدا

عاصی فاتح وەیس

ڕۆژێك لە ڕۆژانی ساڵی «١٩٥١» لە دێیەك لە دێكانی دەشتی «گەرمیان» لە ئامێزی دایكی ئەكەوێتە خوارەوەو دەنگی گریان و واقەواقی بە بارەی مەرو ماڵات و جریووەی پاساری و گارەگاری میرشك و باعە باعی بەرخۆلەی ساوا تێكەڵ دەبێ و ئەبێتە بەرهەمێكی تازەی دایك و باوكە هەمیشە كۆڵنەدەرەكەی، كە لە ئازارو دەردو نەخۆشی ئەو سەردەمە ڕزگاری دەبێت، پێ ئەنێتە قوتابخانەو خوێندنی سەرەتایی هەر لەو دێیەدا تەواو ئەكات.

پاش ئەوەی هەست بەژیان ئەكات؛ بە دەوروبەری خۆیدا ئەڕوانێ كە پڕە لە كوێرەوەری و ناتەواوی لە هەموو بارێكی ژیانەوە، بۆیە هەمیشە بەڵێن ئەدا كە مل كەچ نەكات، چونكە بەڕاستی مرۆڤێكی كۆڵ نەدەر بوو... خاوەنی بڕوایەكی پتەو بوو. كەوتە بەر بەرەكانیەكی درێژ خایەن لە گەڵ ئەو ڕۆژگارە سەخت و نالەبارەدا. هەموو ڕۆژێ بەیانیان ئەچوو بۆ «كفری» ئێواران ئەگەڕایەوە تاكو خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی تەواوكرد. ئەمەش بوو بە هاندەرێ كە زیاتر باوەڕی بەخۆی ببێت گورج بێتەوە بۆ قۆناغێكی تازەی ژیان لە گەڵ هەموو هەنگاوێكدا ئاوات و ئامانجی كەلێنەكانی دڵی پڕ دەكردەوەو زیاتر زاڵ دەبوو بەسەر كۆسپەكانی ڕێگای سەختی ژیاندا.

له ساڵی «١٩٧٠» له کۆلیجی ئادابی زانکۆی «بەغا» وەرگیرا توانی ئەو چوار ساڵه بەسەربەرزی تەواو بکات بە هۆی مێشكو بازووە پۆلاینییەکانییەوە.

ساڵی «١٩٧٦» وەکو فەرمانبەرێك له کۆلیجی ئادابی زانکۆی «سلێمانی» جێگیر ئەبێت ئەو ماوەیە نیشانەی دڵسۆزیو ئیشکردنی بوو. ساڵی «١٩٧٩» چووە دەرەوەی وولات بۆ «انگلترا» بۆ خوێندن تاکو ساڵی «١٩٨٠» پاش گەرانەوەی بۆ وولات که بڕوا نامەی «ماجستێر»ی وەرگرت له زانستی دەنگدا بە پلەیەکی باش، بوو بە مامۆستا له کۆلیجی ئادابی زانکۆی «صلاح الدین» تاکو ساڵی پار بوو بە سەرۆکی بەشی کوردی، هەتا ئەو ڕۆژە رەشەی ١٥/٩/١٩٨٥ که ڕۆژی یەكشەممە ئەکات، کاتی کە ئەهات بۆ «سلێمانی» بۆ بەشداری له «ئاهەنگی یادی دووسەد ساڵەیدا» مەرگی چەپەڵ ڕێگەی لێگرت و چڕنوکی ژەهراوی گیر کرد له دڵه گەورەکەیو بردی بۆ جیهانه تایبەتییەکەی خۆی.

ئەو دڵه پڕ له ئاواتو ئامانجەی له لێدان خست و کۆستێکی تری میللەته هەژارو چارە ڕەشەکەی کەوت. ئای مردن هەرچەنده گەورەترین هێزی سەر ئەم زەمینەی نەفرەتت لێبێت ژیانت لێ تاڵ کردین.

وا چل ڕۆژ زیاتر تێپەر بوو بەسەر کۆچی ناکاوی یەك جاریتا چل ڕۆژ پترە کە گەلای سەوزی تەمەنت له بە هاری ژیانتا رژایە باوەشی زەویە پڕ شکۆمەندەکەی وولاتی بەفرو خوێنەوە. تاکوێستاش دڵه کسپە لێ کەوتووەکەی ئێمەش وەکوو مەشخەڵی گەلانی چەوساوە هەر بڵێسەی دێت.

ئای برا دڵسۆزەکەم چی بکەین له دەست مردنو ڕۆژگاری سەختو مرۆڤی بێ ئابرووی ئەم سەردەمە چەتوونە، ئەشکەنجەو ئازار دەستی ڕەشی ناوەتە بینە قاقای خەڵکە بێ دەرەتانەکەوە. درك و داڵو پەیکوڵی زەهراوی هەردەو بیابانەکان شالاو دەباتە سەر گوڵ وەنەوشەو له خوێنی گەشیاندا نوقمی دەکات. ئای چەند بورکانی قینت بە ڕووی مرۆڤی ناپاكو پوازەکاندا دەتەقیەوەو بەقەد پیتی ناو دوژمنه کانت نەفرەتت لێ دەکردن.

برا خێر له خۆ نەدیوەکەم. دووا ووتو وویژی نێوانمان له چوارەم ڕۆژی «جەژن»دا بوو. ئەوە بوو که دەتویست لەگەڵتان بێمەوە بۆ «سلێمانی» بەلام داخەکەم ئەو شانازیەم پێ نەبرا، هەزار داخ. ئیتر هەر ئەو بینینەوەیە بوو تا ئەو ڕۆژەی که دیوەنیم کردی له باوەشی شاخی باوە شاسواری سەرکەشدا. ئەم

شاخە بۆ گەشکە نەیگرێ کە میوانی وەکو «غازی» ڕازو نیازو نهێنی ئـەدەب‌و زمانی قەومی «ماد»و ئاوێستای بۆ بگێڕێتەوە.

کاتێ کە ویستت بێ‌ی باسی دێرینی زمانە ڕەسەنەکەت بکەین کە چەند بڵندو سەربەرزە هەروەکو دار گوێـزەکانی هـەوارامان‌و کـانی‌یە ڕوونـەکانی کوردستان پاك‌و خاوێنە بێ گەردە، وەکو خۆت ئەتووت «ڕەچاوی ئەم ڕێبازەمان کردووە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك دڵنیا بێت لەوەی کە زمانی کوردی نەك تەنیا لە ڕووی تیـۆری‌یەوە ســەر بەخـۆیە، بـەڵکو لە ڕووی چـەسپانـدنیشەوە هــەر سەربەخۆیەو ئەو زمانە نی‌یە کە بەزارێکی لاوەکی زمانێکی تر دابنـرێ» دڵنیا بووی لەوەی کە هەر بەسەر بەرزی ئەمێنێتەوە، هەرچەندە تووشی ڕۆژگـاری سەخت‌و نالەبار بێت.

بدا دڵسۆزەکەم هەموو کەس ئەو ڕۆژە پڕ شکۆیەی تۆی دەست ناکەوێت کە ئاوەها لە دڵە گەودەکەی نیشتماندا، شاری بەفرو خـوێندا بـلاوێنرێتـەوە، دەزانی ئێستا تۆ سەرتۆپی دوو سەر ساڵەی شاری شارانی ؟ شاری هەڵەت‌و قوربانی‌و ئەشك‌و خەم‌و شیعرو شێخەکەی بەردەقارەمان.

برا جوانەمەرگەکەم.. سەری ماندوو لەپەنجەرەی مەزارە تاریکەکەتەوە دەربهێنەو بەخێر هاتنی میوانەکانت بکە ؟ بڕوا بکە هەموویان خۆیـان خاوەن پرسە بوون، لە ژێر دەوارە خەمناکەکەتا فرمێسکی گەرمیان‌و کوێستان تێکەڵ بوو. ئەو سامانی ڕێزو خۆشەویستی‌یەی کە جێت هێشت لە نێوانمـاندا دڵنیای کردین کە تەنیا کوڕی ئێمە نەبوویت، بەڵکو کـوڕێکی بەوەفـای میللەتەکـەت، خاکەکەت، زمانەکەت، زانکۆکەت، قوتابی‌یەکانت بوویت. ئەوەندەی پرسەکەرانت بەداخەوە بوون بۆت مەگەر باوکە جەرگ بڕاوەکەت وا بێ. بەڕاستی خـاوەن پرسەو دڵ نەواییکەر هەر ئەوان بوون.

برای جوانەمەرگم.. بڕوا بکە مەرگە ناکاوەکەت جەرگی لەت لەت کردم‌و چۆکی پێ دادامەسەر زەوی بەلام !.. با گیانە پڕ جۆش‌و خرۆشەکەت لە گۆڕی تاریکدا ئۆقرە بگرێ ؟، با دڵە پڕ میهرو خۆشەویستەکەی نیشتمـان پەروەریت ئاسودە بێت ؟، با بچرپێنم بە گوێ‌ی خامە ڕەنگـینەکەتا کە کاروانی ووشەی پیرۆزی کوردی بە هەورازی ڕۆژگاری سەخت‌و کوردا هەر هەڵدەزنێ‌و ووشەو پیتی کوردی دەبێ ببێتە کەڵە پشکۆی کوانووی مێشکی‌و هەستی ئێمەی کورد.

ئای که میلله‌تێکی کلۆڵو تـاساوی ژێـر چه‌پـۆکی رۆژگارێکی سـه‌خت‌و ناله‌باره، به‌ڵام ده‌بێت زاوه‌ی مێشکی رۆشنبیرانی قـه‌ومی «ماد» توێشوویه‌کی چه‌وری هه‌موو رێبوارێکی شه‌که‌تی رێ هات‌و نه‌هاتی سه‌رفرازیمان بێت.

له کۆتاییدا جوانتـرین‌و پیرۆزتـرین دێره شیعـری پیره‌مێـردی نه‌مـر.. دروشمه‌ی دوا ووته‌م بێت..

«پێی نـاوێ بـۆ شـه‌هیـدی وه‌تـه‌ن شیـوه‌ن گـرین
نـامـرن ئـه‌وانـه‌ی وان له دڵی مـیـلله‌تـا ئـه‌ژیـن»

تێبینی: ئه‌م ووتاره له چله‌ی ماته‌مینی جوانه‌مه‌رگ غازی فاتیح وه‌یس‌دا خوێندرایه‌وه که زانکۆی سه‌لاحه‌دین (کۆلیجی ئه‌ده‌بیات) به‌و بۆنه‌یه‌وه سازی کرد بوو.

لەم ژمارەیەدا — ل

١ ـ سەروتار	نووسەری کورد	٢
٢ ـ کوردستان لە تورکیا	د.ئەحمەد عوسمان	٤
٣ ـ عەزەی سەید	حسین بەرزنجی	١١
٤ ـ تۆری کوردێی	ڕێکێش ئامێدی	١٦
٥ ـ عبد الله جەوهەرو..	ئومێد ئاشنا	٢٧
٦ ـ مامۆستا قەناتی کوردۆ..	ممتاز حیدی	٣٦
٧ ـ داش بەداش و..	محمد علی قەرەداغی	٤٥
٨ ـ هەوالدز	ڕەوف حەسەن	٥٥
٩ ـ ڤان کوخ	محمد عمر عثمان	٩٦
١٠ ـ ئازاری دەروون	محمد بەدری	٩٩
١١ ـ کاتێ کە گوڵ ئەبێتە..	محمد ئەمین پێنجوینی	١٠١
١٢ ـ موتوربە	سەباح ڕەنجدەر	١٠٤
١٣ ـ لەیلان	صدیق خالد هروری	١٠٧
١٤ ـ پێنج دەنگ	خالد حسین	١٠٨
١٥ ـ شاعیرێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو	حسیب قەرەداخی	١٠٩
١٦ ـ ماڵ ئاوایی	سیامەند محمد	١١١
١٧ ـ پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی لوتفی	محمد زەهاوی	١١٢
١٨ ـ هەڵوێست	عبد الخالق سەرسام	١١٤
١٩ ـ کۆچ وگەڕانەوە	جمعە رجب شوانی	١١٥
٢٠ ـ شیعر بۆ هەمووان	و: شێرزاد عبد الرحمن	١١٦
٢١ ـ ئەی نازدار	فاضل قصاب	١١٧
٢٢ ـ شنەی هیوا	مەهاباد قەرەداغی	١١٩
٢٣ ـ شیعرێك وشاعیرێك	حسین احمد جاف	١٢١
٢٤ ـ ژڤەرێژا جەنگا مەزن	سەبری بوتانی	١٢٤
٢٥ ـ من و.. تۆ	احلام منصور	١٣٦
٢٦ ـ گڕێ ی دەروونی	زیاد پیربال قصاب	١٤٣
٢٧ ـ نامۆ	دانا علی سعید	١٤٩
٢٨ ـ بەدامێنی شاخێکەوە	احمد سید علی بەرزنجی	١٥٤
٢٩ ـ شەقۆ	نور الدین انور بوتانی	١٥٩
٣٠ ـ مالین ماککوکین	و: ئازاد بەرزنجی	١٦٣
٣١ ـ بەراوردێکی ویژەیی	شاکر فتاح	١٧٠
٣٢ ـ برسیەتی	و: ئەسعەد عەدو	١٩٠
٣٣ ـ بازنەی ڕۆژانی هەینی	هاشم ئەحمەد سەڕاج	١٩٦
٣٤ ـ خۆزگە خوازی	عثمان حمد	٢٠٠
٣٥ ـ بۆتۆ ئەگریم	عبد الله صالح شارباژێری	٢٠٢
٣٦ ـ لەچلەی ـ غازی فاتح وەیس ـ دا	عامر فاتح وەیس	٢٠٤